# جیهانبینی ئیسلامی

نووسینی:

مامۆستا کرێکار

١٤٤٢ک - ٢٠٢١ز

# جیهانبینی ئیسلامی

نووسینی: ماموستا کرێکار

بۆ پۆلی سێیەمی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی

ساڵی: ١٤٤٢ك - ٢٠٢١ز

ماڵپەری زادی
www.zadyreman.com

فەیسبووك
www.fb.com/zadyreman

تویتەر
twitter.com/zadyreman

ئیمەیل
Zadyreman@gmail.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰه وَأَشْهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء: ١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# پێشکەشە

بەو خوشك و برایانەی دەیانەوێ
سەر راستانە لە ئیسلام تێ بگەن و
بە جورئەتەوە تا مردن پێوەی پابەند بن

# ئەم کتێبە

لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمەوە لە ئەوروپا زاراوەیەک لە جیهانی فکرو فەلسەفەدا هاتە کایەوە بە ناوی ئایدیۆلۆژیا، کە بریتی بوو لە داڕشتنی تیۆرێکی فەلسەفی و بزاوتی گۆڕانکاریی تا خاوەن بەرنامە سیاسیە جۆراو جۆرەکان بتوانن هەر یەکەو لە مەدرەسەی فیکریی خۆیانەوە بەرنامەیەکی دیدو ڕێبازو پێناسەو خەتی مەشی داڕێژن و بە شوێن کەوتووەکانییانی بکەنە هەڵوێستی دەستەجەمعی، بەڵکو هەموو کۆمەڵگەکە بتوانێت تەبەننای بکات.. بە ئائەمە ووترا ئایدیۆلۆژی، ئەو کەسەی کە هێنایە کایەوە فەیلەسوفێکی فەرەنسایی بوو ناوی (دیستات تریسی 1755-1836) بوو کە تا ئەو کاتەش زۆر بە ناوبانگ نەبوو ، بەڵام لەوەو دوا هەموو دیدێکی فەلسەفەیانە بەوە دەپێورا کە تا چ رادەیەک بۆتە دیدو ڕێی فکرو سیاسەت..

ئەم تەنزیرە بووە دووڕییانێکی مێژووی فەلسەفەش.. لەوەودوا ئەوە نەما فەلەسەفە لە خزمەتی حاکمەکان و نەجیبزادەکاندا بێت، بە پێچەوانەوە ئەو فەلەسەفە دەچووە پێش کە ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەی بەرەو گۆڕان دەکرد.. ئەمەیە کە کۆمۆنیستی کردە ئەو دیدە شەعبیەی بە ملیۆنەها کەس شوێن دروشمەکانی کەوتن، بەڵام دواتر سەرکردایەتی بێ موناف‌یسی حزب خۆی لە هەموویان کردەوە بە دەرەبەگەکانی چەرخەکانی ناوەڕاست!

کە هەندێک بیرمەندی گەورەی وەکو سەید قوتب دیدو ڕێی کۆمەڵێکی ئیسلامی بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵگەی جاهیلیی داڕشت، لەم دیدەوە بوو، بەڵام خەسمەکانی لێییان کردە هەڵلا گوایە دینی چواندووە بە ئایدیۆلۆژیا!! لە ڕاستیشدا وا نیە، سەید قوتب لە زەمینەو ڕوانگە دینیەکەوە ئایدیۆلۆژیایەکی ئیسلامی کامڵی بۆ دیدو ڕێ و هەڵوێستی دەستەجەمعی ئوممەتێک داڕشت.. ئەمەشی ناونا جیهانبینی ئیسلامی..

کەوابوو جیهانبینی یەعنی ئەو ئایدیۆلۆژییەی لە ڕوانگەی ئەوەوە دەڕوانیتە گەردوون و ژیان و مرۆڤ ، کە بۆت دەبێتە ئەو زەمینە فەلسەفی و فیکری و سیاسیی و ڕەوشتییەی

لێیەوە بزاڤی كۆمەڵكاریت بۆ گۆڕینی كۆمەڵگە دەست پێ دەكەیت. جیهانبینی ئیسلامیش بریتییە لەو دیدو تێڕوانین و پێناسانەی كە ئیسلام بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ كردوونی ، هەروەها ئەو زەمینەی بۆ موسوڵمانی رەخساندووە تا لێیەوە بكەوێتە گۆڕانكاری كۆمەڵگەكەی..

بیست ساڵێک دەبوو ئەم دیدەم لا روون بووبۆوە ، دەمێكیش بوو بە هیوا بووم شتێكی دەربارە بنووسم ، بەڵام نەمدەزانی چۆن و كەی ؟! تا دەرفەتی نووسینیم بە نەرویجی بۆ كۆمەڵگەی نەرویج بۆ رەخسا ، لەوێ بۆ بەرگری لە خۆم و جیهانبینی ئیسلامیم دەبوو لە تەحقیقاتی موخابەرات و دادگاكان و میدیاكانیان ئەم خاڵانە بۆ كۆمەڵگەكەیان روون كەمەوە ، ئیدی لەوێ ناچار بووم و هەلێكی باشیش بوو خاڵە سەرەكیەكانی بنووسم ، ئەمەی ئێستا لەبەردەستە كورتە باسێكی ـــ زۆر كورتی ـــ ئەو جیهانبینییەیە ، راڤەی تەواوی جیهانبینی ئیسلامی ( بێ گومان وەكو ئەوەی من لێی حاڵی بووم ) چەندین بەرگ كتێبی دەوێت ، ئەوەش لە دەرفەتی ئێستای مندا نییە بەڵام ئەمەی بەردەستیش هەر چۆنێک بێت ، هەر لە نەبوونی باشترە . خوێنەر دەتوانێ كە وورد دەیخوێنێتەوەو لێی تێ دەگات بۆخۆی پەراوێزی بۆ دانێ ، راڤەی كات ، رەخنەی لێ بگرێت ، راستی كاتەوە ، یان باشتر روونیان كاتەوە .. خوای گەورەش هەمووومان لە دینەكەی تێگەێنێت و دەست بە باڵمانەوە بگرێت .. ئامین

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

كرێكار

شەعبانی 1429ك / سێپتەمبەری 2008ز

# جیهانبینی ئیسلامی

## ڕێـــڕەو

لە خاڵە سەرەکییە جیاوازیەکانی نێوان ئەهلی ئیسلام و خەڵکانی تــر بــە تایبەتی عالەمانی (سکولەریستی) یــەکانی وولاتی موســوڵمانان پێناســەی زاراوەی ( دین ) ە ..

هەر فەلسەفەو مەدرەسەیەکی فیکری ، هەر ئایــدیۆلۆژی و بیروباوەڕێــکی سیاسی دیدی تایبەتی خۆی بەرامبەر مرۆڤ وژیان و گەردوون هەیە ، دیســان هەر یەکەیان پێناســەی تایبــەتی خــۆی بەرامبــەر موفرەداتــەکانی بــزاڤ و گۆڕانکاری کۆمەڵگاکان هەیە ..

ئەم دیدو تێڕوانین و پێناسانە بــۆ خاوەنــەکانیان دەبێــتە روانگــەو دیــدی گۆڕانکاریی تایبەت بە خۆیان .. پاشان کە تاکەکان رەفتــارو رەوشــتیان بــە گوێرەی دیدی دەستەجەمعیان مومارەسە دەکەن و پێوە پابەند دەبــن بــەهاو نەریتی کۆمەڵایەتیان بۆ دروست دەبێ .. واتە لە فیکرەوە دیدی سیاسییان بۆ دروست بوو ، لە مومارەسە کردنی فیکرەکە و ئاڕاستە کردنی کۆمەڵگەکە پێــی بزاڤی گۆڕانکاریی و خەبات و دەسەڵاتی سیاسیش دێتە دەست ..

هەموو ئەمانە وەکو پێشەکی و سەرەنجامن ، ئەمــە فیکــرو مومارەســەیە ، تیۆرو پراکتیزە کردنە ، یان بە زاراوەی ئیسلام باوەرو کردەوەی چاکەیە ..

لەم روانگە گشــتگیرەوەیە کــە دەبینیــت هــەر مەدرەســەو بــیرو باوەڕێــک پێناسەی تایبەتی خۆی بۆ ( دین ) هەیە . چونکە هیچ کەس ناتوانێت نکووڵی لە دین و کاریگەریی دین بکات .. بەڵام ئەوانەی دیندار نین ، دینەکان بچــووک دەکەنەوە ، هەول دەدەن لە دروشمەکانی پەرستندا گیری دەن ..

کە باس لە ئیسلام ـ وەکو دینێک ـ دەکەین ، دادپــەروەری و لێــکۆڵینەوەی زانستی ئەوە دەخوازێت کە رێ بە ئیسلام خــۆی بــدەین پێناســەی دیــن لــە روانگەو دیدی خۆیەوە بکات ، نەک رێ بدرێت بە کەسانێکی غەیرە ئیسلامی ، بە دیدی تایبەتی خۆیان ، پێناسەی ئیسلامەکە ـ کە هی خۆیان نییە ـ بکــەن وەک چۆن لە دادپەروەری و لێکۆڵینەوەی زانستیانە نییە پێناســەی زاراوەی

(دیموکراسی) و ماناکەی دوور لە زمانە یۆنانییە ئەسڵیەکەی خۆیەوە بکرێت و ئێمە لە لایەنی خۆمانەوە ماناو پێناسەیەکی تایبەتی ـ لە دیدو روانگەی خۆمانەوە ـ بۆ داتاشین و بە خەڵکیش بڵێین و ناچاریشیان کەین بڵێن : هەر ئەمەیە ماناو پێناسەی دیموکراسی !! چۆن ئەمە ستەمەو بواری قبووڵ بوونی نییە و هیچ ژیرو بە ئینسافێک پێی رازی نابێت .. ماناو پێناسەی ئیسلامیش هەر وایە ، خەلکێک ئاوا پێناسەی دینەکەمان دەکات ، ئێمەش پێمان قبووڵ نیە ! بەشێکی زۆر لەو زوڵم و زۆرەی کەوتۆتە سەر ئەهلی ئیسلام هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە ..

ئەهلی ئیسلام بە حاکمی وولاتانی خۆیان و بە دوژمن و ناحەزەکانیان دەڵێن : بۆچی ئێوە ناهێڵن ئێمەی ئەهلی ئیسلام خۆمان دینەکەمان پێناسە کەین ؟! بۆچی ناهێڵن ئێمە خۆمان مانای دین و ئوممەت و بزاڤی ئیسلامیمان روون کەینەوە ؟! بۆچی سوورن لەسەر ئەوەی هەر دەبێت ئەو پێناسەمان بەسەردا بچەسپێنن کە رۆژ هەڵات یان رۆژ ئاوا بۆ دینییان کردووە ؟! بۆچی دەبێت ناچارمان کەن ئێمەش جارێک وەکو چەپدیدەکان بڵێین : ( دین تریاکی گەلانە ) و جارێکی تریش وەکو لاسایی کەرانی رۆژئاوا بڵێین : ( دین مەسەلەیەکی کەسێتییەو پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵگەو چالاکیە سیاسیەکانەوە نییە ) . بۆچی رێتان بە خۆتان داوە لە روانگەی رۆژئاواوە بمانبینن و بەو هەموو ناوناتۆرەیەوە کە ئەوان بە موسوڵمانیەوە دەلکێنن ، بانگمان بکەن ؟! بۆچی ئەو زاراوە دوژمنکاریانەمان لێ دەنێن ؟!

موسوڵمانان هەست بەوە دەکەن کە ئەو حاکم و کاربەدەستانەی لە وولاتانی ئێمەدا ، رۆژئاوا ـ بەدەر لە وویست و ئیرادەی گەلانی موسوڵمان ـ کردوویانن بە دەسەڵاتدار بەسەرمانەوە ، هۆشیارانە یان گێلانە هەر ئەوە دەڵێنەوە کە رۆژئاوا دەربارەی ئیسلام وموسوڵمانان وحوکم و شارستانێتییەکەیان دەیهۆنێتەوە ! هەر ئەو نەخشانەی رۆژئاواش ـ بێ زیادو کەم ـ رادەپەڕێنن کە لە کۆن و نوێدا بۆ دژایەتی ئیسلام و موسوڵمانان دایان رشتووە . بێ ئەوەی سەرنجێک بدەنە ئەو خاڵانەی ئیسلام تێیدا

جیاوازی هەیە لەگەڵ دینەکانی تردا ، یان خاڵە جیاوازەکانی نێوان موسوڵمانان و غەیری موسوڵمانان .. مادام لە رۆژئاوا دین لە دەوڵەت جوێ کراوەتەوە ، ئەمانە دەڵێن : حەتمەن دەبێت لە وولاتی موسوڵمانانیشدا ئیسلام لە سیاسەت جوێ بکرێتەوە .. ئەمەش یەکەمین خاڵی ناکۆکی و شەڕی نێوان ئیسلامییان و حاکم و کاربەدەستانی وولاتەکانیان و سیاسەتمەدارو رۆشنبیرە لایەنگرەکانیانن ، ئەوانەی کە وولاتی موسوڵمانانیان پێوە موبتەلا بووە ..

هەر هەموو موسوڵمانان قەناعەتیان وایە کە دین هەموو لایەنەکانی باوەڕو پەرستن و مامەڵە دەگرێتەوە : بریتییە لە بیروباوەڕو خواپەرستی و یاساو رێسا ، واتە : ( عەقیدە ) و ( عیبادەت ) و ( شەریعەت ) لێک دابڕینی ئەم سێ روکنەش لە یەکتر کارێکی نەشیاوو نامومکینە .

وەک چۆن دەبێت موسوڵمان قەناعەتی وا بێت کە خوای گەورە لە کردگارێتی و خاوەنێتیدا لە ژیاندن و مراندندا تاک و تەنهایەو هاوەڵی نییەو ناشێت لەوانەدا شەریکێکی بۆ دابنرێت ، بە هەمان شێوە لە پەرستنیشدا هەر ئەو شایانی پەرستنەو نابێت و ناشێت لەوانەشدا شەریکێکی بۆ دابنرێت ، واتە : هەر دەبێت ئەو بپەرسترێت و بەس . بە هەمان شێوەش وەک چۆن نابێت و ناشێت شەریکێک بۆ خوا لە کردگارێتی و پەرستندا دیاری بکرێت ، ناشبێت و ناشێت لە یاساو رێساو حاکمێتیشدا هیچ جۆرە شەریکێکی بۆ دیاری بکرێت .. کەوابوو نابێت کەس لەو سێ روکنە دینیەدا ( عەقیدەو عیبادەت و شەریعەت ) کە لە زمانی عەربیدا سێ تەوەرەمانای دینن ، ببێتە شەریکی خوای گەورە ، یان کەسێکی تر بکاتە شەریکی ئەو ..

ئینجا وەک چۆن دەبێت سەرراستانە پابەند بین بە دینەکەوە لە باوەڕێکی ساغ و سەلیم و دوور لە خڵتەو خاڵی شیرک ( واتە ناسینی خوای گەورە ) وەک چۆن دەبێت سەر ڕاستانە پابەند بین بە دینەکەوە لە نوێژو رۆژوو پەرستنەکانی تردا ( واتە لە پەرستنی خوای گەورەدا ) وەک چۆن لەم دوو مەیدانەدا قەناعەتمان وایە کە بە پێی تەعلیماتی خوایی باوەڕمان هێناوەو

دەيپەرستين ، دەبێت ئاوا سەرڕاستانەش پابەند بين بە هەر هەموو ياساو ڕێساكانى شەريعەتى ئيسلامەوە ( واتە پابەند بوون و مومارەسە كردنى ئاڕاستەى خوايى لە ياساو ڕێساى ژيانماندا ) .. لەم بوارەشدا وەك چۆن سەر ڕاستانە پابەندين بە ئەحكامەكانى مارەيى وتەڵاق و ميرات و حەرام و حەڵاڵى خۆراكەوە ، دەبێت هەر ئاواش سەرڕاستانە پابەند بين بە هەموو ئەحكامەكانى سياسەت وئابورى و داوەريى ورێساكانى جەنگ وئاشتييەوە ..
لەم پێناسەو پابەنديەوەيە كە دەوترێت ئيسلام ـ لاى موسوڵمانان ـ قورئان و شمشێرە ، باوەڕو سيستمى حوكمە ، خواپەرستى و سياسەتە ، مزگەوت و دەسەڵاتدارييە .. بە هەموو مانايەكەوە دين و دەوڵەتە ..

قورئان زاراوەى ( دين ) ى بە گوێرەى بە كارهێنانى پێشترى ماناكانى لە زمانى عەرەبيدا ـ كە بە چەندين واتا بووە ـ بەكارهێناوەتەوە . ئينجا هەموو واتاكانى بەيەكەوە پەيوەست كردۆتەوە تا بە هەموويان زاراوەى (دين) ەكە روون كەنەوە. بۆيە هەر كەسێك موناقەشەى دينەكەمانمان لەگەڵدا بكات ، دەبێت زانستيانە بێتە پێش نەك قلى و بلييەك بهێنێت و پێى بڵێت ئەمە پێناسەى دينە وەكو لاى فەرەنسييە رۆشنبيرەكان ! هەيە .. لە ئينسكلۆپيديا ( دائره المعارف) ى زانست و ئەدەب و هونەرى فەرەنسيدا شتێكى سەير لە باس و راڤەى ووشەى دين (**Religion**) دا هەيە كە ئەمەيە : ( زانايان سەد پێناسەيان بۆ دين هێنايەوە ، بەلام سەرپەرشتيارانى ئينسكلۆپيدياكە نەوەدو هەشتيان رەفز كردەوە چونكە پێناسەى ( زاستى ) ! يان بەسەردا نەدەچەسپا بۆيە هەر ئەم دوانەيان هەڵبژارد :
يەكەم : دين : ( ئەو رێگايەيە كە مرۆڤ بە هۆيەوە پەيوەندييەكانى بە هێزى ناديارى باڵاوە ، دەبەستێتەوە ) . !!
دووەم : دين : ئەو چوار چێوەيە كە هەموو ئەو زانيارى و دەسەڵاتانە دەگرێتە خۆ ، كە زانستى نايانگرێتەوە )[1] !!

---

[1] رابطة العالم الاسلامي : ندوات علمية في الرياض وباريس ومجلس الكنائس العالمي و جنيف والمجلس الاوربي حول الشريعة وحقوق الانسان / چ1990/2 لا13 .

ئاخر ئیسلام لە کویَ و ئەم پێناسە زۆر ( زانستی ) یە لە کویَ ؟! یان ئەمە هەر رق و قینی رەش داگەڕاوی لائیکییە کافرەکانی وولاَتانی ئێمەیە ، کە وەکو تووتی ئەو دیدو بیرو پێناسانە دەلێنەوە و بە زۆری دەسەلاَتی موخابەراتیشیان بەسەرمانیدا دەسەپێنن ؟!

ناشێت لیَ گەڕێین عالەمانیە کافرەکانی وولاَتی خۆمان و غەیری ئەوانیش ئەوان پێناسەی دینەکەمان بۆ بکەن ، دەبێت ئازاترو بە ڕوویاندا هەلچینەوەو شارەزایانە فاک و فیکیان بۆ خەلکی روون کەینەوە .

ئەمە پێویست دەکات کە لە سەرەتاوە پێناسەیەکی دیدی ئیسلامی بە گشتی بۆ کردگارو دروست کراو بکەین تا وەکو چوارچێوە یان ناخشەی ریَ لەبەرچاوان بێت ، ئینجا بێینەوە سەر پێناسەو ماهیەتی دین لە ئیسلامدا ..

* * *

# دوو دیدی لێڵ

**دیدی یەکەم : تێڕوانینی فەلسەفیانە :**

هەرچەندە زۆرینەی موسوڵمانان پێیان وایە فەلسەفە خۆماندوو کـردن و بیرکولییە ، ئەنجامیشی زۆربلێییەو هیچی تـر ! ئەمـە ئەگـەر دەریاوانێـکی شەرعناس بیلێت لێی قبووڵە بەڵام هەروا بە سەتحی پێم وایە ، بۆچوونێـکی زۆر ووردەکار نەبێت ، پێناسەی وا سووک کردنی زۆری بیرکاریی مرۆڤە ! کـە بە درێژایی مێژوو کەسانی زرنگ و بیرمەند هاتوون و هەوڵیانداوە ماهییەتی شتەکان پێناسە کەن و بیخەنە بەردەستی خەڵکی ، وەکو پێناسەی گەردوون و چارەنووسی مرۆڤ و خـودی ژیـان ماهییـەتی مـردن و هۆکـاری ژیانـدن و مراندن و ئەفسانەو جادوو هێـزە نادیـارە کاریگـەرەکان و .. هتـد .. لەبـەر ئەوەی زۆرینەی ئەمانە کە بە فەیلەسووف ناوبراون لەو کـات و شوێـنانەدا دەردەکەوتن کە پێغەمبەریان تێدا نەبووە بۆیـە بـێ ڕێنیشـاندەریی خـوایی پـەنایان هێـناوەتە بـەر ئـەقڵ و بیرکردنـەوەی خۆیـان بـۆ تێگەیشـتنی نهێنییەکانی بونەوەر .. ئەمما ئەوی لە زەمانی پێغەمبەراندا سەلامی خوایـان لێ بێت ژیابێت ، وەکو هەموو کەسی تـر پێناسـەی ماهییـەتی ڕاسـتیەکانی دەست دەکەوت و هەر یەکەش بە ڕادەی بیروهۆش و توانای ئیستیعاب کـردن و حاڵی بوونی قەناعەتی دەکردو قەناعەتەکەی دەبووە دینـداریی و دەبـووە هۆکاری بەگەڕ خستنی ووزە خێرخوازیەکەی .. بۆیە پێناسەی فەیلەسـووفان لەو سەردەمانەدا زۆر پەسەند نەبووە ..

لە لایەکی ترەوە ڕەنجی فەیلەسوفەکان بە شێوەیەکی گشتی لـە خزمـەتی دەسەڵاتداراندا دەبوو ، چـونکە ئـەوەی ئـەوان لـە ئـەنجامی سـەرنجدان و بیرکاریی دەیگەیشتنێ ــ بە نیازی پاکەوە بووبێت یان بۆ خۆنزیک کردنـەوە لە دەسەڵات ــ دەیانخستە بـەر دەسـت دەسـەڵاتداران تـا لەوێـوە بڕواننـە کۆمەڵگـەکانی خۆیـان و ژیـان و لـەو ڕوانگـەوە ئاڕاسـتە کـەن ، بـەڵام

پێغەمبەرانی خوا سەلامی خوایان لێ بێت ، ئەوەی بە وەحی پێیان دەگەیشت بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکانیان روون دەکردەوەو هەموو پێناسەکانیان لەگەڵ سروشت و ئاستی هەموو چینەکاندا دەگونجا ، بەرهەمەکەش تەزکیەی نەفسی ئەو خەڵکە بوو ! ئەو خەڵکە دیندارانە پیاوچاکتر دەردەچوون وەک لە فەیلەسووف و قوتابیانیان ! بەم تەزکیەش کۆمەڵگەکە ساڵحتر دەبوو ..

خەڵکی رەفتارو رەوشتی فەیلەسووفان و پێغەمبەرانیان دەبینی ، لە فەیلەسووفەکاندا لووت بەرزی و هەڕاڵییان دەبینی ، لە پێغەمبەرانیشدا دڵنەرمی و دڵنەوایی .. دەیاندی فەلەسەفە وا لە خزمەتی دەسەڵاتدارانی ستەمکارداو پێچکی کورسی ستەمی ئەوان قایمتر دەکەن ، لەو کاتەی کە بانگەوازی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت کە هیوابەخشی ئازادی بوو رۆژانە بە گوێیاندا دەدرا .. بۆیە ئەوی لە چینەکانی خوارێ بوو شوێن پێغەمبەران دەکەوت .. لە هەمان کاتیشدا ئەوەی بیرمەندو بە هۆش و زرنگ و خۆنەوویست دەبوو دەهاتەوە لای پێغەمبەران ، لەمەوەیە کە دەبینی فەلسەفە دەبووە مەیدانێکی دەبەرێک راچوونی کافران و دینداران ، مەگەر نابینیت کە لە زەمانی خەلیفە مەئموونی عەبباسیدا هێرشی فەلسەفەی رۆمانی هاتە سەر ئیسلام ، چۆن بیرمەندانی ئیسلامی لێیان راپەڕین و هەموو کاریگەرییەکیان وەستاندن ، سەرەنجامیش فەلسەفەی ئیسلامی بووە ئامێرێکی دیکەی زۆرانبازی لە شارستانێتی ئیسلامیدا !

لە لێک جوێ نەکردنەوەی دیدی فەیلەسووف و دیدی دینی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت ، زۆر کەس ئەوەی لا تێکەڵ بووە کە ئەوەی پێغەمبەران فەرموویانە وەحی خوایی بووە ، بۆیە جاری وا هەیە لە نەزانینیانەوە پێغەمبەرانیشیان هەر بە فەیلەسووف یان بیرمەند یان بلیمەتێکی مێژوویی وەسف کردووە ..

یەکێک لە جیاوازی دیدی فەیلەسووفەکان و دیدی پێغەمبەران ئەوەیە کە رێی فەیلەسووفەکان تاریک و دوورو پڕ ئەندێشەو سەرئێشە بووە ، کەم

جاریش ئەنجامە کەمەکەی پەسەند دەبووە .. بەڵام دیدی دینی پێغەمبەران کە وەحی خواییە ، ئەنجامەکەی یەکسەر داوەتە دەست .. جگە لـەوەی روانگـەو پێناسەی وەحی نـەگۆڕە ، کەچـی مەدرەسـە فەلەسـەفیەکان هـەر یەکـەیان شتێکی بە سەرەکی داناوە کە مەدرەسەی دوای ئەو نکووڵی لەوە کـردووە کـە ئەوە سەرەکی بێت ! وەکو ئەوەی کـە فەیلەسـووفە سروشـتیەکان ئاویـان لا بناغە بوو ، ئیفلاتوون ئەقڵی لا بناغـە بـوو .. ئەمـە جگـە لـەوەی دەبینـرا فەیلەسووف هەر لەگەڵ خۆیدا دەکەوتەوە دژەدید !! دەبینیت یەکێـکی وەکـو الجاحظ لە سەرەتای تەمەنیدا کە مەتحی فەلسەفە دەکات ، دەڵێ : (فەلسەفە : ئامێری ویژدانە ، پێوەری بیرە ، بەرهەمی ژیـرە ، هۆکـاری زانینـە ، پـەی بەردنی ماهییەتی توخمی سەرزەمینە ، زانستی کرۆک و رواڵەتـە ، پسـپۆڕی کەسناسیی و وێنەسازییە ، شارەزابوونە لە جیاوازی رەوشـت و تەبیعـەت و سروشت و غەریزەکان )[2] . کەچی دواتر لە سەردەمانی پیرێـتیدا ئـاوا زەمـی دەکات : (فەلەسەفە: قسەی تەرجەمە کراوە ، زانستی رەجم کـراوە ، مـەودای دوورو سوودی کەمە ، ئەو مەترسیەی بۆ خاوەنی دێنێتە پێش بـێ سـنوورە ! ترسێکی لە قامچی دەسەڵاتدارانە ، ترسێکی تری لە دوژمنداریێتی عەوامە )[3] .

یــان خـــەوارزمی ( 383ک / 993 ز مـــردووە ) کتێبێـــکی لـــە بەرپەرچـــی فەیلەسووفاندا نووسی بە ناوی ( مفید العلوم و مبیـد الهمـوم ) وا هێرشـیان دەکاتە سەر کە کەسێک نەیناسێت دەڵێ ئەمە هـەر فەلەسـەفەی نـەزانیووە چیە ! لە کاتێکدا خۆی یەکێکە لە فەیلەسوفانی ئیسلام !! لە بەشـی سێـیەمی ئەو کتێبەیدا دەڵێ : ( فەیلەسووفەکان ئەوەندە بە دووی ژیربێژییدا چوون تـا کەوتنە سەحرای سەرگەردانیەوە ، لە باسی خوایەتیدا ئەوەنـدە وێـڵ بـوون رێیان بزر کرد ، بۆچوونەکانیان لەسەر خەیاڵات بینا کـرد ، لـەو کاتـەی وا دەزانن لە هەموو خەڵقی خوا زیرەکترن ، بەڵام رێ و دیدیان دەیسەلمێنێت کە لە هەموو خەڵقی خوا نەزانترو گەلحۆترن ! مسقۆفی و بێ بـاوەڕی بناغـەی

[2] مصطفى عبدالرزاق : تمهيد لتاريخ الفلسفة الاسلامية / مكتبة النهضة المصرية / القاهرة ل 120 .
[3] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە .

دیدیانه ، هەموو کوفر لقێکە لای ئەوان ، سوودو ئەنجامی دیدیشیان ئا ئەوەیە کە خۆ دەخەسێنن و دەکەونە خەڵوەتکێشان تا وەچەی مرۆڤایەتی نەمێنێت ، سەرۆکەکەیان ئەفلاتوونە لەعنەتی خوای لێ بێت )[4] !!

یان ئیمامی غەزالی رحمه الله ( 505 ک / 1111 ز مردووە ) لە سەرەتای تەمەنیەوە فەلسەفە دەخوێنێ تێیدا دەبێتە یەکێک لە فەیلوسافانی سەردەم و کتێبی ( مقاصد الفلاسفة ) دەنوسێت ، کەچی دوایی وای لێ دێت کتێبی ( تهافت الفلاسفة ) دەنوسێت ! کە تێیدا دەڵێت : ( پێویستە غەشی فەیلوسوفان ومەزهەب ودیدیان بۆ خەڵکی بەیان کرێت)[5] ! چونکە دەبینێت ئەوەی ئەو تەمەنی خۆی تێدا خەرج کردووە هەر ئەوەیە کە لە (قل هو الله احد) دایە !

منیش لەم روانگە ئیسلامیە سەرەتاییەمەوەیە کە نامەوێت لێرەدا بەرێی فەلەسەفە یان زانستی ، خوێنەران بەرەو سەلماندی هەبوونی خوا ببەم .. یان لەو رێیەوە باسی پێغەمبەرایەتی و وەحی و پەیامی ئاسمانی بە تایبەتی قورئان بکەم .. یان جیهانبینیەکەم پێناسە کەم ! نا ، جێی ئەوانە کتێبی تری سەربەخۆو موناقەشاتی قووڵترە ..

من لێرەدا لەو دەسپێکەوە دەکەومە باس کە من و خوێنەر موسوڵمانین و لەسەرەتاوە باوەڕمان بە کردگارێتی خوا هەیە .. ئەمەش بەڵگەنەوویستی یەکەممانە ، چونکە وەکو دەروونناسی دەیسەلمێنێت ئەمەیان قەناعەتی ناخەو کاریگەریی لەسەر رەفتار هەیە ، ئەمەش گرنگە ، چونکە کابرای فەیلەسووف کە لە رەفتاری ژیانیدا هیچ جیاوازیەکی نەبێت لەگەڵ کەسانی تردا ئیتر پاڵنەری بایەخپێدانی فەلسەفەکەی لە ناو چینی خەڵکیدا چی دەبێت ؟! کاریگەریی ئەو رەنجە بیرکارییەی چییە کە ناگاتە سەدایەکی لە سەدا یەکی کاریگەریی بانگەوازی خوایی لای ئەو پێغەمبەرە ئازیزانە سەلامی خوایان لێ بێت ؟! بەڵام ئەمە رێی ئەوەمان لێناگرێت کە کەمێک بە کورتی دیدە فەلەسفیەکان پێناسە بکەین ..

---

[4] هەمان سەرچاوە لاپەڕە 120 .

[5] هەمان سەرچاوە لاپەڕە 83 .

ئیفلاتوون ( 427 ـ 347 پێش زایینی مردووه ) دەڵێ : فەلسەفە ئەوەیە کە بە قەدەر توانای مرۆڤێتی بشوبهێیت بە خوا )[6] !

ئەرەستۆ ( 364 ـ 322 پێش زایین مردووه ) دەڵێ : ( فەلسەفە لە سروشتی بونەوەر دەکۆڵێتەوەو وەکو خۆی دەیناسێنیتەوە )[7] ..

فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا دوای ئەوەی لەگەڵ موسوڵمانان تێکەڵ بوون و کەوتنە ژێر کاریگەریانەوە ، هەوڵی زۆریاندا کاریگەریی فەلەسەفە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکیدا داهێنن ، بەڵام بە حوکمی دینی کەنیسە سەرەتا زۆر سەرکەوتوو نەبوون ، چونکە لە لایەکەوە نەزانین زۆر بوو ، لە لایەکی ترەوە ئەو ئازادیە لە ناو دینداراندا تا 1517 نەبوو ، لەوەو دوا کە مارتن لۆتەر هات و شۆڕشێکی ریشەیی لە ئەڵمانیاوە بەرپا کردو لە کڵێساو پاپای رۆما هەڵگەڕایەوەو دیدی دینی خۆی خستە روو ، لەمیشەوە مەزهەبی پرۆتستانتی مەسیحیەکان دروست بوو ..

لە چەرخی شازدەوە فەیلەسووفە دینیەکان و مسقۆفەکانی ئەوروپا کەوتنە دیراسەی ئەوەی کە سوودی فەلسەفە بۆ ئاڕاستە کردنی خەڵکەکە چیە ؟!

لەم روانگە ئازادەوە مەدرەسە فەلسەفیە کۆنەکان بوژێنرانەوەو بایەخی تریان پێدراو ئامانجی خوێندنیان بۆ دیاری کرا ، لەمەشەوە تیۆرەکانی کۆمەڵناسیی و زانستی کۆمەڵناسیی سیاسی هاتە کایەوە .. بۆ نموونە[8] :

ـ فەلسەفەی سروشتی ( ماتریالیزم Maturalis) : کە کۆنترین دیدی فەلسەفیە ، شەش سەد ساڵ پێش زایین لەسەر دەستی فەیلەسووفەکانی میلسان هاتە کایەوە کە ناوچەیەکە ئێستا کەوتۆتە کوردستانی باکور . ئەمانە ئاو بە ماددەی سەرەکی گەردوون و ژیان دەناسێنن .. دواتر جان جاک رۆسۆ ( 1712ـ 1778 ) ئەم مەدرەسەی بوژانەوەو ئیزافاتی تری خستە سەر تا فەلسەفەکە سوودبەخش کات ، لەوانە ووتی : سروشت کلیلی ژیانە و هەموو شتێک بە پێی یاساو رێساکانی سروشت دەبزوێت .. مادام سروشت

---

[6] د.احمد الاهواني : افلاطون لا 124 .

[7] محمد جواد مغنيه : معالم الفلسفةالاسلامية / بيروت 1973 ل 14 .

[8] William H.Freeman,physical Education in a changing society U.S.A.1977 pp.129-

نەگۆڕە پێویستە بۆ هەموو شتێک ئیعتیماد بکەینە سەر ئەو ، لەبەر ئەوەی مرۆڤیش بە خێرخوازی لەدایک دەبێت ، پێویستە ئەو بکرێتە کۆتایی مەبەست لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدار ..

ـ فەلسەفەی میسالی ( Idealizm ) کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سوکرات ( 469 ـ 399 پێش زایین ) بەڵام بە هۆی ئیفلاتوونی قوتابیەوە ناسراو ناونرا فەلسەفەی ئیفلاتوونی کە دەڵێ : بناغەی هەموو شتێک ژیرییە ، مرۆڤیش دەبێت هەموو شتێک بە پێی ژیریی پێناسە بکات ، مرۆڤیش لە سروشت گرنگترە .. لەبەر ئەوەی ئیفلاتوون لە ماوەی 30 ساڵی تەمەنیدا سێ ئەزموونی فەشەلی فیکریی خۆی بینی کە حاکمێک بکات بە فەیلەسووف ! دیدێکی زۆر خەیاڵی دووری بۆ دروست بوو کە لە کتێبەکەیدا (یاساکان) دا دەردەکەوێت .. دیموکراسیشی پێ مایەی فیتنەو تەفرەقەی کۆمەڵگە بوو بۆیە زۆر لایەنگریی نەدەکرد ..

ـ فەلسەفەی واقیعی (Realizm) : ئەرەستۆ (384 ـ 322 پ ز) کە قوتابیەکی ئیفلاتوون بوو ، پێشەوای بوو ، دیدی ئەم فەلسەفەیە دەڵێ : جیهان بەشێکە لە سروشت ، دەشێت نهێنیەکانی لە ڕێی هەست و پسپۆڕیەوە درک پێ بکەین هەموو شتێکی ماددی کە لەم جیهانەدا ڕوو دەدات ئیعتیماد دەکاتە سەر یاساکانی سروشت .. ژیریی لە لەش جوێ ناکرێتەوە و هیچیشیان دەسەڵاتیان بەسەر ئەوی تریاندا نیە .. دین و فەلسەفە پێکەوە دەسازێن ..

ـ فەلسەفەی کەڵک ( براگماتی Pragmatizm ) یەکەمین بەشداری جیهانی فەلەسەفی ئەمریکاییە ، لە پێشەوا ناودارەکانی چارڵس بێرس ( 1839 ـ 1914 ) و ولیام جیمس ( 1842 ـ 1910 ) و جۆن دیوی ( 1859 ـ 1952 ) .. یەکەمین دەسپێکی ئەم مەدرەسە فەلسەفیە ئەوەیە کە هەموو شتێک لەم ژیانەدا قابیلی گۆڕانە جگە لە مردن . تاک بەشێکە لە کۆمەڵگەو ڕۆڵی دیاری

کراوی خۆی هەیەو رەفتارو رەوشتی تاکەکان کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەکە هەیە .. نرخی هەموو دیدێکی فەلسەفی بە کاریگەرێتیەکەی دەپێورێت !!![9] .

ـ فەلسەفەی وجوودی ( Existen Tialism ) : هەرچەندە بە ناوی جان پـۆڵ سارتەرو سیمۆن دی بوڤواری دڵداریـەوە ناسـراوە بـەڵام لـە راسـتیدا ئـەم فەلەسەفەیە سەرەتا لەسەر دەسـتی زانـای دانیمـارکی سـۆرین شـیرکەگۆر (1813 ـ 1855) هاتە کایەوە و فەیلەسوفی ئەڵمانی مارتن هایدگەر ( 1889 ـ 1976 ) برەوی پێدا .. دیدی ئەم مەدرەسەیە دەڵـێ : ( هـەبوونی مرۆڤایـەتی تەنها حەقیقەتێکی ئەم گەردوونەیە ، هەموو تاکێک خۆی بۆی هەیە نـەریتی خۆی دیاری کات ، تاک لە کۆمەڵگە گرنگترە ، بۆیـە دەبێـت تـەرکیز بکرێـتە سەر هێنانەدی ئامانجی تاک پێش ئامانجی کۆمەڵگە ..

ـ فەلسەفەی کۆمۆنیزم ( Communizm ) چەمکێکی ماددیانەیەو لە روانگەی مادەوە بە شێوەیەکی جەدەلی ( دیالێکتیک ) دەڕوانێتە هـەموو شتێـک ، بـە ناوی کارل مارکسی ئەڵمانیـەوە ( 1818 ـ 1883 ) ناسـرا ، لـە راڤـەوانانی بەناوبانگی ئەم مەدرەسـەیە لینـینی رووسـی ( 1870 ـ 1924 ) و سـتالینی جۆرجیایی ( 1879 ـ 1953 ) .. سەرەکیترین سـیمای ئەوەیـە کـە تـاک لـە خزمـەتی کۆمەڵگـەدا دەبێـت ، دەبێـت هـەموو حـەزەکانی تـاک و فیکـرو بۆچـوونەکانی بخرێـتە خزمـەتی کۆمەڵگـەو دەوڵـەت و حـزبی تـەنهای پرۆلیتاریا .. کە کۆمەڵگە یەکسان دەبێت پارە نامێنێـت و هـەموو کـەس بـە قەدەر پێداوویستی خۆی هەڵدەگرێت ، چـونکە خاوەنێـتی نامێنێـت !! بـەڵام دوای ئەوەی لە 1917 دا هاتە سەر حوکم زۆر زوو هەستی بە خـەیاڵ پـلاوی دیدو تێڕوانینی خۆی کرد بۆیە ووتیان دەبێت قۆناغێکی سۆشیالیستی پێـش کۆمۆنیستی دابهێنرێت بۆ ئەوەی وەکـو قۆنـاغی ئامادەسـازیی وا بێـت بـۆ

[9] بزانە رۆژئاوا چەند درەنگ گەیشتۆتە ئەم راستیە ، لە لاپەڕەکانی دواییشدا پێناسەو تێڕوانینی فەیلەسوفەکانی ئیسلام دەبینیت کە لەبەر رۆشنایی قورئاندا چۆن هەروا زوو درکیان بەم حەقیقەتانە کردووە کە فەیلەسووف و بیرمەندو کۆمەڵناس و دەروونناسانی ئەمڕۆی رۆژئاوا تازە درکی پێ دەکەن !

کۆمۆنیزم ! بەڵام ئەو مەدرەسەی فیکرو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی گەورەی لە واقیعی سەد ساڵدا دروست کرد 75 ساڵی نەبرد لە هەموو جیهاندا رما !!

دەتوانین بڵێین گەیشتنە ماهییەتی هەندێک لە حەقیقەتەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ لە لایەکەوە بە رێی تایبەتی تولانی پڕ هەڵدێری فەلسەفەدا روون دەبۆوە ، کە دەشێت پێی بوترێت : فەلسەفەی بەشەریی .

ئا بەو شێوەیە هەر لە کۆنەوە فەیلەسووف و داناو بیرمەندەکان سەرنجیان لەم گەردوون و ژیان مرۆڤە داوەو وویستویانە بگەنە زانینی ماهیەتیان تا پێناسەی پڕاوپڕی شتەکان پێشکەش بکەن ، وویستوویانە بە خەڵکی بڵێن کە گەردوون چیە ، لە چی پێک هاتووەو چۆن هەڵدەسوڕێت ؟! ئاسمان و زەوی و ئەستێرە ، ئاوو هەواو بروسکە ، هەورو هەورە تریشقە ، باوبۆران و زریان و لافاو چین چی لە پشتیانەوەیە ؟! ژیان چیەو چۆن هاتۆتە کایەوە ، رۆح چیەو لە کوێی مرۆڤدایە ؟! مردن چیەو جیاوازی ژیان و مەرگی ئاژەڵ و مرۆڤ لە کوێدایە ؟! ئەدی مرۆڤایەتی مرۆڤ چیە ؟! چۆن بزاوتێک لە کۆمەڵگەکەدا دروست کرێت کە لە سوودی کۆمەڵگە بێت ، لەمەوە رۆڵی مرۆڤیان روون کردۆتەوە ، ئینجا ئەوانەی لە دەسەڵاتدارانەوە نزیک بوون وویستوویانە قەناعەت بەو خەڵکە بکەن کە دیدو تیۆرەکانیان راستن ، دواتر وویستوویانە خاوەن دەسەڵاتەکان قەناعەت پێ بکەن کە دیدو تێڕوانینەکانیان بکەنە کاری رەسمی دەسەڵات !! تا بیسەلمێنن بۆ نموونە کۆیلایەتی هەقە ( ئەفلاتوون دوو جار بە کۆیلە کراو کڕاوەو فرۆشرایەوە ! ) یان شەڕو شۆڕ لەسەر تووڕە بوونی پاشایەک یان پاپایەک هەقەو ئەوانەی دەکوژرێن جوامێرن و پاڵەوانانی کۆمەڵگەکەن !! یان قەناعەت پێ کردنیان لە رێی زێڕو زۆرو چەواشەکارییەوە کە شەڕی ئەسیناو قەرتاجنەو شەڕی سەلیبی و ئیستیعمار تا دەگاتە شۆڕشی پرۆلیتاریاو شەڕی تیرۆر هەمووی هەقە !!

لە بەرامبەر ئەمانەدا دین دەڵێ خوایەک هەیە کە کردگاری گەردوونەو نادیارە ، خوای تاک و پاک بە هۆی فریشتەی تایبەتی خۆیەوە بەردەوام

وەحی بۆ کەسانێک لە مرۆڤ ناردووەو کـردوونی بـە نێـرراوو پێـغەمبەرانی خۆی ، لە رێی ئەو وەحیەوە خوای کردگار پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤی بۆ خەڵکی کردووەو ماهییەتی شتەکانی بۆ روون کردوونەتـەوە ، پێـغەمبەران بە درێژایی مێژوو یەک پێناسەیان بـۆ گـەردوون و مـرۆڤ و ژیـان کـردووە ، هەموویان بە مەخلووقی خوای بە توانا ناساندوون ، فەرموویانە لـە بوونـدا کردگارو خەلق کراو هەیە ، کردگار یەکەو دروست کراوان هەموو شتێکی ترن ..

ئاشکرایە خەڵکی وەکو یەک لەم بانگەوازە نەهاتوونەپێـش و هەڵوێسـتیان بەرامبەری بووە بە دوو : لایەنگیریی یان دژوەستانی .. ئەوانـەی لایـەنگیری پێغەمبەران بوون بێ راڕایی باوەڕی تەواویان بەوە هێناوە کـە هەرچـی ئـەو پێغەمبەرە پێشەوایانەیان فەرموویانە راستە .. ئەوانی دیکە کە بەرامبەر دین وەستاونەتەوە ، باوەڕیان بەو پێناسانە نەهێناوە کە پێغەمبەران هێناویانە ، یان بەو شێوەیە وەریان نەگرتووە کە ئەوان پێناسـەیان کـردووە .. لەمـەوە دیدی ئەمان زۆر جیاوازی تێکەوتووە ..

لە لایەکی ترەوە ماهیەتی ئەو حەقیقەتانـە بـە تـەواوی بـە رێـی وەحـی خواییدا روون دەبۆوە ، کە ئەم رێگایەیان ئاسانترو نزیکتـرو رۆشـنتر بـوو ، رێگای رۆح و دڵ و دەروون بوو ، هەر وەک کە رێگای ژیـرییش بـوو .. بۆیـە فەیلەسووفە ئیسلامیەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە دیدی بەرفراوانی دینەکەوە دەیانڕوانی و پێناسـەی ماهییـەتی شـتەکان کـە قورئـان کردبـوونی لایـان بەڵگەنەوویست بوو ، ئینجـا خوێـندکارانی فەلەسـەفەیان دەدوانـد تـا لـە لایەکەوە ماهییەتی خودی فەلەسـەفەکەیان بـۆ روون کەنـەوە ، لـە لایـەکی ترەوە تێیان بگەێنن کە نرخ و گرنگی فەلسـەفە بـەو رادەیـە کـە بەشـداریی داڕشتنی پارسەنگی کەسایەتی مرۆڤەکان دەکات !! رێـی وەحـی و نموونـەی پێشەوایەتی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت ئەم رێیەشـیان بـۆ کـورتر دەکردنەوە .. ئەمەشە فەلسـەفەی ئیسـلامی .. کـە لـە لایەکـەوە ماهییـەتی شتەکان وەکو حەقیقەتی خۆیان پێناسە دەکات ، چونکە وەسف لە سـیفەتەوە دێنێت ، لە لایەکی ترەوە دەیکاتە مایەی پەروەردەکردن و تەزکیەی مرۆڤەکان

لەو کاتەی کە فەیلەسوفە کۆنەکانی رۆمان و یۆنان دەیانووت : وەزیفەی فەلسەفە پێناسە کردنی حەقیقەتی هەبووەکانە وەکو کە هەن .. ئەمە پێناسەی ئیفلاتوون و ئەرەستۆیەو دەیانی تری وەکو فارابی و ئیبنو سینا لە کۆنەکان [10] و محمد جەواد موغنیە[11] لە نوێکان ووتوویانەتەوە .. بەڵام زۆرینەی فەیلەسووفە موسوڵمانەکان بایەخی تەواویان بەوە داوە کە فەلسەفە بۆچیە ؟! جەختیان لەوە کردۆتەوە کە بۆ پەروەردەکردنی پەرسەنگی تاکە ، دەنا خۆ هەر بریتی نیە لە بیر ماندوو کردن !

ـ ئیخوانوسسەفا : مەدرەسەیەکی فەلسەفی بوون زیاتر لە شیعەکان بوون دەڵێن : فەلسەفە ئەوەڵەکەی خۆشوویستنی زانستیەکانە ، ناوەندەکەی زانینی حەقیقەتی هەبووەکانە وەکو کە هەن ، کە بە قەدەر توانای مرۆڤ دەسەلمێنرێن ، کۆتاییەکەشی کردارو گوفتارە بە گوێرەی زانستی ) [12] .

ـ شیرازی دەڵێ : ( ئەوە بزانە کە فەلسەفە بۆ تەواو کردنی نەفسی مرۆڤە ئەویش بە زانینی حەقیقەتی هەبووەکان بەو سیفەتانەی خۆیانەوە کە هەن ، و بڕیار لەسەر هەبوونیان کەبە گوێرەی توانای مرۆڤ بە پێی بەڵگەو سەلماندن ، دەناسرێن نەک بە گومان و لاسایی کردنەوە )[13] .

ـ کیندی کە لە هەموو فەیلەسووفە موسوڵمانەکان زیاتر کەوتبووە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانیەوەو یەکەمین کەس بوو کە زۆر بە تەفسیل خوێندی و راڤەی کردەوەو پۆشاکێکی ئیسلامی کردە بەری ! لەگەڵ ئەو هەموو سەرسام بوونەشی بەو مەدرەسە فەلسەفیە بەڵام لەبەر هەبوونی دینەکەو قەناعەت کردن بە پێناسەی حەقیقی شتەکان بە پێی قورئان حەدیس ، دەربارەی فەلسەفە دەڵێ : ( پەی بردن بە حەقیقەتی شت زانستی خواناسی لە پەروەردگارێتیدا زیاد دەکات ، خوابەیەکناسین زیاتر دەچەسپێنێت ، زانستی پیاوچاکی فێر دەکات ، رێی خێر دەناسێنێت و هۆشداری لەسەر رێی

---

[10] مصطفى عبدالرزاق: تمهيد لتاريخ الفلسفة الاسلامية/ مكتبة النهضة المصرية/ الطبعة الثالثة ل49

[11] محمد جواد مغنيه : معالم الفلسفة الاسلامية / دار القلم / بيروت ـ الطبعة الثانية 1973 ل 14 .

[12] مصطفى عبدالرزاق: تمهيد لتاريخ الفلسفة الاسلامية/ مكتبة النهضة المصرية/ الطبعة الثالثة ل54

[13] هەمان سەرچاوە ل 57 ـ 58 .

چەوت دەدات ، هەموو ئەمانەشت لەو پەیامەدا دەست دەکەوێت کە نێـرراوانی راستگۆی خوا سەلامی خوایان لێ بێت هێناویانە ، چـونکە ئـەو پێـغەمبەرە راستگۆیانە بۆ هاتوون تـا بڕیـاری کردگارێـتی خـوا بدرێـت و رێـی چـاکە بگیررێتە بەرو رێی خراپەکە کاریی واز لێ بهێنرێـت و چـاکە بخرێـتە پێـش خراپەوە ..)[14] .

ـ ئیبنو حەزم کە کتێبی ( الفصل في المِلَل و النِّحَل ) ی نووسیوە دەڵێ : (حەقیقەت و بەرهەم و مەبەست لە خوێندنی فەلەسەفە ئەوەیە کـە ئیسـلاّحی دەروونی پێ بکرێت ، تا لە دنیای چاکەخوازییدا بەکار بێتەوەو سییرەیەکی پارسـەنگی پێ دروست بکرێت ، کە خاوەنەکەی بگەێنێتە رووسووری قیامەت ، لە دنیاشدا خاوەنەکەی وا لێبکات پارسەنگانە لە ناو ماڵ و منداڵی خۆی و ناو رەعیەتدا رەفتار بکات ، ئەمـەش هـەر ئـەو مەبەسـتەیە کـە شـەریعەتی ئیسـلام بـۆ هێنانەدیی هاتووە ، ئەمەش راجوێیی نە لە نێوان زانایانی فەلەسەفەدا هەیە نە لەنێوانی شەرعناساندا هەیە .. )[15] .

کەوابوو فەلەسەفە لە دیدی فەیلەسووف و بیرمەندە موسوڵمانەکانەوە هەر ئەوەندە نیە بیرو ژیری بخرێتە کار تا راستی ماهییەتی شـتەکانی هـەبوون روون دەناسرێن و دەناسێنرێـن ، بـەڵکو مەرجـە کـە یارمەتیـدەر بێـت لـە داڕشتنی کەسایەتی پارسەنگانەی خاوەنەکەی و دەوروبەری .. دەنا هەر کات خۆماندوو کردنە .. لەم حاڵەشدا زانین و نەزانینی فەلسەفە وەکو یەک وان !!

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی یۆنان و رۆمان جیهانێکی خوانەناس بـوو ، بۆیـە دەبینرێت فەلەسەفە ئەو هەموو قۆناغەی وویست تا گەیشتە ئەو سـەردەمەی لە چەرخی پازدەی زایینی بەدواوە درکی بەوە کرد کە فەلەسەفە دەبێت مادەی داڕشتنی کەسایەتی بێت ، پاڵنەری بزاوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت .. سەرەتا لە جیهانێکی خەیاڵیەوە دەسـتی پێـکردو درەنـگ لای تـاک تاکەکان کەوتە پراکتیزەبوون ، درەنگتـریش لـە چـەرخی هـەژدەو نـۆزدەی

---

[14] رسالةالكندي : في الفلسفة الاولى ل 104 ..

[15] مصطفى عبدالرزاق: تمهيد لتاريخ الفلسفة الاسلامية/ مكتبة النهضة المصرية/ الطبعة الثالثة ل54

زاینییدا له دیدو ڕێبازێکی گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەرکەوت .. بەڵام دین ، هەموو دینە ئاسمانیەکان کە پەیامی خوایی بوون بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە هەموو چین و توێژەکانیەوە ، هەر لەسەرەتای هاتنیانەوە خوای گەورەیان بە سیفەتی کردگاری ژیان و گەردوون و ژیان دەناساند ، ئینجا ئەوەی دەسەلماند کە مادام خوا کردگارەو خاوەنەو هەموو سیفەتەکانی تەواون کەوابوو دەبێت هەر ئەویش ـ بە تەنها ـ بپەرسترێت .. دیسان کە مادام ئەوە سیفاتێتی دەبێت هەموو دەسەڵاتێک هی ئەو بێت ..

کەوابوو بەڵگەنەوویستی یەکەممان ئەوەیە کە ئێمە لە خودی قورئانەوە جیهانبینی خۆمان ڕاڤە دەکەین .. لە دیدی خواناسییەوە دێینە سەر پێناسەی وەحی و دین و باوەڕو خواپەرستن و شەریعەت و تەزکیەی نەفس و دینداریی هەروەها پێناسەی فیکرو مومارەسە لە ئیسلامدا واتە : بە گەڕ خستنی باوەڕەکە کە دەبێت لە ( عمل صالح ) دا دەرکەوێت ، ئەویش لقێکیانی کەسایەتی پارسەنگی موسوڵمانەکەیەو ئەوی تریان بەرجەستە بوونی گیانی گرووپێکە کە لە بەگەڕ خستنی ووزەو توانایدا دەردەکەوێت لەریزی موسوڵماناندا کە بە هەمووان پێکی دێنن ، بە زاراوەی قورئان (ئوممەت) ێکە شیاوی هەڵگرتنی پەیامی خواییە .. بەو پەیامەش گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەکەیاندا دروست دەکەن .. ئیتر دوچاری هەڕەشەی جاهیلییەت دەبنەوە و دەکەونە بەر حەملەی ستەمکارانەی ڕیشەکێشکردن ، ئەمەش وا دەکات (هیجرەت) بکرێت ، یان بۆ ( دار الامان ) ێک کە تەنها تێیدا دەپارێزرێن یان بۆ خاک و خەڵکێک کە دەیکەنە مەئواو بە هەموان دار الاسلامێک پێک دێنن کە مەرجەعییەتێکی ئاڕاستەوانی سیاسی ، ئیدارەی دەدات ..

**دیدی دووەم : بزاوتی گۆڕانکاریی :**

دیدی دینی هەر لە سەرەتاوە دیدە فەلسەفیەکەی ( کە پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤە ) و خیتابە سیاسیەکەی ( کە دیدو ڕێبازی گۆڕینی کۆمەڵگەیە ) هەروەها ئەو داب و نەریتەی ( کە ڕێسای ڕەفتارو ڕەوشتەو تاک و کۆی کۆمەڵگەکەی لەسەر بنیات دەنرێتەوە ) هەر لە دینەکەوە هاتووەو سەرچاوەی

هەموویانی لا یەک بووە ، کە وەحی خوایی و تەعلیماتی پێغەمبەرەکە بووە ..
بەڵام سەرچاوەی دیدی نادینی بۆتە چەندین سەرچاوە ، دیدی نادینی :
ـ دیدە فەلسەفیەکەی ( لە کۆنەوە تا ئێستا ) لە فەیلەسوفانەوە وەرگرتووە .
ـ خیتابی سیاسی لە کۆندا لە فەرمانڕەوایانەوە وەرگرتووەو لەم سێ سەد ساڵەی دواییدا لە بیرمەندە سیاسییەکانەوە وەریگرتووە
ـ داب و نەریتی لەکۆندا لە پەرستگاکانەوە ( مەعبەدەکانی رۆمان و دواتر لە کڵێساکان ) وەرگرتووە ، کە ئێستا لە سەرمایەداریەوە وەری دەگرێت ..

ئەمە سێ دیدە : ( فەلسەفی ، سیاسی ، رەوشتی ) کە لە سێ دەسەڵاتەوە دەهات ( فەیلەسووف ، پاشای فەرمانڕەوا ، کڵێسا ) دەبوو وەکو دیدی دینی لە یەک سەرچاوەوە بێن تا پێک نەکێشرێن ، تا دین ( وەکو ئیسلام هێنای و چەسپاندنی ) سەرچاوەی هەموو ئاراستەکانی تاک و کۆ ، کۆمەڵگەو دەوڵەت بوایە .. نەک لەمەوە سێ شەرچاوە بۆ سێ زانستی بێتە بەردەم بیرمەندان و سیاسەتمەدارانی رۆژئاوا : فەلسەفە ، سیاسەت ، ئاداب و رەوشت ..

ئەمە هۆی سەرەکی ئەوەیە کە دەبینی مێژووی رۆژئاوا هەر شەڕو کوشتارەو کۆمەڵگەکەشی لە کۆنەوە لە گەڕەلاوژێ و ململانێیەکی زۆر بێ بەزەییدایە !!

کاتێک دەبینی فەیلەسوفێکی گەورەی وەکو ئەرەستۆ (384 ـ 322 پێش زاین) دەڵێ دانیشتوانی شار نابێ لە دە هەزار تێپەڕ بکات ، ئەوی زیاد بوو پێویستە لە سکی دایکیدا بکوژرێت ، یان کە لە دایکبوو !! دەڵێ کەمئەندامان دەبێ نەمێنن ، حاکمیش کە باوەڕی وا بووە ئەمە بەڵگەنەوویستە ! کەوتۆتە جێبەجێ کردنی ، تەسەور کە چ کارەساتێکی بەسەر دانیشتوانەکەدا هێناوە !! کاریگەریی ئەم دیدە کۆنە ، کۆن نەبووە ، چونکە هێتلەریش هاتە سەر هەمان راو هەموو کەمئەندامانی کۆمەڵگەکەی دەکوشت ! ئەمە فەیلەسووف !

بڕوانە خیتابی سیاسی یەکێکی وەکو میکیاڤیللی ( 1469 ـ 1527 ) و کتێبی (میر) کە لەسەر ئەو رێسایەی نوسیوێتی کە دەڵێ : ( بۆ گەیشتنە ئامانج

هەموو شێوازێکی کار شیاوە ) .. ئیدی بزانە لە پراکتیزە کردنی ئەم تیۆریە شەڕخوازیەوە چ کارەساتێک بەسەر ئیتالیاو وولاتانی دیکەی ئەو سەردەمەدا تا ئێستا هاتووە ؟!! بە تایبەتی کە لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا تیۆری میکاڤیللی بوو بە دینی سیاسەتمەداران و زیاتر چەسپێنرا ..

ئینجا بڕوانە فەیلەسووفی بیرمەندی سیاسی وەکو کارل مارکس ( **1818** ـ **1883** ) و ئەو هەموو رق و قینە چینایەتیە بێ جێیەو ئەو هەموو خوێنەی لە نیوەی سەر زەمیندا رشتی ! کە دوای سەد ساڵ خەباتی سیاسی تەنها حەفتا ساڵ لەسەر حوکم مایەوە وا داڕما کە کەس رووی نەیات بڵێ کۆمۆنیستم ! مەگەر لە ناو کوردو بەلوچ و هۆزی ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیدا !

یان دژواریی هێنانی تیۆری بایۆلۆجی داروینیزم بۆ رێبازی کۆمەڵایەتی و ئەو لافاوە خوێنەی داروین ( **1809** ـ **1882** ) لە دنیادا دروستی کرد !! چونکە ئەو سەخافەتەی هێنایە پێشەوە کە هەرچی کەسێک لە پۆلی بەدەکان بێت بەدییەکەی بە ویراسی دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی دوایی ، بۆیە دەبێت ئەو پۆلە بەدانە لەناوچن !! تەنها لە وولاتی کۆنگۆو دەوروبەری سێ ملیۆن ئەفریقاییان بەم بەهانە شەیتانیە کوشت !! ئینجا شەڕی پەسەندیی و ناپەسەندییان گواستەوە بۆ گەڕەکەکانی لەندەن و لەوێ کەوتنە شەڕی ئەهلیی !! ئەمەش خیتابی سیاسی بیرمەندانیان !!

ئینجا برۆ بۆ بەدواداچوونی دیدە رەوشتیەکەی ئیغریق و رۆمان و پاشان رەوشت و رەفتاری کڵێساو دڕندایەتیەکانی دادگاکانی پشکنین و رەوشتی ئەم سێ سەد ساڵەی شۆڕشە خوێناویەکانی فەرەنساو ئەمریکاو ئۆکتۆبەری رووس و حەملە ئیستیعماریەکانی رۆژئاواو کوژرانی 22 ملیۆن قوربەسەری جەنگی جیهانی دووەم !! تەنها ئەمریکا لە ماوەی ئەم **150** ساڵەی دواییدا **147** شەڕی ناوەتەوە !!

لە توێژینەوەو بەدوواداچوونی مێژووی فیکرو دیدی سیاسی رۆژئاوادا بیرو ژیریی هەر فەیلەسوفێکی رۆژئاوایی دەبینیت کە لە سەردەمانێکدا بۆتە بەڵگەنەوویست و سیاسەت و دەسەڵاتی وولاتەکەی لە تیۆرەوە کردوێتیە

کــردار ، هیچــیان ســەد ســاڵ زیــاتر بــڕی نــەکردووە ، ئینجــا دەبینیــت فەیلەسووفێکی دیکە یان بیرمەندێکی دیکە هاتووەو بۆچوونێکی تری پڕاوپــڕ دژی ئەوەی پێشووی کردۆتە دیدو ڕێــباز ، ئــەویش هــاتووەو چــووە ، پــاش ئەمیش هی تر هاتوون ! سەیر ئەوەیە کە ئەم گەڕەلاوژێ و ڕەدو بەدەلەشــیان فەلسەفاندووەو ناویان ناوە زەروورەتی گۆڕانکاریی یا پێداوویستی پێشبردی یا حەتمێتی پێشکەوتن !!

لە دیراسەکردنی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا زوو هەســت بەمــە دەکرێــت ، هەر لە سوکرات و ئەفلاتون و ئەرەستۆی بێ دینەوە بــۆ ئۆگســتین و تۆمــای ئــەکوینی و مــارتن لۆســەری دینــداری مەسیحێــتی ، بــۆ رینیــە دیکــارت و ئامانۆئیــل کانــت و دێــڤید هیــوم ، بــۆ هێــگڵ و شــۆبنهاوەرو نیچــە ، تــا فەیلەســووفانی ســەردەم .. هــەر وەکــو لــە بیروبۆچــوونی بیرمەنــدو سیاسیەکانیشیاندا هەستی پێ دەکرێت ، لە دانــتی و دوکامــەوە بــۆ ڤۆڵتێــرو هۆڵباخ ، لە جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆوە بۆ رینــان و مــاکس فیبــەر ، تــا دەگاتە مارکس و دۆرکایم و ولیام جیمس لەوانیشەوە تــا دەگاتــە ســارتەرو ســیمۆن دی بزڤــوارو ماســلۆ .. دیســان لــە تیۆریــە ڕەوشتیەکانیشــدا ئــەو گەڕەلاوژێ و ڕەدد و بەدەلە هەست پێ دەکەیتەوە ، لە دەوڵەتــە خەیاڵیەکــەی ئەفلاتونەوە بۆ ڕەشەکوژیەکەی میکاڤیللی ، لە جان کاڵفنەوە بۆ جان بــۆدان ، لە شاتوبریانەوە بۆ ئەنجلزو باکۆنین ، هەر یەکەیان بــە جۆرێــک پێناســەی ڕەفتارو ڕەوشت دەکات و هەر یەکەیان بە شێوەیەک خێزان دروســت دەکــات و هەڵیدەوەشێنێتەوە !! پێناسەی هــەر یەکەشــیان بــۆ داب و نــەریت و ئــادابی کۆمەڵایەتی ئەرزو ئاسمان لێک دوورە !!

لە بەرامبەر ئەم گەڕەلاوژێ فەلسەفی و سیاســی و ڕەوشــتیەی ڕۆژئــاوادا ، سەیری دیدو تێڕوانینی فەیلەسوفانی ئیسلام بکە ، لە کیندیەوە بۆ غەزالی بۆ ئیبنو روشد ، سەیری بیرمەندی سیاسیانی ئیسلام بکە ، لە ئەبو یوسفەوە بــۆ ماوەردی ، بۆ ئیبنو تەیمییە .. بــۆ دیــدو ئاڕاســتەی ڕەفتارناســی دیراســەی ڕێساکانی غەزالی و ئیبنو قودامەی مەقدیسی و ئیبنو مەسکەوەی و تــەنزیری

گرنگ و کاریگەری ئیبنولقەییم .. بەردەوام بە هاوشێوەی ئەواندا دێیت تا دەگەیتە دەیان بیرمەندی سەردەم وەکو مەودوودی و نەدەوی و سەید قوتب و نەبهانی و عبدالرحمن حەسەن حەبەنەکەل مەیدانی و محمد قوتب ..

هەر ئەوانەی ناوم بردوون لە فەیلەسووف و بیرمەندی سیاسی و ئاراستەوانی بزاوتی گۆڕانکاریی دەبینیت دیدو رێبازو پێناسەو رێساکانیان لە یەک سەرچاوەی قورئان و حەدیسەوە وەرگرتووە ! یەکێکی وەکو ئیمامی غەزالی فەیلەسووفەو کتێبی (مقاصد الفلاسفة) ی لەسەر فەلسەفە نوسیووە ، لە هەمان کاتدا رەفتارناسەو کتێبی (إحياء علوم الدين) ی لەسەر پەروەردەسازیی نووسیووە ، لە هەمان کاتدا شەرعناسێکی گەورەی مەزهەبی ئیمامی شافیعیشەو تەنها کتێبی ( الوسيط ) ەکەی حەوت بەرگە کە لەسەر فیقهی شافیعی داڕێژراوە !! هەروەها ئیبنو روشدو ئیبنو تەیمییەو ئیبنولقەییم و ئەوانی دیکە ، کە مەوسوعیین ..

موسوڵمانێک لە ئیسلامەکەی خۆی شارەزا بێت چۆن دەکەوێتە ناو ئەو گەڕەلاوژێ فیکرییانەی رۆژئاواوەو ، وا پێی سەرسام دەبێت ئیسلامەکەی خۆی لا کاڵ ببێتەوە ، چ جای ئەوەی واز لەم بهێنێت بۆ ئەو !

ئەوەی دەمەوێ لەم کتێبەدا بیخەمە بەرچاوی خوێنەر - ئیسلامی بێت یان عەلەمانی - ئەوەیە کە هەموو توێژەرەوەیەکی سەربەست و بە ئینساف دوای بەراورد کردنی عیلمیانەو ئەکادیمیانە دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئێمەی موسوڵمان پێی گەیشتووین .. بۆیە هیوادارم ئەم نوسینەی من هاندەرێک بێت بۆ هەردوولایان ووردتر دیراسەی مەدرەسە فیکریەکانی رۆژئاواو پاشان ئیسلام بکەن و پەلە لە حوکمدان بەسەریاندا نەکەن ..

* * *

## ڕێـــڕەوێك بۆ
## پێناسەی دیـن ( تەوحیدی مەعریفی )

سەرەتا دەمەوێت زۆر زۆر بە کـورتی پێناســەیەکی ( دیــن ) لــە روانگــەی ئیسلامەوە بکەم و تا وەک ڕێڕەوێکی ئاسان لە شێخی گـەورە ئەبولئــەعلای مەودوودییەوە هەندێک شت ـ بە هەندێ ئیزافـاتی تـرەوە ـ نـەقڵ کـەم[16] ، ئینجا دێمە سەر تەفسیلاتی باسەکە[17] .. ان شاء الله ..

سەرەتا بزانین کە ووشــەی ( دیــن ) [18] وەکـو کـە لــە قورئــان و حــەدیس و فەرهەنگەکانی زمانی عەربیدا هاتووە بە چوار مانایە :

یەکەمیان : ناسینی خــوای خــاوەن هێــزی زاڵ و بەدەســەڵاتی کردگارێــتی و خاوەن و بەتوانای ژیاندن و مراندن و زیان و سوود گەیاندن و تەگبیر کردنی هەموو بوونەوەرە بە هەرچی تێیدایەتی .. ئیسلام لــەم مانایــەوە ( عەقیــدە ) دادەڕێژێت ..

دووەمیان: بە پێچەوانەی ئەو مانایەی یەکەمە ، واتە بە مانای خــۆ تەسـلیم کردن و زەلیلی نواندن و وەرگرتنی فــەرمانی ئــەو خــاوەن هێــزە زاڵ و بــە دەسەڵاتەی کە خاوەنەو توانای کردگارێتی و کارگێڕیی هــەموو بوونــەوەری هەیە ئیسلام لەم مانای دووەمەوە ( پەرستن )ی خوای خاوەن دەچەسپێنێت .

سێیەمیان : بە مانای ئاڕاستەی خوایی ڕێبازەکەیەتی ، بە مانای تەعلیمات و وەرگرتنی فەرمان و بەرهەڵستکاریەکانێتی ، کە ئەو نــاوی لێــناوە شــەرع ..

---

[16] السید ابو الاعلی المودودي : چوار زاراوەکەی قورئان / وەرگێڕانی بۆ کوردی احمد محمد قەرەنی ـ نووسینگەی تەفسیر لە هەولێر ـ چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر / چاپی یەکەم 2001 هەروەها ابن تەیمییە : مجموع الفتاوی بەرگی 15 لاپەڕە 158 .

[17] بێ گومان ئەوەی لێرەدا لێم وەرگرتووە لە گرنگی خوێندنی کتێبە بە نرخەکەی ئەو کەم ناکاتەوە کە بە ناوی ( چوار زاراوەکەی قورئان ) نوسیوێتی .. ئەو پێویستە بە دەرس بخوێندرێت ..

[18] ئیبن فارس لە ( معجم مقاییس اللغة ) دا بەرگی 2 لاپەڕە 319 دا لە ماددەی ( دین ) دا دەڵێ : دال ، یاء ، نون یەک بنچینەن ، هەموو لقەکان دەگەڕێنەوە بۆی ، ئەویش بریتییە لە جۆری ملکەچی و خۆبەدەستەوە دان .

واته له مانای سێیەمی دیندا ئەوە دەسەڵمێنرێت کە تەنها خوای خاوەن دەسەڵات و هێز کە هەموو دروستکراوان وان لەژێر دەسەڵاتیدا مافی داڕشتنی ڕێبازو یاساو ڕێسای هەیە واتە ( شەریعەت ) هی خوایەو بەس ..

چوارەمیان : دوای باوەڕ بوون بەو سێ تەوەرە مانایەی ( عەقیدە ) و (پەرستن ) و ( شەریعەت ) و پابەند بوون پێیانەوە ، مانای چوارەمی ووشەی دین دێت کە ڕۆژیی دواییە !! چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژی پاداشتی ئەو پێوەپابەندبوونەیە ، یان سزای باوەڕ پێ نەبوونێتی یان پێوە پابەند نەبوونێتی .. لەم ڕوانگەوە مانای ( يومُ الدِّين ) لەسەر سێ تەوەرە ماناکانی یەکەم و دووەم و سێیەم دادمەزرێت ..

کەوابوو لەسەرەتاوە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە مادام قسە لەسەر زاراوەی دین دەکەین و دەمانەوێت بزانین دین بە نەزەری ئیسلام خۆی چیە ، دەبێت پێناسەی دین لە خودی ئیسلامەکەوە وەرگرین ، نەک لە دیدی کەسێکی ترەوە ، نابێت بشهێڵین نەفامێکی جاهیلییەتی سەردەم سەرمان لێ تێکدات و پێناسە خواییەکەمان لێ بگۆڕێت ..

ئەمەش تەفسیلێکی دەوێت ، گەر بە کورتیش بێت با زیاتر بە بەڵگەی قورئان و حەدیس و زمانەوانی عارەبی ڕوونی بکەینەوە :

هەموو تەوەرە مانای زاراوەی دین لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بەم مانایانەیە[19] :

[19] ابن منظور : لسان العرب بەرگی 17 لاپەڕە 24ـ30 .

## مانای یەکەمی دین

دین بە مانای : ناچار کردن و دەسەلات و حوکمڕانی و فەرمان کردن ، ناچار کردنی کەسێک بۆ گوێ رایەلّی کردن ، هەروەها بەکارهێنانی هێزی ناچارکەر (Sovereignty) بەسەریدا و کردنی بە بەندەو گوێڕایەلّ . دەلّێن : ( دانَ النـاس) واتە خەلّکەکەی ناچار کرد بۆ گوێ رایەلّ کردن . کە دەلّێن : ( دِنْتُهم فَدانُوا ) واتە : ما ناچارم کردن و ئەوانیش گوێ رایەلّیان کردم . یان ( دانَ الرجل ) واتە : کابرا بووە خاوەن عێزەت و سەربەرز بوو . یان ( دِنتُ الرجُلَ ) واتە : پیاوەکەم ناچار کرد ئەو ئیشە بکات کە پێی ناخۆشە . و ( دُيِّنَ الرجُلُ ) واتە : ناچار کرا ئیشێک بکات کە پێی ناخۆشە ( دِنْتُهُ ) : کاروباریم بەڕێوە بردو خستمە ژێر رکێفی خۆمەوە . (دَيَّنْتُهُ القومَ ) واتە : سیاسەت و کاروباری بەڕێوەبردنیانم خستە دەستی ئەوەوە . (الحُطَيْئَة ) ی شاعیر کە دایکی دەدوێنێت دەلّێ :

لَقَدْ دَيَّنْتِ أمرَ بَنيكِ حَتَّى          تَرَكْتِهِمْ أَدَقَّ مِن الطَّحِينِ [20]

واتە : سیاسەتی تۆ لەبارەی بەڕێوەبردنی کاروباری مندالّەکانت بە چەند شتێک بوو ، کە وەختێک ئەوانت بەجێهێشت لە ئارد ووردتر بوو بوون ..

خوای گەورە دەفەرموێ : ( أَفَغَيْرَ دِينِ اللّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ) آل عمران/83 واتە : مەگەر غەیری دەسەلاتداری خوای گەورەیان دەوێت ؟! لە کاتێکدا کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە ـ بە خۆشی خۆیان بێت ، یان بە خورتی ـ ملکەچی خوای گەورەن و گوێ رایەلّی ئەون . پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : ( الكَيِّسُ مَنْ دانَ نَفْسَهُ وَعَمِلَ لِمَا بَعْدَ المَوتِ ) [21] واتە : ژیرو زیرەک ئەو کەسەیە کە نەفسی خۆی زەبوون و ملکەچ بکاو باری بێنێ و ئیش بکا بۆ دوا رۆژ .

---

[20] لسان العرب بەرگی 17 لا 28 دا ، اساس البلاغة 291/1 ، دیوان الحطیئة / 61 لە ریوایەتی ئەوێدا دەلّێ : ( وقد سَوَّسْتِ أمرَ بنيكِ ... )

[21] شێخی ئەلبانی دەربارەی دەفەرموێ : ( قال عنه الحاكم : صحيح على شرط البخاري ، وصححه الذهبي ، وقد أصاب ) .

هەر بۆیە بە کەسێکی زاڵ و دەسەڵاتدار بەسەر ناوچەیەک یا نەتەوەیەک یا هۆزو عەشیرەتێک و حاکم بەسەریانەوە دەوترێت ( دَیَّـان ) . بۆیـە ئەعشـا ئەلحەرمازی شاعیر کە پێغەمبەری دەدواند صلى الله عليه وسلم دەیووت : ( یا سیدَ الناسِ ودَیَّانَ العَرَبِ ) واتە ئەی گەورەی هـەموو خـەڵکی و ئـەی ئـەو کەسـەی بەسەر هەر هەموو عەرەبدا زاڵ بوویت !

لەسەر ئەم بنەڕەتە بە بەندەو کۆیلە دەوترێت ( مَـدِین ) بە کەنیزەکیش (ژنە کۆیلە ) دەوترێت ( مـدینة ) و ( ابن المدینة ) .. ( الاخطل ) ی شاعیر دەڵێ :

رَبَـتْ ورَبَا في حِجْرِها ابنُ المَدینةِ [22]

واتە : کوڕی ئافرەتێکی کۆیلە لە باوەشیدا پەروەردە بوو

لە قورئانیشدا هاتووە کە ( فَلَوْلَا إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ. تَرْجِعُونَهَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ) الواقعە 86ـ87 واتە : ئەگەر راست دەکەن ئێوە لەژێر هێزو دەسەڵاتی خـوادا نین و دەربارەی کردەوەکانتان لێتان ناپرسرێتەوە ، دەی کەوایە بۆچی گیـان بەبەر ئەو مردووەدا ناکەنەوەو دەهێڵن بمرێت .

ئەمە یەکەمین مانای ووشەی دینە لە زمـانی عەرەبیـدا ، کـە زیـاتر بـۆی رۆدەچیت هەموو ماناکانی عەقیدەو خواناسـین لەمـەوە وەردەگیرێـت ، بـۆ نموونە کە دیراسەیەکی سیفەتی ( خلق ) یان ( ملك ) یان ( ضرر ) یـان ( نفع ) دەکەیت بەرفراوانیەکی یەکجار زۆرت بـۆ دەردەکەوێـت بـۆ نموونـە بڕوانـە ئایەتەکانی[23] ئینجا ئەگەر ئایەتی تر کە ووشەی خالقی تێدایە یـان خلائـق

---

[22] ئەم بەیتە لە دیوانی ( اخطل ) دایـە هـەروەها لـە لسان العرب 188/17 و189 هـەروەها 313/13 وە لە معجم مقاییس اللغة دا 334/1 و 319/2 .

[23] تەمبەڵ مەبەو بڕۆ ئەو ئایەتانە لـە قورئانـدا بـدۆزەرەوەو دەریـان کـە ، پاشـان بـە دیققەتەوە سەرنجیان بدەو بزانە چ جیهانێک دەدۆزیەوە .. ئەمەش هەندێکیان : ( البقـرە / 21 ، 29 ، 164 ، 228 ال عمران / 47 ، 49 ، 59 ، 190 ، 191 النساء / 1 ، 28 ، 119 المائدە / 17 ، 18 ، 110 الانعـام / 1 ، 2 ، 73 ، 94 ، 100 ، 101 الاعـراف / 11 ، 12 ، 54 ، 69 ، 181 ، 185 ، 189 ، 191 التوبە/ 36 یونس/3 _ 6 ، 34 هود / 7 ، 119 الرعد / 5 ، 16 ابراهیم / 19 ، 32 الحجر / 26 ، 27 ، 33 ، 85 النحل / 3_5 ، 8 ، 17 ، 20 ، 48 ، 70 ، 81 الاسراء 49 ، 51 ، 61 ، 70 ، 98 ، 99 الکهف / 37 ، 48 ، 51 مریم / 9 ، 67 طه / 4 ، 50 ، 55 الانبیاء / 16 ، 33 ،

وه هەروەها وەرگیراوەکانی تری رەگی خلق دەبینیت پەیوەندیەکی زۆر قـولّی ئیمانیانه هەیه له نێوان هەموو سیفەتەکاندا .. سەیر کـه پەیوەنـدی نێـوان ناسینی خوای گەوره به سیفەتێکی که کردگارێتیه ( که یەکەمین مانـای دیـن روونی دەکاتەوه ) لەگەڵ پەرستن ( که مانای دووەمی ووشەی دینەکەیه ) لەم ئایەتەدا : (ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَـيْءٍ وَكِيلٌ ) الانعام / 102 واته : ئائەوه پەروەردگاری خاوەنتانه که هـیچ وایـەکی تر نیه شیاوی پەرستن بێت جگه لەو ، ئەو که کردگاری هـەر هـەموو شتێـکه ،دەی ده بیپەرستن ، خۆ ئەو ئاگـادارو چاودێـری هـەموو شتێـکه .. لەمـەوه هەست دەکەیت که خوای گەوره که کردگاره شـایانی پەرسـتنەکەیه ، ئـەوی کردگار نیه چۆن کراوه به پەرستراو ؟! ئەدی ئەوەی دەپەرسترێت بۆچی هـیچ شتێک ناتوانێت دروست کات .. بۆچی سێڵێکی پـێ دروسـت ناکرێـت ؟! وەک دەفەرموێ : (أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئاً وَهُمْ يُخْلَقُونَ ) الاعراف / 191واته : شەریکی وا بۆ خوای گەوره دادەنێن که هیچ شتێکی پـێ دروسـت ناکرێـت ، خۆشـیان دروست کراون !!

یان سەیری پەیوەست کردنەوەی ماناکانی خواناسی و رێبازەکەی بکەرەوه ( که مانای سێیەمی زاراوەی دینه ، پاشان چۆن رات دەکێشێـتەوه بـۆ مانـای

---

37 ، 104 الحج / 5 ، 73 المؤمنون / 12 ، 14 ، 17 ، 91 ، 115 النور / 45 الفرقان / 2_3 ، 49 ، 54 ، 59 الشعراء / 78 ، 137 ، 166 ، 184 النمل / 60 ، 64 ، 68 العنكبوت / 17 ، 19 ، 20 ، 44 ، 61 الروم / 8 / 11 / 20_22 ، 27 ، 30 ، 40 ، 54 لقمان / 10 ، 11 ، 25 ، 28 السجده / 4 ، 7 ، 10 سبأ / 7 فـاطر / 1 ، 11 ، 16 ، 40 يـــس / 26 ، 42 ، 68 ، 71 ، 77 ، 78 ، 79 ، 81 الصافات / 11 ، 96 ، 150 ص / 27 ، 75 ، 76 الزمـر / 4_6 ، 38 غـافر / 57 ، 67 فصلت / 9 ، 15 ، 21 ، 37 شوری / 29 ـ 49 الزخرف / 9 ، 12 ، 16 ، 19 ، 87 الدخان / 38_39 الجاثية / 4 ، 22 الاحقاف / 3_4 ، 33 الحجرات / 13 ق / 15_16 ، 38 الذاريات / 49 ، 56 الطور / 35_36 النجم / 45 القمر / 49 الرحمن / 3 ، 14 ، 15 الواقعه / 59 الحديد / 4 التغـابن / 2 الطلاق / 12 الملك / 2_3 ، 14 القلم / 4 المعارج / 19 ، 39 نـوح / 14_15 المدثر / 11 القيامـه / 38 الانسان / 2 ، 28 المرسلات / 20 النبأ / 8 النازعات / 27 عبس / 18_19 الانفطار / 7 الطارق / 5_6 الاعلى / 2 الغاشيه / 7 الفجر / 8 البلد / 4 الليل / 3 التين / 4 العلق / 1_2 الفلق 2 ..

چوارەمی زاراوەی دین ( کە ڕۆژی دواییە کە ڕۆژی پاداشت و سزایە ، وەکو ئەم ئایەتە : (وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِالْحَقِّ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ قَوْلُهُ الْحَقُّ وَلَهُ الْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّوَرِ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ ) **الانعام / 73** واتە : هەر ئەوە کە ئاسمانەکان و زەوی بە هەقیانەت لە نەبووەوە دروست کردووە ، ئیدی ئەو ڕۆژەی کە دەفەرموێ ببەو دەبێت ! فەرمایشتی هەقەو دەسەڵاتی ئەوێ ڕۆژێ بە تەنها هەر هی ئەوە کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێت ، ئەو زانای دیارو نادیارەو داناو شارەزایە .. لەسەرەتاوە باسی خەلق دەکات کە هێنانە بوونە لە نەبووەوە ، هێنانە بووی یەک شت و دوو شت نا ، هی ئەو هەموو ئاسمانانەو زەوی و هەرچییان تێدایە !! لە کەشکەشانی ئەستێرەی ئاسمانەکانەوە کە تا ئێستا **64** ملیار کەشکەشان کەشف کراوە ، هەر یەکەیان ملیارات ئەستێرەی تێدایە !! بۆ سێڵی لەش کە شەش ملیار سێڵە !! بۆ ئەلیکترۆنە بزواوەکانی دەوری ناوکی ئەتۆم ، کە ئەژماردنی ئەستەمە !! ئەو کردگارەی ئەمانەی دروست کردووە دەسەڵات و تواناشی وایە کە بەوەی تەنها بیەوێت بفەرموێت : ببە ، بووە ، ( بفەرموێت ) و ( بووە ) ەکە هەواڵی دوای بوونی وویستی خواو پەیدابوونەکانن !! ڕاڤەیە بۆ تێگەیشتنی ئێمە ، نەک بۆ دواکەوتنی زەمان !! بڕوانە بە شێوەی گێردان و تایبەتمەندێتی دەفەرموێ ( لَهُ المُلك ) دەشێت بفەرموێت ( الملكُ لَهُ ) بە پێشخستنی موبتەداکە کە الملکە ، بەلام ( لَهُ المُلك ) ( لَهُ ) لە زمانی عەرەبیدا وا ئیعراب دەکرێت کە ( شبه الجملة من الجار والمجرو خبر مقدم ) ئەمەش کاتێک دێت کە هەموو موڵکێتیەکە تایبەت دەکرێتەوە بە خوای کردگارەوە !! دوایی دەفەرموێ (عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ ) یەعنی زانا بە هەرچی دیارەو هەرچی لە ئێوەوە نادیارە ! نافەرموێت دەزانێت ، بەڵکو زانایە ، چونکە یەکەمیان کردارەو دەبێت دووپات ببێتەوە ، بەلام دووەمیان ( زانا ) سیفەتێکی زاتیەو لە خودی خوای کردگار جودا نیە .. ئینجا کۆتایی بەوە دەهێنێت کە خوای گەورە دانایە ، یەعنی هەموو شتێک لە کات و شوێن و بە پێی پێویستی ئەو شتە دەکات ! وەکو بە ڕیزبەندیە جوانەکەی خۆی

دەفەرموێ : ﴿الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى . وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَى ﴾الاعلـی / 2_3 واتـه سوپاسی ئەو خوایه بکه که خەڵقی کردووه ، ئینجا به پێی پێداوویستی زەمان و مەکان سازاندوێتی ، ئینجا هەموو شتێکی بۆ تەقدیر کـردووەو رێـنمایی کـردووه !! هـەموو شـتەکانی بـۆ گونجانـدووه ، یاسـاو رێسـای خـۆی وەکـو خـەتی شەمەندەفەر بۆ دروسـت کـردووەو هێـزی زاتی خـۆی تێـدا قـایم کـردووەو نەخشەکەی داوەتێ و خستوێتیه گەڕ .. ئیتر بەردەوام بـوون و ڕۆیشـتنی بـه پێی نەخشه خواییەکه بەرپرسێتی خۆیەتی .. ئینجا دەفەرموێ وەک دانایـەو هەموو کارێک له کات وجێـی خۆیـدا دەکـات ( خـبیر ) یشـه ، شـارەزایه .. شارەزاییەکەی جـەنابی ئـەو خـۆ لـه ئەزموونـەوه نـەهاتووه ، ئـەو ئـەو زانیاریەی هەبوو پێش دروست کردنی زەمان و مەکان !!

ئاوا له دیراسه کـردن و وورد سـەرنجدانی ئایەتـەکانی خواناسـی وەکـو باسەکانی ( الخلق ، الملك ، الضرر ، النفع ، الاحياء ، الإماتة ، التسيير و التصوير و الاسقاء و الاطعام و ..هتد ) ڕۆح و بیرو دەروون بەرەو ئاسۆیەکی تر دەشنێـن وهەست به مەودایەکی تری جیهانی بەرفراوانی خواناسی ئیسلامەتی دەکەن .

## مانای دووەمی دین

**دووەم : گویَ رایەڵی کردن و بەندایەتی و خزمـەتکاری و ژێردەسـتەیی و بـە قسە کردن و قبوولْ کـردنی فـەرمان و ژێردەسـتەیی و ملکـەچ بـوون لەژێـر دەسەڵاتیدا**

**دەڵێن : ( دِنْتُهم فَدانُوا ) واتـە : ناچـارو ژێـربارم کـردن و ئـەوانیش گـویَ رایەڵییان کردم . وە ( دِنتُ الرجلَ ) : خزمـەتی کـابرام کـرد . لـە فـەرمودەی پێغەمبەریشدا** صلی الله علیه وسلم **هاتووە : ( اُرِيدُ مِن قُرَيشٍ كَلِمَةً تُدِينُ بِهَـا العــربُ ) واتە : واتە : قسەیەکم لە قورەیش دەویَ کە عەرەب بۆی ملکەچ و گویَ رایـەڵ بن و لەبەردەمیدا سەریان نەوی کەن .**

**هەر بەم مانایە ووشەی ( دین ) لە باسی خەواریجدا هاتووە کە ( يَمْرُقُــونَ مِن الدِّينِ مُرُوقَ السَّهْمِ مِن الرَّمِيَّةِ )[24] واتـە : خەواریجـەکان زۆر خێـرا لـە گـویَ رایەڵی کردنی پێشەوا دەردەچن بە چەشنێک کە تیر لە کەوان دەردەچێت .**

---

[24] مەبەستی فەرمودەکە ئەوە نییە کە خەواریج بە تەواوی لە دین دەردەچن ، چونکە کە لـە سەییدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبیان دەربارەی خەواریج ـ کە لەو هەڵگەڕابوونەوە ـ پرسی: ئایا خەواریج کافرن ؟ فەرمووی : لە کوفر هەڵاتوون . ووتیان ئەدی دووڕوو ( مونافیق ) ن ؟! فەرمووی : دووڕووەکان زۆر کەم یادی خوای گەورە دەکەن ، ئەمانە شەووڕۆژ زیکـری خـوا دەکەن . کەوابوو لەمەوە دەردەکەوێت کە مەبەست لە ووشەی دین لەو فەرمودەیەدا ( گـویَ رایەڵی خەلیفەو پێشەوای موسوڵمانانە ) . ابن الاثیر لە کتێبی ( النهایە ) ەکەی خۆیدا بـەو مانایە لێکی داوەتەوەو دوایی دەفەرمویَ : مەبەست لە دین لێرەدا : بە گـویَ کردنـە ، واتـە ئەوان لە گویَ رایەڵی پێشەوای دیاری کراو دەردەچن . خۆیان لە دەسەڵاتی ئـەو دادەڕنـن . النهایە 2/41ـ42 .

## ماناى سێیەمی دین

**3ـ شەرع و یاسا ، دەستورو بەرنامە ، ڕێگەو ڕێباز ، باوو نەریت :**
**کە دەڵێن :** ( مازال ذلك ديني ودَيدَنِي ) **واتە : هێشتا ئەوە خوو نەریت و عادەتی منە ، یان کە بۆ کەسێک کە لەسەر خێرخوازی ڕاهاتبێت یان لەسەر شەڕخوازی ڕاهاتبێت دەڵێن** ( دان ) .
**خوای گەورە دەفەرموێ :** ( إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ ) **یوسف/40 واتە : حوکم کردن و فەرمان ڕەوایی هەر هی خوای گەورەیەو بەس ئەو فەرمانی بەوە داوە کە غەیری ئەو نەپەرسترێت ، ئا ئەمەشە بەرنامەو دەستوری ڕێکوپێک .یان :** ( أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّـهُ ) **الشوری /21 واتە : واتە : چما ئەوانە سەریکیان هەیەو بۆ خوایان دیاری کردووە تا یاساو ڕێسایای وایان بۆ داڕێژن کە خوای گەورە پێی ڕازی نییەو ڕێی پێ نادات .**
**لە فەرمودەی پێغەمبەریشدا** صلى الله عليه وسلم **هاتووە کە :** ( كانت قُرَيشُ ومَنْ دانَ بِدِينِهم ) **واتە : قورەیش و ئەوەی لەسەر ڕێگەو باوو نەریتی قورەیش بوو لەم مانایاشەوەیە کە لە وەسفی پێغەمبەردا** صلى الله عليه وسلم **هاتووە کە** ( كانَ على دينِ قَومِهِ ) **واتە لەسەر عادەت و باروو ڕێ و ڕەسمی قەومەکەی خۆی دەڕۆیشت . ئەمەش ئاشکرایە کە ژن هێنان و تەڵاق و هەڵوێست و سیاسەتیش دەگرێتەوە .**
**4ـ سزاو پاداشت دانەوە ، خەڵات کردن و بڕیاردانی حوکم و لێ پرسینەوە :**
**لە پەندی پێشینانی عەرەبدا هاتووە :** ( كَمَا تُدينُ تُدانُ ) **واتە : چی بەسەر خەڵکیدا بێنیت ، هەر ئەوەت بەسەردا دێننەوە .**
**خوای گەورە دەفەرموێ :** ( مالِكِ يَوْمِ الدِّين ) **الفاتحە / 3 واتە : خاوەنی ڕۆژی پرسینەوەو سزاو پاداشت . یان کە قورئانی پیرۆز گوفتارو قسەی بێ باوەڕان**

ـ بەم مانایە ـ دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێ : ( أَإِنَّا لَمَدِينونَ ) واتە : ئایا ئێمە لێمان دەپرسرێتەوەو سزای خراپەکاریمان هەیە ؟!

لێرەوە ووشەی ( الدَّيَّان ) بە مانای قازی و داوەری دادگا دێت ، بۆیە کە لە یەکێک لە زاناکانیان دەربارەی سەییدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب پرسی ، لە وەڵامیدا ووتی : ( انه كان ديان هذه الامة بعد نبيها ) واتە : ئەو گەورەترین قازی ئەم ئوممەتە بوو دوای پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم.

. . . . . * * * . . . . .

کەوا بوو دین لە دیدی ئیسلامدا بریتییە لە لایەنێکی تیۆری : کە لە سێ زاراوەدا دەردەکەوێت : ( باوەڕ ، خواپەرستی ، شەریعەت ) کە دەبێتە بناغەی دامەزراندنی لایەنە عەمەلییەکەی ئیسلام لەسەری ، کە بریتییە لە داڕشتنی عەمەلی موسوڵمانان و ئاڕاستەی کۆمەڵکارییان و پیادەکردنی دینەکەیان لە ژیان و قەوارەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی واقیعیدا . ئەمەش ناسین و شارەزا بوونی سێ زاراوەی تر دەخوازێت کە بریتین لە ( ئیسلام ، ئوممەت ، بزاڤ ) .

* * *

# کۆبەنـــدی یەکەم

## زاراوە سەرەکیەکانی تیۆری دیــن

## عەقیدە
## عیبادەت
## شەریعەت

## بەنــدی یەکەم

## عەقیــــدە

بریتییە لە دەرک کردن و زانین و باوەڕهێنان بە قەناعەتە دینییــەکان ، کــە بەڵگەنەوویستە یەقینییەکان دایانڕشتووە ، هــەروەها پــەی بــردن و بــاوەڕ بوون بــەو ڕێســا شــەرعییە ئیعتیقادیانــەی کــە لــە بەڵگــەی یەقینییــەوە وەرگیراون . سوودیشی لە ژیاندا ئەوەیە کە ڕێســاکانی دادپــەروەری و ئــەو ڕەفتارە پەسەندانە دەپارێزێت کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ مانەوەی وەچــەی مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی ، نەبادا خراپەکاری تەشەنە بکات و شــەڕخوازی دەسەڵات پەیداکات . سوودی ڕۆژی دواییشی بریتییە لــە ڕزگــار بــوون لــەو ئازارو ژانەی بۆ سزای کافران دانراوە[25] .

عەقیدە ـ کە پێشی دەوترێــت : ئیعتیقــاد ، تەوحیــد ، ئیمــان ، ســوننەت ، ئوسولی دین ، عیلمول کەلام ، ما وراء الطبیعة ، ئیلاهیات ، تــەوەری هــەمووی بریتییە لە باوەڕ هێنان بــە خــوای پــەروەردگارو بــە فریشــتەو نێــرراوان و پەیامەکانی و بە ڕۆژی دوایی و قەدەر ، هەروەها بــە بەشــەکان و لقــەکان و مەرجەکان و پێچەوانەکانی باوەڕ ..

ووشەی عەقیدە لە قورئان وسوننەتدا نــەهاتووە ! بــەڵام لــە کــۆن و نوێــدا زانایان و شەرعناسان بە تایبەتی لە دوای سەدەی دووەمی کۆچییەوە هێــندە ووشەی عەقیدەو عەقائیدیان بۆ باسەکانی باوەڕ بەکار هێنا ، تا بە تــەواوی بووە ئەو زاراوەی تایبەت بوو بە باوەڕو زانستیەکانی خوابەیەکناسین .

دیسان لە کۆن و نوێدا زۆر لە زانایان و شەرعناســان زاراوەی تریــان بــۆ هەمان باس و بابەت وزانست داهێنا ، وەکو ئیمــامی ئــەبو حەنیفــە زاراوەی (الفقه الاكبر ) و ئیمــامی الطحاوي زاراوەی ( اصول الدين ) و هەندێــکی تریــان (التوحيد ) و ( علم الكلام ) یان بۆ بەکار هێنا .

---

[25] الشيخ محمد السفاريني : لوامع الانوار البهية / المكتب الاسلامي ـ بيروت ط3 1991 ل5 .

## ووشەی عەقیدە لە رووی زمانەوانیەوە:[26]

بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگە گرنگەکانی زمانی عەرەبی وەکو لسان العرب / ابن منظور ، معجم مقاييس اللغة / ابن فارس ، القاموس المحيط/ الفيروزابادي ، مفردات القران / راغب الاصبهاني ، ئەوانی تریش دەردەکەوێت کە ووشەی عەقیدە لە رەگی ( عقد ) ەوە هاتووە کە کۆمەڵێک مانای هەیە ، لەوانە :

1ـ گرێ دان : وەک دەوترێت : عقدت الحبل : واتە : گوریسەکەم گرێدا . بەو مانایەشە کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ ) الفلق/ 4 واتە : پەنا دەگرم بە خوا لە خراپەی ئەو شەڕخوازو سیحربازانەی فوو بە گرێدا ( گرێی موو ، دەزوو ، پەت ، گوریس ..هتد ) دەکەن .

2ـ فسی زمان : واتە باش دەرنەبڕینی ووشە لەبەر بوونی گرێ و گۆڵ نوقسانی زمان ، وەکو زمان گرتن ، بەم مانایەشە کە خوای گەورە لەسەر زمانی سیدنا موسا ـ سەلامی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێ : ( وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي ) طە/27 واتە : خوایە گرێ و گۆڵیەکەی سەر زمانم مەهێڵە .

3ـ سوێند خواردن و جەخت ( تەئکید ) کردنەوە : خوای گەورە دەفەرموێ : (لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَـكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ ) المائدة/89 واتە: خوا ئەو سوێندە سەر زارەکیەتان لەسەر حسێب ناکات کە لە قسەکردنتاندا بەسەر دەمتاندا دێت ، بەڵام ئەو لەو سوێندانەتان دەپرسێتەوە کە لە ناخی دڵ و دەروونتانەوە ـ بە توندی ـ خواردووتانەو جەختتان لەسەری کردۆتەوە جەخت کردنەوەی سوێند بەڵگەی وویست و مەبەستی دڵە .

4ـ پەیمان و بەڵێن دان : وەک خوای گەورە دەفەرموێ : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ ) المائدة/1 واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێنا بەرامبەر ئەو پەیمان و

---

[26] ابن منظور : لسان العرب 295/3 ، ابن فارس : معجم مقاييس اللغة 86/4 ، الفيرزابادي : القاموس المحيط / ل383 ، راغب الاصبهاني / مفردات القران / ل 576 ، ابراهيم مصطفى / المعجم الوسيط 2 / 608 ..

بەڵێنانەی دەیدەن بەوەفا بن هەروەها : ( وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ) النساء/33 واتە: ئەوانەی پەیمان و بەڵێنیان داوە پشکی خۆیان بدەنێ .[27]

5ـ هەروەها بە مانای گرتن ومەحکەم کردن وجەزم کردنیش دێت ، کە لە تەوەرە ماناکانی سەرەوەدا جێیان دەبێتەوە .

کەوابوو عەقیدە ئەو پەیمانەیە کە بەستراوەو جەختی لەسەر کراوەتەوە . یان وەکو ئیمام حسن البنا دەفەرموێ : ( ئەو حوکمەیە کە لە ناخی خاوەنەکەیدا جێگیر بووەو گومانی تێدا نەماوەو دەرونیش پێی هێمن و ئاسوودە بووە )[28].

**ووشەی عەقیدە لە رووی زاراوەییەوە** :

1ـ عەقیدە باوەڕهێنانە بە خوای پەروەردگارو فریشتەو نێرراوان و کتێبە ئاسمانیەکان و رۆژی دوایی و خێرو شەڕی قەدەرو بنچینەکانی دین وباسی ئەو نادیارانەی سەلمێنراون و کۆڕا ( ئیجماع ) ی سەلەفی پێشینی ئەم ئوممەتەی لەسەرە ، هەروەها خۆتەسلیم کردنی تەواوە بە فەرمانەکانی خوای گەورە ( حوکم و وەرگرتن و کارپێ کردنی ) لەگەڵ ملکەچی و گوێ رایەڵی و شوێن کەوتنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم .

2ـ کە دەوترێت عەقیدەی ئیسلامی : بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لە عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە ، چونکە لەودا ئەو دیدو بۆچوون و تێگەیشتنە ئیسلامیە دەردەکەوێت کە هی سێ سەدە چاکەکەی یاوەران و تابیعینان بووە .[29]

3ـ بۆ ئەوەی ئەو بیرو دیدو تێڕوانینە ئیسلامیانە پێیان بووترێت عەقیدە دەبێت لە دڵ و دەروندا وا بچەسپن کە بە هیچ کلۆجێک گومان و دوو دڵییان تێدا نەمێنێت . بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ : ( إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا ) الحجرات/15 واتە : موسوڵمانان ئەوانەن کە باوەڕیان بە

[27] تفسير الطبري 272/8 .
[28] رسائل العقائد لە ناو مجموعة رسائل الامام البنا / ل 429 .
[29] الاثري : الوجيز في عقيدة السلف الصالح / الغرباء چ1ـ1997 ل 19

خواو پێغەمبەرەکەی هێناوەو پاشان گومانیان تێیدا نەماوە .. هەروەها دەفەرموێ : ( الم .ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ ) البقرة/1-2 واتە : قورئان ئەو کتێبەیە کە بە هیچ شێوەیەک هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نییە ، نە لەوەیدا کە لە لایەن خواوەوەیە ، وە نە لەوەیدا کە هیچ کەم و کورتیەکی تێدا نییە .

4 ـ بابەتەکانی عەقیدە مەسەلەی نادیارن (الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ) البقرة/3 واتە : قورئان کە کتێبی بێگومانی خوایە بەرنامەو ڕێبازی ئەهلی تەقوایە ، ئەوانەی باوەڕیان بە نادیار هێناوە .. ئەمەش وەکو باوەڕ هێنان بە خوای گەورەو بە فریشتەو بە رۆژی دوایی و قەزاو قەدەر .. پەیام و نێرراوەکانیش هەر نادیارن لەو رووەوە کە باوەڕ هێنانە بەو وەحیە خواییەی کە بۆیان هاتووە ..

5 ـ هەر ئاینێک یان ڕێبازێک ، یان هەر ئایدیۆلۆژییەک کە شوێن کەوتووی وای هەبێت کە بە دڵنیاییەوە پێناسەو بۆچوونەکانی لە دڵ و دەروون بگرن و سیستمی ژیانیان بە پێی تەعلیماتی ئەو بیروباوەڕە بگۆڕن ، ئەوە عەقیدەیە بەڵام عەقیدەی ڕاست بە پێی ئیسلام هەر عەقیدەی ئیسلامەو بەس ، چونکە هەر لە سەرەتاوە خوای پەروەردگار لە ڕێی پێغەمبەرەکەیەوە صلى الله عليه وسلم ناردویەتی و بەردەوام خەڵکی ڕێنمایی کراون بۆی ، بە درێژایی مێژووش خوای پەروەردگار خۆی دینەکەی پاراستووەو تا رۆژی دواییش هەر خۆی زامنی پاراستنێتی . وەک دەفەرموێ : ( إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ) الحِجْر/9 واتە : ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارەوەو خۆشمان پارێزگاری ئەوین

جا بۆیە هەر کەس بیەوێت عەقیدەی ڕاست و پاک و تەواو وەربگرێت دەبێت لە ڕوانگەو دیدی ئیسلامەوە وەری بگرێت [30] ئەگینا لێی وەرناگیرێت : ( وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ) آل عمران/85 .

هەموو باسەکانی باوەڕ لە چوارچێوەی عەقیدەدان ، کەوابوو کە دەڵێین عەقیدە مەبەستمان لە باوەڕە کە باسەکانی ئەویش بریتییە لە :

---

[30] الاشقر/العقيدة في الله (1) الفلاح ب1ـ1991 ل11

## * روکنەکانی باوەڕ : ( أركان الإيمان ) :

**1ـ باوەڕ بە خوای گەورە :**

**مەبەست لە یەکخواپەرستی ( تەوحیدی ) ی خوای پەروەردگارە :**

**یەکخواپەرستی ( التوحید )**

**یەکخواپەرستی یان یەکخواناسی یەکەمین هەنگاوی خواوویستی و موسوڵمان بوونە ، هەروەها تەوەری سەرەکی بانگەوازەکەی پێغەمبەرانە ، هەموو نێرراوانی خوای گەورە بۆ ناساندن و راپەڕاندنی داواکارییەکانی یەکخواپەرستی هاتوون . خوای گەورە کە باسی پێغەمبەرەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەو خاڵە هاوبەش و گرنگە باس دەفەرموێ کە ئەو پێغەمبەرانە ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ بە قەومەکانی خۆیان رادەگەیاند کە : ( اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ ) ئەو خوایە بپەرستن کە کەسی ترتان جگە لەو نییە بە حەق بپەرسترێت . بۆ نموونە لەسەر زمانی سەییدنا نووح ـ سەلامی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێ : ( لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ ) الاعراف/59 وە لەسەر زمانی سەییدنا هود دەفەرموێ : ( وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ ) الاعراف/65 سەییدنا سەڵحیش دەفەرموێ : ( وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ ) الاعراف/73 سەییدنا شوعەیبیش دەیفەرموو : ( وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ ) الاعراف/85 هەروەها بە شێوەیەکی گشتی دەفەرموێت : ( وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ ) الانبیاء/25 واتە : پێش تۆ هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێتی هەر ئەوەمان پێ راسپاردووە کە بە خەڵکی بگەیێنێت کە خوا بپەرستن و توخنی تاغووت نەکەون . ئەوجا باسی بەشی دووەمی ئەرکی سەرشانی خۆیان بۆ خەڵکەکانیان کردووە ، کە بریتییە لە رماندنی دەسەڵاتی کوفرو شیرکی تاغووت ، وەکو دەفەرموێ : (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ**

الطَّاغُوتَ ) النحل/36 لە نێو هەر قەوم و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرمان هەڵبژاردووە تا بە خەڵکەکە راگەێنن کە خوا بپەرستن و توخنی تاغووت مەکەون ..

**پێناسەی** :

یەکخواپەرستی لە رووی زمانەوانییەوە دیارە کە یە عنی پەرستنی خوای تاک و تەنها ، کە حەتمەن پەرستنی خوای گەورە لە دوای ناسینی دێت . لە هەرەبیدا ووشەی ( التوحید ) ی بۆ دانراوە کە بۆتە ناوی ئەو زانستییەی دەربارەی ئەحکامەکانی خوابەیەکزانین و تەنها پەرستنی خوایە . ئەمیش بەم شێوەیە :

التوحید : لە رووی زمانەوانییەوە : چاوگی ( وحَّدَ یُوَحِّدُ تَوحِیدَاً ) ە کە بە مانانی : کردی بە یەک ، بە یەکی زانی ، بە یەکی دانایە ..

لە رووی زاراوەییەوە : بریتییە لە ناسین و پەرستنی خوای گەورە بەوەی کە تاک و بێ هاوتایە لە هەموو سیفەتەکانی زات و پەروەردگارێتی و خوایەتی و مافی یاساو رێسا دانان . ئیمامی ئیبنو تەیمییە ( 728ک مردووە ) ئەم زانستەی کرد بە سێ جۆرەوە :

<u>جۆری یەکەم :</u> ( پەروەردگارێتی ( الربوبیة ) : کە بریتییە لە ناسینی خوای گەورە بەتاک و بێ هاوتا دانانی : بە هەبوونی تاک و تەنهایی خۆی و کردگارێتی و خاوەنێتی و زیندوێتی و ژیاندن و مراندن و رۆزی دان و زیانگەیاندن و سوودبەخشین و نەخشاندن و دامەزراندن و بنیاتنان و تێرکردن و تێراو کردن و چاککردنەوە لە نەخۆشی و ... کە لە قورئاندا زیاتر لە 30 سی سیفەتن .

<u>جۆری دووەم :</u> خوایەتی ( الالوهیة ) : واتە : روو کردنە ئەوو ئەنجامدانی پەرستنەکان تەنها بۆ ئەو ، پەرستنەکانیش هەیانە بە دڵ ئەنجام دەدرێن وەکو نییەت پاکی ( الاخلاص ) و ئومێد بەو بوون و پشت پێ بەستن و .. هتد ، هەشیانە بە زمان ئەنجام دەدرێن ، وەکو : نازو پاڕانەوەو زیکرو تەسبیحات و خوێندنی قورئان و .. هتد ، هەشیانە بە ئەندامانی تری لەش ئەنجام دەدرێن ، وەکو : سوژدەو تەواف و قوربانی و سەربڕین و ..هتد

ئەمانیش لە قورئان و حەدیسدا زۆرن ، چونکە نیازپاکی و خواوویستی هەموو بوارەکانی ژیانی موسوڵمان دەگرێتەوە ، موسوڵمان هەر کارێک لەبەر خاتری خوای گەورە ئەنجام بدات ـ هەر ناشەرعی نەبێت ـ بە پەرستن بۆی حسێبە ..

جۆری سێیەم : ناووسیفات ( الاسماء و الصفات ) : بریتییە لە سەلماندن و چەسپاندنی ناوو سیفەتەکانی خوای گەورە ، ئەوانەی کە لە قورئان وحەدیسی سەحیحی پێغەمبەری خواناسماندا هاتوون ، بەو شێوەیەش کە هاتوون و بەو مەبەستەش کە هاتوون ، بێ لێچواندن و گۆڕینییان ، هەروەها بەوەشە کە بڕیار بدرێت کە ئەم سیفەتانە هەر هەموویان تەواون و کەم و کورتییان تێدا نییە ، و هەر هی خواشن و کەس هی وەکو ئەوی نییە ..

بەڵام ئیمامی ئیبنول قەییم ( 751 ک ) کە قوتابی ئیمامی ئیبنوتەیمییەیە دەیکات بە دوو جۆرەوە :

جۆری یەکەم : ( ناسینی خوا ( توحید المعرفة والاثبات ) : ئەم دابەش کردنەی ئیمامی ئیبنول قەییم ـ وەکو تێبینی دەکەیت ـ لە ناوەرۆکیدا هەر وەکو دابەش کردنەی کەی ئیمامی ئیبنو تەیمییەیە ، چونکە ناسینی خوای گەورە هەر بریتییە لە پەروەردگارێتی ( سەلماندن و چەسپاندنی سیفەتەکانی پەروەردگارێتی و کردگارێتی و خاوەنێتی و زیندوویی و .. هتد هەروەها جۆرەکەی سێیەم : تەوحیدی ناوو سیفاتی خوا : کە هەر بریتییە لە سەلماندن و چەسپاندنی ناوو سیفەتەکانی خوای گەورە .

جۆری دووەم : خواوویستی ( توحید الارادة و القصد ) ): واتە : ئەنجامدانی پەرستنەکان بۆ خوای گەورە بێ ئەوەی شیرکییان تێ کەوێت . ئەم جۆرەی لای ئیمامی ئیبنول قەییم هەر بریتییە لە ( الالوهییە ) کەی لای ئیمامی ئیبنو تەیمییە ، چونکە خوایەتییەکەی خوای گەورە بریتیە لە خواوویستیی . هەردووکیان مەبەستیان لە زاراوەکانیان پەرستنی خوای گەورەیە ..

زانایانی سەردەم تووشیان بوو بە تووشی کێشەیەکی ترەوە ، ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی حاکمێتی خوای گەورەو مافی یاساو رێسا دیاری کردن

که تەنهاو تەنها هی خوای گەورەیە ، ئایا بەشێکە لە یەکێک لـەو جۆرانـەی تەوحید یان جۆرێکی سەربەخۆیە .. هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە هەندێـک لـە زانایان بە بەشێک لە پەروەردگاریتی ( الربوبیە ) ی دەزانـن ، دەفـەرموون : وەک چۆن خـوای گـەورە رازقـەو رزق و رۆزی دروسـتکراوانی دەدات ، یـان زانایەو ئاگای لە دروستکراوانی هەیە ، بـە هـەمان شێـوەش خـوای گـەورە خاوەنەو مافی یاسا دارِشتنی بۆ بەندەکانی هەیە .

هەندێکی تریان دەفەرموون : حاکمێتی و مافی یاسا دانان ـ کـە هـەر هـی خـوای گەورەیـە ـ سیفەتێـکی خوایـەتی خوایـە ، چـونکە جـەنابی ئـەو شەریعەتەکەی دارِشتووەو ئێمەش بە جێبەجێ کردنەکەی پەرستنی ئەو بەدی دەهێنێن ، وەک ئەوەی کە فەرمانی بە نوێژ کردن پێ کردووین و ئێـمەش کـە نوێژ دەکەین ئەو دەپەرسـتین و خوایـەتی ئـەو دەسەلمێـنین ، راپەڕانـدنی شەرعەکەی ئەویش خواپەرستییەکەو دەیهێنینە دی .

هەندێکی تریان فەرموویانە : بەشێکە لە جۆری ناوو سیفات ، چونکە وەکو کە خوای گەورە خاوەن ( الرب ) ە و پەرستراو ( الالـه ) ، حاکمیشە . هـەر سـێ لایەنی حوکمیش : یاسا دانان ، حوکم کردن ، داوەری هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە

هەندێکی تر دەفەرموون : حاکمێـتی خـوای گـەورە جۆرێـکی سـەربەخۆی یەکخواپەرستی (تەوحید) ە چونکە خوای گەورە لە وەسـفیدا فەرموویـەتی : (وَاللّهُ يَحْكُمُ لاَ مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ ) الرعد/41 واتە خوای گەورە حوکم دەکات و کـەس بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە رای تری بە دوادا بدات ، ئەمیشی وەکو ( لا الـه الا الله ) هەر بە لای نافیە للجنس فەرمووە (لاَ مُعَقِّبَ) واتە بـە هـیچ شێـوەیەک و هـیچ کـەس بـۆی نییـە را بەسـەر حـوکمی خـوادا بـدات .. لـە شـیرکی بەرامبەریشیدا دەفەرموێ : (وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا ) کهف/26 واتە : کەس لـە حوکمی خۆیدا بەشدار ناکات ..

بە هەر حاڵ ئەم دابەش کردنە هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە ، چونکە هەموویان هەر ئاسانکارین بۆ خوێندنی ئەم زانستییە شەرعییەو ناسینی تواوی خـوای تاک و پاک ، خۆ یەکێکی وەکو ئیمامی ئیبنو رەجەبی حەنبـەلی ( کـە پێـش

ئیمامی ئیبنو تەیمییەو ئیبنول قەییم ژیاوە ) و کتێبی ( التوحيد وصفات الرب ) ی نووسیووە ، ئەو دابەشکردنی وای نەکردووە ، هەوەرها زانایانی تری سەلەف لە پێش هەموویانەوە سەرمەزهەبەکان و ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەوانی تر .. ئیدی ئەگەر کەسێک ـ لەبەر گرنگی حاکمێتی خوای گەورە ـ ئەم سیفەتەی کرد بە جۆرێک لە جۆرەکانی خوابەیەکناسی ( تەوحید ) چ کێشەیەکەو بۆچی سەلەفییە رەسمییەکان بە بیدعەچی ناوزەدی دەکەن ؟!

بۆ ئەوەی خۆمان نەخەینە ئەو شەڕە قسانەوە پێم باشترە دابەشکردنەکەی ئیمامی ئیبنو لەقەییم وەرگیرێت و جۆری حاکمێتی بخرێتە پاڵ ، تا کە وویستمان پێناسەی جۆرەکانی تەوحید بکەین ، بڵێین : سێ جۆرە : ناسینی خوا ، پەرستنی خوا ، حاکمێتی خوا .[31]

2ـ **باوەڕ بە فریشتە** :

باوەڕ هێنان بە هەبوونیان بەو سیفەتانەی کە هەیانە کە کەسانی هەست پێ کراون نەک تەنی نور یان مانای واتایی ، بەڵکو بەو سیفەتانەیانەوە کە خوای گەورە یان پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم باسیان فەرمووە ، کە دەتوانن بێنە سەر شێوەی مرۆڤ ، ئەمانە لە خوای گەورەوە نزیکن ، تاوان و سەرپێچی و یاخی بوونییان نییە ، ناخۆن و ناخۆنەوە ، هەر خەریکی خواپەرستین ، مەلەل نایانگرێت و بێزار نابن ، ماندوو نابن ، جوان و شەرمن و چاک و رێک و پێکن ، پۆلی جۆراوجۆرن : هەیانە عەرشی خوای گەورەی هەڵگرتووە ، هەیانە بەرپرسی وەحییە ، هەیانە بەرپرسی گیان کێشانە ، هەیانە کردەوەی مرۆڤ دەنووسن ، هەیانە بۆ سەرخستنی موسوڵمانان ئامادە کراون ، بەردەوام دوعا بۆ موسوڵمانان دەکەن ، بەشداری ناشتنی موسوڵمانی باش دەکەن ، لە کۆڕی زیکرو زانستی شەرعی کۆ دەبنەوە ، هەیانە راپۆرتی سالانە بۆ خوای پەروەردگار لەسەر مرۆڤەکان بەرز

---

[31] ئێمە لەم کتێبی جیهانبینییەدا ـ هەر وەکوو زۆر جار دووپاتمان کردۆتەوە ـ کورتەی باسەکان بە گوشراوی دەخەینە روو ، بۆیە بابەتی وا هەیە هەر ناوو سەردێڕەکانی باس دەکەین ، چونکە ئەم جیهانبینییە خاڵی سەرەکی دیدو تێڕوانینە نەک تەفسیلاتی باس ..

دەکاتەوە . هەر خوا دەزانێت ژمارەو جۆرییان چەندە ، ئێمە ئەوان بەو شێوەیە نابینین کە لەسەری دروست کراون تا نەگۆڕێن بە شێوەی تر ..

**3 ـ باوەڕ بە کتێبە ئاسمانییەکان :**

باوەڕ بە بە پەیامەکانی خوای گەورە ( کتێبە ئاسمانییەکان ) هەموویان بەو سیفەتەی پێوەی هاتوونەتە خوارەوە حەقن ، بە فەرمایشتی خوا حسێبن فەرمانی خوای گەورەیان تێدا بووەو بە وەحی بۆ نێرراوانی خوا هاتوون ، مژدەو هەڕەشەو حەڵاڵ و حەرامیان تێدا روون کراوەتەوە ، رێنمایی و نووری رێ بوون بەرەو خواوویستی ، بە ناوبانگترینیان قورئان و تەورات و ئینجیل و زەبورو سوحوفی ئیبراهیم و سوحوفی موسایە .. لە هەموان گەورەتر تەورات و ئینجیل و قورئانە ، لەوانیشدا قورئان گەورەترینییانە ، بەمیان ئەوانی تر سڕاونەتەوە ، چونکە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی هیچ کتێبێکی ئاسمانی جگە لە قورئانی پیرۆز نەداوە ، بۆیە ئەوانی تر گۆڕانییان بەسەردا هاتووە ، گەر ئەوانی تر بەسەلامەتی و بێ دەسکاری کردنیش ئێستا لەبەر دەستی خەڵکیدا بوونایە هەر نەدەبوو کاریان پێ بکرێت ، قورئان فەرمایشتی راستەوخۆی خوای گەورەیە ، بە پیت و مانایەوە هی خوان ، لەوەوە هاتووەو بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە ، کەلامی خوایە هاتۆتە خوارەوە دروست کراو نییە ، بە حەقیقەت خوای گەورە پیت و دەنگەکانی فەرمووە ، بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە ، بە رێگای نووسینەوەو لەبەر کردنی بەردەوام دەماو دەم و نەوە بە نەوە گەیشتووە ، هیچی لێ نەگۆڕاوە ، بە خوێندنەوەی هەر پیتێکی دە خێر بۆ خوێنەری دەنوسرێت ، ناشێت قورئان بە راو بۆچوون تەفسیر کرێت بەڵکو بە پێی رێزمان و ووشەی عەرەبی دەبێت ، تەرجومەکەی بە قورئان حسێب نییە . موسڵمان زۆر قەدری قورئان دەگرێت ، بێ دەستنوێژ دەستی لێ نادەن ، بە ئەدەبەوەو بە تەجوید دەیخوێنن ..

**4ـ باوەڕ بە نێرراوانی خوا :**

باوەڕ پێ هێنانیان بەو سیفەتەی مرۆڤن و خوای گەورە بۆ پەیامی خۆی هەڵی بژاردوون ، تا مژدەدەرو ترسێنەر بن ، پەیامی خوای گەورە بگەێننە

خەڵکی تا لە سەرگەردانی و گومڕایی دەریان بهێنن ، دەبێ هەموویان بەڕێزو تەقدیرەوە سەیر بکرێن بە تایبەتی ئەوانەی کە ناوی پیرۆزییان لە قورئان و حەدیسدا هاتووە ، هەموویان بێ کەمتەرخەمی پەیامی خوایان بە خەڵکی گەیاندووە ، پێغەمبەران و نێرراوانی خوا زۆرن ، سەروەرو پێشەوایان پێنجن کە پێیان دەوترێت ( اولو العزم ) واتە خاوەن وویست و ئیرادەی بەهێز ، ئەوانیش سەییدنا نووح و ئیبراهیم و موساو عیساو محمدن ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ ئەمانە هەر هەموویان مەعسوومن ، دوور بوون لە شیرک و کوفر ، ئەمما گوناح و تاوانی بچووک ، ئەوە زانایان یەکڕا نین لەسەری ، هەرچەندە القاضي عياض و هی تریش بێ لەکەییانی لەوەش هەر باس کردووە موسوڵمان دەبێت باوەڕ بە هەر هەموویان بهێنێت ، دەبێت زۆر بە ئەدەب بێت بەرامبەرییان ، ئەمانە هەڵبژاردەی خوا گەورەن ، پێشەوایانی مرۆڤایەتین ، کەس وەک ئەمان نابێت ، بە تایبەتی پێغەمبەری پێشەوامان صلى الله عليه وسلم کە ناوی محمدی کوڕی عبداللەی کوڕی عبدالمطلب کوڕی هاشمە ، کۆتا پێغەمبەرەو بۆ هەموو جیهانیان نێرراوە ، گەورەترین موعجیزەی قورئانی پیرۆزە ، موعجیزەی تریشی زۆرن وەکو ئیسراو میعراج کە سەفەر کردنێتی بە شەوێک لە مەککەوە بۆ قودس ، بەبەدەن و گیان و لەوێشەوە میعراج واتە بڵند بوونەوە بۆ ئاسمان .. هەروەها زۆر بوونی خۆراکی بەردەستی و هەڵقوڵانی ئاو لە پەنجەی پیرۆزییەوە .. دەبێت باوەڕ بە پاکی و ژیری و حیکمەتی بهێنرێت و ملکەچی تەواوی بۆ دەربڕێت و خۆی و شەریعەتەکەی بکرێتە فەرمانڕەوا ، ئەمەش مانای أشهد أن محمدا رسول الله یە ، یەعنی شوێن کەوتنی پێغەمبەری پێشەوا محمد المصطفى صلى الله عليه وسلم کە دەبێت بەو سیفەتەی نێرراوی خوای گەورەیە گوێڕایەڵی بۆ دەربڕێت و فەرمووده راستەکانی وەکو ئایەتی قورئان وەربگیررێت ..

**5ـ باوەڕ بە رۆژی دوایی :**

پێش باوەڕ هێنان بە بە هەبوون و هاتنی رۆژی دوایی ، کە لە دوای مردنی هەموو مرۆڤ زیندووبوونەوەیەکی تر هەیە ،باوەڕ دەبێت بە هەبوونی مەگ و

ڕۆح کێشان و پرسیاری دوو فریشتەکەی ناو گۆڕو سزای ئەوێ ، ئینجا بـاوەڕ بە نیشانەکانی دەرکەوتنی ڕۆژی دوایی ، هەیانە نیشانەی گەورەن و هەیانـە نیشانەی گچکەن ، گچکەکانی زووتر دەردەکەون ، هەندێـکیان دەرکـەوتوون ، وەکو هاتنی کۆتا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، و دەرکەوتنی پێغەمبەرە درۆزنـە ئینجا باوەڕ هێنان بە نەفخی سوور کە فووەو فریشتەیەکی خوای گـەورە کـە ناوی ئیسرافیلە بە صوریدا دەکات[32] ، ئینجا باوەڕ هێـنان بـە تـرس و بیمـی گیان کێشانی خەڵکی و کۆمەرگی مرۆڤایەتی بە یەکجارو زینـدوو بوونـەوەی یەکجارییان و کۆبوونەوەی حەشـرو حیسـاب و هاتنـە خـوارەوەی نامـەی ئەعمال و هەبوونی شەفاعەت و تکـای تکاکـاران و تـەرازوو دانـانی هـەق و حیسابی خەڵکی و داوەری خوای گەورە ، هەروەها باوەڕ هـەبوون بـە پـردی سیرات و حەوزی کەوسەرو باوەڕ هێنان بە بەهەشت و دۆزەخ کە ئێستا هەن .

**6ـ باوەڕ بە خێرو شەڕی قەدەر :**

بریتییە لە باوەڕ کردن بە قەزاو قەدەری خوای گەورە کە چوار پلەی هەیە :

یەکەمیان زانینە : واتـە : خـوای گـەورە هـەموو شتێـکی پێشـتر زانیـووەو ئێستاش دەیزانێت ، هەرچی بووەو هەرچی ئێستا هەیەو هەرچی دواتر دەبێت خوای گەورە زانایە بە دروست کراوانی ، ئاگاداری حاڵی هەموانـە ، ژیانیـان مردنییان ، ڕۆزییان کارو کردەوەو هەڵس و کەوتییان .

دووەمیان : نووسینە : باوەڕ هێنان بەوەی کـە خـوای پـەروەردگار هەرچـی پێشتر دەربارەی مەخلووقات زانیوێتی لـە شوێنێـکدا نووسیوویشـیەتی کـە ناوی لەوحول مەحفووزە ، لەوێدا هەرچی بووەو هەرچی دەبێت تۆمار کراوە.

سێیەمیان : وویست و ئیرادەیە : واتە هەرچی شتێک کە ڕوویداوەو روو دەدات بە وویست و ئیرادەی خوای گەورەیەو هیچ شتێک نییە بێ وویستی ئەو ببێت ئەو بە پێی حیکمەت و بەزەیی خـۆی ڕێـنمایی دەکـات و دەیگرێـتەوە ، هـەر کەسێکی هیدایەت دابێت لە بەزەیی خۆیەوەیە ، هەر کەسیشی گومڕا کردبێـت

[32] کورد پێی دەڵێت نەفخی سوور یان کەڕەنا ، ئێـمە گـەر بشـزانین کـەڕەنا چـییە هـەر نازانین صور خۆی چییەو چۆنە .

لە حیكمەتی خۆیەوە ، كەس بۆی نییە لەو بپرسێت ، ئەو بۆی هەیە لە هەموان بپرسێتەوە .

چوارەمیان : دروست كردنە : واتە خوای گەورە كردگاری هەموو شتێكە ، ئەو هەموو بكەرێك و كارەكەی دروست كردووە ، هەروەها هەموو بزێنەرێك و جولەكەی ، هەرچی خێرو شەڕ ، هیدایەت و گومڕایی ن كوفرو باوەڕ ، گوێڕایەڵی و سەرپێچی هەیە ئەو دروستی كردووە ، بەڵام توانـاو ژیری داوە شەرعی و قەدەری بە مرۆڤ پێداوەو لەسەر ئەو كارانەی موحاسەبەی دەكات كە سەرپشكە تێیدا و بە ئازادی خۆی سەرپێچی تێدا كردوون ، پاداشتی ئەو كارانەشی دەداتەوە كە بە سەربەستی خۆی لەبەر خاتری خوا ئەنجامی داون

## باسەكانی باوەڕ

## كە بە ( مسائل الأسماء و الأحكام ) ناسراون :

1ـ بەشەكانی باوەڕ : ( أجزاء الإیمان یان حقیقة الإیمان ) : شارەزابوونی ماهییەتی باوەڕ خۆی ، واتە پێناسەكەی ، ئایا لە چی پێك دێت ، سادەیە یان ئاوێتەیە ؟ هەر ئەوەندە بەسە كەسێك بڵێت باوەڕم هەیە ؟! ئەمەش بەشەكانی باوەڕ دەگرێتەوە كە بریتییە لە قەناعەتی دڵ و بڕیاری زمان و رەفتاری كردەوەیی . لەگەڵ شارەزابوونی راو بۆچوونی گروپ و مەردرەسە جیاوازەكانی كەرامییە ( كە دەڵێن باوەڕ هەر لە دڵدایە ، گەر كابر شایەتمانیش نەهێنت ، هەر موسوڵمان حسێبە ) ! یان مورجیئە ( كە دەڵێن باوەڕ قەناعەتی دڵ و بڕیاری زمانەو بەس ، كردەوە بەشێك نییە لە خودی باوەڕو هەبوونی بەڵكو هەر تەواوكەرە ) هەروەها بۆچوونی ئەهلی سوونەت ( كە دەڵێن باوەڕ قەناعەتی دڵ و بڕیاری زمان و كردەوەیە ، هیچیان بێ ئەوانی تریان هەبوونی نامێنێت ) .

2ـ مەرجەكان باوەڕ : ( شروط الإیمان ) وەكو زانین و قبوول كردن و تەسلیم بوون و راستگۆیی و ..هتد كە الحافظ الحكمي لە معارج القبول ەكەی خۆیدا

دەفەرموێ حەوتن ، ابو بەسیر دەفەرموێ هەشتن عبدالقادر بن عبدالعزیز دەفەرموێ سیازدەن و دەشێت زیاتریش بن ، ئەم راجوێییەشیان لەبەر ئەوەیە کە ئەم مەرجانە هەیانە تەوەرە خاڵن و هەندێک لە زانایان ووردی دەکەنەوە ، یان لەبەر ئەوەیە کە بەرامبەر جۆرەکانی کوفر دەبنەوە کە ئەوانیش زۆرن.

**3ـ لقەکانی باوەڕ : ( شُعَب الایمان ) :** ئایا باوەڕ یەک شتە یان لقی هەیە ؟ وە ئایا لقەکان کە لە حەدیسی سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە بریتین لە شەست و قسور یان حەفتاو قسوور لق ، کە ئیمامی بەیهیقی بە نۆ بەرگ کتێبی قەبارە گەورە راڤەی کردوون ، هەروەها ابو عبداللەی حەلیمی بە سێ بەرگی گەورەتر ، و ئیبن میندەش بە سێ بەرگی تر ، ئایا ئەمانە هەر روکنەکانی باوەڕن یان جودان ؟! ئایا لە ناو خۆیاندا هەموو وەکو یەکن و لەیەک ئاستدان ، یان جیاوازییان لە گەورەیی و گرنگی و کاریگەریدا هەیە ؟

**4 ـ زیادو کەمی باوەڕ** : ئایا باوەڕ هەر یەک پارچەیە و نەزیاد نە کەم ناکات ، یان زیادو کەم دەکات ؟ بە چی زیاد دەکات و بە چی کەم دەکات ؟ ئایا ئەهلی باوەڕ لە ناوخۆیاندا پلەو پایەیان بەرزو نزمی هەیە یان نا ؟ ئەگەر لە موسوڵمانێکدا هەم گوێڕایەڵی هەبوو هەم سەرپێچی و تاوان حوکمی چی دەبێت ؟ یان هەبوونی باوەڕو دووڕوویی ( نیفاق ) لە کەسێکدا ؟!

**5ـ پلەکانی باوەڕ** : کە سێ پلەن :

* بناغەی باوەڕ ( **أصل الإیمان** ) ئەو ئاستەیە کە لە خوار ئەوە ئیمان نییە ، بریتییە لەو ووتەو کردەوانەی کە بناغەی باوەڕن و نەبوونی هەر یەک لەو بناغانە مانای نەبوونی باوەڕە یان باوەڕ هەڵدەوەشێنێتەوە ، هەر ئەمەشە کە هەندێک لە زانایان ناویان ناوە باوەڕی رووت یان رەها ( **الایمان المطلق** )

* باوەڕی پێویست ( **الایمان الواجب** ) : بریتیە لەو گوفتارو کردارانەی دەبێ موسوڵمان زیاد لە لەو ووتەو کردەوانە بیانکات کە بۆ هەبوونی باوەڕی رەها حسێب بوون وەک فەرمان کردن بە چاکەو بەرهەڵستی کردن لە خراپە .

* باوەڕی قایم یان پەسەند کراو ( الإیمان المستحب ) : بریتییە لەو پلەیەی کە خاوەنەکەی چەندەها گوفتارو رەفتارو کرداری سوونەتییان تێدا دەکات ، لەو ئاستەدایە کە کارێکی گومان لێکراو یان مەکروهیش نەکات .

6ـ **پێچەوانەکانی باوەڕ** ( نواقض الإیمان ) : کە بریتین لە ( کوفری گەورەو شیرکی گەورەو فیسقی گەورەو دووڕوویی گەورەو ، جاهیلییەتی گەورە ) ، هەر یەکێ کلەم زاراوانەش چەندەها لق و چڵی تری لێ دەبێتەوەو هەر یەکەشیان حوکمێکی شەرعی دەیگرێتەوە ، بۆ نموونە کوفری گەورە ، یان شیرکی گەورە ، لە چەندین مەیداندان ، هەر مەیدانێکیان چەندین هەڵوێستی گوفتارو رەفتاریان تێدایەو ، کە هەر هەڵوێستێکیشیان حوکمێکی شەرعی هەیە .. باسەکانی کوفری بچوک و شیرکی بچوک و فیسقی بچوک و دووڕوویی بچوک و جاهیلییەتی بچوکیش هەر لێرەدا باس دەکرێن ، هەرچەندە خاوەنەکانیان لە بازنەی دین و ئوممەتەکەی نابەنە دەرەوە ، بەڵام هەر بۆ ئەوە لێرەدا باس دەکرێن کە بناسرێن ، ئەگینا شوێنی باسی خۆیان لە ئەسڵدا خانەباسی گوناحەکانە بە تایبەتی گوناحە گەورەکان .

7ـ **مەسەلەکانی تری باوەڕ** : وەکو جیاوازی ئیمان و ئیسلام ، خاوەن گوناحی گەورە ، دیدو بۆچوون و پێناسەی گروپ و مەدرەسە عەقائیدییەکان ..

## * تۆخ کردنەوەی خاڵێکی گرنگ

زانیمان بناغەی دینی ئیسلام لەسەر خوابەیەکناسی دادەمەزرێت ، واتە لەسەر ناسینی خواو ، پەرستنی و ، خاوەنێتی و ، سەروەری دەسەڵاتی گەردوونی و یاسایی خوای گەورە .. ئەمەش یەعنی ناسینی خوا لەو رووەوە کە تەنها ئەو کردگاری بونەوەرو ژیان و مرۆڤە : ( وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا ) الفرقان/2 واتە : هەموو شتێکی لە نەبووەوە هێناوەتە بوون و هەموو پێویستیەکانی هەبوون و مانەوەی بۆ تەقدیرو دابین کردووە .. خوای گەورە کە پەروەردگاری ئێوەیە ، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویەو هی هەرچی

تێشیاندایەو پەروەردگاری هەموو شتێکی تریشە وەکو دەفـەرموێ : ( قَالَ بَـل رَّبُّكُمْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ ) الانبیاء/56

دیسان هەر ئەو خاوەنی هەموو شتێکە : ( وَلِلّهِ مُلْكُ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَـا بَيْنَهُمَا يَخْلُقُ مَا يَشَاء وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ) المائدة/17 خوا خاوەنی ئاسمانـەکان و زەوی و ئەو شتانەشە کە لە نێوانیاندایە ، هەرچی بوێ دروسـتی دەکـات ، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە .

هەموو سیفەتەکانیشی تەواون وکەم و کورتییان تێدا نییە : ( لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ ) الشوری/11 هیچ کەس و شتێک لە نموونەی ئەو نییە ئەو بیسەرو بینەرە .

جا لەبەر ئەوەی ئەو خۆی خاوەنەو هەر ئەویش تەواوەو تـەنها ئـەویش شایانی هەموو جۆرەکانی پەرستنێکە ، دەفەرموێ : ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُـمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ) البقرة/21 واتە : هـۆ خەڵکینـە ، ئـەو پەروەردگارەی خۆتان بپەرسـتن کـە هـەم ئێـوەی دروسـت کـردووەو هـەم ئەوانەی پێش ئێوەش ، تا پارێزکاریتان هەبێت . دیسان کە مـادام هـەر ئـەو هەموو سیفەتەکانی تەواو بن وبپەرسترێت وهەر ئەو خوا بێت و دەسـەڵات و بەزەیی لەسەر هەموو شتێک هەبێت ، هەروەها : ( ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ) الانعام/102 واتە : ئەوە ئەو خوای پەروەردگارەتانە کە هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت جگە لـەو ئـەو کە کردگاری هەموو شتێکە دەست بیپەرستن ئەو سەرپەرشتی هەموو شتێکە .

دیسانەوە : خوایـەک کـە ئـاوا زانـا و کـار بـەجێ وکردگـار و خـاوەن و پەروەردگار بێت ، ئەو مرۆڤی دروست کرد بێت و هەر ئەویش بەتەواوی پـەی بە حەزو بوغزو سۆزو رق و تواناو دانایی هەر هەموو مرۆڤەکان ببات ، دەسا هەر ئەویش مافی رەهای دیاری کردنی رێبازو بەرنامەی ژیانی ئەم مرۆڤەشی هەیە ، چونکە کەس وەکو ئەو نایانناسێت ، بۆیە دەفەرموێ : ( أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ

وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ ) الملك/14 چما ئەوی دروستی کردووە ، نایناسێنت ؟ کە ئــەو نەرم و نیان و زۆر شارەزاشە .. ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشــەوە ـ وەکـو ئیمــامی ئیبنــو القــەییم ـ رحمــە اللــە ـ دەفــەرموێ : لــە تەواوێــتی ئــەو ناوەشێتەوە بەندەکانی دروست کات و لەو گــۆڕە بــەرەڵایان کــات و هــەقی نەبێت بەسەریانەوە ! ناشێت بێ ئاڕاستەو پەروەردە کردن وازیان لێ بهێنێت بۆیە حەتمەن پێغەمبەرانیان هەر دەبێت بۆ بنێرێت ( مدارج السالكين 30/1 ) تا تاک و کۆمەڵگەکانیان بەرەو ئەو هەڵوێست ورەفتارانــە ئاڕاســتە بکــەن کــە ئاسوودەیی دنیــاو قیامــەتیان بــۆ مسـۆگەر دەکــات ، یەکێـک لــەو لایەنــە گرنگانەی ئاڕاستەی تاک و کۆمەڵیش ئیــدارە دانی کۆمەڵگەکانیانــە ، بۆیــە دەرهەق ناردن و کارو ئەرک و بەرپرسی نێرراوەکانی دەفەرموێ : (كَانَ النَّــاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللّهُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْــتَقِيمٍ ) البقرة/213 واتە : خەڵکی هەموویان یەک ئوممەت بوون ، دوایی خوای گــەورە پێغەمبەرانی لە ناویانداو بۆ هەڵبژاردن تــا مــژدەی ســەرفرازی و ئــیتراری چارەنووسی بەدو کوێــرەوەرییان بــدەنێ ، کتێــبی خۆشــی لەگەڵیانــدا بــە حەقەوە ناردە خوارێ تا چارەسەری کێشەو ناوکۆیی ئەو خەڵکەی پێ بکــات وحــوکمی نێــوانیانی پــێ بکــات ، کەچــی ـ بــەهۆی ئــەو دەستدرێــژی و ستەمکارییەی نێو خۆیان ـ ئیختیلافیان تێ کەوت و تەفرەقەیان کەوتە نــاو ! بەڵام خوای گەورە بە ئیزن و رەزای خۆی ئەو کەسانەیانی هیدایــەت دایــەوە کە عەودالی حەقیقەت بوون و رێی ناسینەوەو شــارەزابوونەوەی حەقەکــەی نیشان دانەوە ، چونکە خوای پەروەردگار رێنمایی ـ هەر کەسێــکی مــەیل لــێ بێت ـ بەرەو رێبازە راستەکە دەکــات .. لــەم ئایەتەشــدا راشــکاوانە خــوای پەروەردگار باسی فەرمانڕەوایی و ئیــدارەی سیاســی و حــوکم کــردنی ئــەو پێغەمبەرانە دەکات کە خۆی ناردوونی ، ئەمەش هەموو لاف و گەزافێکی دیدی رۆژئاواو ناحەزانی ئیسلام بەدرۆ دەخاتەوە کــە دەڵێــن دیــن نابێــت هــەقی

بەسەر سیاسەتەوە هەبێت ! چونکە خوای گەورە ئەم پێغەمبەرە نازدارانەی ـ کە هەڵبژاردەی پیاوچاکانی کۆمەڵگاکانیانن ـ بۆ پەیامی خۆی دیاری کردووەو یاساو رێسای خۆی بۆ ناردوون تا کۆمەڵگەکانیان بەو ئاراستەو تەعلیماتە خواییە ئیدارە بدەن ، ئاخر مەعقوولە پێغەمبەرانی هەڵبژاردەی خوایی لەملاوە پیاچاک بۆ کۆمەڵگەکانیان پەروەردە کەن و ئامۆژگاری رۆژانەی خەڵکەکە بکەن و رەفتارو رەوشتی پارسەنگیان فێرکەن و لەولاوەش کافرو ملهوڕو درۆزن و پیاوخراپان ببنە سەرکارو سیاسەتمەدارو فەرمانڕەوا ، ئاخر ژۆن ئەمە لە دادو حیکمەت و بەرپرسیی خوای پەوەردگار دەوەشێتەوە ؟! مەگەر بۆچی بە پێغەمبەری ئازیزی خۆی صلى الله عليه وسلم فەرموووە : ( شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ) الشورى/13 واتە : خوای گەورە لەوەی نووحی پێ راسپارد ، بۆ ئێوەشی کردە ئەحکامی شەرع ، هەروەها لەوەی کە بۆ خۆتی ناردووەو لەوەی ئیبراهیم و موساو عیسای پێ راسپارد کە : دینەکە بەرقەرار کەن وجیاوازیتان لە پیادەکردنیدا تێ نەکەوێت ، ئەمەی ئێوە موشریکەکانی بۆ بانگ دەکەن زۆر لەسەر دڵیان قورسە ، بەڵام خوای گەورە خۆی ئەو کەسانەی دەیەوێن بۆ خواوویستی هەڵیان دەبژێرێت وهەر کەسێکیش بەراستی بیەوێت بەرەو خوای گەورە بێتەوە خواش رێنمایی دەکات و رێی راستی نیشان دەدات .. لە شوێنێکی تردا بە تایبەتیش بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : ( ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ) الجاثية/18 واتە : پاشان تۆمان خستە سەر رێبازی شەریعەتێک دەتۆش شوێنی کەوە ، شوێن هەواو هەوەسی ئەو کەسانە مەکەوە کە نازانن .

لەمەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە لە دیدی ئیسلام و موسوڵماناندا ئەوە بەڵگەنەوویستە کە حاکمێتی ( بە هەر سێ بەشی یاسا دانان و حوکم کردن و

داوەرییەوە ) مافی خوای پەروەردگارەو کەس بە هیچ شێوەیەک بۆ مۆڵەتی شەرعی خوایی بۆی نییە هەر توخنیشی کەوێت : ( وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ) المائدة/44 واتە : هەر کەس بەوە حوکم نەکات کە خوای گەورە ناردویێتییە خوارەوە ، ئەوانە کافرن ، ئەو حوکمەش ( بە هەر سێ لقەکەیەوەو هەرچی تریشیان لێ جوێ دەبێتەوە ) تەنهاو تەنها مافی خوای خاوەنەو هەر کەسێک بۆخۆی یان بۆ کەسێکی تریان زەوت کات ـ با لە داوەری یەک کێشەشدا بێت ـ کافرەو لە ئوممەتی موسوڵمان پێی دەچێتە دەرەوە ( فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ) النساء/ 65 . واتە : سوێند بێت بە خواکەی تۆ ، ئیمان دەرنابەن تا تۆ نەکەنە داوەر لەو کێشەو ناکۆکیانەی لە نێوانیاندا روو دەدات ، جا دەبێت کە حوکمت کردن ، بە تەواوی ملکەچی بۆ بڕیارەکەت دەرببڕن و پێی رازی بن ، نابێت هیچ گرێ و گۆڵێک دەربارەی رەوایی حوکمەت لە دڵ و دەرونیشیاندا بمێنێت ، ئیدی دەبێت بە تەواوی خۆ تەسلیمی حوکمەکەت کەن .. ئەگینا کافر دەبن .. چونکە ئەوە هەڵوێستێکە پێچەوانەی ئەو لا الە الا اللە یە کە بە ووتنی هاتۆتە ناو بازنەی ئیسلام و ریزی موسوڵمانانەوە : (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ) الانبیاء/25 ئێمە پێش تۆ هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێت ، حەتمەن وەحی ئەوەمان بۆ ناردووە کە هیچ خوایەک نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای پاک و تاک .. ئەوەی کە دەبێت بزانرێت ئەوەیە کە کابرایەک کە دەڵێ : لا الە الا اللە ئەوە دەزانێت کە نەفی خوایەتی غەیری اللەی کردووە ، ئەمەش نەفی کردنی چوار شتە :

**1ـ الالهه** : کۆی ( الە ) ە کە 147 جار لە قورئاندا هاتووەو بە مانای : خوا : ئەوەی کە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو جۆرەهایان بۆ خۆیان داناوە :

* بەو هیوایەی زیانیان لێ دوور بخاتەوە یان سوودیان پێ بگەێنێت : ( قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلاَ نَفْعًا ) المائدة/76 واتە : ئێوە ئەوانە لە جیاتی خوای گەورە دەپەرستن کە نە زیانێک نە سوودێکتان پێ دەگەێنن ؟!

* یان سەرکەوتنیان بۆ مسۆگەر کەن ( وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لَعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ) یس/74 لە جیاتی خوای گەورە خوای تریان دانابوو تا سەریان خەن !

* یان بۆ عیززەت و دەسـەڵاتداری ( وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِّيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا ) مریم/81 واتە : لە جیاتی خوای گەورە خوای تریان دانـابوو تـا بۆیـان ببنـە پاڵپشت و دەسەڵاتیان بۆ مسۆگەر کەن !

وە هەروەها .

2ـ الانداد : کۆی ( نِـد ) ە کە 6 جار لـە قورئانـدا هـاتووەو هـەموو ئەوانـە دەگرێتەوە کە بۆ مەزنی و ڕێزو خۆشەویستی دادەنرێن ، کەس بن یـان شـتی ماددی یان واتایی و هێماو سونبول ( وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِـن دُونِ اللّـهِ أَنـدَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلّهِ ) البقرة/165 واتە : لـە نێـو خەڵکیـدا کەسانی وا هەن کە لە جیاتی خوای گەورە شتی تر یان کەسانی تر بە مـەزن و خۆشەویست دادەنێن و ئیدی بەقەدەر خوای مەزن خۆشیان دەوێـن ، بـەڵام موسوڵمانەکان خوایان لە هەموو شتێک زاتر خۆش دەوێت .

3ـ الارباب : کۆی ( ربّ ) ە کە 966 جار لە قورئاندا هـاتووە 16 مانـای هەیـە لەوانە : کردگارو گەورەو پەروەردەکارو گوێ بۆ رایەڵ کراوو بۆ ملکەچ بـوو : ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُمُ الرَّسُولُ بِالْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ فَآمِنُواْ خَيْرًا لَّكُمْ وَإِن تَكْفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ) النساء/170 واتە : ئـەی خەڵکینـە ، بە تەئکید ئەو پێغەمبەرەی بۆتان هاتووە حەقەو حەقی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان هێناوە ، خۆ ئەگەر باوەڕی پێ نەکەن و کـافر بـبن پێـی ، خـۆ خـوای گەورە هەر خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە ، خوا زاناو دانایە ، یان ( قُلْ أَعُـوذُ بِرَبِّ النَّاسِ . مَلِكِ النَّاسِ . إِلَهِ النَّاسِ ) الناس /1-3 بڵێ : پەنا دەگرم بە خوای خـاوەن و پەروەردگاری خەڵکی ، حاکمی دەسەلاتداری خەڵکی ، خوای خەڵکی.

4ـ الطواغيت : کۆی ( طاغوت ) ە ئەمیش 8 جار لە قورئاندا دووپـات بۆتـەوە کە بە مانای : بت و شەیتان و ئەو کەسەی کە حوکم و داوەری نێـوان خـەڵکی دەکات بە یاسای پێچەوانەی شـەرع : ( فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُـؤْمِن بِاللّـهِ فَقَـدِ

اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا ) البقرة/ 256 هەر کەس بـاوەڕ بـە تـاغووت نەهێنێت و شوێنی نەکەوێت ، ئینجا باوەڕ بە خوای گەورە بهێنێت ، ئەوە بـە دڵنیاییەوە دەستی بە هۆکاری بە هێزی رزگارییـەوە گرتـووە کـە بـە هـیچ جۆرێک نە پسانی هەیە نە خاوبوونەوەش !

کابرا کە نەفی هەموو جۆرە کاریگەریـەکی زیـان و سـوودو سـەرکەوتن و بەزین و دەسەڵات و مەزنی و گەورەیی و خۆشەویستی و مـافی یاسـادانان و گوێ رایەڵی و ملکەچی بۆ غەیری کردووە ، لە هـەمان کاتـدا هـەر هـەمووی گەڕاندۆتەوە بۆ خوای تاک و تەنها ..

کۆی هەموو ئەوەی سەرەوە کە ـ زۆر بە کورتی و خێرایی باسمـان کـرد ـ بریتییە لە قەناعەت کردن بەوەی کـە خوابەیەکناسـی لـە سـێ لایەندایـە : ناسینی خوا ( لایەنی فەلسەفی دیدو تیـڕوانین ) ، پەرسـتنی خـوا ( لایـەنی خواپەرستن ) هەروەها حاکمێتی (لایەنی یاساو رێسا دانان و داوەری کردن )

قورئـان هـەر خـۆی پێچـەوانەی ئـەم خوابەیەکناسـین و خواپەرسـتیی (تەوحید)ەمان بۆ روون دەکاتەوە ، چونکە هاوەڵ بۆ خوا بڕیـاردان ( زاراوەی قورئان : شیرک ) لە هەر سێ بواری ناسین و پەرستن و حاکمێتیەکەدا هەیە:

1ـ بۆ شیرکی ناسین دەفەرموێ : ( لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ وَمَا مِـنْ إِلَـهٍ إِلاَّ إِلَـهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَـذَابٌ أَلِـيمٌ ) المائدة/73 . واتە : بە تەئکید ئەو کەسانە کافر بوون کە ووتیان خـوا سێـیەمی سیانەکەیە چونکە هیچ هەروەها : ( أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَـيْئاً وَهُـمْ يُخْلَقُـونَ ) الانعام/191 ئاخر شەریکانێک بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەن کە نەک هـەر هـیچ شتێکیان دروست نەکردووە ، خۆشیان دروست کراون !!

2ـ بۆ شیرکی پەرستن دەفـەرموێ : ( قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِـن دُونِ اللّهِ قُل لاَّ أَتَّبِعُ أَهْوَاءكُمْ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَا أَنَـاْ مِـنَ الْمُهْتَـدِينَ ) الانعام/56 بڵـێ : مـن بەرهەڵستی ئەوەم لێ کراوە کە ئەوانە بپەرستم کە ئێوە لـە جیـاتی خـوای گەورە هاواریان دەکەنێ ، بڵێ : من شوێن هەواو هەوەسی ئێوە ناکەوم ، گـەر وا بم ، مانای وایە بەڕاستی گومڕا بووم و دیارە من لە ریزی ئەوانە نـیم کـە

ڕێی ڕاستیان نیشان دراوە !! هەروەها ( إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا إِنَّ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَابْتَغُوا عِندَ اللَّهِ الرِّزْقَ وَاعْبُدُوهُ وَاشْكُرُوا لَهُ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ) العنكبوت/17 واتە : ئەوەی ئێوە دەیپەرستن هەر بتی دارو بەردینن ، ئاخر ئەمە بوختانەو بۆ خوای پەروەرگاری دروست دەکەن ! ئاخر ئەوانەی ئێوە لە جیاتی خوای گەورە دەیانپەرستن ، دەسەڵاتی ئەوەندەیان نییە رۆزییەک بۆ ئێوە مسۆگەر کەن ، دە کەوابوو روو لە خوا کەن و چاوەڕوانی ئەو بن رزقتان بۆ دابین کات ، ئەو بپەرستن و سوپاسی ئەو بکەن ، خۆ ئێوە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ..

3ـ بۆ شیرکی حاکمێتی دەفەرموێ : ( أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ) الشوری/21 واتە : یان دیارە ئەوانە هاوەڵیان هەیەو بۆ خوای گەورەیان داناوون ، کە بەرنامەی وایان بۆ دادەڕێژن کە خوای پەروەردگار مۆڵەتی پێ نادات . هەروەها : ( اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَـهًا وَاحِدًا لاَّ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ) التوبة/31 ئەوانە ( جولەکەو دیانەکان ) حیبرو راهیب ( پیاوانی دینی ) ەکانی خۆیان کردبوون بە خواو لە جیاتی خوای گەورە دایاننابوون ، هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش ، لە کاتێکدا کە ئەوەی فەرمانیان پێ کرابوو کە ئەنجامی بدەن ئەوە بوو کە تەنها یەک خوا بپەرستن و بەس ، کە هەر ئەو هەیە شایانی پەرستن بێت ، پاک و بێ خەوشی بۆ ئەو لەوەی کە هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن ..

خوای پەروەردگار هەموو جۆرەکانی خوابەیەکناسینەکە لە سورەتی (الاخلاص) دا کۆ دەکاتەوەو بە لەفزی ( ڕحد ) دەفەرموێ : ( قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ . اللَّهُ الصَّمَدُ . لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ . وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ) الاخلاص/1-4 واتە : ئەی محەممەد ( ئەی موسوڵمانینە ) بڵێ : ئەو خوایەی کە ناوی اللەیە خوایەکی تاک و تەنهایە ، بێ هاوەڵ و هاوتایە . نیازو پێویستی بە هیچ کەسێک نییە هەموو ئاتاجی ئەون بێ ئەوەی ئەو ئاتاجی بە کەسێک هەبێت . هیچ کەسی

لیَ نەبووەو ئەویش لە هیچ کەس نەبووە . لە هیچ سیفەتێکیشیدا هاوتاو هاووێنەو بەرابەری نییە ..

ئەمما ئەوانەی خوای پەروەردگاریان نەناسیووەو پێویستیان بە خوا هەبووە ! چوون خوای جۆراو جۆریان بۆ خۆیان دیاری کردووە کە لەگەڵ هەواو هەوەسی خۆیاندا بگونجێت ، بۆیە دەبینیت :

ـ هەیە بتی داناوەو خۆی بووە بە زێوانی ، یان خەڵکی تری بۆ کردۆتە زێوان ، تا لە پشت بتەکەوەو بە ناوی ئەوەوە حوکم دەرکات ! وەک ئەو هەموو بتانەی هەموومان کەمێک لە مێژوویان دەزانین ، وەک ئەوانەی زەمانی سیدنا ابراهیم کە رووەو باوکی دەربارەیان دەیفەرموو : ( وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لأَبِيهِ آزَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا آلِهَةً إِنِّي أَرَاكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ ) الانعام/74 ئەوە بوو ئیبراهیم بە ئازەری باوکی فەرموو: ئەریَ تۆ بتت داناوەو کردووتن بە خوا ؟بە دڵنیاییەوە من خۆشت و قەومەکەشت وا دەبینم کە لە گزمڕاییەکی ئاشکرادان ..

ـ هەیە هەر هەواو هەوەسەکەی خۆی کردۆتە ( یان لێی بۆتە ) خوا ، هەمیشە هۆشی لەوەو شوێن ئەو دەکەوێت و مەرامەکانی بۆدەهێنێتە دی خوای گەورە دەفەرمویَ : ( أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِن بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ) الجاثية/23 دەبینیت ئەو کەسەی کە هەواو هەوەسی خۆی کردۆتە خوای خۆی چی لیَ قەوماوە ؟! دەیبینیت چۆن خوای گەورە دوای زانین و شارەزابوون گومڕای کردووەو مۆری کۆتاهێنان و قەپات کردنی لە بیستن و دڵ و دەروونی داوە ، پەردەی بەسەر چاویدا کێشاوە ؟ ئیدی کیَ هەیە دوای ئەوەی کە خوای گەورە گومڕای کرد ، هیدایەتی بداتەوەو رێنمایی بکات ؟! مەگەر ئێوە شتتان نایەتەوە یاد و تیَ ناگەن ..

ـ هەیە ـ فیرعەون ئاسا ـ خۆی لەو خەڵکە دەکاتە خواو ، کۆمەڵێک دەست و پێوەندی خۆشی ـ هامان ئاسا ـ خوایەتییەکەی بە زۆر یان بە زێر بەسەر خەڵکیدا دەچەسپێنن ، ئەوەتا فیرعەون بەو خەڵکەی دەووت : ( وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا

أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرِي ) القصص/23 واته : فيرعەون ووتى : ئەرێ هۆ پياوماقولان ، ئێوه دەزانن من غەيرى خۆم هيچ خوايەكى تر ناناسم هەتان بێت ! ( يەعنى هەر خۆم بە خواتان دەناسم و بەس . ) بە سيدنا موساشى دەووت : ( قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ ) الشعراء/29 : ئەگەر غەيرى من بكەيت بە خواى خۆت ، حەتمەن دەتخەمە ريزى زيندانيان .

.............................

## بەنـــدی دووەم

# پەرســـتن

ئیمامی قورتوبی ـ رحمه اللــه ـ دەفــەرموێ : ئەسـڵی ووشــەی پەرســتن (العبادة) بریتییە لە زەلیل بوون و ملکەچی و گوێـڕایەڵی و کرنــووش بــردنی پەرستیار .. )[33] .

ابن کثیر ـ رحمــه اللــه دەفــەرموێ : ( پەرســتن : بریتییــه لــه گوێــڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە بە ئەنجامدانی ئەوانەی فەرمانی کـردنی پێـداوەو بە تــوخن نەکــەوتنی ئەوانــەی ئــەو بەرهەڵســتی لــێ کــردوون ، ئەمــەش حەقیقەتی دینی ئیسلامە ،چونکە ئیسلام یەعنی خۆبەدەستەوەدان و تەسـلیم بوون بە خوای پەروەردگار . )[34] .

ئیمــامی ئیبنــو تەیمییــه ـ رحمــه اللــه ـ دەفــەرموێ : ( العبادة : ناوێـکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو گوفتارو کردارە ئاشکراو پەنهانانــەی کــە خــوای پەروەردگار دەیەون و پێی خۆشــە ئــەنجام بدرێــن )[35] لــە جێـیەکی تریشـدا دەفــەرموێ ( العبادة : ناوێــکی گشــتگیری هــەموو ئــەو گوفتــارە ئاشــکراو پەنهانانەیە کە خوای گەورە لێیان رازییەو دەیەون ، وەکو : نوێژو زەکـات و رۆژوو حەج و راستگۆیی و دەستپاکی و خزمــەتی دایـک و بــاوک و هەسـتی خزمایەتی و پەیمان نەشکاندن و بەڵێــن بردنــە ســەرو فــەرمان بــە چــاکەو بەرهەڵستی لە خراپەو جیهاد کردن دژی کافرو دووڕووان و چاکە کردن لەگەڵ دراوسێ و هەتیوو کەم دەرامەت و هەژاران و ئەو کەسانەی پـارەو مەسـروفی رێیان پێ نەماوەو ئەو کۆیلانەی دەیانەوێت ئازاد ببن ، هەوەرها چاکە لەگەڵ گیانلەبەران ، یان دوعاو نزاو پاڕانەوەو گەڕانەوە لای خواو قورئان خوێـندن ئەمانە هەمووی هەر خواپەرستین ، هەورەها خۆشوویستنی خــوای گــەورەو

---

[33] القرطبي / الجامع لاحكام القرآن / دار إحياء التراث العربي - بيروت / 1985 ب1 /225- 226 ، 56/17

[34] ابن كثير : تفسير القرآن العظيم / دار المفيد/ بيروت - چ 1 /1983 ب402/7 .

[35] ابن تيمية : مجموع الفتاوى / ب10 /149 .

پێغەمبەرەکەی و لە خوا ترسان و تۆبە کردن ، یان خواوویستی و دڵسۆزی ، ئارام گرتن لەسەر قەزاو قەدەری خواو سوپاس کردنی لەسەر ئەو نازو نیعمەتانەی بەخشیوویەتی ، رازی بوون بە فەرمان و حوکمی ن پشت بەستن پێی و ئومێد پێ بەستنی ، بە هیوا بوونی بەزەیی و رەحمەتی و ترسان لە هەڕەشەو سزای ، وە هەوەرها .. ئەمانە هەمووی هەر خواپەرستین .. چونکە پەرستنی ، هێنانە دی ئاواتی ئەوە ، ئەوەیە کە ئەو پێی خۆشە بەندەکانی بیهێننە دی ، چونکە ئاشکرایە کە خوای گەورە مەخلووقاتی بۆ پەرستنی خۆی دروست کردووە . )[36] .

ئیمامی مەودوودیش ـ رحمە اللە ـ لە کتێبی ( مبادئ الاسلام ) [37]دا دەفەرموێ : ( پەرستن : واتە بەندایەتی تەواو .. تۆ بەندەیت ، خوایش گەورەو پەرسراوی تۆیە ، بەندەش هەر شتێ جیبەجێ بکا لە بە گوێ کردنی گەورەی خۆیا ، ئەوە پەرستنە .. بۆ نموونە : کاتێ لەگەڵ مەردووم ئەدوێی و قسە ئەکەی و خۆت ئەپارێزی لە قسەی خراپ و درۆو ووتنی پاش ملە (غەیبەت) و دواندنی پڕوپووچ ، ئەویش لەبەر ئەوە چونکە خوا قەدەغەی ئەمانەی کردووە ، وە بە ووردی گەڕای بە دوای راستی و قسەی بە کەڵک و بە تامدا چونکە خوا ئەمانەی پێ خۆشە ، ئەوا قسە کردنەکەت بوو بە خواپەرستی ، با ئەم قسانەیش هەموویان لە پێەیست و ئیش و کاری خۆیشتا بێ ، ئەگەر لە کاتێکا لەگەڵ مەردوم ئەژیت و بە بازاڕدا بۆ کڕین و فرۆشتن ئەڕۆی ، وە لەگەڵ باوک و براکان و خوشک و دایکتا ئەژیت و لەگەڵ هاوڕێ و ناسراوەکانتا کات ئەبەیتە سەر ، بەڵام ئامۆژگاری و فەرمانەکانی خوات لەبەر چاو بوو ، وە بە پێی ئەو ئامۆژگاری و فەرمانانە لەگەڵیان

---

[36] ابن تيمية : العبودية / المكتب الاسلامي / بيروت چ 4 / 1977 لا 37-39 .

[37] مبادئ الاسلام / لا 128ی عەرەبییەکەی ، بە کوردیەکەشی ( بەرەو رێبازی ئیسلام : وەرگێڕانی بۆ کوردی مستەفا عەبدوڵڵا لا 140 ) هەردووکیان لە بڵاو کراوەکانی ( الاتحاد الاسلامي العالمي للمنظمات الطلابية ) کوەیت 1978 . دەقەکەی خۆیم بە عەرەبیش لە لایە بەڵام هەر تەرجەمە کراوە کوردیەکەیم نووسییەوە هەرچەندە لاوازیش بوو ، تەرجەمەکەی لە ساڵی 1969دا کرا بوو .. ) ..

جولاٌیتەوەو مافی کەست زەوت نەکردو مافی هەموو کەست لە شوێنی خۆیا جێبەجێ کرد ، ئەمانەش هەموو لەبەر ئەوە چونکە خوا فەرمانت ئەداتێ کە بەم شێوەیە لەگەڵ مەردوم بجولێیتەوە ، ئەوا بێ گومان هەموو ژیانی خۆت لە خواپەرستیدا ئەبەیتە سەر و ژیانت هەمووی بوو بە خواپەرستی ..

هەروەها ئەگەر دەستگیری هەژاوێکت کرد و یارمەتی لێ قەوماوێکت دا ، یان برسییەکت تێر کرد یان چوویتە لای نەخۆشێ ، وە لە هەمووشیاندا مەبەستت پێخۆشبوونی خوا بووە ، بێ ئەوەی بە تەمای سوودی تایبەتی خۆت بی ، یا بۆ ئەوەی کە مەردوم بە باشت بزانن ، ئەوا ئەو کارانەت ئەبن بە خواپەرستی و خوا ناسین ..

هەروەها ئەگەر بازرگان بووی یان بە پیشە سازییەکەوە خەریک بووی ، وە یا هەر کارو ئەرکێکی سەرشانت جێبەجێ ئەکرد بە هەموو پاکی و راستییەکەوە ئەمەش بۆ ئەوەی کە لە خواوە نزیک بیتەوە ، یان خەریکی ئیشێکی حەلاڵ بووی و لە شتی قەدەغە کراو ( حەرام ) خۆتت پاراست ، ئەوا هەوڵ دان و تێکۆشانەت هەمووی ئەبێ بە خواپەرستی لەگەڵ ئەوەیشدا بۆیە ئەمانەت کردووە بۆ ئەوەی هەموو ژیان و رۆزی خۆت پەیدا بکەی ..

بە کورتی : ئەگەر لە هەموو ئیش و کارەکانی ژیانتاو لە هەموو کاتەکانی تەمەنتا لە خوا بترسی و پێخۆشبوونی خوا لەبەر چاوی خۆت دانێی و هەمیشە شوێنی یاساو پرۆگرامی ئەو بکەوی ، وە هەر سودێ لە رێگەی گوناهەوە دەستت کەوێ ، نەتەوێ و زوازی لێ بهێنی ، هەروەها هەر لێ قەومانێکت لە پێناوی ئەودا تووش بوو ، دان بە خۆتا بگری و ناخۆشی و نارەزایی دەرنەبڕی ئەم هەڵوێستانەت هەمووی ئەبێ بە خواپەرستی ، وە خواردن و خواردنەوەو نووستن و دانیشتن و هەڵسان و گەڕان و قسە کردن و بێ دەنگیت لە ژیانا ، ئا بەم جۆرەی باسمان کرد هەمووی خواپەرستییەو لە خوا نزیک بوونەوەیە ..

ئا ئەمەیە خواپەرستی ، وە مانای پەرستنی راستیش ئەمەیە ، وە ئاینی ئیسلامیش ئەوەی ئەوێ کە مرۆڤ بکا بە بەندەیەک کە بەم جۆرە پەرستنە

خوا بپەرستێ ، لە هەموو کات و شوێنێکدا . بەڵام بۆ ئەم مەبەستە گەورەیـە ، بۆ ئەوەی مـرۆڤ ئامـادە بکـات بـۆ ئـەم مەبەسـتە مەزنـە ، چـەند جـۆرە پەرستنێکی دیاری کراوی داناوە ، لەوە ئەچێ ئەم پەرسـتنە تایبەتیانـە پـێ گەیاندن و راهێنان بن بۆ ئەو پەرستنە گەورەیە کە مەبەستی راستەقینەیەتی

جا هەر کەسێ ئەم پێ گەیاندن و راهێنانە بە جوانی ببا بـە رێـوە ، دیـارە ئەوە پەرستنە گەورەکەیش جوان جێبەجێ ئەکات .. بۆیە ئەم پەرسـتنانە وا دانراون وەک پەرستتن هەر ئەمانە بن و بەس ، وە پێیان بـووترێ پایـەکانی ئیسلام ، واتە ئەو کۆڵەکانەی کە خانووی ئەم ئایینە مەزنەی لەسەر کـراوە ، هەر وەکو خانوو کە پێویستی بە چەند کۆڵەکەیـەک هەیـە کـە بەسـەریەوە راوەسـتێ ، هـەروەها خـانوی ژیانێـکیش کـە ئیسـلامی بـێ بەسـەر ئـەم کۆڵەکانەوە راگیر ئەکرێ و رائەوەستێ ، بۆیـە هـەر کەسـێ ئـەم کۆڵەکانـە بڕوخێنێ ، ئەوە خانووەکەی روخاندووە .. ) .

دیسان هەر ئیمام مەودوودی رەحمـەتی لـە توێـژینەوەیەکی وورد و جـوانی لەسەر ئەم زاراوەیە کردووە ، ئـەویش لـە کتێـبە نایابەکەیـدا ( المصطلحات الاربعة في القرآن ) دوای لێـکۆڵینەوەکەی ، دەگاتـە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە زۆرینەی زۆری زانایانی ئیسلام و داعیان و ئەهلی بانگەوازو جیهادو سەرانی کۆمەڵکاری ئیسلامی ئەمڕۆ لەسەرینی ، ئەو دەفەرموێ : ( کەوا بوو پێویست ناکات ئەم ئایەتانەی باسی عیبادەت دەکەن تایبەت بکرێن بە ( بە خودا دانان ، بەندایەتی ، یـاخود گوێـڕایەڵی ) یـەوە ، چـونکە ئایەتـەکان بـە هـەموو ماناکانی عیبادەت هـاتوون .. قورئـان کـاتێ باسـی عیبـادەت دەکـات کـە خودایەتی و بەندایەتی بۆ کردن و گوێڕایەڵی کردن تەنها بـۆ خـودا دەبێـت ، واتە مرۆڤ بە گوێـرەی قورئـانی پـیرۆز دەبـێ گوێـڕایەڵی و بەندایـەتی و عیبادەت کردنی خۆی تەنها بۆ خوا بە دڵسـۆزی و پـاکی ئـەنجام بـدات ، وە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ووشەی ( عیبادەت ) تەنها لە یەک مانایدا کورت هـەڵ بهێنینەوەو کورتی بکەینەوە لەو تاقە مانایەیدا گیر بدرێت ، ئەوە لە راستیدا مانای کورت هەڵهێنانی بانگەوازی قورئانەکەیە لە بازنەیەکی تەسکدا.. لـە

ئەنجامە مسۆگەرەکانی ئەو کورت هەڵ هێنانەش ئەوەیە کە هەر کەسێک بە شێوەیە باوەڕ بە دینی خوا بهێنێ ، کە وا بزانێ بانگەوازی قورئان بە دەوری چەند چەمک و مانایەکی بەرتەسک و دیاری کراودا دەخولێتەوە ، ئەوا بێ گومان بیروبۆچوونێکی تەسک بینانەی دیاری کراوی دەبێت دەربارەی بانگەوازی قورئان ، و کاتێ کە شوێن دروشم و رێنماییەکانی دەکەوێت بە شێوەیەکی ناتەواوو پڕ لە کەم و کورتی شوێنی دەکەوێ . )[38] .

دروشمەکانی پەرستن هەندێکیان لە دڵدا ئەنجام دەدرێن وەکو خواوویستی و ئومێد بە خوا بوون و پشت بە خوا بەستن و ئەوانەی تر کە پێیان دەوترێت کاری دڵ ، هەندێک پەرستنی تر بە دەم ئەنجام دەدرێن وەک زیکروپاڕانەوەو قورئان خوێندن و ئەوانی تر ، هەندێک پەرستنی تریش بە ئەندامانی تری جەستە ئەندام دەدرێن وەکو تەواف سوجدەو قوربانی کردن .. چوار روکنەکەی ئیسلام ( نوێژو زەکات و رۆژوو حەج ) هەر چوار شێوەکەیان تێدایە ، چونکە هەم دەبێت خواوویستییان تێدا بێت ، هەم بە زمان و کردەوەش ئەنجام دەدرێن

لەم روانگەوەیە کە هەر کارێک کە موسوڵمان لەبەر خاتری خوای پەروەردگارو بە پێی سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەنجامی دەدات بە پەرستن بۆی حسێبە ، با بۆ لەزەتی ژیانی خۆشی بێت ، وەکو چوونە لای هاوسەری خۆی ، نابینیت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چۆن دەفەرموێ : ( تَبَسُّمُكَ بِوَجْهِ أخيكَ صَدَقَةٌ ، وأمْرُكَ بالْمَعْرُوفِ ونَهْيُكَ عن الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ ، وإرشَادُكَ الرَّجُلَ في أرْضِ ضَلالٍ لَكَ صَدقَةٌ ، وإماطَتُكَ الاذَى والشَّوكَ والعَظْمَ عَنْ الطريقِ لَكَ صَدَقَة ، وإفْرَاغُكَ مِنْ دَلْوِكَ في دَلْوِ أخيكَ صَدَقَةٌ ، وبَصَرُكَ لِلرَّجُلِ الـرَّدِئِ الْبَصَرِ لَكَ صَدَقَةٌ )[39] واتە : زەردەخەنەت بە رووی براکەتدا خێرەو بۆت دەنوسرێت ، فەرمان کردنت بە چاکەو بەرهەڵستی کردنت لە خراپە خێرەو دەتگاتێ ، رێنیشاندانی کابرایەک کە رێی لێ بزر بووە خێرت دەگاتێ ، لادانی هەرچییەک ببێتە مایەی ئازار

---

[38] ابو الاعلى المودودي : المصطلحات الاربعة / دار العلم - الكويت چ 6 / 1977 بەشی ( العبادە ) .

[39] الزبيدي : مختصر صحيح البخاري / دار ابن كثير - بيروت چ 2 / 1999 لا 357 .

دانی خەڵکی ، دڕکە زیپەک ، ئێسقانێک کە لەسەر ڕێی خەڵکی لا دەدەیت خێرەو بۆت دەنوسرێت ، لە دۆلکە ئاوی خۆت بکەیتە دۆلکە ئاوی براکەتەوە خێرەو پێت دەگات ، دەست گرتن و ڕێنیشاندانی کابرای کەمبین خێرەو بۆ خۆتت کردووە ..

بزانە کە خوای پەروەردگار چۆن ڕێزی لەم خێرو چاکانە گرتووە ، چۆنیش هەڕەشەی لەوانە کردووە کە دەتوانن بیکەن و خۆی لێ گێل دەکەن . ئەوەتا ئەو کەسەی پاڵ بە هەتیووەوە دەنێ و دڵی دەڕەنێنێت ، یان ئەوەی هاوکاری دەسکورت و هەژاران نادات چۆن خستوونیەتە ریزی ئەو کەسانەوە کە دینەکەی خوایان بە درۆ خستۆتەوە !! : ( أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ . فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ . وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ ) الماعون / 1-3 واتە : ئاگات لەو کەسەیە کە دینەکە بە درۆ دەخاتەوە ، ئەوە ئەو کەسەیە کە پاڵ بە هەتیووەوە دەنێت و هانی تیر کردنی هەژاران نادات .. ئینجا گوێ بگرە سەییدی ڕەحمەتی چۆن بە شێوازە ڕەوانبێژییەکەی خۆی لە سێبەری ئەو ئایەتانەدا بۆ موسوڵمانان دەدوێت : ( ئەم دینە دینی ڕواڵەت و شیعارات نییە ، ڕواڵەت و دیاردەی پەرستنەکان و دروشمەکانی - ئەگەر لە دڵێکی خواوویست و سەرڕاستەوە دەرنەچووبن - دادی کەس نادەن ، نە خاوەنەکەی نە خەڵکی .. ئەو کاتە سوودمەندە کە ئاسەوار لە دڵ و دەرووندا جێ دەهێڵێت کە ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی دەیکاتە وویستی کردەوەی چاک و بە خاوەنەکەی ئەنجامی دەدات ، ئاوا ئەو هەستە دینداریيەی ، ئەو خواوویستییە لە ڕەفتاردا دەدرەوشێتەوە ، دەبێتە مایەی ئیسلاحی خاوەنەکەی و خەڵکی و ژیانی کۆمەڵگەکەشیان بەرەو لوتکەیەکی تری بەختەوەری بەرز دەکاتەوە ..

دیسان خۆ ئەم دینە کۆمەڵە مەراسیمێکی پەرتەوازەو لێک جوداو دوور نییە بەشێکی کەوتبێتە ئەملاو بەشێکی تری کەوتبێتە ئەولا ! تا هەر کەس - بە ئارەزووی خۆی کەی کەیفی لێ بێت - ئەنجامی بدات ! کەی هەستی بە تەمبەڵیش کرد بیخاتە لاوەو گوێی نەداتێ !! نەخێر ، ئەم دینە بە هەموو بەشەکانیەوە بۆتە بەرنامەی ژیانی هەموو مرۆڤایەتی . هەموو

بەشەمانی پێکەوە لەگەڵ یەکتر بە گونجاوی هاریکاری یەکتری دەکەن ، پەرستنەکان شەحن دەکەنەوە ، ووزەی ئیمانی دەخەنەوە بەر ئەرکە ئیسلامییەکان ، ئەرکەکانیش هێمنگەی دەروونی ئاسوودەن و بزوێنەری چاکە خوازی نێو کۆمەڵگەکەن . بە هەموویان هەر ئەو خێرو خۆشییە دەهێننە دی کە خوای گەورە لە دینەکەیدا بۆ مرۆڤایەتی دیاری کردووە ، ئەو خۆشییەی لە دڵ پاکیەوە دێت ، ئەوی ژیانی پێ چاکتر دەکرێت ، ئەوی خەڵکی وا لێ دەکات هاوکاری یەکتر بن ، یارمەتیدەری یەکتر بن و گەشەو نەش و نما بە خێرخواڤزی ناو خۆیان بدەن . بەمەش ئەوەندەی تر شایانی دابەزینی رەحمەتی بەرفراوانی خوای گەورە دەبنەوە ..

رەنگە زۆر جار موسوڵمان دەبینرێت ، کە بە زمان دەڵێ موسوڵمانم ، راستە موسوڵمانە ، دینەکە بە راست دەزانێت ، نوێژەکانی دەکات ، رەنگە فەرزەکانی تریش بکات ، بەڵام حەقیقەتی دین و حەقیقەتی بە راست زانینی دینەکەی لێ دوورە ، یان بڵێین ئەم لەو دوو حەقیقەتە دوورە ! چونکە ئەم حەقیقەتانە نیشانەی خۆیان هەیە ، حەقیقەتی دین لە هەر کەسێکدا رووا ، ئەم نیشانانەی تێدا دەدرەوشێنەوە ، بۆیە ئەگەر ئەم نیشانانە لای کابرای سەرزارەکی موسوڵمان ، لای رواڵەت موسوڵمانەکە نەدرەوشایەوە و لە ژیانیدا دەرنەکەوت ، ئەوە ئەو باوڕو دیندارییە لە کوێدایە ؟! کوا بەراست زانینی دینەکە ؟! ئەوە لاف و گەزاف لێدانە نەک تەقواو دینداری ..

حەقیقەتی باوەڕ کە لە دڵدا دەچەسپێت ، دەست بەجێ بۆ خۆ سەلماندن لە کردەوەی چاکە ( عمل صالح ) دا دەدرەوشێتەوە . دەرنەکەوتنی ئەم کردەوە چاکەیە لە کابرادا ، نیشانەی نەبوونی باوەڕە ، نیشانەی چەکەرە نەکردنی دینداریيە ، نیشانەی پواوی خواوویستییە ، ئەم سورەتەش ئەوە بەیان دەکات ، ئەو درەوشانەوەیە دەسەلمێنێت : ( أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ . فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ . وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ ) بەو پرسیارەی ئیتراری وەبیر هێنانەوەیە ، لە هەموو ئەوانە دەپرسێت کە دەبینن ، کە دڵیان دەبینێت و چاویان تۆمار دەکات : ( أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ) ئینجا هەر خۆشی وەڵامەکە

دەداتەوە ! تا خەیاڵت نەڕوات بۆ فیرعەون و هامان و قاروون و ئەوانەو وا بزانیت لەگەڵ تۆی نییە : ( فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ . وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ )

ئەمە وەختێک کە لەگەڵ باوەڕە کلاسیکییە تەقلیدییەکەدا بەراوردی دەکەیت ڕەنگە سەیرئاوەر بێت ، بەڵام ئەمە کرۆکی باوەڕەکەیە ، ئەمە ناوەرۆکی ئەو عەقیدەیە کە خوای گەورە بەم ئیسلامە داوای لە خەڵکی کردووە ، وەری گرن ! چونکە لە لای خوای پەروەردگاری بە دادو کار جوان ئەو کەسەی دینەکە بە درۆ دەخاتەوە ، هەر ئەو کەسەیە کە ئامادەیە ئاوا ڕقنانە پاڵ بە هەتیووی بێ نازەوە بنێت ، پاڵی لەو جۆرەش کە نافەرموێ (یدفع ) دەفەرموێ ( یدع ) کە وێنەی توندو نیژی پاڵەکەش دەردەخات ! وێنەی پاڵی ئیهانەو ئازاردانی جەستەیی و دەروونییە !! هەروەها ئەو زاڵمە بێ تەقواو خوانەناسەی کە کەس لەسەر بژێودانی هەژاران هان نادات ! بە کەس ناڵێت : ئادەی لایەک بکە بە لای دەسکورتانەوە ! ئەگەر ڕاست دەکات و دینی خوای بە ڕاست زانیووەو وەری گرتووە ، ئەگەر ڕاست دەکات و حەقیقەتی ئەم دینەو ، حەقیقەتی خۆشەویستی خواو سەرڕاستی لە دڵ و دەروون چەسپیووە ، ئەدی بۆ کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی وای لێ دەرناکەوێت ؟! نا ، هەر دیارە دین و ئیمانەکەی هەر سەرزارەکییەو باوەڕو قەناعەت بە خواوویستی وا لە دڵی نەچەسپیووە ، بیکاتە هۆکاری خێرو خێرخوازی کۆمەڵگەکەی ، بە تایبەتی هی ئەوانەی نەدارن ، ئاتاجن ، چاوەڕێن یەکێک دەستی سۆز بەسەریاندا بهێنێت ، یان ئەوانەی چاوەڕوانی دەستی خێرەومەندێکن .. ئادەی چی لەم سێ ئایەتە روون و ڕاشکاوترە لە بڕیارو چەسپاندن و ئەو هاریکارییە کۆمەڵایەتییەی کە بە جەوهەری ئەم دینە دەژمێررێت ؟! )[40] .

زانایانی ئیسلام وبیرمەندان و ئەو شەرعناسانەی لەسەر پەرستن نووسیوویانە زۆرن ، بەڵام زاراوەی پەرستنیش وەکو زۆر لە زاراوە قورئانییەکانی تر ، زانای وا هەیە بایەخی بە تەوەرە مانایەکی داوە ، یان لە

[40] سيد قطب: في ظلال القرآن/ دار الشروق بيروت/ القاهرة چ 4 / 1977 لا 3984 و 3985

گۆشە نیگای تایبەتمەندێتییەکەی خۆیەوە سەیری کردووە ، بۆیە شتێکی ئاساییە کە پێناسەی پەرستن لای شەرعناسێک ( فەقیهێک )ی وەکو ئیمامی نەوەوی ، جیاوازە وەک لە پێناسەی پەروەردەوانێکی رۆحی وەکو ئیمامی ئیبنولقەییم ، ئیمامی نەوەوی لەو رووەوە سەیری پەرستنەکە دەکات - بۆ نموونە نوێژ - کە فەرزێکەو پێوویستە ئەنجام بدرێت ، ئەوی نایکات فاسقە ، بەڵام ئیمامی ئیبنولقەییم سەری کارتێکردنی لایەنە رۆحیەکەی نوێژ دەکات بەو سیفەتەی خوا خۆشوویستن و پەرستێنێتی ، سەرنجی ئەوە دەدات کە نوێژەکان چەند کاریگەرییان لە پەروەردەکردن و بە ساڵح کردنی تاکەکان و کۆمەڵگەکە هەیە ، وەک دەفەرموێ : ( ئەسڵی پەرستن خۆشەویستی خوایە ، بگرە تەنها خۆشەوویستی خوایە ، چونکە دەبێت هەرچی خۆشەوویستییت هەیە بۆ خوای پەروەردگاری تەرخان بکەیت ، ناشێت کەسێکی ترت لەگەڵ ئەودا خۆش بوێت ، ئەوانی ترت کە خۆش دەوێن ( وەک پێغەمبەران و فریشتەو ئەولیایانی خواو ) لەبەر ئەوەیە کە خوا رێی بە خۆشوویستنیان داوە ،خۆشویستنەکەی ئەوانمان کە لە دڵدایە لەبەر خاتری خۆشوویستنەکەی خای گەورە خۆیەتی ن نەک ئەوانمان لەگەڵ ئەودا خۆش بوێت .. )[41] بەڵام بیرمەندانی وەکو ئیمامی مەودوودی یان سەیید قوتب یان محمد قوتب لە روانگەیەکی ترەوە دەڕواننە پەرستەکان ، لەو دیدەوە کە پەرستن بۆ خواناسییە ، بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی خوایەتی خواو ، وەسیلەی هێنانەدی مەبەستە گەورەکەی بوونی مرۆڤایەتییە لەسەر زەوی .. بۆیە نابێت ئەم سێ دیدە تێکەڵ بکەین .. شەرعناس لە روانگەیەکی عیلمی رووتەوە دەڕوانێتە پێناسەی پەرستن ، بەڵام بیرمەندەکان لە روانگەیەکی بەرفراوانی فیکرەوە دەیڕواننێ .. ئێمەش لێرەدا مەبەستمان لە پێناسەو راڤە کردنەکەی پەرستن ئەو دیدەی بیرمەندانە ، با لێ گەڕێین محمد قوتب زیاتر ئەم دیدە

[41] ابن القيم :مدارج السالكين / دار الجيل - بيروت 1991 ب1 /لا 124 .

بەرفراوانەمان بۆ روون کاتەوە [42]: ( لە ترسناکترین ئەو لاڕێبونانەی کە نەوە پاشینەکانی موسڵمانان تێیکەوتون-پاش لاڕێبونیان لە تێگەیشتنی ( لا الە الا اللە ) لاڕێبونیان لە تێڕوانینی چەمکی پەرستنە.

کاتێک مرۆڤ بەراوردێک دەکات لەنێوان ئەو چەمکە گشتگیر و فراوانەی کە نەوەکانی یەکەمین لە بابەت مەسەلەی پەرستنەوە تێی گەیشتبون ، لەگەڵ ئەو چەمکە نابوت و بودەڵەیەی کە نەوە هاوچەرخەکان تێی گەیشتون ، پێی سەیر نابێ چۆن ئەم ئوممەتە لە ترۆپکی باڵای خۆیەوە هەڵدێرا و کەوتە ئەو دامانەی ئەمڕۆ تێیدا دەژی وچۆن لەوپایەی سەرکردایەتی و پێشەوایەتی تاکڕێی مرۆڤایەتی دابەزی ، تا ببێتە ئەو کەفەژیلکەیەی ئوممەتەکان لە هەمو لاوە قەپی لێدەگرن ، هەروەک گورگ نێچیری خۆی دەڕنێتەوە و، لەهەمانکات مرۆڤ دەزانێ ئەو رێگەیە کامەیە کە دەبێ رابونی ئیسلامی بگرێتە بەر کە هەوڵ دەدا ئەو کەفەژیلکەیە لەو دامانە هەڵگرێتەوە کە تێیدا دەژی ، تا خواستی خوا چۆنە ئاوا بگەڕێتەوە و ببێتە (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ) ال عمران/110 : ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دنیادا سەرو هەڵدا .

چەمکی راستودروستی پەرستن لە هەستی نەوەکانی یەکەم ئەوەبو کە پەرستنی خوا بریتیە لە هەمو مەبەستی هەبونی مرۆڤ ، هەروەک لەو ئایەتە پیرۆزە تێیگەیشتون کە دەفەرموێ : ( وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ) الذاريات/56 . من هەر بۆیە جندۆکە و مرۆم دروس کرد ، بمپەرستن .

ئەم ئایەتە پیرۆزە مانایەکی زۆر گەورە و زۆر قولّی لە هەستی ئەوان هەڵگرتبو ، کە سەرتاپای هەمو ژیانی مرۆڤی دەگرتەوە ، چونکە قورئان بە زمانی خۆیان دابەزیبو و، ئەوان لە فروسمانەکانی [43] ئەو زمانە دەگەیشتن ونهێنیەکانی رەوانبێژیەکانیان پەی پێدەبرد ، جا لە واتای ئایەتەکە

[42] محمد قوتب :چەمکانێک دەبێت راست بکرێنەوە / وەرگێڕانی ژێوانی گەلاڵی / بلاوکراوەی نوسینگەی تەفسیر ـ هەولێر / 2000

[43] فروسمان: ایماء.

دەرەکیان بەوە دەکرد کە مەبەستی هەبونی مرۆڤ لە پەرستن کۆبۆتەوەو هەرگیز بۆ شتێکی دیکە لای ناترازێ چونکە ( نفي ) و ( استثناء ) لە زمانی عەرەبیدا بەهێزترین شێوەی کۆکردنەوەو کورتهەڵاتنن ، واتاکەی لێرەشدا: رەتکردنەوەی هەمو مەبەستێکی هەبونی مرۆڤە بێجگە لە پەرستن ، لەگەڵ کۆکردنەوەی تێکڕای مەبەستی ئەم هەبونەشی لە پەرستنی خوادا.[44]

لەپاش ئەوەشدا هەوڵێکی راستگۆیانەیان بەمەزنێتی خوای-بەرز و باڵادەست- هەبو و دوابەدوای ئەمەش هەستیان بەوە دەکرد کە بەندە- لەپایەی بەندایەتیدا- چی لەسەر شانە بەرامبەر خودا ـ لەپایەی خواوەندێتیدا ـ لە دڵڕاستی بەندایەتی بۆ خواو دڵڕاستی[45] پەرستنی پاکەوە ئەوجا چەمکی پەرستنیش لەلای ئەوان تەنیا لە چوارچێوەی دروشمەکانی پەرستندا کۆ نەدەبۆوە ، هەروەک لە هەستی نەوەکانی دواییندا کۆبۆتەوە کە تێگەیشتنێکی نامۆ بە ئیسلامیان هێناوە.

ئاشکرایە دروشمەکانی پەرستن نابێ بریتی بن لە هەمو ( پەرستن )ێکی داواکراو لە مرۆڤ . مادام مەبەستی هەبونی مرۆڤ لە پەرستنی خوادا کۆ

---

[44] هەندێک خەڵک هەن مشتومڕێکی زیهنی بێسود بەرپا دەکەن ، وادەگەیەنن کە مرۆڤ بۆ تاقیکردنەوە وەدیهێنراوە نەک بۆ پەرستن ، بە پشت بەستن بەم ئایەتە پیرۆزانە : ( إِنَّا خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ ) الانسان/2. ئێمە مرۆن لە تنۆکیکی ئاوێتە وەدیهێنا تا بیئەزموین . ( الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً ) الملك/2. : ئەوە کە مردن و ژینی داهێناوە تا ئێوە تاقیکاتەوە کامتان ئاکاری جوانترە ( إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الأَرْضِ زِينَةً لَهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً ) : هەرچی لەم سەرزەمینەیە ئێمە کردن بە زەنبەری تا بیانئەزموین کامەیان کارچاکتر دەبن ) الکهف/7.. قورئانی پیرۆزیش لەگەڵ خۆیدا ناکۆک نیە بەڵکو بەشێکی راڤەی دەکات و وردی دەکاتەوە . جا ناکۆکی لە نێوان ئەم ئایەتانەدا نیە . چونکە ئەو تاقیکردنەوەی مرۆڤ لە ژیانی دنیادا توشی دێ بریتیە لەوەی کە هەرچی لەسەر دنیادایە ئارایش . جا مرۆڤ لە هەڵوێستی بەرامبەر ئەو ئارایشتە تاقی دەکرێتەوە : ئایا تیایدا پابەند دەبێ بە پەرستنی خودا ، واتە لەژێر لێوەرگرتنی لە ئاستێک رادەوەستێ کە خودا حەڵاڵی کردوە ، یا شەیتان دەپەرستێ و سنورەکانی خودا دەبەزێنێ ؟ بەمشێوەیە پەرستنی خودا خوازگەکەیە و مەبەستی هەبونی مرۆڤە نەک شتێکی دیکە .

[45] دڵڕاستی : اخلاص

ببێتەوە هەروەکو ئایەتە پیرۆزەکە باسی دەکا ، چۆن مرۆڤ دەتوانێ تەنیا بە دروشمەکانی پەرستنی مافی ئەو پەرستنە بدات ؟!

ئایا دروشمەکانی پەرستن لە رۆژ و شەوێکدا چەند دەخایەنن ؟ ئایا لە هەمو تەمەنی مرۆڤدا چەند دەخایەنن ؟

ئەدی ئەوەی لە تەمەن دەمێنێتەوەو ئەو وزەیەی دەمێنێتەوە ؟ لە چ خەرج دەکرێ و کێوە دەچێ ؟ لە پەرستن خەرج دەکرێ یا لە غەیری پەرستن ؟ ئەگەر لە غەیری پەرستن بێ ئەدی چۆن مەبەستی هەبونی مرۆڤ دێتە دی کە ئایەتەکە بە تەواوی لە خوداپەرستندا کۆی کردۆتەوە ؟ چۆن بۆ مرۆڤیش دروستە کۆی کردۆتەوە ؟ چۆن بۆ مرۆڤیش دروستە-لەخۆڕا- مەبەستێک بۆ بونی خۆی ـ یا بەشێک لە بونی خۆی ـ دابنێ بەبێ مۆڵەتی خودا؟

* * * *

مرۆڤ ـ هەرچەند هەوڵدا ـ ناتوانێ ئەرکی ئەو پەرستنە جێبەجێ بکا بەرامبەر خوا تەنیا لە میانەی دروشمەکانی پەرستندا ، لە نوێژ و رۆژی و زەکات و حەج کە لەسەری فەرز کراوە ..

مرۆڤ فریشتە نیە و .. ناشبێتە فریشتە . هەر فریشتەش ـ بە تەنیا ئەوەندەی ئێمە بزانین ـ ئەو وەدیهێنراوە نورانی و ڕونەن کە شەو و رۆژ پاکیگاری[46] دەکەن و ساردنابنەوە :

( وَمَنْ عِنْدَهُ لاَ اسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلاَ اسْتَحْسِرُونَ، يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لاَ افْتُرُونَ ) الأنبياء/19-20: ئەوانەش کە لەلای ئەون ، لە پەرستنی بەفیز نین ، فلیش نابن .. بەشەو و رۆژ هەر پاکانەی خوا دەکەن ، سستی نازانن )

هەرئەوانیشن-بەتەنیا- کە هیچ فەرمانێکی خودا ناشکێنن ( لاَ اعْاونَ اللَّـهَ مَا أَمَرَهُمْ وَافْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ) التحريم/6 : لە فەرمانی دەرناکەون و هەرچی بەوانی دەسپێرێ بەجێی دێنن.

کەچی مرۆڤ ئەو گیانلەبەرەی لە مشتێک لە قوڕی زەوی و فویەک لە ڕۆحی خودا وەدیهاتوە ، کە ـ لەپاڵ رۆحە رۆشنەکەی ـ جەستەیەکشی لەخۆگرتوە

---

[46] پاکیگاری: تسبيح

که زەحمەتدەکێشێ وهەوڵدەداو دەخوا و دەخواتەوەو ماندو دەبــێ و دەنــوێ ومێشکێکیشی بیر لە مشوری داخوازی هەستی و واتاییەکانی ژیان دەکاتەوەو لەگەلێک بواردا خەیاڵی دەگێڕێ ، بۆیە ناتوانێ بەشێـوازی فریشـتان خـودا بپەرستێ کە شەو و رۆژ پاکیگاری دەکـەن و سـاردنابنەوەو بەشـتی دیکـەش خەریک نابن کە لە پاکیگاریان بکات .

ئەگەر خوداش بیخواستبا کە مـرۆڤ بـە پەرستنێـی ـ چەشـنی فریشـتان ـ ئەرکبار بکا ئەوا وزەی فریشتانی پێدەبەخشی تا پاکیگاریەکی بەردەوام و بێ ساردبونەوە بکات وهەر لە سەرەتاوە پێکهاتەکەی بەشێوەیەکی دیکـە رێـک دەخست ، کە سارو نەباتەوەو ماندونەبێ و بێزار نـەبێ ، چـونکە خـودا بـە بەزەیی خۆی هەرکەس لە قەدەر توانای خۆی ئەرکبار دەکاو ئەو پەرسـتنەی لەسەر هـەر بونەوەرێـکی فـەرزکردوە لــە وەدیهانراوەکـانی خـۆی لەگـەڵ سروشتی ئەو بونەوەرە و سنوری وزەکانیدا گونجاوە ..

گەردونیش هەموی ـ بەبونەوەرەکانیەوە ـ بە فەرمانی پـەروەردگاری خـۆی پەروەردگار دەپەرستێ [47] .. هەریەکەش بەو شێوازە تایبەتەی کە خـودا بـۆی ئامادەکردوە:

( وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لاَ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ) الإسراء/44 : هەمو شتێـک ـ بە پەسن دانەوە ـ پاکانەی ئەو دەکا ، بەڵام ئێوە پاکانەی ئەوان نابیسن .

( أَلَمْ تَرَي أَنَّ اللَّهَ اسْجُدُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُـومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِنْ النَّاسِ ) الحج/18 : تۆ نابینی ئەو کەسـانەی وا لەناو عاسمانەکان و ئەوانەی لە زەمیندان و خۆر و هـەیڤ و ئەسـتارەکان و کۆسار و درەختان و جانەوەرو زۆر لە مەردم سوژدە هەر بۆ خوا دەبەن ؟.

( ثُمَّ اسْتَوَي إِلَي السَّمَاءِ وَهِا دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ) فُصِّلَت/11: پاشان روی نا لە بەرزایی ، کە ئەوسـا هــەر

[47] بێجگە لە یاخیانی جنۆکە و مرۆڤ.

تاریکان بو ، بەوان وبە زەمینی گوت : خۆش یا ناخۆش ، دەبێ بێنە بەر فەرمانم. گوتیان : وا بەخۆشی هاتین ) .

بەڵام خودای پاک وبەرز وای خواستوە کە مرۆڤ بە جۆرێکی تاکانە وەدیبێنێ لەنێو سەرجەم بونەوەرانی خۆی ..

( ذَلِكَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ، الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الإِنسَانِ مِنْ طِينٍ، ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِنْ سُلاَلَةٍ مِنْ مَاءٍ مَهِينٍ، ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِنْ رُوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمْ السَّمْعَ وَالأَبْارَ وَالأَفْئِدَةَ قَلِيلاً مَا تَشْكُرُونَ )السجدة6-9: ئەوە زانا بە نادیار و دیاران وهەر خۆی خاوەن دەسەڵات و دلۆڤانە ، ئەو کەسێکە هەمو شتی بەوپەڕی رێکی ولەباری دروست کردو مرۆشی لە سەرەتادا لە ماکی قوڕ وەدی هێنا ..لەپاشان نەتەوەی ئەمی لە پاڵاوتەی چۆڕەئاوێکی کەم بایەخ وەدیهێنا .. ئەوسا راستەو پاستەی کردو لەگیانی خۆی فوی پێداکرد ، گوێچکە و چاو و دڵیشی داوە بە ئێوە . کەمتان شوکرانەبژارن ) .

جا بەهرەکانی ژماردوەو زانستی ئەوەندە فێرکردوە کە لەگەڵ ئەو ئەرکە رێکبکەوێ کە بۆی وەدیهێنراوە : (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً) البقرة/30 : ئەو کاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی راگەیاند : من دەمەوێ بریکارێک لەسەرزەمین دیاری بکەم .

( وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا ) البقرة/31 : خودا هەمو ناواکی فاری ئادەم کرد.

گەلێک ئامرازیشی بۆ رامکردوە کە لەم کارەدا یارمەتی بدا: ( وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ ) الجاثية/13 : هەرچی لەناو عاسمانەکان و زەمیندان، گش هی ئەون ، ئەو بۆ ئێوەی کەوی کردون .

لەمیانەی ئەو هەموەشدا سازو ئامادەی کردوە تا ئەو راسپاردەیە هەڵگرێ کە ئاسمانەکان و زەوی پێیان هەڵنەگیرا: ( إِنَّا عَرَضْنَا الأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ احْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الإِنْسَانُ ) الأحزاب/72: ئێمە ئەم ئەمانەتیەمان لەبەرامبەر ئاسمانەکان وزەمین وئەو هەمو کاوانە ڕانا ،

هیچیان لەخۆیان رانەدی بچنە ژێری و لێی دەترسان ، پاشان مـرۆ وەسـتۆی خۆی گرت ..
جا مرۆڤ لە هەمو ئەو شتانەو لەدەست هەمو ئەو شتانمە لـە ماندوبونێـک وزەحمەتکێشانێکی بەردەوامدایە: ( لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِـي كَبَـدٍ ) البلد/4: ئێـمە جسناتی مرۆمان دەگەلچ خەمان وەدی هێنا .
( ياأَيُّهَا الإِنسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَي رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلاَقِيهِ ) الأنشقاق/6: ئەی مرۆ! رەنجی زۆر دەدەی بگەی بە پەروەرانی خۆت ، سا تۆش دێی .
پاشان خودا پەرستنێکی بەسەردا فەرز کردوە کە لەگەڵ پێکهاتەو ئەرکەکەیـدا گونجاوبێ : لەگەڵ وزە جۆراوجۆرەکانی ، ماندوبونی وئەو زەحمەتـەی لێـی دانـابڕێ کـۆک و گونجـاوبێ . لـە هەمانکاتیشـدا لەگـەڵ ئـەو بەهرانـەی رێـکبکەوێ کـە لـەناو بونەوەرانـدا تایبەتمەنـدی کـردوەو لەگـەڵ بـوارە فراوانەکانی چالاکی وئەو راسـپاردەیەی هەڵێـدەگرێ .. پەرستنێـک لـەهیچ شتێک پەکی ناخاو شتێکی ناخاتە سەرشان کە پێی نـەکرێ ولـە هەمانکاتـدا فراوان دەبێ تا هەمو بونی دادەگرێ هەر لەساتی ئەرکباربونیەوە تـا سـاتی مردن ، لە هـیچ چـرکەیەک لـە چـرکەکانی هۆشـیاری لێـی دانـابڕێ ولـە چاوتروکانێک یا خولیایەک یا جۆرێک لە جۆرەکانی چالاکی جێـی نایـەڵێ:
(قُلْ انَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَاي وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، لا شَرِيكَ لَهُ )الانعام/162-163 :
بێژە : من نمێژکردنم و پاکهێنانی راوشوێنی حەج کردنم و ژین و مەرگم ، بـۆ خودایە ، کە راهێنەری دنیایە هەر خۆیەتی ، هیچ شەریکی نیە .
ئەوە ئەو پەرستنەیە کە مرۆڤ پێـی ئـەرکبار کـراوە ، نوێـژ و نوسـک ( کـە دروشمەکانی پەرسـتن دەگرێـتەوە ) هـەر هـەمو ژیـان دادەگـرێ .. نـەوەی یەکەمیش بەم شێوەیە لە واتای پەرستن گەیشتبون ..
هەرگیز لەناو دروشمەکانی پەرستن گەمارۆیان نەدابو ، بەشێـوەیەک تـەنیا ئەو ساتانەی دروشمەکانی پەرستنیان تێدا ئـەنجام دەدەن بـە تـەنیا ببنـە ساتانی پەرستن و، پاشماوەی ژیانیشیان لە ( دەرەوەی پەرستن ) بێ !

بەڵکو لە هەستی واندا ژیان هەموی پەرستن بو ، دروشمەکانیش ساتانێکی چڕ بون ، مرۆڤ تێیاندا ئەو وزە گیانیەی دەستدەکەوت کە بۆ بەجێگەیاندنی پەرستنەکانی دیکە هاریکاری بو ، بۆیە ئاهەنگێکی تایبەتیان بۆ ساز دەکرد ، وەک ئەو ڕێبوارەی ئاهەنگ بۆ ئەو خۆراکە ساز دەکا کە لە سەفەرەکەیدا یارمەتی دەدا ، لەگەڵ ئەو ساتەی کە خۆراکەکەی دەستدەکەوێ .

ئەوان وابون کە پەروەردگاریان وەسفی کردون: ( الَّذِينَ اذْكُرُونَ اللَّهَ قِاامًا وَقُعُودًا وَعَلَي جُنُوبِهِمْ ) ال عمران/191 : ئەوانەی ـ چ بە وێستاوی و چ لە جێوە ، بە دانیشتن ، چ لەسەر تەنیشت رادەزان ـ هەر یادی خوا دەکەن .واتە لە هەمو حاڵەت و بارێکی خۆیاندا ..

هەروەک لە زیاتر لە شوێنێکی پتر لە کتێبێک باسمانکردوە ، یاداوەری ئەوان تەنیا بە زمان نەبو ، تەنیا یادی دڵیش نەبو ، بەڵکو لەپاڵ ئەوەو ئەمەشدا کردەوەیەک بو بە گیانی پەرستنی خودا ئەنجام دەدرا .

ئەو زیکرەش ـ کە بە تەریقەتی تەقەتەقی تەسبیحانە ـ لەوانەوە نەهاتوە .

یاداوەریش بە شێوازی خەڵوەتی خواپەرستی کە مرۆڤ تیایدا لە واقیعی هەستپێکراو بزر دەبێ ولە دنیا دادەبڕێ تاکو بۆ پەروەردگاری خۆی تەنیا بمێنێتەوەو لە کردەوەی واقیعی زەوی دادەبڕێ .. ئەمەش لەو نەوەیە ناوازەیەوە بەدی نەکراوە .

کاتێک خەڵکانێکی موسڵمانانیش بڕیاریاندا وابکەن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرهەڵستی لێکرد ، وەک بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە کە : (جارێک سێ کەس چونە ماڵێک لە ماڵەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وپرسیاریان لەبارەی خواپەرستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کرد ، کە پێیان گوتن وەک بڵێی بە کەمیان زانی ، جا گوتیان : ئێمە لە کوێین لەچاو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کە خوا لە گوناهی پێشینە وپاشینەی خۆشبوە ؟ یەکێکیان گوتی : هەرچی منم هەمو رۆژێک بەڕۆژو دەبم و رۆژێکی لێناخۆم ، یەکێکی دی گوتی : منیش شەوانە هەڵدەستم و نانوم ، سێهەمیش گوتی : منیش ژن ناخوازم .. کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بیستیەوە

فەرموی : ( انْتُمْ الَّذِينَ قُلْتُمْ كَذَا وَكَذَا؟ امَا وَاللَّهِ انِّي لاخْشَاكُمْ لِلَّهِ وَاعْبَدُكُمْ لَهُ، ولَكِنِّي اوِمُ وَافْطِرُ، وَاقُمُ وَانَامُ، وَاتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي ) : ئەوە ئێوەن وا و واتان گوتوە ؟ بەخوا من لە ئێوە پتر لە خوا دەترسم ولەئێوە پتر دەیپەرستم ، بەڵام من بارۆژوش دەبم وشەوهەڵستی دەکەم ودەشنوم و ژنیش دەخوازم ، هەر کەسێک بە سونەتی من رازی نەبێ لە من نیە.

ئەوان لەکاتی مومارەسەکردنی ژیان لە بوارە جیاجیاکانیدا، پەرستنیان ئەنجام دەدا ، پەرستنی هەرە گەورەشیان کاروکردەوە بو لە بوارە جیاجیاکانی ژیان ، یادی خودایان دەکرد و لە خۆیان دەپرسی : ئایا ئەوان لە بارێکدان کە خودا رازی دەکا یا خودا تورە دەکا ؟ ئەگەر لەباری رەزامەندی بوان ، ستایشی خوایان دەکرد و ئەگەر لە بارێکی دیکەش بوان داوای لێخۆشبونیان دەکرد و بۆ خودا دەگەرانەوە : ( وَالَّذِينَ اذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً اوْ ظَلَمُوا انْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ اغْفِرُ الذُّنُوبَ الا اللَّهُ وَلَمْ يُارُّوا عَلَي مَا فَعَلُوا وَهُمْ اعْلَمُونَ، اوْلَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الانْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ اجْرُ الْعَامِلِينَ )ال عمران/135-136 : ئەوکەسانەی هەرگا کاری خراپ دەکەن ، یان ناحەقی لەخۆ دەکەن ، خودا لەبیر نابەنەوە ولەبەری دەپارێنەوە ، لە خەتاکانیان ببورێ ، بێجگە لە خوداش کێ لە گوناهان دەبورێ ؟ جا ئەوانە لەسەر کارێ کە زانیویانە هەڵەیە ، پێداگر نین .. ئەوانە پاداشیان لەلای پەروەرانیان لێبوردنەو باغاتێکە کە جۆباران بە بەریاندا دەرۆن وهەر لەو باغاتە دەمێننەوە ، بەهـ ! چەندە جوانە پاداشتی ئاکار چاکان .

یادی خودایان دەکرد و لەخۆیان دەپرسی : ئایا خودا لەم چرکەیە چی لێمان دەوێ؟ واتە: چ ئەرکێکمان لەسەر شانە لەم چرکەیەدا ؟ جا ئەگەر ئەرکەکە ئەم ئایەتە بوایە : ( فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالاخِرَةِ ) النساء/74. با ئەوانەی بۆ قیامەتێ دەس لە دنیایێ هەڵدەگرن ، بچنە خەزا لەرێی خودا

یادی خودا لێرەدا دەبوە مایەی جیهادکردن لە پێناو خودا.

ئەگەر ئەرکەکە : ﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ النساء/19: بـە تـەرزێـکی جـوان ورەوا دەگەڵیانا بجوڵنەوە . بوایە ، یاداوەری خودا دەبوە مایەی ئەنجامـدانی ئـەو فەرمانەی خودا بەرامبەر ژنان .

ئەگەر ئەرکەکە: ﴿ قُوا انفُسَكُمْ وَاهْلِيكُمْ نَارًا ﴾ التحريم/6 : خۆتـان و کەس و کاریشـتان لەئاگر بپارێزن . بوایە ئەوا یادکردنەوەی خودا دەبوە مایەی پەروەردەکردنی ماڵ و منداڵ بەپێی بەرنامەی پەروەردگار کە ڕەفتارەکانیان بەپێـی ڕێـکخەرە پەروەرگاریەکان ڕێکدەخاو هەسـت و بـیر و کردەوەشـیان بـۆ ئـەو شـتانە ئاراستە دەکا کە خودا ڕازی دەکا .

ئەگەر ئەرکەکـە ﴿ فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَالَيْهِ النُّشُورُ ﴾ الملك/15 : شـانە وشان تێیدا بگەڕێن ولە بژێوەکەی بخۆن ، هەستانەوەش بۆ لای ئەوە . بوایە ، داخوازی یادی خودا دەبوە ڕۆیشتن بە زەوی و داواکردنی بژێـوی خـودا لـە سنوری ئەوەی خوا حەلاڵی کردوە ، چونکە گەڕانەوە هەر بۆ لای خودایە ، جا موحاسەبەی خەڵک دەکا لەسەر ئەو کردەوانەی لە ژیانی دنیادا ئـەنجامیان داوە .

ئەگەر ئەرکەکە ﴿ طَلَبُ العِلمِ فَرِيضَةٌ ﴾ : زانستخوازی فـەرزە [48] . ئـەوا خواسـتی یادی خودا دەبوە کۆششێ بۆ داواکردنی زانسـت لەپێـناو ئاوەدانکردنـەوەی زەوی بەپێی بەرنامەی پەروەردگار ، جا زانستەکە زانستی شەرعی بوایـە کـە مرۆڤ حەڵاڵ وحەرامی پێ دەناسێتەوە وموباح ومەندوب ومەکروهی پێ لێـک جیادەکاتەوە ، یان زانستی وزەکانی گەردون بوایە ، بۆ وەدیهانانی ڕامکردنی پەروەردگار کە خودا هەرچی لـە ئاسمانـەکان و زەویـدا هەیـە بـۆ مرۆڤـی ڕامکـردوە : ﴿ وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الارْضِ جَمِيعًـا مِنْـهُ ﴾ الجاثية/ 13 : هەرچی لەناو عاسمانەکان و زەمیندان ، گش هی ئەون ، ئەو بۆ ئێوەی کـەوی کردون . ئەو ڕامکردنەشی بە هەوڵێکی زانستیانە نەبێ کە مرۆڤ خـەرجی کـا بۆ ناسینەوەی خاسیەتەکانی ماددە وزە هـەڵگیراوەکانی گـەردون وهـەوڵی جەستەیی لە گۆڕینی ماددەی خاو ووزەکان بۆ ئاوەدانیەک ئاتاجی خەڵک لە

[48] أخرجه ابن ماجة .

زەوی بێنێتە دی، هەروەکو لەسەرەوەی ئەمانەش جوانی وئارایشتیان بۆ دابین دەکا کە خودا بە موباحی داناون .

لە بەندی پێشو ئەو ئایەتە پیرۆزانەمان هێنایەوە کە خودای پەروەردگار تییێدا وەسفیانی کردوە ، لەگەڵ دەلالەتی ئاشکرایی ئەو ئایەتانە: ( انَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالارْضِ وَاخْتِلافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِاولِي الالْبَابِ . الَّذِينَ اذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالارْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ . رَبَّنَا انَّكَ مَنْ تُدْخِلْ النَّارَ فَقَدْ اخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ . رَبَّنَا انَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْايمَانِ انْ امِنُوا بِرَبِّكُمْ فَامَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الابْرَارِ . رَبَّنَا وَاتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلا تُخزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ انَّكَ لا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ . فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ انِّي لا اضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ اوْ انْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَاخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَاوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لاكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلادْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الانْهَارُ ثَوَابًا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ ) ال عمران/190-195 : لە ئافراندنی ئاسمانان و لە زەمیندا و ئاڵوگۆڕی شەو و رۆژان ، زۆر نیشانەی پتەو هەیە بۆ ئەوانەی کە خێوی دڵی وشیارن .. ئەوانەی ـ چ بە وێستاوی و چ لە جێوە ، بە دانیشتن ، چ لەسەر تەنیشت رادەزێن ـ هەر یادی خوا دەکەن ولە سازدانی ئەم عاسمانان وزەمینە رادەمێنن ، دەڵێن ئەی پەروەرندەمان ! تۆ ئەم دەزگایەت بە فیرۆ سازنەداوە ، پاکی وبێ عەیبی بۆ تۆیە ، هەر بۆ خۆشت لە ئازاری بەئاگرمان بپارێزە .. پەروەرانمان ! هەرکەس تۆ بیخەیتە ئاگر ، توشی شورەییت کردوە . ئەوانەی ناهەقیارن ، هیچ کەس دەهانایان نایە .. پەروەرانمان ! ئێمە بیستمان بانگ رایەڵێک بانگی دەکرد کە باوەڕی بە پەروەرندەتان بێنن ، ئێمەش باوەڕیمان هێنا ، سا بۆ خۆت ئەی پەروەرانمان ! لە گوناهانمان خۆش ببە وهەر خراپەی کردومانە ، وەیکوژێنەوەو دەگەڵ ئەوانەی پیاوچاکان بن مرێنە .. پەروەرانمان ! ئەو شتانەش بەئێمە رەوا ببینە کە لە زوان پێغەمبەرانتەوە بەڵێنت پێمان داوە ، شەرمەزاری رۆژی قیامەتمان مەکە . تۆ لە هەرپەیمانێ

بیدەیت لاریت نیە .. پەروەرانیان ئاوا بە دەنگیانەوە هات ، کە : مـن کـردەی هیچ مرۆیەک لەنێرو مێ بەبێ پاداش ناهێڵمەوە ، گشتو لەلای من چون یـەکن . ئەو کەسانەی لە زادی خۆ دەرکراون و لەڕێی مـن ئازاریـان دیـوەو چـونە خەزا ودژی منیان کوشـتبێ یـان بـە کوشـت چـوبن ، بێـگومانە گوناهیـان دەکوژێنمەوەو لە پاداشتی کردەوەیان دەیانخەمە نـاو باغاتێـک جۆباریـان بەبەردا دەڕوا ، کە ئەمە چـاکەی خودایـە دەربارەیـان ، کـە پاداشـی هـەرە باشیش وا لای خوایە.
دەلالەتیشی ـ هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد ـ ئەوەیە کە خـودای پـاک و بەرز وەڵامی تافکرین و لاوردبونەوە ونزا وملکەچی داوەتـەوە کـاتێ ئەمانـە هەموی بۆ کردەوە لە واقیعی ژیاندا گۆڕاون .
لەو شێوە ئاراستەکردنانەشی کە لە کتابی خوادا پەخشن ولە ڕێـنماییەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دا هاتون ، بڕوادارانینەوەی یەکەم ونـەوەکانی دوای ئـەوان تێگەیشـتن کـە پەرسـتنی داواکـراو لـە دروشمـەکانی بەندایـەتی کۆنابنەوەو لەوە فراوانتر وگشتگیرترن .
واش تێگەیشتن کە نوێژ و نوسک ـ واتە دروشمەکان ـ بریتین لەو پێـگەیەی مرۆڤ تێیدا هەنگاو دەنێ بۆ ئەنجامدانی پەرستنەکانی دیکە ، کە هەمو ژیان ، بەڵکو تەنانەت مردنیش دەگرێتەوە !
مردنیش بۆخۆی ناکرێ ببێتە پەرستن ، چونکە مرۆڤ تیایدا سەرپشک نیـە ، بەڵام مەبەستی ئەو ئایەتە پیرۆزەی دەفەرموێ : ( وَمَحْيَـاي وَمَمَـاتِي لِلَّـهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، لا شَرِيكَ لَهُ ) : ژین و مەرگم بـۆ خودایـە ، کـە راهێـنەری دنیـا هـەر خۆیەتی ، هیچ شەریکی نیە. ئەوەیە کە مرۆڤ کە مرد مشرک نەبێ بە خـوداو ئەمەش کـەمترین رادەیـە وا لـە مـرۆڤ دەکـا لـەمردنێ خوداپەرسـت بـێ ، بەرزترین رادەش ئەوەیە کە مردنەکەی شەهیدبون بـێ لەپێـناو خـودا .. کـە لوتکەی خوداپەرستیە ..
بەتەنیا بەهۆی ئەم بەرنامەیەش .. واتە بە جێبەجێـکردنی خوداپەرستنێـکی هەموگیری تەواو ، کە ژیان و مردن دەگرێتەوە ، مەبەستی بونی مرۆڤ دێـتە

دی وئەوکات مرۆڤ بەپێی توانای خۆی پەرستنی داواکراوی لەئاست خودا ئەنجامداوە
رەنگە ئەم واتایەش نامۆ یان بێدادانە بێتە بەر هەستی ( موسڵمانی هاوچەرخ) پاش ئەوەی چەندین نەوەیە راهاتوین کە وەک تاکڕێی پەرستنی داواکراو لە موسڵمان ، بڕوانینە دروشمەکانی بەندایەتی وئەگەر موسڵمانیش بەجێی گەیاندن هەمو پەرستنەکانی سەرشانی ئەنجامداوە و کەسێک بۆی نیە پتری لی داوابکات !
بەڵام سەرچاوەمان بۆ دیاری کردنی چەمکە ئیسلامیەکان دەمجی قورئان و سوننەت بێ ووانەی پراکتیکی دروستی قورئان وسوننەتیش وەک ئەوەیە کە نەوەی یەکەم مومارەسەیان کردوە وپێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم شایەدی بۆ داون کە لە هەمو سەدەکانی دیکە چاکترن : ( خَيْرُكُمْ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذي الِيهِ) [49] : چاکترینتان سەدەی منە و، پاشان ئەوەی دوای ئەمە . ئا ئەمە سەرچاوەیە .. نەک ئەو کەموکوڕی و لاڕێبون و گۆڕانکاریەی بەدرێژایی کاروانی ماژویان بەسەریان هاتوە .. دروستبونی کەموکوڕی یان لاڕێبونیش لەمیانەی ئەو کاروانە درێژە بەگوێرەی مرۆڤ شتێکی نامۆ نیە : ( عَهِدْنَا الَي ادَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسا وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا ) طه/115 : بەر لە ئێستاش دەگەڵ ئادەم پەیمانن بەست ، لەبیری کردو پێی نەکرا پێکی بێنێ .
بەلام سەیرە ـ لەو غەریبیەی ئەمڕۆ ئیسلام تێیدا دەژی ـ کە وانە راستەکە بە وانەیەکی چەوت بگۆڕدرێ ، پاشان مکوڕیش بین کە ئەمیان وێنە راستەکەیە ! جا ئەگەر یەکێک بێ و وانە راستەکەمان پیشان بدا هەر وەک لە قورئان وسوننەت وسەربردەی سەلەفی ساڵحدا هەیە ، بە تونرەو تۆمەتباری دەکەین و خۆمان ڕاست ناکەینەوە ! )

...............................

[49] بوخاری و موسلیم تەخریجیان کردوە .

## بەنـــدی سێیەم

# شـــەریعـەت

بۆ زاراوەی شەریعەتیش دەبێت ـ وەکو زاراوەی تـری قورئـان ـ بچـینەوە سەر فەرهەنگ و رێسا زمانەوانییەکان ولە رووی زاراوەییشـەوە بچـینە لای زانایانی شەرع تا بە چاکی لەم زاراوەش حالّی بین . لەبـەر ئـەوەی دکتـۆر عیمـان جمعـە چـمیریە زۆر بـاش و وورد لـەم زاراوە کۆلّیوەتـەوە [50]، بـە پێویستی نازانم هەمان رەنج بۆ پێناساندنی ئەم زاراوەیە تـەرخان کەینـەوە کە هەر دەشگەینەوە هەمان ئەنجام ، بۆیە باشتر وایە زیـاتر لـە باسـەکەس ئەوەوە نەقلّ بکەین :

( 1 )

الشريعة : کە رەگەکەی ( ش ، ر ، ع ) ـە ، بـە مانـای دەسـت پـێ کـردن بـە ئەنجامدانی شتێک کە بەردەوامی هەبێت ، وەکو :

ـ شرع الواردُ شَرْعًا : ئاوی بە دەم یەکسەر لـە ئەستێـڵک ( حـەوز ) ، چـۆم ، روبار ، دەریا خواردەوە .

ـ شرع المنزلَ : نزیک ماڵەکە کەوتەوە .

ـ شرع فلان يفعل كذا : فلان دەستی کرد بە کارەکە ..

ـ شرعَ الدِّينَ : رێبازی دینەکەی دانا. شَرَّعَ : زۆری روون کردەوە .

الشارعُ فيه : ئەوی دەستی کردووە بە ئەنجامدانی شتێک ، هـەروەها : ئـەوی یاساو رێسایەکی داڕشتووە ، هەروەها رێگای سەرەکی شار ..

الشرع : بەرنامەی رۆشنی رێگا ، ئەوی کە خوای گەورە کردوێـتی بـە یاسـاو رێسای کار بەڕێوە بردن . شرع و شرعە وشـریعە : هـەموویان هـەر هـەمان مانایان هەیە .

---

[50] گۆڤاری البيان ( لە لەندەن دەردەچێت ) ژمارە 163 ساڵی شازدەهەمی رەبیعی دووەمـی 1422ک / حوزەیرانی 2001 ز لا 110 ـ 118 .

**الشريعة :** هەڵ هێنجانی ئاوێکە کە هەم دیارە ( واتە وەک هی بیر نییە ) هەم کۆتایی نایەت . بزانە لەمەشەوەیە کە خوای گەورە دەستوورەکەی خۆی ناو ناوە شەریعەت تا ئاسان بەدەستەوە بێت و کەس بە لێ هەڵهێنجانی نەڵێ کۆتایی پێ دێت ! یەعنی بەردەوام بوونی بنەمای ئەحکامەکانی !
**المشروع :** یان شرعی : ئەوەیە کە بە پێی شەرعەو شەرع لایەنگیری دەکات .[51]

( 2 )

هەر وەک چۆن زمانەوانان بایەخیان بە ناساندنی ووشەی شەرع داوە ، زانایانی تەفسیرو زاراوە ناسێنەرانیش زۆریان بایەخ بە شی کردنەوەی داوە ابن منظور لە لسان العربدا دەفەرموێ :
ـ الشريعه : ئەوبڕیارە دینییانەیە کە خوای گەورە وەکو ئەحکام بۆ موسوڵمانانی دارشتووە ، وەکو نوێژو رۆژوو حەج و زەکات و کردەوە چاکەکانی تر ، لە شاطئ البحر : کەنار دەریاوە هاتووە ، لەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا ) الجاثية/18 واتە پاشان تۆمان خستە سەر رێبازو دەستوورێک ، دەتۆش شوێنی کەوە . هەروەها : (لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ) المائدة/48 واتە : بۆ هەر یەکەتان شەریعەت و بەرنامەی خۆییمان بۆ دیاری کردووە. لە تەفسیریدا ووتراوە: **الشِّرْعَة : الدِّين والمِنْهَاجُ : الطريقَة** ، واتە شەریعەت بریتییە لە دین و منهاجەکەش رێبازە .
هەروەها ووتوویانە کە هەردووکیان ( الشرعه والمنهاج ) هەر بە مانای رێ و رێباز هاتووە ، کە لێرەدا مەبەستی لە دینەکەیە ، بەڵام کە بە دوو ووشە دێت یەکیان جەختە لەوی تر ، بەڵام ئیبنو عەبباس دەفەرموێ : شرعه ومنهاجا : سبيلا وسنه ، واتە رێبازو شێوازی رەفتار ( دیدو هەڵوێست ). قەتادەش فەرموویەتی : ( الدين واحد والشريعة مختلفة ) واتە دینەکە یەکەو شەریعەتەکە جیاوازە ..

---
[51] معجم مقاييس اللغة / ابن فارس 262/3 ، الصحاح / الجوهري 1236/3 ، ترتيب القاموس المحيط 698/2 ، المعجم الوسيط / مجمع اللغة العربية / القاهرة 479/1 ..

الراغب الاصفهانیش لــه کتێــبی ( المفردات في ألفاظ القران ) دا دەفــەرموێ : (الشرع ، نهج الطريق الواضح : واتە شەریعەت بریتییە لە بەرنامــەی رۆشــنی رێ ، شەریعەت خۆی چــاووگە بــەڵام کــراوە بــە نــاوی رێــگاو رێــباز . لــە قورئانیشدا کە دەفەرموێ : ( ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا) ئاماژەیــە بــۆ دوو شت :

یەکەم : ئەو سیستم و رێسا گەردوونی و تەبیعەتەیە کــە خــوای گــەورە بــۆ هەموو مرۆڤێکی داناوە ، کە هەر یەکەیان لە لای خۆیانەوە لەسەری دەڕۆن و بەرژەوەندی یــەکتری بــە جموجوڵــەکانیان دەهێــننە دی و ســەر زەمینــیش ئاوەدان دەکەنەوە ، بۆ ئەم مەبەستەشە کە قورئان ئاماژە دەکات و دەفەرموێ : ( أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ) الزخرف / 32 واتە : چما ئەوان بەزەیی و روحمــی خواکــەی تــۆ دابــەش دەکــەن ؟! ، ئێــمە خۆمان هەموو شتێکی مایەی ژیانیــانی دنیایانمــان دابــەش کــردووەو پلــەو ووزەی هەندێکیانمان بەسەر ئەوانی تریاندا بەرزتر کردووە ، تا هەندێــکیان سوود لە پلەو پایەی جیاوازی یەکتری وەرگرن ، رەحمەت و بەزەیی خواکــەی تۆ باشترین شتێکە کە بۆ خۆیان کۆ وەکەن ..

دووەم : ئەو فەرمان و بڕیارە دینییانەیــە کــە مرۆڤــی ئاڕاســتە کــردووە بــە سەربەستی خۆیان بیگرنە بەر ، ئەمەش یاساو رێسای هەمە جۆرەو هــی وای تێدایە کە دەسڕێتەوەو لێی دەگۆڕێت ، یــان هــەر هــی تــری دێــتە شوێــن . بەڵگەی ئەمەش فەرمایشتەکەی خوایە کە دەفەرموێ : (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا) الجاثیة/18 یان : ( شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ ) الشوری/13 واتــە : بــۆ روون کردنەوەی دینەکە ئەحکامی شەرعی بۆ داڕشتوون . ئەمــەش ئاماژەیەکــە بــۆ ئەو بنەماو بنچینە دینییانەی کە هەموو میللــەتانی تێــدا یەکســانە ، وەکــو خواناسی سڕینەوە لەمانەدا نییە .

ئەبول بەقائول کەفەوی لە کتێبەکەیدا ( الكليات ) لــە پێناســەی شــەریعەتدا دەفەرموێ : ( زاراوەیەکە بۆ ئــەو ئــەحکام و بڕیــارە فەرعییانــە دانــراون کــە

کەسێتی باڵغی پێ دادڕێژرێت ، تا لە چانی هەردوو دنیایدا بە پێی ئەو ڕەفتار کات ، جا ئەم ئەحکامانە چ ئەو دەقانە بن کە خواو پێغەمبەری خوا دیارییان کردووەو ئەسڵن چ ئەوانە بن کە لێیانەوە جوێ بۆتەوە ، یان دەگەڕێنەوە سەریان .

شەرعیش وەکو شەریعەتە : بریتییە لە ئەنجامدان یان واز لێ هێنانی گوفتارو کردارێک کە پێغەمبەرێکی خوا فەرمانی پێ دابێت ، چ بە راشکاوی و راستەو خۆ فەرموو بێتی ، چ بە ماناو واتا یان لاوەکی دەری بڕیبێت ..

شێخی تەهانۆیی لە کتێبی ( کشاف إصطلاحات الفنون ) ەکەی خۆیدا ، ئاوا پێناسەی دەکا : الشریعە : ئەو ئەحکامانەیە کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی خۆی دیاری کردووەو بە پێغەمبەری خۆیدا ناردویێتی ، جا ئیتر پەیوەندییان بە چۆنیەتی کار کردنەوە هەبێت کە بە فەرعی و عەمەلی دەناسرێن ، یان بناغەی باوەڕن و بە ئیعتیقاد دەناسرێن : کە علم الکلامی بۆ داهێنراوە ..

دیسان شەرع بە مانای الدین والملـة‌ش هاتووە ، چونکە ئەو ئەحکامانە لەو رووەوە کە فەرمانی خوایین و پێوویستە وەرگیرێین ، دینن ، لەو رووەوەش کە بۆ خەڵکی دێت و بەسەریاندا دەخوێندرێتەوەو دەنوسرێتەوە ( الملە ) یە واتە بەرنامەو خەڵکەکەی ، ئەوەش کە شەرعییە لەبەر ئەوەیە کە شەرعی خوایە . بۆ دینەکە دەووترێت دینی خوای گەورە بەلام ئوممەت ( الملة ) و شەریعەتەکە دەکرێن بە هی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ، وەکو ئوممەتی موحەممەد و شەریعەتەکەی محمد الصطفی . یان جاری وا هەیە دینەکە بە بنەما سەرچاوە خوایییەکان دەناسێنرێن و شەریعەتەکەش بە ئەحکامە عەمەلییەکانی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم .

( 3 )

لە روانگەی ئەم دەق و پێناسانەوە کە لە زمانەوانان و زانایانی شەرعەوە نەقڵمان کرد ، کە دەڕوانینە ئایەتەکانی قورئان بۆمان دەردەکەوێت کە :

الشَّرع والشِّرعة والشَّريعة : ووشەی بەرامبەر یەکن و یەک مانا دەبەخشن و دەگەڕێنەوە سەر یەک مانای ئەسڵی . بەلام زاراوەی شەریعەت ، تەوەرە

**مانایه واته : هاوبەشێکی دەستەواژەیی ( لەفزی )یەو بە چەند لقە مانایەک دێت ، لەوانە :**

**1- شەریعەت : هەموو ئەو تەعلیماتانەیە کە خوای پەوەردگار بۆ یەکێک لە نێرراوانی خۆی ناردووە ، کە بریتین لە باوەڕو ئەحکامە عەمەلییەکان و ڕێساکانی ڕەفتارو ڕەوشت ، وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ : (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا ) الجاثية/ 18 واتە : پاشان تۆمان خستە سەر ڕێبازو دەستوورێک دەتۆش شوێنی کەوە . بە زاراوەی ئەم زەمانەی ئێمە دەبێتە (الفكر والممارسة ، يان النظرية والتطبيق ) چونکە شەریعەت بەم مانایە هەموو ئیسلامە**

**گشتییەکەیە ، چونکە ئیسلام دینی هەموو پێغەمبەرانە ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ کە بە مانای خۆ تەسلیم کردن و ملکەچی دەربڕینی بەندەیە بۆ خوای خاوەن وکردگارو پەروەردگار و هەروەها خواوویستی لە هەموو ڕەفتارێکداو دوورکەوتنەوە لە هەموو دیاردەو جەوهەرێکی شیرک ، کەوا بوو بەم مانایە شەریعەت یەعنی دین .**

**زاراوەی دین ، یان ئیسلام مانای لایەنی عەقیدەو لایەنی شەریعەت و ئەحکامە فەرعییەکان دەگرێتەوە ، لەم پێناسەوەیە کە دەڵێن : ئیسلام عەقیدەو شەریعەتە ، یان دەڵێن : عەقیدەو شەریعەت و ڕەوشتە ، ئەم ووشانەش هەست پێ دەکرێت کە هەموویان لێکەوە نزیکن ..**

**کەوا بوو شەریعەت : ئەو ئەحکامە دینییانەیە کە خوای پەورەدگار بۆ بەندەکانی دیاری کردووە ، واتە : قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر** صلى الله عليه وسلم ، **چونکە هەموو دینەکە بۆ ئەم دوو سەرچاوەیە دەگەڕێتەوە ، ئینجا دوو سەرچاوەی تری دینیی تریان دەخرێتە پاڵ کە کۆڕا ( ئیجماع ) و پێوان (القياس) ن .**

**تا ئێستا ئەم کورتەی باسەی سەرەوەمان ئەوەی روون کردەوە کە زاراوەکانی دین و شەریعەت و ئیسلام هەر پێناسەی یەک شتن .**

2ـ شەریعەت : بریتییە لەو ئەحکامە تایبەتییانەی کە بۆ هەر یەکێک لە پێغەمبەرانی خوا هاتووە ، کە ئەحکامی خوایی هەڵس و کەوت و مامەڵەو رەفتارن ئەمانەو ئەو ئاراستەو ئامۆژگاریانەی لەو پێغەمبەرەوە ـ سەلامی خوای لێ بێت ـ بۆ خەڵکی ناوچەکەی دەرچووە ، ئەم بەرنامەیەش بەم سیفەتەی لە پێغەمبەرێکەوە بۆ پێغەمبەرێکی تر دەگۆڕێت . چونکە هی هەر یەکەیان فەرمان و بەرهەڵستی گونجاوی کات و شوێنی خۆیان بوون . بۆیە دەبینیت شتێک لە شەریعەتی یەکێکیاندا حەڵاڵ بووە ، کەچی هەر هەمان شت لە شەریعەتی یەکێکی تریاندا حەرام بووە ، یان بە پێچەوانەوە ، وە هەروەها .. یان حوکمی شەرعی مەسەلەیەک لای یەکێکیان سووک و ئاسان بووە ، کەچی لای یەکێکی تریان قورس و سەخت بووە .. هەروەها شێوازی خواپەرستییەکانیان ، چونکە میللەتەکانیان بە پێی زەمان و شوێن و داب و نەریتیان جیاواز بوون ، بۆیە ئەحکامی خواپەرستی و مامەڵەکانیشیان جیاواز بووە ، بەڵام هەموو لە مەسەلەکانی عەقیدەدا یەکن . ئەمەش لێکدانەوەی هەندێک لە زانایانە بۆ ئایەتەکەی الجاثیة کە خوای گەورە دەفەرموێ : (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْـأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا ) الجاثية/ 18 واتە : پاشان تۆمان خستە سەر رێبازو دەستوورێک دەتۆش شوێنی کەوە . لەم روانگەیەشەوەیە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : ( أنَا أوْلَى النَّاسِ بِعيسَى ابنِ مريمَ في الدنيا والآخرة )[52] واتە من لە پێشترم من ( ئەحەق ترم ) لە عیسای کوڕی مەریەم وەک لە خەڵکی ، یان ئەو حەدیسەی کە دەربارەی سەییدنا موساو شەریعەتەکەی هاتووە کە دەفەرموێ : ( لَمَّا قَدِمَ رسولُ اللهِ صلَّى الله عليه وسلم المَدِينَةَ واليهودُ تَصُومُ يومَ عاشُوراءَ فَسَأَلَهُمْ فقَالوا هذا اليومُ الذي ظَهَرَ فيهِ موسَى عَلَى فِرعونَ فَقَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم نَحْنُ أَوْلَى بِمُوسَى مِنْهُم فَصُومُوهُ ) صحيح البخاري واتە : کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەشریفی هێنا بۆ مەدینە بینی جولەکان

[52] أخرجه البخاري : كتاب أحاديث الأنبياء ، باب ( واذكر في الكتاب مريم ) ج478/6 ژمارە ( 3443 ) ، مسلم / ژمارە ( 2365 ) .

رۆژانی عاشورا ( دەیەمی موحەڕەم ) بەڕۆژوو دەبن پرسیاری دەربارە لێ کردن ، ووتیان ئەمە یادی ئەو رۆژەیە کە خوای گەورە موسای بەسەر فیرعەوندا سەرخست ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : جا خۆ ئێمە لەوان لەپێشترین لە موسا ، دەی سا ئێوەش بەڕۆژوو بن . یان کە دەفەرموێ ( أنا أولى الناس بعيسى بن مريم في الدنيا والآخرة والأنبياء إخوة لعلات أمهاتهم شتى ودينهم واحد)[53] واتە : من لە دنیاو قیامەتدا لە پێشترم لە عیسای کوڕی مەریەم وەک لە خەڵکی ، پێغەمبەران هەموویان برای یەک توخمی یەکترن ، دینییان یەکەو دایکیان جیاوازە . ئیمامی ئیبنو حەجەر لە راڤەیدا دەفەرموێ : ( ومعنى الحديث : أن أصل دينهم واحد، وهو التوحيد وإن اختلفت فروع الشرائع . وقيل المراد إن أزمنتهم مختلفة)[54]) واتە : بنەمای دینەکەیان یەکە ، کە تەوحیدە با ئەحکامە فەرعییەکانیشیان لێک جودا بن ، هەروەها ووتراویشە : مەبەست لەوە ئەوەیە کە کاتەکانیان جیاواز بووە ..

کەوا بوو لەم روانگەیانەوە روون دەبێتەوە کە ئەسڵی دین یەکە ، بەڵام شەریعەت فرەیە ، یان وەکو دەڵێن : ( وحدة الرسالات وتعدد الشرائع )[55]

3ـ جاری واش هەیە بە هەموو ئەو ئاڕاستەو فەرمانانەی خوای گەورە دەوترێت شەریعەت کە بۆ هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی خۆی ناردووە ، چ مەسەلەکانی باوەڕ بن چ دروشمەکانی پەرستن یان رێساکانی رەفتارو رەوشت. چونکە بانگەوازی پێغەمبەرێک نابینیت لەم رووەوە جیاوازی لەگەڵ بانگەوازی ئەوانی تردا هەبێت . بۆیە خوای گەورەش دەفەرموێ : ( شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ) الشورى/13 واتە : یاساو تەعلیماتی دینی لەوانە بۆ داڕشتوون کە پێشتر بۆ نووحی داڕشتبوو ، هەروەها لەو وەحییەی

---

[53] هەمان حەدیسە .

[54] - فتح الباري(ج6 / 489)

[55] بڕوانە : حجة الله البالغة / الدهلوي 285/1 ، مجموع فتاوى ابن تيمية 112/19 ، الاسلام وعلاقته بالشرائع الاخرى / عثمان ضميرية لا 35 - 41 .

ناردمان بۆ ئیبراهیم و موساو عیسا که هەمووتان دینەکە پیادەکەن و لە سەری ناکۆک نەبن .

ئەم پێناسەی شەریعەت لێرەدا لە زۆر لایەنییەوە هەر لە پێناسەکەی پێشوو دەچێت ، چونکە مانای ئەم ئایەتەی دواییمان روونە کە دەفەرموێ هەمووتان دینەکە راگرن و پیادەی کەن ، چونکە دینەکە لای هەموویان هەر یەکە ، فەرمانی پیادەکردنی دینەکە- بە هەموو لایەنەکانییەوە ـ و ناکۆک نەبوون لەسەری ئەرکی سەرشانی هەموویانەو دەبێت هەموویان بە گوێڕایەڵی تەواوەوە رایپەڕێنن . ئەمەش بە ملکەچی تەعلیماتی خوایی دێتە دی ، کە تەنها بە گوێرەی ئاڕاستەی پێغەمبەرەکان جێبەجێ دەکرێت .

4- لەگەڵ رۆشنی ئەم مانا زمانەوانی و زاراوەییەی شەریعەتدا دەبینیت هەندێک لە زانایانی ئیسلام تایبەتییان کردووە بە باسە عەقائیدییەکان !! بە مەسەلەکانی ئیمان دەڵێن شەریعەت ! یان لەگەڵ مانا زاراوەییەکەی ( السُّنَّة ) دا تێکەڵییان کردووە ، وەکو الآجری ـ کە ساڵی 360 ک کۆچی دوایی کردووە ـ کتێبێکی لەسەر مەسەلەکانی باوەڕ بە گوێرەی دیدی ئەهلی سوونەت و جەماعەت نووسیووە کەچی ناوی ناوە ( الشريعة ) . یان ابن بطة العوکبەری ـ کە ساڵی 387 ک کۆچی دوایی کردووە ـ کتێبی ( الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية) ی نووسیووە ، کە تەنها باسەکانی ئیعتیقادی لەخۆ گرتووە ..

وا نازانم بۆچوونی ئەم دوو زانا بەڕێزەو لایەنگرانیان بوو بێتە رێسایەک بۆ پێناسەی شەریعەت ، چونکە پێناسەکە لە رووی زمانەوانی و زاراوەییەوە هەر ئاوا بوو کە لە بڕگەکانی یەک و دوو سێدا هێنامانەوە .[56]

( 4 )

پێناسەی هەموو زاراوەیەکی قورئانی یان حەدیسی لای زمانەوانەکان و زانایانی ئوسوڵی دین جیاوازی هەیە لە زانایانی فقهو ئوسوڵی فیقه ، دیسان پێناسەی ئەمانیش جاری وا هەیە جیاوازی هەیە لە زانایانی تەزکیەو

[56] بۆ زیاتر شارەزا بوون دەتوانرێت تەماشای ئەم کتێبانە بکرێت : الثبات والشمول في الشريعة / الدكتور عابد السفياني ، مدخل لدراسة العقيدة / عثمان ضميرية ، الزاهر في غريب ألفاظ الشافعي / الازهري .

تەربیەی رۆحی . بۆ نموونە زامانەوانێک کە پێناسەی ( نییـەت ) دەکـات لــە رووی زمانەوانییەوە سەیری دەکات ، هەقی بەسەر ئـەوەوە نییــە کــە کــابرا نییەتەکەی لە نوێژدا بۆ خوا بووە یان بۆ ریابازی ، یان کـابرای شــەرعناس وا پێناسەی نییەت دەکات کــە روکـنی پەرسـتنەکەیە ، هــەقی نییــە بەسـەر ئەوەوە مانای زمانەوانی چییە یان ئایا ئەو پەرستنە بۆ خوا دەکرێت یان بــۆ باسکردن و ناوهێنان . وە هەروەها ..

ئەمەی لە ســەرەوە باسمــان کـرد پێناســەی شــەریعەتە لای زمانــەوان و زانایانی ئوسولّی دین ، بــەلاّم شەرعناســان ( الفقهاء ) و زانایــانی ئوســولّی فیقە پێناسەی جیاوازییان بۆی هەیە ، چــونکە جــاری وا هەیــە شــەرع لــە زاراوەی شەرعناساندا بە داوەری دەلّێن ( القضاء ) ، واتە بڕیارو حوکمی قازی . جاری واش هەیە مەبەستیان لەوەیە کە ئەو باسە بواری ژێری نییە ، وەکـو دەلّێن نوێژ فەرزە . ئەمە بە شەرع فەرز بووە نەک بە ژێری ..

( 5 )

دەربارەی پەیوەندی زمانەوانی و زاراوەیی ووشەی شــەرع راغب الاصفهاني دەفەرموێ : ( هەندێک دەلّێن : بۆیە ووتراوە شەریعەت چونکە بە ئاوی جاری شوبهێنراوە ، کە هەم لێی دەخورێتەوەو هەم پێی پاکژ دەکرێتەوە ، مەبەسـتم لەوەیە کە هەندێک حەکیمان ووتوویانە : هەر لێـم دەخــواردەوەو تینوێـتیم نەدەشکا ، کە خوای گەورەم ناسی تێراو بووم ، بۆ پاگژییەکەش ئەوەیــە کــە خوای گەورە دەفەرموێ : ( إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّـرَكُمْ تَطْهِيرًا) الاحزاب / 23 واتە : ئەی ئالوبەیت ، خــوای گــەورە دەیەوێـت پیســی و پۆخلّێتان لێ بکاتەوەو پاکتان کاتەوە .[57]

وەکو هەموو زاراوەیەکی تری قورئانی ، هەموو توێژەرەوەیەک هەسـت بــە پەیوەنــدی نێــوان مانــا زمانــەوانی و زاراوەییــەکانیان دەکــات ، زاراوەی شەریعەتیش هەر وایە ، چونکە تێبینی دەکرێت کە :

---

[57] المفردات / لا 450

ـ شەریعەت ڕێبازێکە خوای گەورە دیاری کردووە ، ئـەو ڕوونی کردۆتـەوە ، ووتیشمان کە شرع الدین : یەعنی دیاری کردو ڕوونی کردەوە ، شارع : یەعنی ئەو کەسەی دەستی پێ کردووە .

ـ شەریعەت یاساو بەرنامەیەکی ڕوون و ئاسـانە ، خـوای گـەورەش باسـی قورئـانی ـ کـە سەرچـاوەی شـەریعەتەکەیە ـ بـەو سـیفەتە کـردووە کـە دەفەرموێ : ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِـن مُّـدَّكِرٍ ﴾ المدثر/ 32 واتـە : ئێـمە قورئانمان بۆ یادخستنەوەی هەموان ئاسان کردووە ، دەی کوا ئـەو کەسـەی یادی دەکەوێتەوە. دیسان سوننەتەکەی پێغەمبەریش صلى الله عليـه وسـلم هـەر ڕوون کردنەوەی قورئانەکەیە .

ـ وەک چۆن کەناری ئاوی ڕوبارو دەریا شوێنی هەموانی لـێ دەبێـتەوە بـۆ خواردنـەوەو هەڵهێـنجان و خـۆ شـتن ، ئـەحکامی شـەریعەتەکەی خـواش تینوێتی هەموان دەشکێنێت و هەموو کەسێک وەڵامی پێداوویستییەکانی خۆی و نزیکانی تێدا دەبینێتەوە ، بواری لێ هەڵهێنجانی زۆرەو بەردەوامە ..

ـ مانایەکی شەریعەت ڕێی پان و پۆڕو بەرنامەی ڕاسـت بـوو ، شـەریعەتی خواش ڕێبازێکی ڕاستە ، ژیانی خەڵکیش بەو نەبێت ڕاست نابێتەوە ..

ـ وەک چۆن ئاوی ڕوبارو دەریا کەرەمی خۆی وگەش بوونەوەو بوژانەوە بـە هەموو کەسێک ـ بێ جیاوازی ـ دەبەخشێت ، ئەحکامی شەریعەتەکەی خواش هەر وایە ، هەموو لایەک ـ بێ جیاوازی ـ دەگرێتەوە ، کەسیش بۆی نییە لێی لا دات ، ئەمەش مانایەکی تری زمانەوانی شەریعەتە ..

( 6 )

ئەمما پەیوەندی نێوان شەریعەت و فیقهـ ، دەبینین هاومانان ، وەکو یەکن ، مەگەر گشتی و تایبەتێتی ( عموم و خصوص ) بگەیـنن .. چـونکە فیقـهـ لـە ڕووی زمانەوانییەوە ، بریتییە لە : تێگەیشتن و پەی بردن بـە شتێـک ، یـان حاڵی بوون لە مەبەستی قسەیەک ، بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە بریتییە لـە : شارەزا بوون لە دین ، زانـینی ئەحکامـەکانی شـەرع ، بۆیـە ئیمـامی ئـەبو حەنیفە ـ رحمـه الله ـ لە پێناسەیدا فەرمویەتی : ( زانینی نەفسە ، چی هەیـەو

چی لەسەرە ) واتە چی بەسوودە بۆی و چی زیانبەخشە بۆی . ئەمەش ئەحکامەکانی عەقیدەو مامەڵەو رەفتارو رەوشت دەگرێتەوە .. بەڵام زانایان دوایی ئەم باسانەیان لێک جودا کردۆتەوە ، ئەوی باسی باوەڕە ناویان ناوە عەقیدە ، ئەوی پەرستنەکان و مامەڵەیە ناویان ناوە فیقه ، ئەوی باسی رەفتارو رەوشتە ناویان لێناوە تەزکیە ، یان سۆفێتی .. بەڵام ئیمامی ئەبو حەنیفەی رەحمەتی ـ کە یەکەمین پێشەوای ناسراوی فیقهە ـ یەکەمین نووسینی لەسەر عەقیدە بوو کە ناوی نابوو ( الفقه الاكبر )[58] .

کەوا بوو پەیوەندی نێوان شەریعەت (بە مانا گشتیەکەی کە بە مانای دینە) کە لە لای زانایانی سەلەفیش شارەزا بوون بووە لە ئەحکامەکانی دین ، بە یەک مانان .. ئەمما لای زانایانی خەلەف و تا ئێستاش ئەوەیە کە شەریعەت بریتییە لە ئەحکامە فیقهییە فەرعییەکانی پەرستن و سەوداو مامەڵەو جەنگ و ئاشتی و ..هتد دەگرێتەوە .. کەوابوو شەریعەت گشتییەو فیقه تایبەتییە .

ئەوە ماوە بیڵێین کە ئەوەی لەسەر زمانی بیرمەندو سیاسەتمەدارو کەسایەتییە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ دەیبیستین کە داوای چەسپاندنی شەیعەت دەکەن ،مەبەستیان مانا بەرفراوانەکەی شەریعەتە ، کە ئەحکامەکانی کوفرو ئیمان و پەرستنەکان و سەوداو مامەڵەو سیاسەتی شەرعی و ئیدارەی وەزارەت وخیلافەتیش دەگرێتەوە .. کە سووریشن لەسەر ئەوەی موسوڵمانان لە وەرگرتن و وەرنەگرتنیدا سەرپشک ( موخەییەر ) نین ، لەبەر ئەوەیە کە شەریعەت ئەوە نییە کە هەندێک ناحەزو نەزان دەیانەوێت بڵێن کە شەریعەت بریتییە لە دیدو بیرو یاساو رێسای زانایانی ئیسلام خۆیان ، ئەوان ووتوویانە ئەوە حەڵاڵەو ئەوە حەرامە !! نەخێر ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلام ـ پێش هەموو شتێک ـ دەقەکانی قورئان و حەدیسن ، ئینجا کۆڕای یاوەران و زانایانی ئیسلام ، ئینجا پێوان لەسەر ئەو بنەمایانە

بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیسلام شەریعەت ـ بە مانا گشتیەکەی ـ دەستووری حوکم بوو ، سەروەری دەسەڵات هی ئەو بوو ، حاکم و مەحکوم

[58] بڕوانە تەفسیلی ئەمە لە کتێبی : مدخل لدراسة العقيدة / عثمان الضميرية لا 75 بە دواوە .

ملکەچی ئەو بوون ، هەر کەس لێی لادایە بەر سزا دەکەوت ، گەر نەشتوانرایە لەسەری تەتبیق بکرایە ، دەبوغزێنرا ، زۆر هەڵوێست و کـەس بـە خـاریجی بازنەی دین و ئوممەتەکـەی دەژمێـرران .. چـونکە کـەس بـۆی نـەبوو لـە شەریعەتەکەی خوا لادات و بچێتە سەر یاسای پێچەوانەی شەرع ، هەر کـەس وای بکردایە دەستبەجێ بە کافریان دادەنا .. ئـەم دیـدو نەریتـە تـا سـەدەی نۆزدەهەمی زایینی بەردەوام بوو ، تا ئەو زەمانەی کە یاسای رۆژئاوا بە سەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپێنرا [59]، ئینجا ووردە ووردە تـەنگ بـە شـەریعەتی ئیسلام هەڵ چنرا ! تا خزێنرایە ناو ئەحکامەکانی مارەیی و تـەڵاق و مـیرات لە دادگا !! لە دوای رمانی دەوڵـەتی عوسمـانیش لـە 1924 لـە زۆر شوێـن ئەمەش هەر سڕایەوە !! بەم پێیە شەریعەتەکەی خوا بە مانـان گشـتیەکەی (عەقیدەو پەرستن و ئەحکامی فیقهـ و سیاسەتی شەرعی ) نـەما ، بـە مانـان تایبەتییە تەسکەکەی فیقهیش نەما ! هەرچەندە هەر پێڕەو کـردنی ئـەحکامی مارەیی و تەڵاق و میراتی مابوو .. ئێرە بواری ئەوە نیە کە ئەوە بـاس کـەین کە چۆن دواتر لەگەڵ دروست بوونی ( یـان راسـتتر بڵێـین : لـەت بـوونی ) دەوڵەتێک دەبوو دەقاو دەق یاسای یەکێک یان دوان یان زیاتر لە دەستووری وولاتانی رۆژئاوا بکرێتە سەرچاوەی یاساو رێسای وولاتی نوێ ! ئێرە جێـی ئەوە نییە باسی چۆنیەتی دارشتنی دەسـتووری تورکیـاو میسـرو لوبنـان و ئینجا سوریاو عێراق و وولاتانی تر باس بکەین ، ئەوە یەکێکی وەکـو دکتـۆر عبدالرزاق السنهوری کە پێی دەوترێت باوکی دەستوورە عەرەبییـەکان ، ئـەو لە کتێبەکەی خۆیـدا ( الوسیط ) بـاس لـەوە دەکـات کـە چـۆن دەسـتووری فەرەنسی و ئیتالی کۆن و ئینگلیـزی و ئـەڵمانی و سویسـری و نەمسـاوی و

[59] هەندێ کەسی گێل یان ناحەز دەیەوێت پێمان بڵێت کە زانایانی ئیسلام خۆیان بەرپرسن لە کەناردانی شەریعەت ، بەڵام ئەمە بەراستی بوختانە ، محمد رەشیدی رەزای رەحمەتی لە کتێبەکەی خۆیدا ( تاريخ الاستاذ الإمام محمد عبده ) لە بەرگی یەکەم لاپەڕە 620 دا دەفەرموێ : (خدێوی ئیسماعیل بە روففاعە الطهطاوي ووت : کە ئەوروپا ناچاریان کـردووم کـە هـەر دەبێت یاساکانی ئەوان بهێنمە وولاتەوەو رێ بدەم ئەو تەتبیق بکرێت ) ! .

ئیسپانی نویٚ و پورتوغالی و هۆڵەندی و تا دەبێتە بیست دەستوور ! بوونە سەرچاوەی سەرکی دەستوری تونس و مەراکیش و لوبنان و وولاتە عەرەبییەکانی تر ![60]

ئەمە تین و فشارێکی دەوڵەتانی کوفرە لەسەر ئەهلی ئیسلام و هەر بەردەوامە ، ئەوەتا ئاخر گوێبادان لە تەمەنی خۆماندا دەبینین ، کە دەستنووسی دەستووری عێراقە ، ئەمریکاییە داگیر کەرەکان نووسیویانەو بە هۆی سەفیەرکەیانەوە لە عێراق ( زەلمای خەلیل زاد ) داویانە بە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق ..[61]

بە هەر حاڵ ئەوەی ئێمە لەم کورتە باسەکاندا مەبەستمانە ئەوەیە کە شەریعەت بوارێکی تەوحیدو شیرکە ، وەک چۆن وەرگرتن و راپەڕاندنی شەریعەتەکەی خوا ( بە هەر دوو مانا گشتگیرو تایبەتییە فقهیەکەیەوە ) یەکخواپەرستییە ، بە هەمان شێوەش وەرنەگرتن و رەفز کردنەوەی حوکم و داوەری بردنە لاشی شیرک و کوفرە . ئەمیش کەمێک روون کردنەوەی دەوێت :

**دوو روکنەکەی شەریعەت :**

ئیسلام کە یاساو رێساکانی ناو لێ دەنێت : شەریعەت ، مەبەستی لەو شەریعەتە دوو روکنە :

**1ـ تەسلیم بوون بەوەی کە تەنها خوای گەورە مافی یاساو رێسا دارشتنی هەیە** : قەناعەتی تەواو بەوەی کە تەنها خوای گەورە مافی یاساو رێسا دارشتنی هەیەو دەسەلاتی سەروەری هەر بۆ شەریعەتەکەی ئەوە چونکە تەنها ئەو مافی حاکمێتی هەیە ، ئەمەش لە داواکارییە بەڵگەنەوویستەکانی عەقیدەی ئیسلامە ، موسوڵمان باوەڕی وایە کە سەروەری بۆ غەیری شەریعەتەکەی خوا نابێت بۆ

[60] الوسیط / الدکتۆر السنهوری 1/ 62 هەروەها : فلسفة التشریع في الاسلام / صبحي المحمصاني ل 926 .

[61] ئەمەش نهێنییەک بوو دکتۆر مەحمود عوسمان ( کە سیاسەتمەدارێکی سەربەخۆی کوردەو ئەندامی ئەو لیژنەیەو پەرلەمانی عێراق بوو ) لە 2005/8/17 دا ئاشکرای کردو هەموو لایەکی فەزح کرد ..

هیچ یاساو ڕێسایەکی تـر تـەرخان بکرێـت ، چـونکە مەرجەعییـەتی هـەموو ئاڕاستەیەکی ژیانی تـاک و کۆمەڵگـەی موسـوڵمان هـەر دینەکـەی خوایـە ، موسوڵمانان رایان لەسەر ئەمە کۆیەو کەس لە زانایان ناکۆکی لـەم بابەتـەدا لەگەڵ ئەوانی تردا نیە ، هەموو هەر دەڵێن شەرع حاکمەو داوەری موسـوڵمانان ـ لەسەر هەر شتێک ناکۆک ببن ـ هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەو .. لەم روانگەوەیـە کە دەبینین ناوکۆیی و ناکۆکی سەرەکی نێوان حاکمەکانی جیهانی موسوڵمانان و گـرووپ و کەسـایەتییە ئیسـلامییەکان ، ئـەم مەسـەلەیە ، سـوور بـوونی موسوڵمانان و بەردەوام داواکردنییان لە حکومەتەکان کە هەڵوێسـتی خۆتـان روون بەیان کەن و بگەڕێنەوە سەر شەرع و ئەو بچەسپێنن .. ئەم حکومەتانـەی بەسەر جیهانی موسوڵماندا سەپێنراون : کەوتوونەتە بارودۆخێکی ناخۆشـەوە ، وان لە نێوان دوو هەڵوێستدا ، میللەتەکانیان داوای چەسـپاندنی شـەریعەتی ئیسلامیان لێ دەکەن و رۆژئاواش ـ کە هێناونێتییە سەر حوکم و کورسیەکانیا دەپارێزێت ـ داوای عەلەمانییەت و دوور خستنەوەی ئیسلام و موسـوڵمانانیان لێ دەکەن .. ئەمانیش هەر لە رەنجی ئەوەدان بـە دووڕوویـی خۆیـان لەنگـەر راگرن !! دەیانەوێت هەردوولا رازی کەن ، ئەمەش شتێکی مومکین نییە ، مومکین نییە کەسێک بتوانێـت خـواش رازی کـات و شـەیتانیش .. بۆیـە شێـخ صلاح الصاوي دەفەرموێ : ( ئەم مەسـەلەیە زۆر دژوارە ، جیددیـەو جێـی گاڵتـەو گەپی تێدا نابێتەوە حەقەو جێی گومانی تێدا نییە ، روون و ئاشکرایەو بـواری دید لێڵی و تەم و مژی تێدا نییە ، ئەمـە دوو ڕێـیانی نێـوان کـوفرو بـاوەڕە ، سـنووری نێـوان یەکخواپەرسـتی و زۆرخواپەرسـتییە ، ئەمـە ئـەو مەیـدانی دەبەڕێک راچوونەیە کە دوژمنـانی ئیسـلام رایانکێشـاوینەتە ناویـەوە ، کـە سوورن لەسەر ئەوەی دینەکـەمانی تێـدا ببەزێـنن ، سـوورن لەسـەر ئـەوەی شەریعەتەکەمانی تێدا بدەنە بەر گورزی قـینی هەندێـک لـەو بەزیوانـەی لـە تیرەی خۆمانن و بە زمانی خۆمان قسە دەکەن وبە هیوای کەنار خسـتنی ! بـێ ئەوەی ئەوانەی پشتی پەردە دلۆپە خوێنێک بڕێژن !!

ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە هەڵوێستی جەماوەری موسوڵمانانەوە هەیە بەرامبەر بە مەسەلەی چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام ..

دژواری ئەم مەسەلەیەش لەوەوە دێت کە پەیوەندی بە حوکمێکی بچوکی شەرعەوە نییە ، وەکو هاندانی خەڵکی لەسەر ئەنجامدانی فەرزێک یان جێبەجێ کردنی سوننەتێک ، یان بەرهەڵستی کەسێک لە حەرام خواردنێک یان ئەنجام دانی گوناحێک ، بەڵکو پەوەندی راستەو خۆی هەیە بە بنەماکانی دین ، بە بناغەکانیەوە ، بگرە بە دژوارترین و گرنگترین بنچینەیەوە ، راستەوخۆ پەیوەستە بە شایەتمانەکەوە ، بە سەرەتای هاتنە ناو ئیسلامەوە ..

بابەتی ئەم نووسینە پەیوەندی بە باوەڕی پێویست ( الایمان الواجب ) ەوە نییە کە خەڵکی لە هەبوونیدا سێ پلەن : ئەوی ستەمی لە نەفسی خۆی کردووە ، ئەوی مام ناوەندییە ، و ئەوی بە پشتیوانی خوا پێشبڕکێیەتی بۆ کاری چاکە . بەڵک پەیوەندی بە یەکخواپەرستییەوە هەیە ، ئەو جۆرە یەکخواپەرستییەی کە هەر لەسەرەتاوە ئیسلامەتی لەسەر ئەو نەبێت ، دانامەزرێت . ئەوەی کە خەڵکی بە گوێرەی هەڵوێستیان لێی دەبنە دوو پۆل : کافرو موسوڵمان . ئەوی لە هەر کەسدا هاتە دی ئەوە موسوڵمانەو ئەوی تێیدا نەهاتە دی ئەوە ئیسلامی کەنار خستووەو کافر بووە .

ئەم باسە کێشەی بوونی ئیسلامەتییە ، هەر ئیسلامەکە خۆی ئەمەیە وەرگرتنی حاکمێتی و مافی شەرعنووسی خوای پەروەردگار یەعنی قبولْ کردنی ئیسلام ، دوو دڵی و دڵە راوکەو راڕاییش لە قبولْ کردنیدا یەعنی دوو دڵی و راڕایی لە وەرگرتنی خودی ئیسلام خۆی . )[62] .

ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ : ( مرۆڤ کە حەرامێکی لەوانە حەڵاڵ کرد کە کۆڕا ( ئیجماع ) ی لەسەرە ، یان حەڵاڵێکی لەوانە حەرام کرد ، یان شەرعێکی گۆڕی کە کۆڕای لەسەر بوو ، ئەوە بە ئیتتیفاقی زانایان و شەرعناسان کافرەو مورتەددە ، چونکە ئەو ئایەتە لەسەر رایەک لە دوو رای

[62] الدكتور صلاح الصاوي : تحكيم الشريعة وصلته بأصل الدين / دار الاعلام الدولي - القاهرة 1992/1 لا 3 .

زانایان لەسەر ئەوە هاتۆتە خوارەوە کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ) المائدة/44 واتە : هەر کەسێک بەوە حوکم نەکات کە خوا ناردویێتیە خوارەوە ، ئەوانە کافرن .[63] هەروەها دەفەرموێ : ( هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەر کەسێک قەناعەت و باوەڕو ئیعتیقادی وا نەبێت کە حوکم کردن بەوەی خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە واجبە ، کافر دەبێت ، هەر کەسێک دیدو بۆچوونی خۆی بۆ داوەری و چارەسەری ناکۆکی خەڵکی بە دادپەروەرانە تر ببینێت وەک لەوەی خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە ، ئەوە کافرە . )[64] . لە جێیەکی تریشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو دەفەرموێ : ( ئەوی وەسفی شت بە حەڵاڵ و حەرام دەناسێنێت ، هەر خوای گەورەیە ، هەر وەکو ئەوی کە پاداشت و سزا بۆ کارو کردەوەی چاک و خراپ دیاری دەکات ، هەر خوای پەروەرگارە ، لەمەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە هەر کەسێک لە کێشە سەرەکییەکاکاندا بە غەیری حوکمی خوای گەورە داوەری بکات پێی کافر دەبێت ، وحوکمەکەی مورتەددە ، چونکە ئەو جۆرە کێشانە بە غەیری شەریعەتی ئیسلام نابێت حوکم بکرێن ، هەر کەسێک بە پێی یاسایەکی تری غەیری شەرعی ئیسلام بڕیاری لەسەر دان ، ئەوە پێچەوانەی خواو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم حوکمی کردووەو خۆی کردووە بە شەریکی خوای گەورە )[65].

لەگەڵ ئەوەشدا کە مافی یاسادارشتن و حاکمێتی کە هی خوای گەورەیە لە بەڵگەنەوویستە سەرەکیەکانی ئیسلامە ، لە داواکارییەکانی شایەتمان و موسوڵمان بوونە ، کەچی زۆر موسوڵمان دەبینین لێی بێ ئاگان ! یان گوێی نادەنێ ! چونکە هەر لە دینەکەدا دید لێڵ و بیر وێڵن ، یان کەوتوونەتە ژێر پاڵەپەستۆی ئەم شارستانێتییە رۆژئاواییە و تووشی شکستی دەروون و غیرەت پواوی بوون ! ئەگینا ئاخر چۆن موسوڵمان دەتوانێت کۆمەڵگەکەی

[63] ابن تيمية : مجموع الفتاوى ب2،267 .
[64] ابن تيمية : منهاج السنة النبوية ب22/3 .
[65] ابن تيمية : مجموع الفتاوى ب 35 / لا 357 .

ئیسلامی راگرێت له کاتێکدا که مافی یاساو رێسا دانان بداته دەست حاکمانێک که به ئاشکرا رەفزی دینەکەی خوایان کردۆتەوەو شەریعەتەکەیان خستۆته کەنارەوه ؟! چۆن موسوڵمان دەتوانێت کۆمەڵگەیەکس دادی خوایی پێکەوەنێت که لەولاوه حاکمه کافرو مورتەددەکان بە دەسەڵاتی سیاسی و توانای ئابووری و چەپۆکی سوپاو موخابەراتیانەوه دەیڕوخێننەوه .. شاعیر دەڵێ : متى يَبلغُ البنيانُ تمامَهُ اذا كُنْتَ تَبنيهِ وغيرُكَ يَهْدِمُ ؟!

واته : ئەرێ کەی ئەم کۆشکەی تۆ دەگاته کۆتایی ، که تۆ هەر بنیاتی دەنێیت و کەسانی تر دەیڕوخێننەوه ؟!

موسوڵمان هەر لەسەرەتای باوەڕ هێنانیەوه ، قەناعەتی تەواو بەوه دەهێنێت که ئەوی فەرمان دەکات و بەرهەڵستی دەکات ، ئەوی حەرام و حەڵاڵ دیاری دەکات ومافی لێپرسینەوەو موحاسەبه کردنی ووردو درشتی هەیه ، هەر خوای پەوەردگارەو بەس ، چونکه مادام خوای گەوره کردگاره ، شایانی پەرستنه ، مادام شایانی پەرستنه ، دە هەر ئەویش مافی دیاری کردنی بەرنامەو شەریعەتی هەیه ، ئەوه نییه خوای گەوره له سورةتي الانعام / 57 و یوسف / 40 دا دەفەرموێ : ( إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ ) حوکم کردن هەر بۆ خوایەو بەس هەروەها : ( أَلاَ لَهُ الْحُكْمُ ) الانعام / 62 واته : به تەئکید حوکم کردن هەر بۆ ئەوه ، له الأعراف/ 54 یشدا دەفەرموێ : ( أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ ) بەڵێ وەک ئەو خوڵقاندوێتی هەر ئەویش فەرمان دەردەکات .. له سورەتی الكهف / 26 یشدا جەختی لێ دەکاتەوەو دەفەرموێ : ( وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا ) هیچ کەسێک له حوکم دەرکردنی خۆیدا هاوبەش ناکات . ئەمەش یەعنی : ( هەر کەسێک یاسایەک یان بڕیارێکی پێچەوانەی شەریعەتەکەی خوای گەوره بۆ خەڵکی بدات ، ئەوه خۆی له پەروەردگارێتیدا کردووه به هاوبەشی خوای کردگار ، چونکه خۆی لەگەڵ خوای گەورەدا کردۆته داوەرو چارەسەری ناوکۆیی خەڵکی به راو دیدی خۆی کردووه . ) [66] شێخ ابن عپیمین که له گەورەی

[66] عبدالقادر بن عبدالعزيز : الهادي الى سبيل الرشاد / دار المجاهدون - القاهرة 1995 .

زانایانی وولاتی حەرەمەینە دەفەرموێ : ( مافی یاسا دانــان و حاکمیــتی لــە داواکارییەکانی پەروەردگارێتی خوای گەورەن .)[67] ..

مامۆستا احمد فائیز لە کتێبەکەیدا ( طریق الدعوة في ظلال القرآن ) بەشێکی لە ( في ظلال القرآن ) ەکــەی ســەیید قــوتبی رەحمــەتی دەربــارەی ئــەم باســە هێناوەتەوە ، بەناوی ( لا مشرع الا الله ) ، تێیدا دەفەرموێ :(مانای دین ئــاوا دیاری دەکرێت ، ئاوا پێناســەی بــاوەڕو ناســینی ئیســلام روون دەبێــتەوە ، سیستمی کۆمەڵگەی موسوڵمان بەوە دەناسرێتەوە ، بەرنامەی موسوڵمان لــە ژیانیدا ئاوا دیاری دەکرێت ، ئاوا دەردەکەوێت کە ئیمان بریتی نییە لە چــەند نوێژو رۆژوو پەرستنێکی تر ، بەڵکو لەگەڵ ئەم دروشمانەی خواپەرستنیشداو پێش ئەمانەش ، ئیسلام بریتییە لــە خواناســی و خوداویســتییەک لــە دڵ و دەروونەدا دەچەسپێت ، بریتییە لە سیستمێــک حــوکم دەکــات ، بەرنامەیەکــە دەخرێتە گەڕ ، سەروەرییەکە ملکەچی بۆ دەردەبڕرێت ، بارودۆخ و حاڵەتێــکە لــە دیــدو روانگەیــەکی دیــاری کــراوەوە هــەڵ قــوڵاوە ، هــەر وەکــو کــە سەرکردایەتییەکی دیاری کراویشە ، ئیسلام بــە بــێ ئەمانــە ئیســلام نییــە ، کۆمەڵگەیەک بە بــێ ئەمانــە چــۆن خــۆی بــە موســوڵمان دەزانێــت ، چــۆن موسوڵمان لەملاوە پەرستنەکانی تەنها بۆ خــوای خــاوەنی ئــەنجام دەدات و کەچی لەولاشەوە سیستمی حوکم و رێســای ئــابوری و دائــیرەو دەزگاکــانی کۆمەڵایەتی و ئیداری خۆی نامۆ بە ئیسلام دەهێڵێــتەوە ، نابێــت ، ناشێــت ، ناکرێت .. هەر هەموو ئەمانە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچــاوە ســەرەکییەکەی خواوویستی ، دەبێت هەر هــەمووی بێــتەوە چوارچێــوەی دینەکــەو لەســەر بناغەی ئیمان و ئیسلامەکە بنیات بنرێنەوە ، هەر دەبێت بەو شێوەیەش بێــت کە خوای پەورەدگار وویستوێتی ، چونکە ئەمانە هەر سیستم و نەزم و دائیرە دەزگایەکی رووت نــین ، ئەمانــە هــەر هــەمووی لــە داواکراوەکــانی ئیمــان وئیســلامەتین ، ئەمانــە لازم و مــەلزومی شــایەتمانن ، دەبێــت ئاڕاســتەی هەمووشی هەر لەو سەرکردایەتییە پێشەوایەشەوە وەرگیرێت و بەس ..

---

[67] ابن عثيمين : المجموع الثمين ب1 / 33 .

ئەمە کێشەی یاسادانان و حوکم و داوەرییە ، لە پشت هەر سێکیشیانەوە مەسەلە سەرەکیەکەی شایەتمانە : خوایەتی خوای گەورە ، تەوحید وئیمان .
لە راستیدا ئەمانە هەمووی هەڵوێستە لەو پرسیارە سەرەکییەی دین و دینداری : ئایا حوکم و شەریعەت و داوەری دەبێت بە پێی بەیعەتی خوای گەورەو بە گوێرەی شەریعەتەکەی ئەو بێت کە بەڵێنەو لە گەردنی مرۆڤدایە ، بە پێی ئەو دینە بێت کە بە پێغەمبەراندا یەک بە دوای یەکدا بۆ مرۆڤایەتی ناردووە ، تا خەڵکی هەڵێنێن بۆ ناسینی خواو پەرستن و وەرگرتنی پەیامەکەی ، ئایا دەبێ حوکم و شەرع و داوەری لە پەیامی خواوە بێ ، یان دەبێت بدرێتە بەر گێژاوی هەواو هەوەسی تێکچرژاوی هەندێ کەس ؟! دەبێ بە پێی شەریعەتی خوا بێت یان بە پێی بەرژەوەندی خەڵکی کە هەر خەڵکانێکی تر بۆیان دیاری دەکەن ؟! دەبێت بە پێی یاساو رێسای خوااویستی بێت یان بە پێی ئەو داب و نەریتە بێت کە نەوەی گەلێک لە کات و شوێنێکدا خوویان پێوە گرتووەو کردوویانەت دەستووری خۆیان و حوکمی خەڵکی تری پێ دەکەن ؟! با پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر دەرببڕرێت : ئایا پەروەردگارێتی و خوایەتی و دەسەڵات وسەروەری ئاسمان و زەوی ، هی خوای گەورە دەبن ، یان بە خەڵکێکی تر دەبەخشرێن ؟! ئەمانە کە مافی خوان ، لەوەوە وەردەگیرێن ، یان رێ بە خەڵکێک دەدرێت تا بە کەیفی خۆیان یاساو رێسای پێچەوانە بە شەریعەتەکەی ئەو دارێژن ؟!
خوای گەورە خۆی دەناسێنیت کە هەر ئەو خوایە - بە هەموو ماناکانی خوایەتییەوە - هیچ خوایەکی تر - بە هیچ مانایەکی خوایەتی - شایانی خوایەتی نییە ، ئەو شەریعەتەش کە بە پێی مافی پەروەردگارێتی و خوایەتی خۆی ، بە پێی تواناو دانایی خۆی دیاری کردووە ، هەر دەبێت ئەو لەسەر زەمینەکەی خۆیدا پیادە بکرێت ، پێغەمبەرانیش - کە هەڵبژاردەی خوا خۆیین - هەر دەبێت ئەو پیادە کەن ، هەر کەسێکیش لە دوای ئەوان بێت هەر دەبێت وا بکات .

خوای گەورە روونی دەکاتەوە کە ئـەم باسـە کرۆکـی مەسـەلەی ئیمـان و کوفرە ، دووریێیانی نێوان ئیسلام و جاهیلییەتە ، هەڵاویٚردنی رێـبازی نێـوان تەقواو شەرع ، یان هەواو هەوەس و یاسایە . دوو رێـگاو یـەک هەڵوێسـتە ! دوو بەرەو یەک بڕیارە ! ئەوانەی کە موسوڵمانن ، ئەوانەی کە باوەڕیـان بـە خوایەتی خوا هێناوە ، یەک پیتی لێ لانادەن و لە یـەک پیتیشـی لا نـادەن ، ئەمما ئەوانەی کافرو زاڵم و فاسقن ، ئەوان حوکم بە دینەکەی خـوا ناکـەن و شەریعەتەکەی ئەویان ناوێت .. ئەو حاکمانەی کە شەریعەتەکەی خوا پیـادە دەکەن و بە هەموویەوە پابەندن ، ئەوە موسوڵمانن و لە بازنەی ئیسـلامدان ، ئەمما ئەوانەی شەرعەکەی خوا دەگۆڕن و یاسا پیادە دەکەن ، ئەوانـە کـافرو زاڵم و فاسقن ..

ئەو خەڵکەش ، یان ئـەوەتا شـەریعەتەکەی خـوای گـەورە لـەو حـاکم و داوەرانە قبووڵ دەکەن و پیادەی دەکەن و موسوڵمانێتی خۆیان دەسەلمێـنن ، یان ئەوەتا ئەوانیش پەنا دەبەنە بەر داوەری یاسـاو ئـەوانیش لـە بازنـەی ئیسلامەکە دەچنە دەرەوە !! ئەوانیش لەسەر دوو رێیانێکن ، ئـەوانیش هـەر دەبێ یەک هەڵوێستیان هەبێت ، حەلی وەسەت لەبەردەم کەسیاندا نییە !

ئەوی بەرژەوەندی دەکاتە بەهانەو هەنجەتی خـۆی ، لێـی وەرناگیرێـت ، چونکە خوای کارزان و کاربـەجێ خـۆی دەزانێـت بەرژەوەنـدی خـەڵکی لـە چیدایە ؟! خـوای زانـاو شـارەزا ئـەو شـەریعەتەی لـە پێـناوی هێـنانەدی بەرژەوەندی راستەقینەی مرۆڤدا دیاری کردووە ، کێش هەیە لـەو شـارەزاتر بێت ، ئاخر کێ لەو بەبەزەییترە ؟! حوکمی کێ لە هی ئەو دادپەروەرانـەترە ؟! کەس بۆی نییە بڵێ : خەڵکینە من شەریعەتەکە خوا رەفز دەکەمەوە ، چـونکە لەو باشترو چاکتر دەزانم یاسا بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیتان دارێـژم !! کـەس ناتوانێت بڵێ : من لە خوا شارەزاترو دووربینترم !! هـەر شتێـکی وا ئـیعلان بکات ، بە قسە یان بە کردەوە ـ دەست بەجێ لە دینی خوا ، لـە ئیسـلامەتی ، لە بازنەی ئوممەتی موسوڵمان دەچێتە دەرەوەو کافر دەبێت ..

مومكین نییه ئیمان و پیادەنەكردنی شەریعەتەكەی خـوا لــە دڵ و دەرون و واقیعی كەسێكدا ، یان رازی نەبوون پێی ، كۆببنــەوە ، ئـەو كەسـانەی لاف و گەزافی ئیمان ـ بـۆ خۆیـان یـان بـۆ خـەڵكی تـر ـ لــێ دەدەن و ئیــدیعای موسوڵمانێتی دەكەن ، بەڵام شەریعەتەكەی خوا لە ژیانیانــدا ناچەسپێــنن ، یان رازی نابن شەریعەتەكەی خوایان لەسەر تەتبیق بكرێت ، موسوڵمان نین ئەوانە خڕە ئایەتی ئاوا دەمیان دەئاخنێت ، كە خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَمَا أُوْلَـئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ ) المائدة / 43 واتە : ئەوانە هەر موسوڵمان نـین !! ئەمـە هـەر حاكمەكان ناگرێتەوە كـە بـە شـەریعەتەكەی خـوا رازی نـین و نایانەوێـت بیچەسپێنن ، بەڵكو حوكمی ئەو خەڵكە حوكم كراوەشە ئەگـەر رازی نـەبوون شەریعەتی خوایان لەسـەر تـەتبیق بكرێـت ، یـان بـە یاسـا رازی بـوون و داوەریی ئـەویان پـێ قبـووڵ بـوو !! ئـەمانیش وەكـو حـاكمی نـارازی بـە شەریعەتەكەی خوا ، یان فەرمان پێ نەكەری ، كافر دەبـن ، نابینیـت خـوای گەورە چەند بە روونی دەفەرموێ : ( فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ) النساء/65 واتـە : سوێند بێت بە خواكەی تۆ ، باوەڕیان نییە تا تۆ نەكـەن بـە حەكـەم و داوەر لەو كێشانەدا كە لە نێوانیاندا روو دەدات ، پاشان كـە حوكمـت دان ، نابێـت هیچ گرێ و گۆڵێک لە دڵ و دەروونیاندا بمێنێت ، و دەبێت بە تەواوی تەسلیم بەو حوكمەت ببن .. ئەمە بۆ حـاكم و مەحكومـە ، هـەر كـەس داوەری خـۆی نەباتە بەر ئیسلام و بـە حوكمـەكی رازی نەبێـت فـڕی بەسـەر ئیسـلامەوە نامێنێت .. )[68]

دیارە كـە كێشـەی یاسـادانان و حاكمێـتی و داوەری ، ئەوەنـدە گـرنگ و سەرەكین كە ژیانی موسوڵمانان ئیسلامیانە بەو نەبێت نە دادەمەزرێـت ، نـە كە داشمەزرا بێ ئەو دابـین دەبێـت ، ئەمانــە مەسـەلەی سـەرەكی عەقیـدەو باوەڕن ، لە بنجەكانی ئیسلامن ، ئەمانـە مەسـەلەیەكی لقـی فیقهـی نـین !

---

[68] احمد فائز : طريق الدعوة في ظلال القرآن / مؤسسة الرسالة ـ بيروت چـاپی 13-1992 ب2 لا 167 .

نەخێر ئەمانە هەبوونی ئیسلامەتین ، بۆیە ئیختیلافیان لەسەر نییە .. ئەمانە دروشمی هەڵبژاردنی سیاسی نین ـ وەکو حکومەتە مورتەددەکانی وولاتی موسوڵمانان دەیلێن ـ کە گوایە ئیسلامییەکان بۆ ( هەڵمەت ! ) ی هەڵبژاردن بەرزی دەکەنەوە !

2ـ رازی بوون بە شەریعەتی خواو داوەری بردنە لای و چەسپاندنی :

ئیسلام لە روانگەی عەقیدەکەیەوە پێمان دەفەرموێ : خوا بناسن کە کردگاری گەردوونەو هەموو کاروبارێکی ژیان و گەردوونی بەدەستە ، دەسا بە مەزنی بناسن ... لە روانگەی پەرستنەکانیشەوە پێمان دەفەرموێ : خوا بناسن کە پەرستراوی بە حەقەو کەس شایانی پەرستن نییە جگە لەو ، دەسا وا بیپەرستن کە خۆی و پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم روونیان کردۆتەوە ، سەرڕاست و خواوویست بن ... لە روانگەی شەریعەتەکەشیەوە پێمان دەفەرموێ : خوا بناسن کە حاکم و داوەرەو بە گوێرەی شەریعەتەکەی ئەو بڕۆن بە رێوە ..

ئیسلام بەم سێ روکنەی تیۆری یەکخواپەرستی ، موسوڵمان حاڵی دەکات و دایدەڕێژێت ، بەم تیۆرە دەیکاتە مرۆڤێکی چاک لە خۆیدا .. بە گۆش کردنی کۆمەڵکاریشی لەسەر ( ئوممەت ) و ( بزاڤ ) ەکەی دەیکاتە چاکسازی کۆمەڵگەکەی .. بۆیە موسوڵمان چاک و چاکسازە .

ئەو موسوڵمانەی خوای بە راستی ناسیووەو بە خۆشەوویستییەوە دەیپەرستێ ، بە سەربەستی خۆی و بە دڵنیاییەوە تەسلیم بە ئەحکامەکانی شەریعەتەکەشی دەبێت .. مومکین نییە موسوڵمانێک خوای ناسیبێت و بە خۆشەویستییەوە خوا بپەرستێت ، بەڵام ئامادەباشی ئەوەی تێدا بێت سەرپێچی لە ئەحکامەکانی بکات ، بەڵێ دەکەوێتە هەڵەوە ، گوناح دەکات ، بەڵام زوو پەشیمان دەبێتەوە ، ئەمەیان تەبیعەتی مرۆڤەو ساتەکانی لاوازی دینداریيەکەیەتی .. بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ناگاتە ئەوەی جورئەتی بۆ دروست ببێت ، حەرامێک بە حەڵاڵ دانێت ، چونکە دەزانێت ئەمەیان لە

دینەکەی دەباتــە دەرەوەو عەقیدەکــەی پــێ هەڵدەوەشێــتەوەو هــەر هــەموو پەرستنەکانی مایەپووچ دەکات .. موســوڵمان هــەر لەســەرەتای شــایەتمان هێنانەکەیەوە ئەوە بە بەڵگەنەوویست دەزانێت کە بۆی نییە شان لــە شــانی خوا بدات و یاساو رێسای پێچەوانە بە شەریعەتەکەی ئەو دارێژێت !! چونکە دەزانێت ئەو کارە هەم کوفرە هەم جاهیلییەتــە هــەم بــێ ئەدەبییــە .. بۆیــە موســوڵمان لــەوە بەرچــاو روونــە کــە ئەوانــەی یاســای پێچــەوانە بــە شەریعەتەکەی خوا دادرێژن بە کۆڕای زانایانی ئــەم دینــەو شەرعناســانی ، فڕیان بەسەر ئەم ئیسلامەوە نامێنێت و لە گەورەترین دەروازەیــەوە دەچــنە دەرەوە .

ابن کثیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا : ( أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّــهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ) المائدة/50 واتە : ئایا حوکمی جاهیلییەتیان دەوێت ؟! کێ لــە خوای گەورە حوکم و داوەری خەڵکانێــک باشــتر دەکــات کــە لــە دینــداریان دڵنیان بوون . ئیبنو کەتیر دەفەرموێ : خوای گەورە لێرەدا سەرزەنشتی ئــەو کەسە دەکات کە وازی لە حوکمی خــوای پــەروەردگار هێــناوە ـ کــە هــەموو خێرێکی لە خۆ گرتووەو لــە هــەموو خراپەیــەکیش دوورە ـ واز لــەم خێــرە دێنێت بۆ بەرنامــەی کەسانێــک کــە هــەر هــەواو هــەوەس و راو بۆچــوونی کەسانێکە ، کە خۆیان پەسەندییان کردووە و بێ ئــەوەی رەزامەنــدی خــوای لەسەر بێت ، یان شەریعەتەکەی خوا بیگرێتەوە ئەمەیان کردووە بە رێســای داوەری و حوکم ! ئەمەش وەکو ئەوەیە کە ئەهلی جاهیلییەت ( پێش ئیســلام ) گومڕایی و نەفامێتیەکەی خۆیان دەهێناو بە دیدو رای خۆیان دایان دەڕشت و دەیانکردە یاسای داوەری ، یان وەکو ئەوەیە کە تەتارەکان حوکمی پێ دەکەن ، کە لە سیاسەتی پاشایەتی خۆیانەوە هێناویانە ، دیــدو رای جــەنگیزخانی پاشای خۆیانە ، ئەو بەرنامەی بۆ داڕشتبوون و نــاوی نابوو ( یاســق )[69]، کــە

[69] ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن یاساغ هەر ئەم یاسقەیەو ئــەوان چــونکە ق دەکــەن بــە غ ئاوای لێ هاتووە ، کوردیش یان لە فارسیەوە وەرگرتووە ، یان هەر لە زەمــانی تــەتارەوە لای ماوەتەوەو بووە بە یاساغ واتە مەمنوع ، پاشان بــووە بــە یاســا .. والله اعلم . گــرنگ

بریتییە لە کتێبێکی کەشکۆڵی ئەحکام و یاسا ، کە لــە چــەندین شــەریعەتی جوداوە وەری گرتبوو وەک شەریعەتی جولەکەکان و دیانەکان و شەریعەتی میللەتی ئیسلام و هی تر ، زۆر ئەحکام و بڕگەو بڕیاریشی تێدایە کە هــەر لــە هەواو هەوەسی خۆیەوە دایڕشتوون ، ئیتر دواتر لای کوڕو نەوەکانی بوو بــە یاســاو رێســایەک کــە شوێــنی کــەوتوون و خســتوویانەتە پێــش حــوکمی قورئانەکەی خواو سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم ، حوکمی هــەر کەسێک لەوانە وا بکات[70]، کوفرە ، پێی کــافر دەبێــت و پێویســتە جــەنگی دژ بەرپا بکرێت تا دەگەڕێتەوە سەر حوکمی خواو پێغەمبەری خــوا ، تــا داوەری بە غەیری حوکمی خــواو پێــغەمبەرەکەی لــە هــیچ شتێــکی کــەم یــان زۆردا ناکات)[71].

سەیید قوتبی رەحمەتی دەفەرموێ : ( خەڵکی لە هەر کات و شوێنێکدا بــن ، هەر وان لە دووریێیانێکدا : یان ئەوەتا حوکم بە یاسایەک دەکەن کــە مرۆڤــی وەکو خۆیان بــە شێــوەیەک لــە شێــوەکان دایڕشــتووەو پیــادەی دەکــات ، خەڵکیش وەری دەگــرن و داوەری خۆیــانی دەبەنــە لا ، ئەمــە جاهیلییەتــەو خەڵکەکەش لە جاهیلییەتدان ، خەڵکەکە لە دینی ئەو کۆمەڵە مرۆڤــەدان کــە یاساکەیان لەسەر دەچەسپێنن ، بە هیچ شێــوەیەک لــە دیــنی خــوادا نــین ، چونکە ئەوی حوکمی خوای ناوێت ، حوکمی جاهیلییەتی دەوێت ، ئەو کەسەی شەریعەتەکەی خــوا رەفــز دەکاتــەوە ، حەتمــەن یاســای جاهیلییــەتی پــێ قبووڵەو ئەو وەردەگرێت ، ئەمیش هەر لە جاهیلییەتدا بوونە ..

---

ئەوەیە زاراوەیەکی زۆر گونجاوو چەسپاوە بۆ بەکارهێنانی لای ئیسلامییان ، چــونکە لــە مێشک و کلتووری کوردیدا بڕیارەکــانی حکومەتــە کــە بەرامبــەر شــەرع دانــراوە ، بۆیــە کوردەواری کە دەیانەوێت کێشەی کۆمەڵایەتی خۆیان چارەسەر بکەن ، دەڵێن یا با مەلایەک شەرعمان کات ، یان با بیبەینە دادگاو یاسا بۆمان یەکلا کاتەوە !! کەوابوو یاســا شتێــکەو شەرعیش شتێکی تر

[70] ( دایڕێژێت یان داوەری پێ بکات )

[71] تفسير القر'ن العظيم / لابن كثير 67/2 .

ئەمە ئەو دوو رێیانەیە کە خوای گەورە خەڵکی لەسەر راگرتووە ، خەڵکیش سەربەستن ، بەڵام بە نکوڵی و سەرسامی و نارازی بوونیشەوە دەپرسێت : ( أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ) المائدة/50

واتە : ئایا حوکمی جاهیلییەتیان دەوێت ؟! کێ لە خوای گەورە حوکم و داوەری خەڵکانێک باشتر دەکات کە لە دینداریان دڵنیان بوون . پرسیارە ، بەڵام بۆ ئیقراری چاکێتی حوکمەکەی خوایە ..

لە دوای ئەم پرسیارەی خوای مەزن و کاربەجی و دەسەڵاتدار ، کێ هەیە ئەوەندە جورئەتی هەبێت ئیددیعای ئەوە بکات کە بەڵێ من یاسای باشتر دادەنێم !! بڵێ : من یاساکەش دەردەکەم و حوکمیشی پێ دەکەم !! ئاخر چ بەڵگەیەکی لەسەر ئەم ناماقووڵییەی هەیە ؟! ئاخر بە چ هەنجەتێک بە خەڵکی دەڵێ : من لە خوای کردگارتان شارەزاترم ؟! چۆن دەتوانێ بڵێ : من لە خوای خاوەنی بەبەزەییتان بەبەزەیی ترم ! ئایا دەتوانێت بڵێ : من لە خوای کارزانی زانا زیاتر پەی بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی دەبەم ؟! ئاخر ئایا کەسێکی ژیر دەتوانێت لافی ئەوە لێدات بڵێ : ئەو خوایەی کە کۆتا شەریعەتی خۆی بە کۆتا پێغەمبەری خۆیدا نارد ، کە پەیامەکەی کۆتا نێرراوی خۆی کردۆتە پەیامی هەتا هەتایی مرۆڤایەتی تا رۆژی قیامەت ، ئەو نەیزانیووە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی لە چیدایەو من دەزانم ؟! ئەوی خالیقی ئاسمانەکان و زەوی ، ئەوی بە ئاگاو دوور لە خەو ، ئەوی حازرو نازر نەیزانیووە کە بارودۆخی نوێی ئاوا بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دێتە پێش تا ئەحکامیان بۆ دانێت ! من دەزانم !! ئاخر کەس هەیە پێی بڵێت : تۆ هەم راستگۆیت و هەم ژیریت کە لافی ئەوە لێ دەدەیت کە لە خوای زیندووی علام الغیوب چاکتر پێداوویستیەکانی ئەم بارودۆخە نوێیانەی مرۆڤایەتی پەی پێ دەبەیت ؟ چونکە لە تۆ دیارن و لەو شاراوە بوون ؟!

ئێ ئەو کەسەی کە شەریعەتەکەی خوا دەخاتە کەنارو ناهێڵێت حوکمی ژیانی پێ بکرێت ، دەڵێ چی ؟! ئەوی شەریعەتەکەی خوای کارزان بە یاسا دەگۆڕێتەوە ، ئەوی حوکمی جاهیلییەتی پێ پەسەندترو رەواترە ، چی دەڵێت

؟! ئەو کەسەی کە هەواو هەوەسی خۆی یان کۆمەڵە خەڵکێکی جاهیلی وەکو خۆی دەکاتە دەستوورو رێبازو پێی چاکترو لە شەریعەتەکەی خوای گەورە ، چی دەڵێت ؟! هەر ئەوە دەڵێت کە خۆی بە زاناترو شارەزاتر دەزانێت وەک لە خوای کردگاری !!

ئەدی ئەو کەسەی لافی ئیسلامەتی و تەقوای موسوڵمانێتی لێ دەدەت بەڵام نایەوێت شەریعەتەکەی خوا پیادە کات ، دەڵێ چی ؟! هەنجەت و مەهانەی رانەپەڕاندنەکەی چییە ؟! دەڵێت : بارودۆخە ؟! حەز نەکردنی جەماوەرە ؟! ترسە لە دوژمنان ؟! مەگەر ئەو کاتەی خوای کارزان زانا بڕیاری پیادەکردنی ئەم شەریعەتەی بە موسوڵمانان دا ، کە فەرمووی حەتمەن دەبێت شەریعەتەکەی من بگرنە بەرو پەیامەکەی من راپەڕێنن ، ئەمانە هەر هەمووی لە زانستی ئەودا نەبوو ؟! ئا ئەمانەی ئێوە دەیانکەنە هەنجەتی پیادەنەکردنی شەرعەکەی ئەو نەیدەزانی کە ئەمانە هەن ؟! ئەدی بۆچی فەرمووی دەبێت هەر شەریعەتی من بکەنە بەرنامەو ناشبێ لێ لادەن ؟!

یان دەڵێن : شەریعەتەکە نوقسان بوو ! چارەسەری ئەم کێشە نوێیانەی سەردەمی تێدا نەبوو ؟! یان بارودۆخەکان زۆر نوێ بوون و شتی نوێیان دەخواست ؟! مەگەر ئەمانە هەمووی لە عیلمی خوا خۆیدا نەبوون ؟! ئاخر ئەو کاتەی ئاوا خوای گەورە ئەو حوکمە توندو تیژەی فەرموو کە هەر دەبێت شەریعەتەکەی من راپەڕێنن و بەس ، دەبێت هەر هەمووشی جێبەجێ بکەن و هیچی لێ نەخەنە لاوە ! باشە ئەو کاتەی ئەم حەزەرو ئیترارەی دانێ ، نەیدەزانی بارودۆخی نوێ دێتە پێش ؟!

ئەوی غەیری موسوڵمانە دەتوانێت چی هەیە بیڵێت ، بەڵام موسوڵمان ، یان ئەوەی لافی ئیسلامەتی لێ دەدات ، دەتوانێت چی بڵێت ؟! چۆن دەتوانێت ـ پەنا بەخوا ـ بڵێ : وەڵا خوا نەیدەزانی ؟!! کە ناتوانێت وا بڵێ : چۆن قەناعەت بەوە دەکات کە دەشێت شەریعەتەکەی خوا بخرێتە لاوە ؟! چۆن دڵی بڕوا دەدات لێ گەڕێ پەیامەکەی خوا ئاوا لەبەرچاوی پچڕ پچڕ کەن و ئەمیش ( شەهادەی حسن السلوك ) یان بداتێ ؟!

ئاخر بۆیە خوای گەورە بابای موسوڵمان ، یان ئـەوەی لافی ئیسـلامەتی و موسوڵمانێتی لێ دەدات ، دەخاتە سەر ئەو دوو ڕێیانە ! بۆیــە ناهێڵێـت لــە توولە ڕێیەکی ترەوە خۆ بدزنەوەو ڕاکەن ! بۆیە ناهێڵێت نە منجە منج کەن ، نە دەم هەراشانەش دەمەوەری کەن ، پێیان دەفــەرموێ : بڕیــاری کۆتاییتــان بدەن : ئیسلامتان دەوێت یا جاهیلییەت ؟ ئیمانتان دەوێت یان کوفر ؟! حوکمی خواتان دەوێت یا حوکمی جاهیلییەت ؟!

ئەمە کێشەیەکە ـ لە ناخی دڵ و دەروون و ویژدان و زەمیری موسوڵماندا ـ روون ئاشکرایە ، نە لە ناخیدا تووشی دڵە ڕاوکێ دەبێت ، نە تــەتبیق کـردنی شەریعەتەکەشی لە واقیعی ژیانییدا تووشی دوو دڵی دەکات ، وەک لە ناخیدا ئەمەی لا بەڵگەنەوویستە ، لە بەرامبەر دۆست و دوژمنیشدا سـووره لەســەر تەتبیق کردنی ، لەسەر خۆی و لەسەر دۆست و دوژمنی ..

تا ئــەم کێشــەیە لــە نــاخی ویــژدانی موسـوڵماندا وەک بەڵگەنەوویسـت نەچەسپێت ، موسوڵمان ئۆقرە ناگرێت ، چـونکە ئیمــان و ژیــنی پارسـەنگ نابێت ، چونکە بەرچاو روون نابێت ، دیدی لێڵ و ڕێی لێ وێڵ دەبێت ، حەق و باتڵی پێ لێک جیا ناکرێتەوە ، هەنگاوێکی ڕەسەنی لەسەر ڕێــی ڕاسـت پــێ هەڵ ناهێنرێتەوە .. ئەگەر جائیز بێت ئەم کێشە سەرکییە لە ویژدان و هەست و هۆشی جەماوەردا بە لێڵ و وێڵی بمێنێتەوە ، نابێــت بــە هــیچ شێــوەیەک جائیز بێ لە هەست وهۆشی دینداری وناخی باوەڕی ئەو کەسانەدا کە خۆیان بە ( موسوڵمان ) دەدەنە قەڵەم لێڵ و پێڵ بێت ، دەبێت ـ مادام دەیانەوێت ئەو ناوی ( موسوڵمان ) یان پێوە بێت ـ لە نــاخ و واقیعیانــدا حەقیقەتێـکی زۆر سادەو ڕاشکاو ئاشکرا بێت [72].

نامەوێت لێرەدا زۆر بۆ ئەم باســە ڕۆچــم ، چـونکە ئوممــەتی ئیسـلام بــە درێژایی مێژووی کۆن و نوێی ، لەسەر ئەوە کۆ بوون و ئیختیلافیشیان الحمد لله نەبووە لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێک ئیقــراری حاکمێــتی ئیسـلامەکەی نەکرد ، یان وای بە باش زانی لە ئەحکامەکانی دەرچێت و یاسایەک بهێنێــتە

---

[72] سید قطب : في ظلال القرآن / دار الشروق چاپی 15 - 1998 ب2 لا 904 - 905 .

جێی ، کافر دەبێت . جا لەبەر ئەوەی ئایەتی قورئـان لەسـەر ئـەم کێشـانە زۆرن ، حەتمەن هـەموو موفەسسـیرەکان لـە لێکدانەوەی ئـەو ئایەتانـەدا گەیشـتونەتە موناقەشـەیان و کـۆڕای زانـاو شەرعناسـانیان لـە تەفسیرەکانیاندا نەقڵ کردووە .. ئەم مەسەلەی حاکمێتی ئیسلامە کـەس لـە کۆن و نوێدا جورئەتی نکوڵی لێ کـردن و لادان و رادانی نـەبووە ، جگـە لـە یەکێک لە ساڵی 1925 ی سەدەی رابوردوودا لە میسر بە پشتی ئیسـتیعماری ئینگلیزی جورئەتی ئەو ئینکار کردنەی بۆ پەیـدا بـوو ، ئـەویش شێـخ علي عبدالرزاق بوو کە ئەزهەرییەک بوو ، کتێبێکی نووسی بە ناوی ( الاسلام وأصول الحكم ) ، ئەمەش بە راستی نامۆ ( شاز ) بوو ، بۆیە هەر لـە ئەزهـەروە زۆری بەرپەچ درایەوە ، جگە لەوەی لە جیهانی ئیسـلامییەوە زۆری کتێـب لەسـەر نوسرا ، یەکێکی وەکو دکتۆر عومـەر سـولەیمان الاشـقەر کتێبێـکی نایـابی لەسەر شەرع و یاسا بە ناوی ( الشريعة الاسلامية لا القوانين الوضعية ) نووسیوە ، کە بە شێـوەیەکی زۆر بـەرفراوان و بنـبڕ ئـەقوالی زانایـان و شەرعناسـان وبیرمەندانی کۆن و نوێی موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانیشی لەسەر بەهێزی و بەپێزی شەریعەتی ئیسـلام نووسـیوە ، فـەتوای زۆری زانایـانی لەسـەر هێناوەتەوە ، کە خۆشی دوای توێژینەوەکەی دەفەرموێ : ( لـە توێـژینەوەی ئەم باسە دوورو درێژەوە بۆمان دەرکەوت کە دوو پۆل خەڵک لـەم مەسـەلەدا بێ گومان کەوتوونەتە کوفرەوە :

یەکەم : ئـەو کەسـانەی کـە یاسـایان پێچـەوانەی دیـنی خـوا داڕشـتووەو بەندەکانی خوای گەورەی بـۆ ناچـار دەکـەن کـە وەری گـرن و ڕایپەڕێـنن ، ئەمانە ئیجماعی ئوممەت لەسەر بەکافر دانانیانە ، چونکە ئەمانە مەبەسـتی ئەو شەریکانەن کە خوای گەورە ئاماژەیان پێ دەکات کە دەفەرموێ : ( أَمْ لَهُـمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِـهِ اللَّـهُ ) الشوری/21 واتـە : یـان گوایـە شەریکیان هەیەو بۆ خوا دایاناون تا یاساو رێسای وایـان بـۆ داڕێـژن کـە خوای گەورە مۆڵەتی پێ نەداوە .. هەر ئەمانەشەن مەبەسـت لـە شـەریک و هاوبەشانی باسکراو لە ئایـەتی : ( وَكَذَلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلاَدِهِـمْ

شُرَكَآؤُهُمْ ) الانعام/137 واته : هەر ئاوا ئەو کەسانەی وەک شەریک بۆ خوا دانرابوون کوشتنی منداڵەکانی موشریکەکانیان لا پەسەند دەکردن تا بیانکوژن .. ئەم پەسەند کردنەشیان بەوە بوو کە یاسای حەڵاڵ کردنی کوشتنەکەیان بۆ دەرکردبوون ، کە شتێکی چاکەیەو بیکەن ، ئەمەش دین گۆڕینە ..

دووەم : ئەو کەسانەی کە گوێڕایەڵی ئەو کەسانەیان کرد کە شەریعەتەکەی خوایان دەگۆڕی ، لە کاتێکدا کە دەیانزانی ئەمە گۆڕینی شەریعەتەکەی خوایە ..

.................................

## پوختەی باس

ئەم سێ روکنەی تیۆری ئیسلامی کە باسمان کرد ، لە راستیدا سێ مەیدانی تەوحیدن ، بۆیە ناومان نان سێ روکنی تیۆری یەکخواپەرستی ئیسلامی ، چونکە ئێمە لە دیدی ئیسلامەوە تەوحید لە عەقیدە گشتگیر تر دەبینین ، چونکە لە سێ مەیداندا دەبێت بێتە دی :

یەکەم : عەقیدە ، کە بریتییە لە ناسینی خوای گەورە : ئەمە هەر جۆری پەروەردگارێتی ( الربوبیة ) و ناوو سیفاتەکانی خوای گەورەیە (الاسماء والصفات ) ەکەیە کە ئیمامی ئیبنو تەیمییە ـ رحمه الله ـ ناوی ناوە ، ئەمما ئیمامی ئیبنول قەییم بە هەردووکیان دەفەرموێت : توحید المعرفة والاثبات [73]، کە هەر ئەو دووبەشەی سەرەوەیە ، چونکە مەبەستی لە المعرفەکە هەر پەروەردگارێتی خوایە کە لە سیفەتەکانی ( الخلق ، الملك ، الضرر ، النفع ، الإحياء ، والإماتة ، والتسير والتصوير والابداع و الانشاء والاسقاء والاطعام و... ) هتد دەردەکەوێت . مەبەستیشی لە الإثبات ەکەش باوەڕ کردن و ئیقرار کردنی ناوە جوانەکان و سیفەتە بەڕێزەکانی خوای گەورەن ، واتە سیفەتە زاتییەکان و سیفەتە کردەوەییەکانی بۆ بسەلمێنین و باوەڕمان بە هەبوونیان ـ بێ چۆنیەتی بۆدانانیان ـ هەبێت . تەفسیلی ئەم باسەش دەرسی تەوحیدو

---

[73] مدارج السالکین / ب1 لا 48

عەقیدەیە .. لەوێدا پێویستە ئایەتەکانی عقیدە بە ووردی بخوێنرێت . وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ . اللَّهُ الصَّمَدُ . لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ . وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ) سورەتی الاخلاص . لە بەرامبەر ئەمەشدا نەناسینی خوای گەورەو قەدر نەگرتنێتی ، وەک دەفەرموێ : ( لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَـهٍ إِلاَّ إِلَـهٌ وَاحِدٌ ) المائدة / 73 .

دووەم : پەرستن : ئەمەش ئەو جۆرەیە کە ئیمامی ئیبنول قەییم ناوی ناوە : **توحید الارادة والقصد** : ئەمەش هەر ئەوەیە کە ئیمامی ئیبنو تەیمییە ناوی ناوە **توحید الالوهیة** . لە عەقیدەدا خوا دەناسرێت ، لە پەرستنەکەدا رووی تێ دەکرێت و پەرستنەکانی بە خواوویستییەوە بۆ ئەنجام دەدرێت ، پەرستنەکانیش لە سێ شوێنەوەن : لە دڵدا وەکو : **اخلاص** و ئومێد بە خوا بوون و پشت بەو بەستن .. لە سەر زمان : وەکو سوپاسگوزاری و قورئان خوێندن و زیکرەکانی تر . بە ئەندامانی لەش : وەکو سوجدەو تەواف و قوربانی کردن .. دەربارەی ئەم مەیدانەی تەوحیدە کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَـهًا وَاحِدًا لاَّ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ) التوبة/31 . لە بەرامبەریشیدا کە شیرک کردن و هاوەڵ پەیداکردنە بۆ خوای گەورە ، دەفەرموێ : ( أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ ) الانبیاء/66 .

سێیەم : حاکمێتی : ئەمەش مەیدانێکی سەربەخۆی تەوحیدە نەک بەشێک بێت لە پەروەردگارێتی یان لە خوایەتی و پەرستن[74] ، چونکە مەسەلەکانی یاساو رێسا دارشتن و حاکمێتی دەگرێتەوە ، موسوڵمانانیش تەوحیدەکەیان

---

[74] هەرچەندە موقەللیدەکانی سەلەفێتی ئەم دابەش کردنەمان بە بیدعە دەزانن ، بەڵام بەڕاستی لە تەقلیدو گێلێتیانەوەیە ، ئەگینا خۆ دابەش کردنی تەوحید بۆ ئەو سێ جۆرەی الربوبیة والالوهیة والاسماء والصفات پێش ئیمامی ئیبنو تەیمییەی رەحمەتی ( 728 ک مردووە ) ئاوا نەدەخوێنرا ، ئەوەتا قوتابیەکەی خۆی کە ئیمامی یبنول قەییمە ( 751 ک مردووە ) لەسەر پۆلێن کردنی شێخەکەی نەڕۆیشتووە ، ئێستاش بۆ زیاتر حاڵی بوون لە خواناسی و دینداری چ ئیشکالێکی تێدایە کە بە بەڵگەی شەرعییەوە باسی توحید الحاکمیە بکرێت ، یەکێکی وەکو شێخ عبدالاخر حماد کتێبێکی نووسیوە بە ناوی توحید الحاکمیە ..

لەم مەیدانەیاندا بە داوەری بردنە لای شەرعەکەی خوا ( واتە التحاکم ) ئەنجام دەدەن ، هەر وەکو چۆن خوای گەورە خالقەو بەندەکانی بە بیرکردنەوەو سەرنجدان لە مەخلوقاتەکانی دەیپەرستن . یان کە خوای گەورە پەرستیارەو بەندەکانی بە زیکر کردنی ئەو ، بە یادی دڵ و وێردی زمانیان دەیپەرستن ، ئەم مەیدانەی تەوحیدیش وایە ، خوای گەورە مشرع و حاکمەو بەندەکانی بە التحاکم مافی حاکمێتیەکەی خوا دەسەلمێنن . ئاخر بۆیە لە تەوحیدی ئەم مەیدانەشدا خوای گەورە دەفەرموێ : ( إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ ) الانعام / 57 و یوسف / 40 واتە : حوکم کردن هەر بۆ خوایەو بەس هەروەها : ( أَلاَ لَهُ الْحُكْمُ ) الانعام / 62 واتە : بە تەئکید حوکم کردن هەر بۆ ئەوە ، لە الأعراف/ 54 یشدا دەفەرموێ : ( أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ ) بەلێ وەک ئەو خوڵقاندوێتی هەر ئەویش فەرمان دەردەکات .. لە بەرامبەر ئەمەشدا کە دەکاتە شیرکی حاکمێتی خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا ) الكهف / 26 واتە : هیچ کەسێک لە حوکم دەرکردنی خۆیدا هاوبەش ناکات ..

..........................

لەم توێژینەوە خێرایەوە ئەوەمان بۆ روون بۆوە کە تەوحید وەک چۆن سێ مەیدانی سەلماندنی هەیە ، کە ناسین و پەرستن و حاکمێتی خوای گەورەیە ، بەرامبەریشی سێ مەیدانی شیرک هەیە ، کە چەندەها کەندەلانی تێدایە ، بەم سێ مەیدانەو دژە مەیدانەکانیان ( واتە بە هەر شەشیان : توحید المعرفة والاثبات و (شرك التصور الاعتقادي) ، توحيد الارادة والقصد ( شرك الشعائر التعبدية) ، توحيد الحاكمية ( شرك الشرائع القانونية ) ) تیۆری ئیسلامی یەکخواپەرستی روون دەبێتەوە ، نەک وەکو فەیلەسووفەکان تەنها چەند سیفەتێکی پەروەردگارێتی ( الربوبيه ) کەی خوای گەورە بگرنە بەرو تەمەنی خۆیان ( بێ تەوحیدی پەرستن و تەوحیدی حاکمێتی ) تێدا سەرف کەن و هەر خۆشیان بە موەحید بزانن ، هەروەها ئەو کەسانەش کە هەر دەڕواننە شیرکی سەر گۆڕستان و شیر لە سۆفی دەسوون ، ئەمانیش هەر بە لایەکی تەوحیدەکەوە مەشغوولیان کردوون ، دیسان ناشبێت سیاسیەکانیش لەبەر

شـەڕە پـاڵی سیاسـەت ، نـە لـەزەت لـە خواناسـیەکەیان بکـەن نـە لـە خواپەرستنەکەیان ( چونکە هەر وەکو زانستێکی مەعریفی تەوحیدی ناسین و تەوحیدی پەرسـتنەکەیان وەرگرتـووە ) ، ئـەمانیش هـەر نەفسـییان بـەو شەڕەوە مەشغووڵی کردوون ..

.................................




**<u>وێنەی پەیکەری تێۆری جیهانبینی ئیسلامی( تەوحید )</u>**




**ویّنەی پەیكەری تیۆری بزاڤی ئیسلامی**

# کۆبەنـــدی دووەم

## زاراوە سەرەکیەکانی
## تیۆری بزاڤی ئیسلامی

## دیــن
## ئوممەت
## بزاڤ

## ڕێـــڕەوێك بۆ
## ڕوکنەکانی تیۆری بزاڤی ئیسلامی

ئەمەی لە کۆبەندی یەکەمدا باس کرا ئەو دیدو تێڕوانینە تیۆرییە بـوو کـە ئیسلام لێیەوە دەڕوانێتە دیارو نادیاری گەردوون و ژیان و مـرۆڤ ، یـان بـە زاراوەی سیاسی و فیکری ئەمڕۆ : ئەمە ئایدۆلۆژی ئیسلامییە ، کە بە زاراوەی قورئانی پێی دەوترێت یەکخواپەرستی ( تەوحید ) ، بـەڵام دەبێـت زوو ئـەوە روون کەینەوە کە ئەمە هەموو ئیسلامەکە نییە ، چونکە ئیسـلام هـەر بـریتی نییە لەو لایەنە تیۆرییە ، بـەڵکو ئیسـلام بریتییـە لـەو تیـۆرەو پراکتیـزە کردنەکەشی ، واتە چەسپاندنی عەمەلی تەوحیدەکە کە لە دوو مەیداندا دێـتە دی :

یەکەمیان : ئەو کۆمەڵە موسوڵمانەیە کە ئەم تیۆرەیان وەرگرتـووەو پێـوەی پابەند بوون و لە دیدو تێڕوانین و رەفتارو رەوشتی تـاك و کـۆی خۆیـان و کۆمەڵگەکەیاندا درەوشاوەتەوە ، ئەمیش بە زاراوەی قورئانی پێـی دەوترێـت (ئوممەتی موسوڵمان )[75]

دووەمیشیان : ئـەو بزاڤـە کۆمەڵکارییەیـە کـە ئـەم ئوممەتـە لـە واقیعـی کۆمەڵگەکەیدا بۆ گۆڕینی دروستی دەکات .

---

[75] زاراوەی ئوممەت مانای نەتەوە یان گەل نییە ، چونکە نەتەوە کە بـە عـەرەبی قەومـە ، پەیوەندی بە خوێن و خزمایەتی و ئەسڵی بەرەبابییـەوە هەیـە ، گـەلیش پەیوەنـدی بـە خاکەوە هەیە ، بەڵام ئوممەت پەیوەندی بە عەقیدە ( بە ئایدیۆلۆژی ) ەکـەوە هەیـە ، ئـەم خاڵە دواتر روون دەکەینەوە .. دیسـان ناشڵێـین ئوممـەتی ئیسـلامی ، چـونکە ئەمـەیان زاراوەیەکی داهێنراوەو بیدعەیە ، نە لە قورئاندا هاتووە نە لـە سـوننەت و راوبۆچـوونی زانایانی شەرعناسییدا هاتووە ، زاراوەیەکی سەردەمە کە زیاتر مانـای جوگرافیـایی ئـەو ناوژانە دەدات کە موسوڵمانمانی لێ دەژین ، بۆیە دەڵێـن ئوممـەتی ئیسـلامی و جیهـانی ئیسلامی ، لە ئۆقیانووسەوەیە بۆ ئۆقیانووس ! وانە لە مەراکیش ( مـەغریب ) ەوەیـە بـۆ ئەندۆنیسیا ! ئێمە ئەم زاراوەیە بەکار ناهێنێن ، تا زیاتر رەسەنێتی بدەینە دیدو پێناسـەو بزاڤی دینیی خۆمان ..

بەم سێ زاراوەی یەکەم ( عەقیدە ، پەرستن ، شەریعەت ) تیۆری تەوحید ( بە زاراوەیەکی دی : بەرنامەی دین ) روون دەبێتەوە ، بە ( تەوحید ، ئوممەت ، بزاڤ ) یش ئیسلام روون دەبێتەوە ..ئەم ئیسلامە لە بزاڤێکی کۆمەڵکاری یەکگرتوودا دەردەکەوێت ، کە وەکو ئەندامانی جەستە دەبزوون ! چۆن ئەندامانی جەستە هەر یەکەیان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و هەر هەمووشیان ئاڕاستە لەیەک سەرو مێشک و ژێرییەوە وەردەگرن ، ئوممەتە موسوڵمانەکەش دەبێت لە بزاڤی دینیانەی گۆڕینی کۆمەڵگەکەی خۆیدا هەر دەبێت لەیەک ئاڕاستەوە وەربگرێت ، ئەمە مانای وا نییە کە فرەدیدیی و خوێندنی هەمە جۆرەی دەق (پلۆرالیزم) لە ئیسلامدا جێی نابێتەوە ، نەخێر ، بوونی زیاتر لە دەیان مەدرەسەی فیکری و مەزهەبی و مەسلەکی پەروەردەو دیدی سیاسی لە هەر قۆناغێکی مێژووی ئیسلامدا ئەوە دەسەلمێنن کە فرەدیدی سروشتییەو ئیسلام رێی پێ داوە ، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە یەک ئاڕاستەییە ، واتە هەموو لایەک لە روانگەی بنەماکانی ئیسلامەوە ببینن و لە سەر زەمینەی شەریعەتەکەی ئەو بوەستن .تا ووزەکان پێک نەکێشرێن ، تا توانای تاک و گرووپە ئیسلامییەکان بە یەکتری نەسوێن .. بۆ نموونە کە تەتار ساڵی 656ک دەستیان گرت بەسەر بەغدا دا و دواتر پەڕینەوە بۆ میسر ، ئەوی لە جەنگی ( عەین جالووت ) دا بەرەنگارییان وەستایەوە ، پێکهاتەی ئوممەتەکە بوو ، بە هەموو دیدو تێڕوانینە فیکری و سیاسی و مەزهەبی و مەسلەکیەکانەوە ، ئەوانەی مەملوک بوون وەکو قوتەز بوونە پێشەنگی رووبەڕوو بوونەوەکە ، ئەوی قوتابی عزالدینی کوڕی عبدالسلامی شافیعی بوو ، ( بڵێ ئیخوانی ئەمڕۆ ) یان ئەوەی قوتابی ئیبنو تەیمییە بوو ( بڵێ سەلەفی ئەمڕۆ ) ، یان ئەو کەسەی لە تەکیەی سۆفیگەریدا بوو ، هەر هەموویان رووبەڕوو بوونەوەکەی تەتاریان بە خاڵی هاوبەش دەزانی ![76] .

---

[76] نەک وەکو ئەمڕۆ ئەمریکای کافری موحاریب هاتووەو عێراقی داگیر کردووە ، کەچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردی مامۆستا سەلاح و ئیخوانی عێراقی موحسین عەبدول حەمید (کە دوو دوکتۆرای ئیسلامی هەیە !!! ) بۆی بوونەتە موستەشارو ئەندامی ئەنجومەنی حوکم

چۆن هەموو ( فیکر ) ێک پێویستی بە ( مومارەسـە ) هـەی ، یـان ( نظریـة ) دەبێت (تطبیق ) بکرێت ، لـە ئیسلامیشـدا : بـاوەڕ ( الإیمان ) دەبێـت بکرێـتە کردەوەی چاکە (العمل الصالح ) . ئەمەش لە دوو مەیداندا دەبێت :
یەکەم : پەروەردە کردنی تاکە موسـوڵمانەکان لــە عەقیـدەو خواپەرسـتی و مامەڵــەو لەسـەر رەوشـتی رەسـەنی پێـغەمبەران و رەفتـاری بـە هەسـتی کۆمەڵکاری ، تا یەک یەکیان فێری تەفاعول و توانەوە لە برایەتیاندا دەبـن ، ئینجا هەر یەکەیان لە ناخیدا هەست بە ئینتیمای ئوممەتەکەی دەکـات وبـە کـردەوەش مومارەسـەی رۆژانــەی دەکـات ، دوای ئـەوەی هــەر لــە ژیانـە هەروەزییەکەیدا دەزانێ شوێن و رێی چییە ، یان بڵێین کە شارەزا دەبێت ماف و ئەرکەکانی کامانەن .
دووەم : بە گەڕ خستنی وورەو ووزەی کۆمەڵکارانەی ئـەم ئەندامانــە ـ هــەر یەک لەو بوارەدا کە تێیدا پسپۆڕ دەرچووە ـ لە بزاڤی ئوممەتەکەدا . ئەمــەش

---

کە پۆل برێمەری ئەمریکایی دەیبرد بەڕێوە !! ئاخر سوپایەکی داگیرکەری ئـەمریکایی کـە 617 مزگەوتی روخاندووەو بووە بە هۆی کوشتنی یەک ملیۆن موسوڵمانی عێراق و تــەخت کــردنی دەیــان شــاری وەکـو فەللوجــە ، چـۆن کاکــەی ئیخـوانی خـۆی بــە هاوخــەمی فەلووجەییەکە دەزانێت ؟! ئەویان ماڵی رماوەو کەسی کوژراوە بە دەستی هەمان ئەمریکایی داگیرکەر تاریق الهاشمی ئەمینداری حزبی ئیسلامی ئیخوانولموسلیمین دەچێت و داوای لێ دەکات بیکاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقی !! کە هەڵوەشابۆوە !! ئاخر ئەمـە چـەندی بە چەند ؟! لە کاتێکدا کە شێخی مەزنی ئیخـوانی عێـراق ، رابــەری چـل ســاڵەی حـزب ، شەرعناسی گەورەی حەنەفی لە عێراق عبدالکریم زەیدانی رابەری پێشووی هەمان ئیخـوان فەتوای جیهادی دژی ئەمریکاییەکان دا !! ئەم هەڵوێستە ناشەرعییانە بە هـۆی ئەوەوەیـە کە زۆر کەس و گرووپ ئەقڵ و بەرنامەی خۆی خستۆتە پێش رێسا نـەگۆڕەکانی قورئـان و سوننەت .. هەر یەکەش بۆ خۆی یان بۆ گرووپەکەی بۆتە موفتی و فـەتوای ئـاوا سـەقەت دەردەکات ، ئەنجامی ئەمەش ئاشکرایە کە رێ وێڵی و دید لێـڵی زیـاتر هیچـی تـر نییـە ! ئــەوەی ئیسـلام پێـی گرنگـە پابەنـدبوونی شوێـن کەوتووەکانێـتی بـە دەق و رێسـا شەرعییەکانیەوە ، نـەک قەڵــەمبازی رێـویانە میکـاڤیللیزم بـۆ کورسـیەکی پەرلــەمان و هێنانەدی ئامانجێکی سیاسی !

ئەم هاوکێشەمان بــە واقیعــی بــۆ دەچەسپێنێــت : ( بزاڤــی ئوممەتەکــە بــە دینەکەی بۆ جێنشێنی و بریکاری خوای گەورە لەسەر زەمین ) کە بە زاراوەی قورئان بریتییە لە ( ئیستیخلاف ) واتە : پــەروەردە کــردنی تــاک و کــۆ بــە سیرەی پێغەمبەران و بە گەڕ خستنی ووزەی هەموان بــۆ دەرهێــنانی خێــرو خۆشی خەڵکی و دابەش کردنەوەی سامان بە دادی خواوویستی بەسەریاندا ..

حاڵی بوون لە سێ روکنی تیۆری بزاڤی ئیسلامی ( کە بریتییە لە بە کــردەوە کردنی تیۆری تەوحید ) ، بەوە دەبێت کە سەر لەنوێ شارەزا بینەوەو بزانێــن و قەناعەتمان بەوە هەبێت کە ئیسلام هەر لەو ساتانەی جار بــۆ جــار ــ بــە پێی پێویستی موسوڵمانان ــ تەوحید ( دین )ەکەی بۆ روون دەکردنــەوە ، لــە هەمان کاتیشدا هەنگاو بە هەنگاو ئوممەتەکەی پێ بنیات دەنان ، دیسان هەر لەگەڵ هەمان ساتی روون کردنەوەی تەوحیدەکــەو بنیاتنــانی ئوممەتەکــەدا فێری چۆنیەتی بزوتنەوەی دەکردن .. ئەم سێ روکنەی گەشــەی کۆمــەڵکاری ئەو ئوممەتەی کە موسوڵمانانی یەکەم پێکیانەوە نا ــ لە یــەک کاتــدا رووی دەدا ــ گرنگە ئەوە بزانین کە ئەو سێ روکنە هەم تــەریب بــوو ، هــەم چــوون یەک:

<u>تەریب بوون :</u> چونکە ئاڕاستەی تەوحیدییەکە لەگەڵ گەشــە کۆمەڵکارییــە ئوممەتییەکەدا پێک نەدەکێشران ، وا نــەبوو تاکــە موســوڵمانەکە تــەکالیفی تەوحیدەکەی پێ هەڵسوڕێت ( وەکو ئیعتیقادو خواپەرستی و پابەند بوون بە ســنوورەکانی حــەرام و حەڵاڵــەوە ) بــەڵام نەتوانێــت تــەکالیفی بزاڤــە کۆمەڵکارییەکە جێبەجێ بکــات ( وەکــو هەســتی دابــڕان لــە جاهیلییــەت و رەفتارو رەوشتی سەربازێتی خۆی بــۆ ســەرکردایەتی دینــە نوێــکەو مــافی خوشــک وبراکــانی تــری ) ! ئــەم دوو تەکالیفەشــی ( تــەکالیفی تەوحیــد و تەکالیفی کۆمەڵکاری ئوممەتییانە ) ی بە هەمان شێوە دەتوانی بــە تــەریبی بباتە پێش لەگــەڵ تــەکالیفی ســەرەتایی بزاڤەکــەی لــە مەککــە : چ وەکــو بانگەوازی نهێنی بیگەیاندایە ، یان ئامادە بوایە لە پێناوی روون کردنــەوەی دینەکەو ناساندنی رێبازی جاهیلییەت ( واتە شاهێدی دان و جیهاد کــردن بــە

قورئانەکەی ) تووشی سەدان کەندو کۆسپی دەروونی و جەستەیی ببوایا ! لە مەدینەش : تەکالیفەکانی تەوحید و کۆمەڵکاری ئوممەتیانەی هەر بە تەریب جێبەجێ دەکرد لەگەڵ تەکالیفی بزاڤەکەی ( کە بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئیسلامی و پاراستن و بڵاو کردنەوەی بانگەوازەکەی لە دەرەوەی سنووری مەدینەی پایتەخت ) ..

چوون یەک بوون : ئەم سێ روکنەی تیۆری بزاڤی ئیسلامەکە لە مێشکی هەر یەکێک لە تاکەکانی نەوەی یەکەمی قورئان چوون یەک بوون ، ئەوان وەکو ئێستای موسوڵمانان ئەوەیان نەبوو بایەخێکی زۆر بە ـ بۆ نموونە ـ هەر بە عەقیدەکە بدەن ( تا بە زاراوەی ئێمە سەلەفی دەرچن ! ) یان بەیەخێکی زۆر هەر بە خواپەرستی ـ لەسەر حسێبی عەقیدەکە ـ بدەن ، تا بگەنە ئەو پلە بیدعەیەی سۆفیەکان دەڵێن : توانەوە لە خۆشەویستی خوادا ( الفناء في الله)! یان بایەخێکی زۆر بە بزاڤ و سیاسەتی قوڕەیش و فاک و فیکەکانی بدەن تا ئەمانیش بە ژێری خۆیان دژە نەخشەیان بەرامبەر دارێژن ! تا بگەنە ئەو پلەیەی ئێمە ناومان ناوە ( بیرمەندی ئیسلامی ! ) یان ( سیاسەتمەداری ئیسلامی ) ! . نەخێر ئاڕاستەی قورئانەکە زۆر پارسەنگ بوو ، لەیەک کاتداو بە تەریبی و بە بڕو رادەی پێویستی کات و شوێن پەروەردەی دەکردن ، قورئان ئاوای ئاڕاستە دەکردن .. ئێستاش ئەو قورئانە الحمدلله هەر وەکو خۆی ماوە ، بەڵام نەوەکانی دوایی ـ بە تایبەتی ئەوانەی ئەم دووسەد ساڵەی دوایی ـ چونکە تەوحیدەکەیان لە فێرگەی تری غەیری قورئانەکەوە وەرگرتبوو !! زۆرێک لە خواپەرستییەکەیان لە غەیری ئاڕاستە قورئانییەکەوە وەرگرتبوو ! ئامادە نەبوون بە قورئانەکە گوێ کرێن ! لەسەر رێسا کۆمەڵکارییە ئوممەتییەکانی قورئان پەروەردە بن و گۆڕانکارییەکانی ناو خۆیان و دەرەوەیان بە قورئانەکە بێت و بە پێی دیدو پێناسەو داوای ئەو هەڵوێست بگرن و ببزوێن .

ئیسلام بە قەدەر ئەوەی کە پێی گرنگە تاک تاکی شوێن کەوتووانی راست لە یەکخواپەرستییەکەی ( لە عقیدەو عیبادەت و شەریعەتدا ) تێبگەن ، ئاواش

زۆر پێی گرنگە کە ئوممەتەکەی لەسەر بنچی خواوویستی دروست ببێت ، واتە دۆستایەتیی و لایەنگری و پشتگیری وسەرخستن ( کە بە هەموویان دەفەرموێ : الولاء ) بە پەیوەستی تەوحید ( دین ) ەکە بێت ، ئینجا بە هەمان بڕو رادەش پێی گرنگە کە ئەو ئوممەتە موسڵمانە ، ئەو تەوحییدە خواییە (کە دینەکەیە) لە بزاڤێکی قورئانیدا هەڵگرن ، ئوممەتەکە دەبێت بە تەوحیدەکە دروست بوو بێت و بەس ، ئیسلام نەیهێشتووەو ناشهێڵێت و لەکەسیشی قبووڵ ناکات پەیوەندییەکی خزمایەتی ، یان تیرەخوازی ، یان چینایەتی ، یان نەتەوەیی ، یان ناوچەگەری لە پەیوەندیی وەلائی عەقیدەکە لەپێشتر بێت ، بۆیە بەو رادەیەی شیرکی ئیعتیقادی پێ رەفزە ، وەلائی جاهیلییشی پێ رەفزە کە بریتییە لە هەر وەلائێک کە لەسەر بنچی یەکخواپەرستییەکە دانەمەزرابێت .. دیسان بەقەدەر ئەوەی کە پێی گرنگە تەوحیدەکەی ساغ و راست و پاک بێت ، ئوممەتەکەی ساغ و سەر ڕاست لەسەر وەلائی تەوحید دروست بوو بێت ، ئاواو بە هەمان قەدەریش دەیەوێت بزاگی ئوممەتەکەی بە تەوحیدەکەی بێت . ئیسلام نەیهێشتووەو ناشهێڵێت و لە کەسیشی قبووڵ ناکات شێوازێکی بەزیوانەی بانگەواز داڕێژێت کە زەلیلی بەسەر موسوڵمانان و نوشوستی بەسەر تەوحیدەکەیدا بێت ، بۆیە لەو پەڕی موستەزعەفی پێغەمبەرە خۆشەویستە نازدارە هەڵبژاردەکەی خۆیدا وەحی ئاوای بۆ دەنارد ، کە بە هەموو کافرە دەسەڵاتدارەکان بفەرموێ : ( قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ . لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ) نەک هەر ئەوەندە ، لەو کاتەی کە نە خۆی نە موسوڵمانانی شوێن کەوتووی نەیاندەتوانی ڕیخۆڵە حوشترو پیسایی لەسەر شان و ملی پیرۆزی لادەن ، لەو کاتەدا خوای گەورە پێی دەفەرموێ ، بڕۆ بە تایبەتی و ناویشی بهێنە : ( تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ) !!

ئێستا با زۆر بە کورتی ئەم سێ روکنەی تیۆری بزاڤی ئیسلام (یەکخواپەرستی ، ئوممەت ، بزاڤ ) باس کەینەوە :

## بەنـــدی یەکەم

### دیـن ( تەوحیدی کۆمەڵکاری گۆڕین )

یەکخواپەرستی ( تەوحید ) بەو پێناسە مەعریفییەی کە لەسەرەوە باسمـان کردووە ( کە بریتییە لە ناسینی خوای تاک و پاک لە عەقیدەو لە پەرستن و لە حاکمێتیدا ) بناغەی یەکەمی دیانەتی ئیسلامەتییە . لێرەدا مەبەستمان ئەو پێناسە مەعریفییەی رابوردوو نییە ، کە چییەو چەند جۆرە ، بەڵکو لێرەدا مەبەستمان لە تەوحید ( کە هەر دینەکەی ) بەو سیفەتەیەت و پێناسەیەتی کە ئایدۆلۆژییەکی بزاڤ و کۆمەڵکارییە ، لەو لایەنەوەکە کاریگەری دین لە دارشتنی کەسایەتی موسوڵمان و هەستی کۆمەڵکاری ئوممەتی و وەلاء و بەرائی موسوڵمان و چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتن و کارکردنیدا چەندە ..

لە زیاد رەوی نییە ئەگەر بڵێین تەوحید بەم سیفەتەی گرنگترین مەسەلەکانی دینی ئیسلامە ، چونکە ئەم لایەنەی بریتییە لە هۆکاری هەڵاوێردن و پۆلێن کردنی خەڵکی ، چونکە تەوحید لەم لایەنیدا ، مەسەلەی کوفرو ئیمانە ،ئینجا ئەو لق و چڵانەی لێیان جوێ دەبێتەوە ، کە هەر یەکێکیشیان حوکمی شەرعی لە دنیاو رۆژی دواییدا لەسەر دادەمەزرێت ، عەقیدە لە ئیسلامدا یەکەمین پلەی دیندارییە چونکە هەموو باسەکانی تری ئیسلامەتی کە دەربارەی دنیاو رۆژی دوایی هەر لەسەر ئەو دادەمەزرێن ، لە رۆژی دواییشدا ئەوی باوەڕی بەم دینە بەو شێوەیە هێناوە کە خوا وویستوێتی پاداشت وەردەگرێتەوەو ئەوی باوەڕیشی پێی نەهێنا بێت ، یان بەو شێوەیە وەری نەگرتبێت کە پێغەمبەرەکەی خوا صلی الله علیه وسلم روونی کردۆتەوە ، سزا دەدرێت: ( أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاء مَّحْيَاهُم وَمَمَاتُهُمْ سَاء مَا يَحْكُمُونَ ) الجاثیة/21 واتە : چما ئەوانەی تاوانیان کردووە ، بخەینە ریزی ئەوانەوە کە باوەڕیان هێناو کردەوەی چاکەیان ئەنجام دەدە ؟! چما ژیان و مردنیان هەر دەبێت وەکو یەک

بێت ؟! ئەمە چ داوەرییەکی بەدە دەیکەن .. چارەنووسی خەڵکی کە ئەهلی بەهەشت دەبن یان دەبنە ئەهلی دۆزەخ هەر بە پێی هەڵوێستیانە لەم عەقیدەیە .. ئەمما لە دنیادا ، ئەوە کۆمەڵێکی زۆر ئەحکامی شەرعی هەیە هەمووی لەسەر ئەو بنیات دەنرێت[77] ، لەوانە :

**1ـ لە کاروباری سیاسیدا :** هەموو ئەو ئەحکامانەی کە پەیوەندی هەیە بەحاڵی حاکم و سیستمی حوکمی وولاتەوە ، ئەحکامەکانی کوفرو ئیمان کە ئەم بابەتانە دەگرنەوە کۆتا پلە گرنگن ، چونکە هەر ئەوەندە نییە هەندێک موسوڵمان بگرێتەوەو بەس ، نەخێر ، ئەم ئەحکامانە حوکمی هەر حاکمێکی پێ درا ، بەرپرسێتی ئەو حوکمەو چی لەسەر دادەمەزرێت ، هەر هەموو موسوڵمانان دەگرێتەوە ! چونکە خوای پەروەردگار ملکەچی دەربڕین و گوێ رایەڵی و سەرخستنی حاکمی موسوڵمانی لەسەر موسوڵمانان فەرز کردووە ، هەر وەکو کە ملکەچی و گوێڕایەڵی و یارمەتیدانی حاکمی کافری حەرام کردووە ، بۆیە زانایان فەرموویانە : (لەسەر هەموو موسوڵمانێک فەرزە حاڵ و حوکمی دەسەلاتداری وولاتەکەی خۆی بزانێت )[78] . گرنگی ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت ، کە ئەو وولاتەی بە یاسای پێچەوانە بە ئیسلام حوکم دەکات ـ وەکو ئەو هەموو حکومەتانەی ئەمڕۆی وولاتی موسوڵمانان ـ ئەحکامی زۆر دژواریان دەدرێت بەسەردا ، کە پێویستە هەموو موسوڵمانێک شارەزاییەک لەو ئەحکامانەدا پەیدا بکات ، تا لە ژیان و مردنیدا ، لەسەر رۆشنایی بژی وبە بەرچاورروونی بمرێت ، لەو ئەحکامانە :

ـ حاکم و فەرمانڕەوای ئەم وولاتانە کافری مەتڵەقن و لە دەرەوەی بازنەی میللەتی ئیسلامن .

ـ قازی و داوەری ئەم وولاتانە کافرن ، کافری مەتڵەق ، کەوابوو کار کردن لە داوەری لەم وولاتانەدا حەرامە .

---

[77] عبدالقادر بن عبدالعزیز : الهادي الي سبیل الرشاد / دار المجاهدون / القاهرة 1994 لا 84-90 . لە الجامع ەکەی خۆشیدا لە بەرگی دووەمیدا لا 539 هەر بە هەمان شێوەیە ..

[78] الامام الغزالي : المستصفي / 390/2

بەڵگەی کافرێتی ئەوانەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ) المائدة/44 واتە هەر کەسێک حوکم بە غەیری ئەوە بکات کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە ، ئەوانە کافرن .

ـ ناشێت داوەری ببرێتە لای یاساو دادگاکانی ئەم وولاتانەو ناشێت کار بە یاساو بڕیارەکانیان بکرێت ، هەر کەسێک بە رەزامەندییەوە داوەری خۆی بردە دادگاو یاسایان کافر دەبێت .

ـ ئەنجومەنی نیشتمانی ( پەرلەمان ) ی ئەم وولاتانە پەرستگای شیرکە ، و هەر ئەندامێکی ئەم ئەنجومەنە بەشدار بێت لە داڕشتنی بڕیار یان یاسایەکی دژ بە ئیسلام یان رێیدا یاسایەکی پێچەوانە بە ئیسلام دەرچێت ، کافرە .

ـ هەر کەسێکیش ئەندامی وا هەڵبژێرێت بۆ ئەو جۆرە ئەنجومەنانە کە بزانێت بێ دین یان یاساو بڕیاری دژ بە ئیسلام دەردەکات ، ئەمیش کافر دەبێت ، چونکە خوای گەورە دەربارەی ئەو کەسانەی یاساو رێسای پێچەوانە بە شەریعەتەکەی خوا دەردەکەن ، دەفەرموێ : ( أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ) الشورى / 21 واتە : یان هەڵبەتە شەریکییان هەیە و وەک هاوەڵ بۆ خوا دایانناون تا یاساو رێسای وایان بۆ داڕێژن کە خوای گەورە مۆڵەتی پێ نادات . هەروەها دەفەرموێ : ( اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ ) التوبة/31 واتە : حیبرو راهیب (پیاوانی دینی جولەکەو دیانەکان ) ی خۆیان کردبوو بە خواو لە جیاتی خوای گەورە دایاننابوون .. موفەسسیرین لەوەدا رایان جیاواز نییە کە ئەم خوایەتییەی حیبرو راهیبەکان لە پەروەردگارێتیدا بووە ، واتە لە یاسا داڕشتندا ، ئاشکراشە کە ململانێی ئەندامانی پەرلەمانەکانیش بەرامبەر دینەکەی خوای گەورەیە و لە بواری یاساو بڕیارداندایە کە بەرەنگاری دینەکەی خوا دەبنەوە ..

ـ بەیعەت دان بە حاکم و کاربەدەستی ئەم حکومەتانە جائیز نییەو حەرامە ، چ بە هەڵبژاردنیان چ بۆ مانەوەیان لەسەر حوکم ، وەکو ئەو راپرسی (استفتاء) ەی دەیکەن ، موسوڵمان بۆی نییە تێیدا بەشدار بێت ، چونکە

وویستێکی لە خۆ گرتووە کە مانەوەو بەردەوام بوونی کافرو کوفرە ، هەر کەسێکیش ئەوەی بوێت کافر دەبێت .[79]

ـ حەرامە موسوڵمان ببێتە سەربازی سوپایان ، چونکە ئەو سەربازانەی بەرگری لە مانەوەی ئەو بارودۆخەی کوفرو کافران دەکەن ، ئەوانیش حوکمی کافربوونی گەورەیان هەیە ، چونکە سەربازی کوفرن و لە پێناوی تاغووتدا دەجەنگن ، خوای گەورە دەفەرموێ : ( الَّذِينَ آمَنُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ ) النساء/76 واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لە پێناوی خوادا دەجەنگن ، ئەوانەش کە کافرن لە پێناوی تاغووتدا دەجەنگن .. ئەو تاغووتەی لێرەدا باسی لێوە دەکرێت تاغووتی حوکم کردنە ، کە لە دەستوورو یاساو ڕێساو حاکمەکانی ئەو وولاتانەدا دەردەکەوێت کە بە غەیری دینەکەی خوای گەورە حوکم دەکەن ، خوای گەورە دەفەرموێ : ( يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ ) النساء/60 واتە : دەیانەوێت داوەری خۆیان ببەنە لای تاغووت . هەرچی شتێکیش داوەری برایە لاو بە غەیری شەریعەتی ئیسلام حوکمی کرد ، تاغووتە . ئەم حوکمە ئەوانەش دەگرێتەوە کە بەرگری لەو سیستمە کافرانە دەکەن ، سەربازی بن ، یان یان هەر بە قسەو نووسین لایەنگری بن و بەرگری لێ بکەن وەکو ئەهلی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانان و مەلا ڕەسمییەکان .. بۆیە چوونە سەربازی لەم وولاتانەدا حەرامە .

ـ حاکم و کاربەدەستانی ئەم حکومەت وولاتانە هیچ مافێکیان لەسەر موسوڵمان نییە کە ملکەچییان بۆ دەرببڕێت یان گوێڕایەڵییان بکات ، موسڵمان بۆی نییە بە یاساو بڕیاریانەوە پابەند بێت ، ئەم لە دەرەوەی بازنەی ماف و ئەرکی ئەو یاساو بڕیارانەیانە ، بەڵام بە دوو مەرج : یەکەم بۆ هیچ موسوڵمانێک جائیز نییە کاری ناشەرعی بکات ، دووەم : بۆی نییە ئازا بە موسوڵمانی تر بگەیێنێت یان زوڵمی لێ بکات .

[79] بڕوانە کتێبی : الفروق / القرافی ب4 / 118

ـ ئەو وولاتەی یاسای کوفر حاکمێتی ، دار الکفره ، ئەگەر پێشتر شـەریعەتی ئیسلامی بەسەرەوە بووەو موسولْمانان ئەحکامی ئەویان جێبەجێ دەکـرد ، دوایی کافر دەسەلاتی بەسەریاندا کێشا ، یان حاکمەکەیان پێشتر موسـولْمان بوو دواتر کافر بوو ، بەلام موسولْمانان هەر لـەوێ مـاون ، ئـەوە ( دار الکفر الطارئ )ە ، واتە ئەو وولاتەی کوفری بە شێوەی کاتی کەوتۆتە سەر .

مەبەستم لێرەدا باس کردنی دوورو درێژی ئەم باسە نەبوو ، تـەنها ئـەوەم مەبەست بوو کە گرنگی مەسەلەی ئەحکامەکانی کوفرو ئیمان لای موسـولْمان بخەمە روو ، ئەمەی لێرەشدا باسم کرد هەندێـک لـەو ئەحکامانـەن کـە لـە چوارچێوەی سیاسەتی شەرعیدان .

ئینجا دێینەوە سەر ئەو ئەحکامە شەرعیيانەی لە دنیادا دەکەونە نێـو باسـی کوفرو ئیمانەوە :

<u>2ـ لە ئەحکامەکانی سەرپەرشتیدا :</u>

کافر لە هیچ لایەنێکدا بۆی نییە سەرپەرشـتی موسـولْمان بێـت ، وەکـو : ناشێت کافرێک ببێتە والی یان حاکمی سەر موسـولْمانان یـان ببێـتە قـازی نێوانیان ، گەر بشبێتە ئیمامی نوێژ ، نوێژەکەی بەتالە ، نوێژی ئەو کەسەش کە حالەتەکەی دەزانیت و ئیقتیدای پێ کردووە ، هەر بەتالە ، دیسان کـابرای کافر بۆی نییە ببێتە وەلی ئەمری ئافرەتی موسـولْمان و بـە شـووی بـدات ، ناشبێتە مەحرەمی ، گەر مەحرەمی نەبوو بێت ، تا لەسەر کوفری بمێنێتەوە ، هەر پێی حەرام دەبێـت ، کـافر نابێـت ببێـتە سەرپەرشـتی مـالْ و سـامانی موسلْمان ، بۆشی نییە مندالْی فرێ دراوی دار الاسلام هەلگرێتەوە .. هتد .

<u>3ـ لە ئەحکامی مارەیی و هاوسەرێتی :</u>

کافر و مورتەدد ، وەک ئەوی جنێوی بە دین داوە ، یان نوێژ نەکەر ( بـەلای ئەوانەوە کە پێیان وایە نوێژ نەکـەر کـافرە ) حەرامـە ئـافرەتی موسـولْمان بخوازێت ، ناشبێت کاتی بەشوودانی ببێـتە وەلی ئـەمری ، ئەگـەر کەسێـک موسولْمان بوو کە ئافرەتێکی مارە کردبـوو ، بـەلام دواتـر مورتـەدد بـۆوە ، نیکاحەکەی بەتالْ دەبێتەوەو ئافرەتە موسولْمانەکەی نابێت لـەلا بمێنێـت ،

گەر بشچێتەوە لای بە زینا حسێبە ! جا وەرە ئەم ئەحکامانەی شـەرع ئـەمڕۆ لەسەر خەڵکی بچەسپێنە ، ئینجا بـۆت دەردەکەوێـت کـە هـەزاران حاڵـەتی نیکاحی باتڵ لە نێو موسوڵماناندا هەیە ، هەزاران حاڵەت دەبینیت کە کـابرا یان ژنە پێـش مارەییەکـەیان یـان دوای مارەییەکـەیان بـە هەڵگەڕانـەوەی ەیکێکیان لـە ئیسلام نیکاحەکەیان بەتاڵ بۆتەوە کەچی هـەر بەردەوامیشـن ! ئاخر بزانە زانینی ئەم مەسەلەیە چەند گرنگە و نەزانینیشی چەند دژوارە ..

**4ـ لە ئەحکامەکانی میرات :**

جیاوازی دین میراتی نێوان ناهێڵێـت ، ئیمامـان ئیبنـو تەیمییـەو ئیبنـول القەییم پێچەوانەی ئەم فەتوایەی زانایان بوون ، بـە رای ئـەوان موسـوڵمان دەتوانێت میراتی خزمە کافرەکەی وەرگرێت ، ابن القەییم زۆری بەرگری لـەم رایەی خۆیان کردووەو سەری خستووە[80] ، بـەڵام نەیانپێـکاوەو بـە هەڵـەدا چوون ، چونکە دەقی حەدیسمان هەیە کە سەحیحی ئاشکراو ساغ و راشکاوون و پێچەوانەی فەتواکـەی ئەوانـە ، ئـەوان ـ رەحمـەتی خوایـان لـێ بێـت ـ ئیعتیمادیان کردۆتە سەر بۆچوونی هەندێک یاوەری پێـغەمبەر صـلی الله علیـه وسلم ، مومکینیش نییە رای یاوەر لە کاتی هەبوونی حەدیسدا وەربگیررێت .

**5ـ لە ئەحکامەکانی سەلامەتی گیان وماڵ :**

خوێن و ماڵی خەڵکی یان بە ئیمان دەپارێزرێت یان بە ئـەمان ، ئیمانەکـە بە باوەڕ هێنانێکی رواڵەت و سەرزارەکیش دێتە دی ، ئـەمانیش دوو جـۆرە : کاتی : وەک ئەوەی دەدرێتە موستەئمین[81]، هەمیشەیی : ئەوەیە کـە دەدرێـتە ئەهلی زیممە ، تا بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە دار الاسلام بژی بەو مەرجـەی

[80] بروانە : احكام اهل الذمة / ابن القيم ب2/لا462 - دار العلم للملیین چ 1983 .

[81] موستەئمین ئەو کافرەیـە کـە ئـەمانی لـە موسـوڵمانان وەرگرتـووە کـە بـە ئـەمانی موسوڵمانان بێتە وولاتەکەیانەوە ، واتە ئەو کافرەی بۆ نموونە بۆ خوێندن ، یان بۆ گەشت و گوزار ، یان بۆ بازرگانی یان دیبلۆماسییە ، یان بۆ مەبەستی تری مەدەنی و موسالیم بە ڤیزە هاتۆتە دارالاسلامەوە یان ئیقامەی وەرگرتووەو هاتۆتـە وولاتمانـەوە ، ئـەمما ئـەو کافرەی بە شێوەی هەمیشەیی لە نێوانماناد دەژی پێی دەوترێت : اهل الذمة .

پابەنـد بمێنێـت بــە مەرجــەکانی پەیماننامــەی زیممەکەیــەوە ، هــەر دوو جۆرەکەی ئەمان هەر بۆ کافری ئەسڵین ، چونکە مورتەدد ئــەمانی نادرێــتێ ، بۆیە ئەو کەسەی ئەمانی نەبوو چ کافری ئەسـڵی بێـت چ مورتــەدد خوێــن و سامانی هەدرە .. تۆ ئەگەر کەسێکی دین نەناسراوت لە دار الاسـلام کوشـت ، دوایی دەرکەوت کە کافرێکی بێ ئەمانە یان مورتەددە ، لــە رووی دادگاییــەوە هیچت لەسەر نییە ، نە تۆڵە نە خوێن ، بەڵام کە لە رووی دینداری و تەقواوە گوناحباریــت ، ئــەوەش مەســەلەیەکی خیلافییــە ، چــونکە تــۆ کابرایــەکت کوشتووە ئیحتیمالی ئەوەی هەبوو موسڵمان بووایە ، ئەمما ئەگەر کافر بــوو یان مورتەدد بوو ، بە هەڵە کوشتت ، ئەوە هەر هیچت لەسەر نییە ، نەتۆڵــەو نە خوێن ونە کەفارەتیش ..

6ـ لە ئەحکامی جەنازە :

کافرو مورتەددی مردوو ناشۆرێن و نوێژیان لەسەر ناکرێت و لە گۆڕستانی موسوڵمانانـدا نانێژرێن ، موسوڵمان گەرچی بۆی هەیە لەگــەڵ جەنازەیانــدا بڕوات بۆ سەر گۆڕستان بەڵام بۆی نییە کاتی دفــن کــردنی کــافرو مورتــەدد بەسەر گۆڕەکەوە بێت یان بەشداری بە خاک سپاردنیان بکــات ، یــان دواتــر بچێتە ســەر گۆڕەکانیــان ، ئەمــەش تەبــەڕا بــوونی تــەواوە لــە کــافران و مورتەددان ، لە ماوەی ژیانیانداو لە پاش مردنیشــیان . خــوای پــەروەردگار دەفــەرموێ : ( وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلاَ تَقُمْ عَلَىَ قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَــرُواْ بِاللّــهِ وَرَسُولِهِ ) التوبة/84 واتە : هەتا هەتایە نوێژ لەسەر مردووی کەسیان نەکــەیت ، لەسەر گۆڕیشی رامەوەستە ، چونکە ئەوانە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی نەهێنا .. یان دەفەرموێ : ( مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْــرِكِينَ وَلَــوْ كَانُواْ أُوْلِي قُرْبَى ) التوبة/113 واتە : بــۆ پێــغەمبەرو موســوڵمانان نــەبوو داوای لێخۆشبوونی خوا بۆ موشریکەکان بکەن ، با خزم و کەسی خۆشیان بووبن .

7ـ ئەحکامی دۆستایەتی و دوژمنایەتی :

موســوڵمان دەبێــت بــە قــەدەر باوەڕەکــەی خــۆی دۆســتایەتی بکرێــت ، دۆستایەتی کافر حەرامە ، نابێت بکرێت ، بەڵکو دەبێت بەرائەتی لێ بکرێــت ،

دەبێت موسوڵمان لەبەر خاتری خوای گەورە کافر ببوغزێنێت ، دەبێت ئەوەندەی بۆشی دەکرێت ئەم دوژمنداریێتییەی بۆ دەرببڕێت ، نابێت بە هیچ شێوەیەک یارمەتییەکی وای بدات زیان بە موسوڵمانان بگات ، بەڵکو لە جێی ئەوە دەبێت بە پێچەوانەوە بواری لەبەردەمدا تەسک کاتەوە ، ناشبێت موسڵمان زوڵم لە کابرای کافری خاوەن ئەمان یان زیممی ، هەر لەبەر ئەوەی کافرە ، بکات .

**8ـ لە ئەحکامەکانی کۆچ کردن :**

بناغەی کۆچ کردن مەسەلەی ئیمان و کوفرە ، فەرزە لەسەر موسڵمان لە کۆمەڵگەی کافران تا ززتر بۆی بکرێت بێتە دەرەوەو کۆچ بکات ، تا خۆی و دینەکەی لە ئەشکەنجەو تینییان رزگار کات ، نەبادا ناچاری کەن لە دینەکەی پاشگەز بێتەوە ، دیسان بۆ ئەوەی هەر لە کۆمەڵگەی ئەواندا نەمێنێتەوەو ژمارەیان زیاتر کات ، یان هاوکارییان دژی موسوڵمانێک بکات ..

**9ـ لە ئەحکامی جیهاد :**

ئەوی لەسەر جیهادو بە هۆی ئەوەوە دێتە دی وەکو رەفتار لەگەڵ دیل و دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنگ ( غەنائیم ) و فەیئو جزیەو خەراج .. ئەمانە هەموویان هەر لەسەر مەسەلەکانی باوەڕو کوفر دادەمەزرێن ..

**10ـ لە ئەحکامەکانی وولات :**

ئەمیش هەر لەسەر مەسەلەی کوفرو ئیمان راوەستاوە ، موسوڵمان بۆی نییە بچێت بۆ دار الکفر مەگەر لەبەر پێویستیی ، ناشبێت لەوێ بمێنێتەوە ، ئەویش مەگەر بە رادەی پێویست ، کافریش نابێت بێتە دار الاسلامەوە مەگەر بە پێی پەیمانێک ، ناشبێت لەوێ بژی مەگەر جزیە بدات ، شوێنی واش هەیە هەر ناشێت کافری لێ بژی وەکو نیوە دوورگەی عەرەب ، جێگای تر هەیە کە هەر نابێت تێی چن کە حەرەمی کەعبەیە ..

**11ـ لە ئەحکامەکانی قەزاوەت :**

لە ئەسڵدا شایەتی کافر لەسەر موسڵمان وەرناگیرێت ، حەرامیشە کافر ببێتە قازی و داوەری موسوڵمانان بکات ..

ئێمه ئەگەر باب بە باب بە کتێبە فقهیەکاندا بڕۆین ، زۆر ئـەحکامی ترمـان بەرچاو دەکەوێت ، کە هەمووی لەسەر بنەمای کوفرو ئیمانن و بە پێی ئـەوان هەڵ دەسەنگێنرێن و دەگیرێنە بەر ، دەیان باسی تری وەکـو قـاپ و قاچـاغی کافران ، خواردن و سەربڕراوەکانیان ، مامەڵـەی پـارەو داراییـان ، کـڕین و فرۆشتن کرێ و رەهن لەگەڵیاندا ، ئەمانە هـەمووی کۆمەڵـە باسێـکی دوورو درێژن و لە فیقهدا بـاس کـراون ، بـەڵام ئەوەنـدەی ئێـمە هێـنامانەوە وەک نموونە بەسن .. خوای گەروەش وویستی وا بووە کە ئەو خەڵکـە بکاتـە دوو پۆلـی جیاواز ، بە کافرو موسوڵمانێتی خەلقی کردوون ، وەک دەفەرموێ : (هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ) التغابن/2 . نەشیهێشتووە کەس بەیەکچاو سەیرییان کات و وەک یـەکیان حسێـب بکـات ، وەک دەفـەرموێ : ( أَفَنَجْعَـلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ . مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ) القلم / 35-36 واتە : بۆچـی چـییە ، موسوڵمانەکان وەک تاوانبارەکان لێ بکەین ؟! ئەمە چـیتانە ئێـوە ؟! چـۆن داوەرییەک دەکەن ؟! هەروەها دەفـەرموێ : ( أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا لَّـا يَسْتَوُونَ ) السجدة/18 واتە : چما ئەوی موسوڵمان بوو وەکو ئـەو کەسـەیە کـە فاسق بووە ، چۆن یەکسان دەبن ؟! یان : ( لَا يَسْتَوِي أَصْحَابُ النَّارِ وَأَصْحَابُ الْجَنَّةِ) الحشر/20 ئەهلی دۆزەخ و ئەهلی بەهەشت نابنە یەک . کەوابوو بـە پێـی ئـەم ئایەتانە یەکسان کردنی ئەم دوو پۆلە خەڵکە دژایەتی کردنی شەرعی خوایە، ئەمەشە کە هەموو دەستوورەکانی جاهیلییەت سوورن لەسەر تۆمار کـردن و هێشتنەوەو پاراستنی ئەم بڕگەیە ، تا بڵێن هاووڵاتیـان هـەموو لـە بـەردەم یاسادا یەکسانن ، واتە جیاوازی ئەرک و ماف لە نێـوان خەڵکیـدا بـە هـۆی بیروباوەڕیانەوە نابێت .. گومان لەوەدا نییە کە ئیهمال کردنی ئـەم خاڵـەی جوێ کردنـەوە دیـن شێوانێـکی گـەورە بـۆ موسـوڵمانان و خراپـەکاری و پشێوییەکی گەورەش لە ژیانی دنیایاندا دەهێنێتە کایەوە ، سوودی ئەمە هەر بۆ کافرەکانە ، ئەمە هەر ئـەو واقیعەیـە کـە ئێسـتا دەیبیـنین ، بـارودۆخی موسوڵمانان لە ژێـر ئـاڵای ئـەم یاسـا کوفرانـەدا بریتییـە لـە شێـواندنی

دینەکەیان و وێرانکاری دنیاییان و سەروەری دەسەڵاتی کافران . لە کاتێکدا که پیادەکردنی تەعلیماتی ئایەتەکانی خوای گەورە مرۆڤ دەکاتە دوو جۆر : کافرو موسوڵمان ، خەڵکی دەکاتە دوو بەرە بەرەی موسوڵمانان و بەرەی کافران ، ئەم جوێ بوونەوەیەش پێشەکی و کلیلی جیهادەکەیە کە لە پێناوی خوادا دەکرێت ، جیهاد هۆکاری ژیان و بوژانەوەی ئەم ئوممەتە ئیسلامییەیە ، مایەی عێزەتی موسوڵمانان و سەرشۆڕی کافرانە ، جوێ بوونەوەی خەڵکیش بە گوێرەی ئیمانداریيان کارێکە کە خوای گەورە پێی خۆشە وەک دەفەرموێ : (مَّا كَانَ اللّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ ) آل عمران/179 واتە : نەدەكرا خوا گەورە لێ گەڕێ موسوڵمانان هەر بەو شێوەیە بن کە ئێستا ئێوەی لەسەرن ، هەر دەبوو پاک و پیس لێک هەڵاوێرێت . یان دەفەرموێ : ( لِيَمِيزَ اللّهُ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ الْخَبِيثَ بَعْضَهُ عَلَىَ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُ جَمِيعاً فَيَجْعَلَهُ فِي جَهَنَّمَ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ) الانفال/37 واتە : بۆ ئەوەی خوای گەورە پاک و پیس لێک هەڵاوێرێت ، ئینجا پیسەکان لەسەر یەک کەڵەکە کات ، تا هەموویان کۆدەکاتەوەو بە جارێک پێکەوە فڕێیان دەداتە ناو دۆزەخەوە ، زەرەمەندان ئا ئەوانەن .. شتێکی بەڵگەنەوویستە کە هەڵاوێردنی ئەم پاک و پیسانەو لێک جوێ کردنەوەیان هەر بە پیادەکردنی ئەحکامەکانی کوفو ئیمان و شایەتی دانە لەسەر خەڵکی ، ئەمەشە کە ووتمان کارێکە خوای گەورە حەز بە ئەنجامدانی دەکات ، ئەمە ئەرکی موسوڵمانانە ، وەک خوای خاوەنیان دەفەرموێ : ( وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ ) البقرة/143 واتە : بۆیە کردومانن بە ئوممەتێکی دادپەروەر تا ببنە شاهێد لەسەر خەڵکی .. حاڵی نەبوون لەم هەموو خاڵەو خۆ لێ گێل کردنیان ، خۆ غافڵ کردنە لە دینەکە ، خۆ لادانە لەوەی خوای گەورە دەیەوێت و پێی خۆشە ئەنجام بدرێت .. ئێ ئەمە لە کوێ و ئەوە لە کوێ کە هەندێ کەس ناهێڵێت موسوڵمانان باس لەم خاڵانە بکەن ! ناهێڵن خاڵەکانی کوفرو ئیمان روون کەنەوە بە بەهانەی ئەوە کە : گەر دەتەوێت سەلامەت دەرچیت خۆت لەم باسانە مەدە !! جاری وا هەیە دەبینیت ئەوەی ئەم رێیەشت لێ دەگرێت

لەوانەن کە لە ریزی بانگەوازی ئیسلامییشدان ! مەگەر ئەمە لەبەر جوان حاڵی نەبوونی نییە لە ئیسلامەکە ؟! مەگەر لەبەر کەم تەقوایی و ساویلکەیی دینداریێتییەکەی نییە ؟! ئاخر بە هۆی ئەم دەردەوەیە کە هەندێک ( داعی ! ) ئیسلامی و سەرکردەی کۆمەڵە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ دەبینیت ئەو پێناسەی پێغەمبەریان صلى الله عليه وسلم بەسەردا دەچەسپێت کە دەربارەی زیاد بوونی نەزانین و لە دین حاڵی نەبوون دەفەرموێ : ( إِتَّخَذَ النَّاسُ رُؤسَاً جُهَّالَاً فَسَئَلُوا فَأَفْتَوا بِغَيرِ عِلْمٍ فَضَلُّوا وَأضَلُّوا )[82] متفق عليه .واتە : ئینجا خەڵکی سەرانی نەزان دەخەنە پێش ، پرسیاریان لێ دەکەن ، ئەوانیش بێ هەبوونی عیلمی شەرعی فەتوایان بۆ دەدەن ، هەم خۆیان گومڕا دەبن ، هەم ئەوانیش گومڕا دەکەن .. ئەستەمیشە دینی خوا بە کەسێک سەرکەوێت کە ئەوەندە زەین کوێر بێت نەزانێت سەنگەرەکانی کوفرو ئیمان کامانەن و چۆن و بەچی لێک جوێ دەکرێنەوە !

جوێ کردنەوەی موسوڵمان و کافرو رەفتار کردن لەگەڵیاندا بە پێی ئەحکامەکانی شەرع نەک هەر کار لە چارەنووسی تاکەکان دەکات ، بەڵکو کاریگەری گەورەی لەسەر چارەنووسی گەلان و دەوڵەتان هەیە .. ئەوی رێی لە موسوڵمانان گرتووەو ناهێڵێت شەریعەتەکەیان پیادە کەن کێن ؟ مەگەر هەر ئەو حاکمە کافرانە نین کە مەلا دین فرۆشە رەسمییەکانیان هەر بە موسوڵمانیان دەدەنە قەڵەم ؟! مەگەر هەر ئەو سەربازە کافرانەیان نین کە وا دەزانن حاکم و سەردکردەکانیان موسوڵمانن ؟! چی ئەو خەڵکە خلّتەی گەیانە ئەو واقیعی دید لێڵی و بیر ئاڵۆزییە ؟! مەگەر هەر کەڵەکە بوونی کەرسەکی

---

[82] هەموو حەدیسەکە ( بە لەفزی گێڕانەوەی ئیمامی موسلیم ئاوایە کە ژمارەکەی ( 2673)
حدثنا قتيبة بن سعيد. حدثنا جرير عن هشام بن عروة، عن أبيه. سمعت عبدالله بن عمرو بن العاص يقول:سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول "إن الله لا يقبض العلم انتزاعا ينتزعه من الناس. ولكن يقبض العلم بقبض العلماء. حتى إذا لم يترك عالما، اتخذ الناس رؤسا جهالا، فسئلوا فأفتوا بغير علم. فضلوا وأضلوا".

نەزانی ئەنقەست و گومڕا کردنە بە نەخشەکانی دەیان ساڵ نەبوو ، وای کـرد کە جـەماوەری موسـوڵمانان خـۆ لـەم مەسـەلە دژوارەی کـوفرو ئیمـان و هەڵاوێردنی سەنگەرەکانیان و جویٚ کردنەوەی موسوڵمان لە کافر ، نەگەێنن و بیری لیٚ نەکەنەوە ، هەر دەڵێی نەلـە دوورو نـە لـە نزیکـەوە پەیوەنـدی بەمانەوە نییە ؟! تا گەیاندنییە ئەو رادەیەی نەک هەر لـەو نەزانینـە سـادە (الجهل البسيط) ەدا بمێننەوە ، بەڵکو بکەونـە تاریکسـتانی نـەزانینی ئاوێـتە (الجهل المُرَكَّب) یشەوە ! بەوەی کە قەناعەتیان بێـتە سـەر ئـەوەی کـە ئـەو حاکمە کافرانـە نـەک هـەر موسـوڵمانن بـەڵکو خـاوەن تەقواشـن !! ئـەو موسوڵمانان دیندارە سـەر راسـتانەی داعـی و موجاهیدشـن ، خـەواریجن و گومڕا بوون !! بەمەش ئـاوا دەبینیـت بانگـەوازە خواییەکـە هاتۆتـە خـۆو کوشمەڵە بووەو داعیەکانیش ئاوا غەریب و پەرتەوازە کەوتوون ە لە هـەموو لایەکەوە دەچەوسێنرێنەوە ! مەگەر ئەمە واقیعی موسوڵمانانی ئەمڕۆ نییـە ، نەک هەر لەو وولاتانەدا کە تێیدا لەدایکبوون ، لە هەموو وولاتـانی دنیـادا .. ئاخر لەبەر گرنگـی و کاریگـەری ئـەم خاڵـە عەقائیدییانەیـە کـە زانایـان فەرموویانە : (لەسەر هەموو موسوڵمانێک فەرزە حاڵ و حوکمی دەسەڵاتداری وولاتەکەی خۆی بزانێت )[83] . دیارە کە مەبەست لە ئیهمالی ئەنقەسـتی ئـەم مەسەلەیە ( مەسەلەی جویٚ کردنەوەی موسوڵمان لە کافر ) و ریٚ گـرتن لـە موسوڵمانان بۆ زانین و فێر بوون و پیادەکردنی ، بـۆ ئەوەیـە موسـوڵمانان دوژمنە سەرەکی و راستەقینەکانی خۆیان ـ لە نـاوەوەو دەروە ـ نەناسـن و نـەزانن کـە دوژمـنی سەرسـەخت و حـەقیقییان ، ئـەم حاکمـە کافرانـەی وولاتەکانی خۆیان و ئەو هێزە کـافرە دەرەکییانـەن کـە پشـتیان گرتـوون ، دیارە مەبەستی سەرکی ئەمەش ئەوەیە کە موسوڵمانان شـارەزای ئـەحکامی دینەکەیان نەبن و نەکەونە جیهاد کردنی دوژمنەکانیان لە ناوەو لە دەرەوەی وولاتەکانیان .. ژیانی موسوڵمانان بیٚ جیهاد کردنییان چی لیٚ دێت ؟! مەگـەر نابێتە زەلیلی و ژێر دەستەیی ؟! بەڵیٚ دەبێت ، چونکە سـەربەرزی و عێـزەتی

---

[83] الامام الغزالي : المستصفي / 390/2

موسوڵمانان بێ جیهاد نایاتە دی ، بۆیە ئەگەر جیهاد وەستا ، دینی موسوڵمانانیش دەکەوێتە پاشەکشەو دنیاشیان بەرەو کاولکاری و زەلیلی دەڕوات و دوژمنە کافرەکانیشیان زاڵ دەبن و سەر زەمینیان لێ دەتەنن و دنیایان لێ دەکەنە دۆزەخ !! مەگەر ئا ئەم وەسفە هی بارودۆخی ئێستاو سەدەی رابوردووی موسوڵمانان نییە ؟! ئاخر بۆیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو : (اذا تَبَايَعْتُم بِالعِينَةِ وتَبِعْتُمْ أذْنَابَ الْبَقَرِ و رَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ وَ تَرَكْتُمْ الجْهَادَ سَلَّطَ اللهُ عَلَيكُمْ ذُلّاً لا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا الى دِينِكمْ ) رواه احمد وابوداوود بإسناد حسن عن ابن عمر . واتە : گەر کەوتنە کڕین و فرۆشتن و ئالمەو سالمەی سوو ( ریبا ) و دەستان بە کلکی مانگاوە گرت و بە چاندن و کشت و کاڵ دڵخۆش بوون و جیهادەکەتان واز لێ هێنا ، خوای گەورە باڵی زەلیلییەک دەکێشێت بەسەرتاندا ، تا نەگەڕێنەوە بۆ دینەکەتان لەسەرتانی هەڵناگرێتەوە .. کلکی مانگا گرتن و دڵخۆش بوون بە چاندنەکە ئاماژەن بۆ دنیاوویستی و پاڵدانەوە ، کە هۆکارو ئەنجامی واز هێنانە لە جیهادەکە ، ئەمەش هەمووی هەر دەگێنێتە ئەو زەلیلییەی کە هەر لە حەدیسەکەدا باسی فەرمووە ، کە بە نەهێشتنی هۆکارەکانی لادەچێتەوە ..

ئەمە هەمووی کورتە باسێک بوو لە گرنگی و کاریگەری بابەتەکانی کفرو ئیمان ، ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ : ( کە ئەوەت بۆ روون بووەوە ، ئینجا ئەوە بزانە کە مەسەلەکانی بە کافر دانان و بە فاسق دانان ( تەکفیرو تەفسیق ) لە باسەکانی ( ناوو ئەحکام ) ن کە بەڵێن و هەڕەشەی رۆژی دواییان پێوە بەندە ، دۆستایەتی و دوژمنایەتیش پەیوەندییان بەمانەوە هەیە ، هەروەها پاراستن و کوشتن و ئەحکامەکانی تری دنیا ، چونکە خوای گەورە بەهەشتی بۆ موسوڵمانان تەرخان کردووەو لە کافرانیشی حەرام کردووە ، ئەمانەش کۆمەڵە ئەحکامێکی گشتی هەمیشەیین )[84] ، هەروەها لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ : ( هەڵە کردن لە باسەکانی ئیماندا وەک هەڵە کردن لە باسێکی تری داهێنراودا نییە ، یان وەکو هەڵەیەکی تر نییە کە لە ناوێکی

[84] ابن تيمية : مجموع الفتاوى ب 12 لا 468 .

تردا بکرێت ، چونکه ئەحکامەکانی دنیاو ڕۆژی دوایی پەوەیندییان به بــاوەڕو ئیسلام و کوفرو نیفاقەوە هەیە )[85] ، لە جێگایەکی تریشدا دیسان دەفەرموێ : ( هیچ ووشەیەک نییە بەختیاری یان کلۆڵی ، مەتح یــان زەم ، پاداشــت یــان سزای لەسەر دامەزرابێت وەکو ووشەکانی کوفرو ئیمان ، بۆیە بەم بنچــینانە ووتــراوە : باســەکانی نــاوو ئــەحکام ( مسائل الاسماء والاحكام )[86] . ئیبنــو ڕەجەبی حەنبەلیش دەفەرموێ : ( ئەم مەسەلانە ، مەبەستم باسەکانی ئیسلام و ئیمان و کوفرو نیفاقە ، کۆمەڵە مەسائلێــکی زۆر گــرنگ و دژوارن ، چــونکە خوای گەورە بەختیاری و کوێرەوەری و شایان بــوونی بەهەشــت و دۆزەخــی بەمانەوە بەستۆتەوە ، ئەو ڕاجوێییەش کە کەوتە ناو نــەوەی یەکــەمی ئــەم ئوممەتەوە ، هەر بە هۆی ئەم زاراوانەوە بوو ) [87]. ئیبنول قەییمیش کە باســی ڕێسایەکی شەریعەتی ئیسلام ( ڕێ گــرتن لــە خراپــەکاری ) بــاس دەکــات ، دەفەرموێ : ( لەو مەرجانەی بۆ ئەهلی زیممە دانراوە ئەوەیە کــە دەبێــت لــە جل و بەرگ و ڕواڵەتیاندا لە موسوڵمانان جوێ ببنــەوە ، بــۆ ئــەوەی وەکــو موسوڵمان ڕەفتاریان لەگەڵدا نەکرێت ، بۆ ئــەوەی ئــەم تێــکەڵ بوونــە ڕوو نەدات پێویست بووە لەسەریان بە نیشانێک خۆ جودا کەنەوە . )[88] .

بەرهەمی ئەم باسە کورت و پوختە ( باســی ئیمــان و کــوفر ) ئەوەیــە کــە موسوڵمان لە کافر جوێ بکرێتەوە ، تا هەردوولایان بــە پێــی شــەرعی خــوا هەڵس و کەوتییان لەگەڵدا بکرێت ، ئەمەش لەسەر موسوڵمان واجیبە ، ئەمە لە بەرژەوەندی کافرو مورتەددیشە ، ئەویش پێویستە بزانێت کە کــافرە یــان مورتەددە ، چونکە لەوانەیە ئەمە وای لێ بکات زوو تۆبە بکات ، یــان بــاوەڕ هێنان و شایەتمانەکەی نوێ کاتەوە ، ئەمەش بۆ دنیــاو ڕۆژی دوایــی خــۆی بەسوودە . ئەمما لێی گەڕێین و حوکمە شەرعییەکەی لــێ بشــارینەوەو ـ بــە بەهانەی ئەوەی باس کردنی ئەم مەسەلانە سەرەنجامی بــاش نابێــت ـ پێــی

---

[85] ابن تيمية : مجموع الفتاوى 395/7 .
[86] ابن تيمية : مجموع الفتاوى 58/13 .
[87] ابن رجب الحنبلي : جامع العلوم والحكم لا 27 .
[88] ابن القيم : اعلام الموقعين ب3 لا 157 .

نەڵێـین کـە کـافر بوویـت ، یـان حـوکمی مورتـەددت کەوتۆتـە سـەرو هەڵگەڕاویتەوە ، ئەمە جگە لەوەی حەق شاردنەوەیەو خوای گـەورە قبـەڵی ناکات ، زوڵمێکیشە لە کابرای کافر و فریوو دانێتی ، چونکە پێی نەووترا کـە کافر بووە تا هەلی تۆبە کردنەکەی کە بۆ ڕەخسا بوو ، بقۆزێـتەوە ! زۆرێـک لە کافران هەر وادەزانن لەسـەر چـاکەو خێـر خـوازین و لای خـواش پلـەو پایەیان هەیە !! وەک خوای گەورە دەرهەقیان دەفەرموێ : ( الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ) **الكهف : 104** واتە : ئەوانـەی لـە چیانی دنیادا ڕەنج بە خەسار بـوون ، هـەر وا دەزانـن کـارو کردەوەکانیـان چاکەو وەرگیراوە !!

لەبەر گرنگی ئەمانەیە کە زانایان فەرموویانە کـە فێـر بـوونی عەقیـدەی ئیسلام و بانگەوازەکەی لە یەکەمین ئەرکەکانن ، چونکە راسـت و ناڕاسـتی و وەرگرتن و وەرنەگرتنی کارو کرداری مرۆڤ ، ئیعتیماد دەکاتە سەر راسـتی و سەلامەتی عەقیدەکەی ، دیسان بەختەوەری دنیاو قیامەت هـەر لەسـەر ئـەو بەند بووەو راوەستاوە ، لەسەر زانین و پێوە پابەند بـوون و پاراسـتنی لـە هەرچی شتێک کە لەکەداری دەکات یان کەلێنی دەخاتە ناوێ[89] .

سەید قوتـب دەفـەرموێ [90]: ( عەقیدەکـە بناغـەی دینەکـەی خوایـە ، کـە بەرنامەی ژیانی لەسەر بنیـات دەنرێـت ، مەبەسـت لەمـەش هـەر زانـینی عەقیدەکە نییە ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە موسـوڵمانان ژیانیـان بـە پێـی زانینی عەقیدەکەیان داڕێژن ، مەبەست ئەوەیە کەـ مادام خوایەکی تـر وەکـو ئەو نییە شایانی مەزنی و پەرستن بێت ـ کەوابوو هـەموو دیـن و بەرنامـەو ووردەکارییەکی ژیان دەبێت لە پێناوی خواو بە پێـی دینەکـەی خـوا بێـت .. چونکە هەر ئەو هەیە کە هەم خوابچت و هەم پـەروەردگاریش بێـت ، یـەعنی هەر ئەوە جاکم و داوەرو گەورەویاسادانەرو ئاڕاستەوان و کارگێڕی گەردوون

[89] محمد بن ابراهيم الحمد: عقيدة اهل السنة والجماعة / دار ابن خزيمة ـ السعودية چ2 /1998 لا4

[90] احمد فائز : طريق الدعوة في ظلال القرآن / مؤسسة الرسالة چ 1993/13 بەرگی یەکەم لا 27 .

و هەرچی تێـیدایەتیی . دارشـتن و بنیاتنـانی ژیـان لەسـەر ئـەم بناغەیـە جیـاوازی زۆرو سـەرەکی هەیـە لەگـەڵ ژیانێـک کـە لەسـەر بناغـەی پەروەردگارێتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ ( بە مانا کـانی حـاکم و داوەرو یاسـادانەرو ئاڕاستەوان ) دامەزرا بێـت .. چـونکە جیاوازییەکـە لـە هـەموو لایەنـەکانی ژیانەکەدا دەردەکەوێت ، لـە لایـەنی دیـدو بۆچـوون ، دروشـم و پەرسـتن ، رەفتارو رەوشـت ، بەهاوهەڵوێسـت ، پێـوەری پێناسـەو هەڵسـەنگاندن ، ئینجا بارو دۆخی سیاسـەت و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و لایەنـەکانی تـری ژیانی هەموو تاک و کۆمەڵگەکە ..

باوەڕ هێنان و قەناعەت کردن بە خوایـەتی خـوای تـاک و تـەنها رێسـای ژیانێکی تەواوە ، ئەم قەناعەتە وە نەبێت هـەر عەقیدەیـەک بێـت و لـە دڵ و دەروون و هەست و هۆش چەسپی بێت و بەس ، نەخێر ، چونکە سـنوورەکانی عەقیدە زۆر لەوە دوورترن ، سنوورەکانی عەقیدە تا دێن بەرفراوان تر دەبن ، بۆیـە تـا ژیـانی تـاک و کـۆ پـەل بهاوێـت و بـەرفراوان بێـت ، سـنووری عەقیدەکەش هاوشان بەرفراوان دەبێت و لەگەڵیاندا رێ دەکات .. بۆ نموونـە کێشەی حاکمێتی بە هەموو لق و پۆپێـکییەوە ـ لـە ئیسـلامدا ـ کێشـەیەکی عەقائیدییە ، هەر وەکو کە کێشەکانی رەفتارو رەوشت بە شێـوەیەکی گشـتی کێشەی عەقائیدین ، بەرنامەی ژیان لـە عەقیـدەوە سـەر هـەڵ دەدات ، ئـەم بەرنامەشە دوایی دەبێت چوارچێوەی بەهاو رەوشت ، یان دەبێـتە زەمینـەی یاساو دەستوور .. بۆیە ئێمە بە راستی لە مەبەتەکانی قورئان حـاڵی نـابین ئەگەر بە تەواوی پەی بە سنوورەکانی عەقیدەی ئەم دینـە نەبـەین ، تـا بـە تەواوی و گشتگیرانەو بەو بەرفراوانیـەوە ماناکـانی شاهێـدی ( لا الـه الا الله محمد رسول الله ) تێ نەگـەین .. ماناکـانی خواپەرسـتیش هـەر دەبێـت بـەو بەرفراوانیەوە تێ بگەین ، ئینجا ئا بـەم تێگەیشـتن و بـاوەڕو قەناعەتـەوە دینداری بە ئیسلامەکە دیاری بکەین .. ) .

لە کتێبی ( معالم في الطريق : مەشخەڵی رێ ) کەشیدا تویـژینەوەیەکی ووردو دوورو درێژ ، لەسەر ئەم مانایانە دەخاتە روو ، کە چەند گرنگییان هەیـە لـە

ژیانی مۆسولْمان و پێکەوەنانی کۆمەڵگە موسولْمانەکەی و دەولْەتە موسولْمانەکەی ، لە بەشی لا الـه الا الله منهج الحیاة دا دەفەرموێ [91]: ( شایەتمان ( لا اله الا الله ومحمد رسول الله ) بناغەی بەرنامەیەکی تەواوی ژیانە . کە هەموو ژیانی ئوممەتی موسولْمانی لەسەردادەمەزرێت . ئەستەمیشە ژیانی ئیسلامی بێتەکایەوە پێش ئەوەی ئەو رێسایە چەسپی بێت هەروەها ئەستەمیشە ژیانێک کە لەسەر رێسایەکی تری غەیری ئەو رێسایە دروست بووبێت وئیسلامییش بێت ! دیسان هەر زۆر زۆر ئەستەمیشە ژیانی ئیسلامی لەسەر رێسایەکی تر، یان چەندین رێسای تری شان بەشانی رێسای ( لا الـه الا الله ومحمد رسول الله ) دابمەزرێت .. مەحاڵە ..

( اِنْ الحُكمَ الاّ لله أمرَ ألا تَعبدوا اِلاّ اياه ذلكَ الدين القَيّم ) یوسف / 40 واتە : حوکم کردن تەنها هی خوایە کەفەرمانی داوە نابی جگە لەو هیچ شتێکی تر بپەرسترێت ، ئەوەشە دینی راست ودروست ..

( مَن يطِعِ الرَسولَ فَقَد أطاعَ الله ) النساء / 81 واتە : ئەوەی گوێرایەڵی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بکات. ئەوە گویرایەڵی خوای کردووە .

لەم بڕیارە کورت وبنبڕو کاریگەرەوە چەند خاڵێک وەردەگرین کە هەڵوێستمانی – دەربارەی کێشە سەرەکییەکانی حەقیقەتی ئەم دینەو بزوتنەوە واقیعییەکەی ئیسلامی – لەسەردادەمەزرێت .

یەکەم : سروشتی کۆمەڵگەی موسولْمانی پێ دەناسینەوە .

دووەم : پرۆگرامی پێکهێنانەوەی کۆمەڵگەی موسولْمانی پێ دیاری دەکەین .

سێیەم : شارەزای بەرنامەو رێبازی ئیسلام دەبینەوە لەچۆنێتی رووبەروو بوونەوەی کۆمەڵگە جاهیلییەکاندا ..

چوارەم : فێری چۆنێتی رووبەروو بوونەوەی ئیسلام دەبین لەگەڵ واقیعی ژیانی مرۆڤایەتیدا ..

ئەمانەش کێشەی سەرەکین و زۆرگرنگن ولەبەرنامەی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆن ونوێدا جێ بایەخن ..

---

91 معالم في الطريق / دار الشروق - بيروت /1995

یەکەم دیاردەی ناسینەوەی سروشتی ( کۆمەڵگەی موسوڵمان ) بریتییە لەوەی کە ئەو کۆمەڵگەیە لە هەموو کاروبارێکیدا ، لەسەر ڕێسای (خواپەرستی ) دادەمەزرێ ئەو جۆرە پەرستنەی کە شایەتمان ( لا الـه الا الله ومحمد رسول الله )ی تێدا دەردەکەوی ئەم پەرستنەش لەبیروباوەڕ ، دروشمی پەرستن[92] ، وياساو شەریعەتدا دەردەکەوێ ..

1) ئەو کەسەی باوەڕی بە تەنهایەتی خوای گەورە نەبێ ئەوە بەبەندەی خوای تاک تەنها ناژمێررێت .. خوای گەورە دەفەرموێ :( وَقالَ الله لاتَتَخِذوا الهَين يثنين ، اِنّما هوَ اِله واحِد فايّايَ فارهَبون ، وَله ُمافي السّمواتِ والأرضِ وَلَه ُ الدّين واصبا" أفَغيرَ الله تَتَقون ) النحل/ 51 - 52 واتە : بریاری دوو خوایی مەدەن ، چونکە خوا یەکەو هەر لەمنیش بترسن ، خوا ئەوەیەکە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی تێیاندایە حوکم تایبەتە بەوەوە ، ئایا ئێوە لەغەیری خوا دەترسن ؟

2) ئەو کەسەی دروشمە پەرستنەکان لەبەر خاتری یەکێکیتری غەیری خوا بکات ئەوکەسە بەبەندەی خوای تاک وتەنها ناژمێرری : ( قُلْ اِنَّ صَلاتي وَنسكي وَمَحيايَ وَمَماتي لله رَبّ العالمين ،لا شَريكَ لَه وَبِذلكَ أمرِت، وأنا أَوَل ُ الُمسلمينْ ) الانعام / 162 – 163 واتە : بڵێ نوێژم وپەرستنم وژیانم ومردنم بۆخوای پەروەردگاری جیهانە کەهیچ هاوەڵی نییە ، منیش وا فەرمانم پێدراوە، ومنیش یەکەمین موسوڵمانم

3) ئەو کەسەی یاساو شەریعەت لەیەکێکی تری غەیری خواوە وەربگرێ ، ولەغەیری ئەو ڕێگایەوە وەربگرێ کەخوا خۆی پێی گەیاندوین ، کە ڕێگای پێغەمبەرەکەی خۆیەتی صلی الله علیه وسلم ئەوە ئەو کەسە بەبەندەی خوای تاک وتەنها ناژمێررێ ( أَمْ لَهُمْ شُرَكاء" شَرَعوا لَهمْ مِن الدِّين ما لَمْ يأذَنْ بِهِ الله) الشوری/21 واتە : یان هەڵبەتە خوا هاوەڵی وای هەیە کە یاساو شەریعەتی تری بۆ ئەوان داناوە لەو بوارانەدا کەخوا مۆڵەتی پێ نەداون ( وَما آتاكُمْ الرَسول فَخُذوه ُ، وَما نَهاكُمْ عَنْه فَانتَهوا ) الحشر/7 واتە : پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چیتان بۆ

---

(1) دروشمی پەرستن وەک نوێژو ڕۆژو قوربانی کردن و .. هتد .. . .

دێنێ و پێی ڕازییه ، وەری بگرن ، وبەرهەڵستی چیشی لێ کردن وازی لێ بهێنێن .

کۆمەڵگەی موسوڵمان ئاوا دەبێ .. تەنها خوا دەپەرستێ ، ئەو خواپەرستییەشی لە هەموو شتێکیدا دەردەکەوێت : لە بیروباوەڕو هەست هۆشی تاک و لەدروشمی پەرستنەکان و لەیاساو ڕێسا کۆمەڵکارییەکانیدا .. هەر یەک لایەن لەم لایەنانە ، دوا بکەوێ یان لەسەر بناغەی ( خواپەرستی ) دانەمەزرێ ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ئیسلام لادراوە ، وهەموو ئیسلام لە بووندا سراوەتەوە چونکە ڕوکنی یەکەمی ئیسلام کە ( لا الە الا الله ومحمد رسول الله ) کەیە لاسەنگ بووە . ) .

* * *

## بەنـــدى دووەم

## ئوممەتى موسوڵمان

### پەيوەنديى دينى

سەييد قوتب ـ رحمه الله ـ دەفەرموێ : ( بانگەوازى ئيسلامى ، كە لەسەر دەستى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوو بريتييە لە كۆتـا ئەڵقــەى زنجـيرەى ئەو بانگەوازە كۆنەى ئيسـلامەتى ، بـە سـەركردايەتى قافڵــە بەرێـزەكەى پێغەمبەران . ئەم بانگەوازە بە درێـژايى مێـژووى كۆمەڵگــەى مرۆڤايــەتى هەوڵى هێنانە دى يەك مەبەستى دەدا .. ئەويش پێناسـاندنى خـواى تـاك وتەنها بوو بە خەڵكى ، بە شێوە پاك ودروستەكەى .. وە نەبێـت خــەڵكى ـ جگە لە چەند ئەندامێك كە ناو بـەناو لــە مێـژودا دەردەكـەوتن ئينكـارى بوونى خواو سيفاتى خوايەتى خوايان كردبێت ، بەڵكو لە ناسـينى خـواى راستەقينەدا ، بە هەڵەدا دەچوون ، يـان هاوەڵيـان بـۆ بريـار دەدا . چ لــە بيروباوەڕو پەرستندا ، چ لە وەرگرتنى حوكمى غەيرى حوكمى خواو شوێن كەوتنى غەيرى فەرمانى خوايى دابووبێت ، ئەم دوو شێوەش هەردوكيان بە كوفر حسابن وخەڵكى لە ئايينەكەى خوا دەبەنە دەرەوە . ئەو ئايينەى كـە پێغەمبەران بە خــەڵكيان دەگەيانــد . كـە پـاش ماوەيــەك لێـيان لا دەداو دەگەڕانەوە نێو ئـەو جاهيلييەتــەى كــە پێــغەمبەرەكانيان لێـيان قوتــار كردبوون .. جارێكى تر دەگەڕانەوە سەر هاوەڵ بۆ خــوا پەيـداكردن . چ لــە بيرو باوەڕو پەرستنياندا ، چ لە وەرگرتنى حوكمى غەيرى خوايى و شوێـن كەوتنى رێبازى غەيرى پەيامى خواييدا . چ لە هەردوو شێوەكەيدا ..

بە درێژايى مێژوو ئەمە بووە سروشتى بانگەوازەكەى خوا .. كـە هــەموو مەبەستێكى بريتييە لە موسڵمان بوونى خەڵكى .. واتە تەسليم بوونيـان .. تەسـليم بــوونى بەنــدەكان بــە خــواى خۆيــان .. ورزگاركردنيــان لــە بەندەپەرستى بۆ پەرستنى خواى بەنــدەكان . هــەروەها ئازادكردنيــان لــە ژێردەسەڵاتى حوكم وياساو نەريت وخووى مرۆڤ .. تا لە هەموو كاروبارو

هەڵس وکەوتێکی ژیانیاندا بخرێتە ژێر دەسەڵاتی خوا .. دەسەڵاتی حوکم و شەریعەتەکەی ئەو .

لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە ئیسلام لەسەر دەستی پێغەمبەر هات صلی الله علیه وسلم وەک چۆن لەوەو پێش لەسەر دەستی پێغەمبەرە بەرێزەکانی تر هاتبوو .. بۆ ئەوە هات تا خەڵکی بگێرێتەوە ژێر دەسەڵاتی خوا . وەکو کە چۆن هەموو گەردون لە ژێر دەسەڵاتدارێتی ئەودایە . چونکە پێویستە ئەوی ئەو دەسەڵاتدارێتییەی ژیانیان رێک دەخات هەر ئەو دەسەڵاتدارێتییە بێت کە بوونیانی هێناوەتەکایەوە . نەبادا خۆیان بەڕێ و شوێنی پرۆگرام ودەسەڵاتدارێتییەکی تری غەیری ئەو پرۆگرام و یاساو دەسەڵاتەدا بڕۆن کە بۆ هەموو گەردون دانراوە چونکە خەڵکی وان لە ژێر چەند یاسایەکدا کە خۆیان دەسەڵاتیان بە سەریدا ناشکێت ، کە بریتین لە چەند یاسایەکی سروشتی خوایی .. وەک دروست بوون و گەشە کردنیان ، لەش ساغی و نەخۆشیان ، ژیان و مردنیان ، وەک چۆن کە وان لە ژێر چەند یاسایەکی تری کۆمەڵایەتیشدا ، هەروەها لە چارەنووسی هەڵس وکەوتە سەربەستەکانیشیاندا .. وەکو کە ناشتوانن نەخشەی خوایی بگۆڕن لە یاسا گەردونییەکاندا کە حوکمی هەموو جوڵانەوەیەکی گەردون دەکەن . هەر بەو پێیە لەو لایەنانەی ژیانیشیاندا کە کەوتۆتە ژێردەسەڵاتی خۆشیانەوە هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لای خوا . وەدەبێت لە هەموو لایەنێکی ژیانیدا شەریعەتەکەی خوا بکەنە حاکم تا لایەنی وویست و ئیرادە سەربەستەکەیان لەگەڵ لایەنە فیترەکەیاندا پێکەوە بسازێن ـ بۆ ئەوەی لە لایەکی تریشەوە هەموو بوونیان لە هەردوو لقەکەیەوە لەگەڵ بوونی گەردوونیدا پێکەوە بسازێن [93] .

بەڵام ئەو جاهیلییەتەی لەسەر بناغەی حاکمێتی مرۆڤ ، ولادانی لە سروشتی بوونی گەردونی ، وپێک کێشانی لایەنی ئیرادەی مرۆڤ و لایەنی

---

([93]) بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە ( بەرەو ڕێبازی ئیسلام بەکوردی کردنی مصطفی عبدالله ) کە نوسراوی مامۆستا ابو الاعلی المودودیە دامەزرێنەری (جماعتی ئیسلامی ) پاکستان .

فیترەیدا دادەمەزرێت . ئەو جاهیلییەتەی کە پێغەمبەران لە کاتی بانگەوازە خوایەیەکەیاندا تووشی دەهاتن .. ئەو جاهیلییەتەی کە پێغەمبەری خۆمان صلی الله علیه وسلم تووشی هات .. ئەمانە هەمووی وەنەبێت تەنها (تیۆر ) ێک بووبن .. نا بەڵکو جاری وا هەبووە هەر ( تیۆر ) یان نەبوو .. بەلاّم لە بزوتنەوەیەکی خاوەن تەنزیمدا دەرکەوتوون . یان لە کۆمەڵێکدا کە سەرکردەی ئەو کۆمەڵگەیەی دەدرایە دەست . کە مل کەچی بیروهۆش و خوونەرریت وهەست وسۆزی تایبەتی خۆی دەبوو .. ئەو کۆمەڵگەیەش کۆمەڵگەیەکی وابووە کە تاکەکانی کارتێکردن و گونجاون و یارمەتیدان و سەرپەرشتیارێتی تەواویان بۆ یەک بووە . ئەمانەش بوون وایان کردووە کە ئەو کۆمەڵگەیە زۆر هەوڵدەر بێت ـ هۆشیارانە یان بێ ئاگایانە ـ بۆ پاراستنی مانەوەی بوون و بەرگری کردن لە قەوارەی خۆی ، و ڕیشەکێش کردنی ڕەگی هەر دژوارییەک کە هەڕەشەو مەترسی لەو بوون و قەوارەیە دەکات . جا ئیتر ئەو مەترسییە بە هەر جورێک بووبێت .

بۆیە جاهیلییەت بریتی نییە لە ( تیۆر ) ێکی رووت ، بەڵکو بریتییە لە تەنزیمێکی بزوێنەری خۆگر . لەبەر ئەوەیە کە هەرچی هەوڵدانێک دەدرێت بۆ نەهێشتنی ئەو جاهیلییەتەو گێرانەوەی خەڵکی بۆ پرۆگرامی خوایی ئەگەر لە شێوەی ( تیۆر )ێکی رووتدا بێت ، هیچ نرخێکی نییەو هیچ سوودێکیش ناگەیەنێت . چونکە ناتوانێت بەرامبەر ئەو جاهیلییەتە بووەستێت کە هەیە . ئەو جاهیلییەتەی لە تەنزیمێکی بزوێنەری خۆگردا دەردەکەوێت ، چ جای ئەوەی لەو پتەوتر بێت ـ کە پێوستە وابێت ـ مادام دەیەوێت ئەو واقیعە بگۆڕێت و بیکات بە واقیعێکی تر کە لە سروشت و پرۆگرام و کۆو بەشیدا جیاوازە . لەبەر ئەوەیە کە دەبێت ئەم هەوڵدانە نوێیە خاوەن تەنزیمێکی بزوێنەرو پتەوتر بێت لە هەموو ڕێساو تیۆرو ڕێخکستنێکدا . هەروەها لە پەیوەندی و پەیوەستییەکانی نێوان ئەندامەکانیدا . دەبێت لەو کۆمەڵگە جاهیلییە بەهێزتر بێت کە ئەم دەیەوێت بیگورێت . ئەو ڕێسا تیۆرییەش کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤ

ئیسلامی لەسەر دامەزراوە بریتییە لە لا الە الا اللە . واتە تەنهایەتی خوای گەورە لە هەموو سیفاتی خوایەتی و پەروەردگاریێتی و سەرپەرشتیاریێتی و دەسەلاّتداریێتی و فەرمانڕەواییدا .. بڕیاردانی ئەمەش دەبێت بە شێوەی قەناعەت پێ کردن بێت لە دلّ و دەروندا ، وە بە شێوەی پەرستن بێت لە دروشمەکاندا ، وە بە شێوەی ڕاپەڕاندنی یاساو شەریعەت بێت لە واقیعی ژیاندا کەوابوو ئێستا . بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلامی لا الە الا اللە بوونی نییە . چونکە بوونی ئەو بڕیارە ئەو کاتە دێتە دی کە بەو شێوە تەواوە لە بوونێکی هەست پێکراوی ڕاستەقینەی وا دا دەربکەوێت کە موسلّمانی پێ دەپێورێت .

مانای تیۆریانەی ئەم بڕیاردانەش ئەوەیە کە هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ خوا ، و بە هیچ جورێک ، خۆیان هیچ یاسایەکی ژیانیان ـ هەرچەند بچوک بێت ـ دانەڕێژن . بەلّکو تەنها دەبێت شوێن کەوتووی پرۆگرامەکەی ئەو بن . وە تەنها لە یەک سەرچاوەشەوە وەربگرن کە محمدە صلى الله عليه وسلم کە ئەوەش بەشی دووەمی روکنی شایەتمانە (محمد رسول الله).

ئەمەیە ئەو ڕێسا تیۆرییەی کە ئیسلامی لەسەر بنیات دەنرێت . کە لەمەوە پرۆگرامێکی سەربەخۆی تەواو دێتەکایەوە . بەو مەرجەی بەراستی و تەواوی لە واقیعی ژیاندا بچەسپێنێت .

بە جورێک کە موسلّمان لە هەموو لایەنێکی ژیانیدا بەکاری بهێنێت . چ لایەنە شەخسییە خۆیییەکانی بن ، ئەو لایەنانە بن کە لەگەلّ کۆمەلّگەکەیدا بەکاریان دەهێنێت . لە ( دار الاسلام ) دابن یا لە دەرەوەی . هەروەها لە هەموو جۆرە پەیوەندنییەکانی تری کۆمەلّگەی ئیسلامی و کۆمەلّگەکانی تر .

ئیسلام ـ وەکو وووتمان ـ وە نەبێت تەنها لە ( تیۆر ) ێکدا دەربکەوێت و بەس ، کە هەر کەس وویستی وەری بگرێت ، و پەرستنەکانی جێبەجێ بکات ، ولە هەمان کاتیشدا شوێن کەوتووەکانی هەر بە ئەندامێتی لەو کۆمەلّگە

جاهیلییه بزوێنەرەدا بمێـننەوە . کـە لــە واقیعەکەیانــدا هەیــە . چــونکە مانەوەیان بەو شێوەو لەو کۆمەڵگەیەدا ـ هــەر چــەند زۆر بــن ـ نــاتوانن (ئیسلامێکی واقیعی ) بهێــننە دی . چــونکە ئــەو ئەندامانــەی ( ئیسلامێــکی تیۆریانە ) یان وەرگرتووە ـ کە خۆیان ئەندامن لە پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگە جاهیلییەی تێیدا دەژین بــەردەوام ناچــار دەبــن کــە داواکارییــەکانی ئــەو کۆمەڵگەیە بهێننە دی .. بەردەوامیش لە جوڵانەوەیانــدا ـ بیانەوێــت یــان نەیانەوێت ، هۆشیارانە یان بێ ئاگایانە ـ خەریکی نەهێشتنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەن ، و لە هەوڵدانێکی بەردەوامدان بــۆ پڕکردنەوەی ئەو کــەم و کورتیانــەی کۆمەڵگەکــە هــەنی .. وەبــەردەوامش بەرگری لە قەوارەی ئەو کۆمەڵە دەکەن و دژی ئــەو هۆیانــە دەبنــەوە کــە هەڕەشە لە بوونی ئەو کۆمەڵگە جاهیلییە دەکات. چــونکە خۆیــان هێشــتا ئەندامێکی لەشی ئەو کۆمەڵگەیەن . گومانیشی تێــدا نییــە کــە ئەندامێــکی لەش ـ بیەوێت یان نەیەوێت ـ خزمەتی هێنانە دی خواستەکانی ئەو لەشە دەکات . جــا ئــەوانیش مــادام بەشێــکن لــەو کۆمەڵگــە جاهیلییــە هــەروا دەمێننەوە . واتە ئەو (موسڵمانە تیۆریانە ) بەردەوام ـ بە کردەوە ـ هەوڵی پتەوکردنی کۆمەڵگەیەکی جاهیلی دەدەن کە هەر خۆیان ( تیۆریانە ) هەوڵی لابردنی دەدەن . هەروا بەردەوامیش دەمێننەوە تێیداو دەبنە سێڵ (خانە) ی زیندووی لەشی ئەو کۆمەڵگەیەو خزمــەتی مانــەوەو گەشــەدانی دەکــەن . چونکە هەرچی زانیاری و چالاکی و ووزەی خۆیان هەیە دەیخەنــە کــار تــا ئەو بەهێزتر بێت . ئەمە لە جیاتی ئەوەی ـ وەک ئیسلامەکەیان داوایان لێ دەکــات ـ جوڵانــەوەو چــالاکی و هــەموو ووزەی خۆیــان بخەنــە کــار بــۆ ریشەکێش کردنی کۆمەڵگەی جاهیلی و بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیسلامی !!

قابیل نەبوو هەر دەبوو لــە ســەرەتاوە رێســای تیــۆری ئیســلام ( واتــە عەقیدەکەی ) لە کۆمەڵەیەکی بزوێنەرو پتەودا ، دابمەزرێت .. چار نــەبوو ، هەر دەبوو لە نێو جەرگەی کۆمەڵگەی جاهیلییەوە کۆمەڵەیەکی بزوێــنەرو پتەو دابمەزرێت . کە سەربەخۆو لەو کۆمەڵگە بزوێنەرو خۆگرەی جاهیلی ،

جیاواز بێت ، كه هەوڵی دەدا ئیسلام لە ناخەوە هەڵكێشێت .. هەر دەبوو تەوەری سەركردایەتی ئەو كۆمەڵە نوێیەش سەركردایەتییەكی نوێ بیكات ، كە پێغەمبەر بوو صلی الله علیه وسلم هەروەها لە هەموو سەركردایەتییە ئیسلامییەكانی تری پاش ئەویش . كە ئاواتیان گێڕانەوەی خەڵكی بوو بۆ خوایەتی و پەروەرگارێتی و دۆستایەتی ( الولاء ) ، بۆ دەسەڵاتدارێتی و فەرمانڕەوایی و شەریعەتەكەی خوا . وە هەر دەبێت ئەو كەسەی شایەتمانی ( لا اله الا الله محمد رسول الله ) دێنێت وەلائی خۆی لە كۆمەڵگە جاهیلییەكەی بسەنێتەوەو لە ژێر ركێفی سەركردایەتی ئەو كۆمەڵە جاهیلییە دەرچێت كە خۆی بەشێك بووە لێی ـ جا ئیتر ئەو سەركردایەتییە بە هەر شێوەیەك بووبێت وەك سەركردایەتی قەشەو سیحربازو جادوگەرو.. یان بەشێوەی سەركردایەتی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری . وەك ئەوەی لە قورەیشدا هەبوو . هەروەها هەر دەبوو ئەو كەسە وەلائی خۆی بە تەواوی بداتە دەست كۆمەڵە بزوێنەرە ئیسلامییە نوێكەو، سەركردایەتییە نوێكەی .

هەر لە سەرەتاوە .. هەر لە یەكەم هەنگاوی هاتنی موسڵمانەوە بۆ نێو ئیسلام ، هەر لەو ساتەوە كەشایەتمانی ( لا اله الا الله محمد رسول الله ) ی تێدا دەهێنرا ، مومكین نەبوو ، هەر دەبوو هاتنە نێو ریزی كۆمەڵە نوێكەی ئیسلامەتی ، هەر بەو جۆرە بێت . چونكە قابیل نییە هەر دەبێت بوونی كۆمەڵگەی ئیسلامی و هێنانە كایەوەی ، هەر بەو شێوەیە دەست پێ دەكات . كۆمەڵگەی ئیسلامی هەر بەوەندە پێك نایەت رێسا تیۆرییەكەی لە دڵ ودەرونی شوێن كەوتوانیدا ـ هەر چەند زۆربن ـ دابین ببێت . مادام نەبوونەتە كۆمەڵەیەكی گونجاو پڕ یارمەتی بەهێزی خاوەن شەخسیەتێكی سەربەخۆی وا كە ئەندامەكانی ـ وەك ئەندامانی لەشی زیندەوەرێك ـ هەوڵی داكوتان و پتەوكردن و فراوان كردنی كۆمەڵەكەیان بدەن و بەرگری لە مانەوەو گەشەكردنی قەوارەكەی بكەن لە هەموو هۆیەكی داخوران و لە هەموو مەترسییەك كە دێتە رێی بوون و مانەوەی .. هەروەها هەتا

هەمووشان پێکەوە لە ژێر سەرکردایەتییەکی سـەربەخۆدا نەکەونـە کـار ، سەکردایەتییەکی وا جیاواز بێت لـە سـەرکردایەتی کۆمەڵگـەی جـاهیلی و دەبێت تەنها ئەو سەرکردایەتییە تـەوجیهیان بکـات و نەخشـەی مانـەوەو پتەوکردنی قەوارەیان دابڕێژێـت ، وپـلان بـۆ ریشەکێـش کـردنی بـوونی جاهیلییەت دابنێت ..

بەو جۆرە ئیسلام هاتەکایەوە .. لە رێسـایەکی تیۆریانـەی تـەواوی وادا دەرکەوت کە لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵەیەکی بزوێنەری پتەویشـی لەسـەر دامەزرابوو ، کە سەربەخۆو جیاوازبوو لە کۆمەڵگەی جاهیلی و رووبەڕووی جاهیلییەتەکـەش ڕاوەسـتابوو ... هــەرگیز ئیسـلام لــە شێـوەیەکی (تیۆریانە)ی ووشکی دوور لە بوونی واقیعیدا دەرنەکەوتووە . هێـنانەوەی ئیسلامیش جارێکی تر تەنها بەو شێوەیە دەبێتەوە . بنیاتنانەوەی ئیسـلام لە ژێر سایەی کۆمەڵگەیەکی جاهیلیدا ـ لە هیچ کات و شوێنێکدا ـ مومکین نییـە بهێنرێـتەوە دی . وەک کـە مـومکینیش نییـە بـێ یاسـاو نەخشـە سروشتییەکەی خۆی بێتەوە دی . ئەو نەخشەیەی کە خـۆی بـۆ پێـکهینانە بزوێنەرەکەی خۆی دایڕشتووە .

کەوابوو ئیسلام لە کاتێکدا نەتەوەیەکی موسڵمان بنیات دەنێت ، لەسـەر ئەو رێسایەو بەگوێرەی ئەو پرۆگرامـە بنیـاتی دەنێـت ، لەسـەر بناغـەی کۆمەڵەیەکی بزوێنەری پتەو دایدەمەزرێنێـت ، وهــەموو پەیوەندییـەکانی نێوان ئەو کۆمەڵەیە دەگۆڕێت بە پەیوەستی عەقیدە ـ کە مەبەستی لەوەوە دیارخسـتنی ( مرۆڤایـەتی مـرۆڤ ) و بەهێـزکردنی و دابـین کردنێـتی ، هەروەها ئەو سیفەتەی ( مرۆڤایەتی مرۆڤ بەسەر هەموو لایەنەکانی تریدا بەرز دەکاتەوە ـ بۆ هێنانە دی ئەم مەبەستەش تەنها بەپێی پرۆگرامەکـەی خۆی هەنگاوی دەنا ، لە هەموو رێساو تەعلیمات و ئەحکام و یاسـایەکیدا ، هەر وا بوو . )[94]

---

[94] سید قطب : مەشخەڵی رێ / وەرگێڕانی کرێکار / لە بڵاو کراوەکانی نوسینگەر تەفسـیر لە هەولێر / چاپی دووەم / 1999 لا : 59ـ65

ئەمەی سەییدی رەحمەتی لێرەدا جەختی لێ دەکردەوە ، ئەوەیە کە یەکخواپەرستییەکە ( تەوحیدەکە بە مانا بەرفراوانەکەی ، کە هەر بریتییە لە دینەکە بە مانا عەقائیدییەکەی ) ناشێت فالبێکی تیۆردا بخرێتە روو ، ناکرێت کەسێک بلێ ئم دینداریەم قبوولە بەلام هەر با لە نێوان خۆم و خوای گەورەدا بێت ، ناشێت و ناکرێت ، چونکە لە ئیسلامدا ئەوی وا لە نێوان موسولمان و خوای گەورەدا ، نییەتی موسولمانەکەیە ، ئەوەیانە کە شەرع لێی دەگەڕێت ، ئەمما هەر رگوفتارو رەفتارێکی لێ دەرکەوت ، ئەوە لە دنیادا ن لە شەرعدا پاداشت یان سزای دەدرێتەوە ..

موسولمانای یەکەمی سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وا لەم یەکخواپەرستییە تێگەیشتبوون کە حەتمەن دەبێت هەر هەموو تەفسیلاتی ژیانیان لەسەر بنەماکانی ئەم عەقیدەو هەرچی لێی جوێ بۆتەوە دابمەزرێنن ، دەبێت هەموو پەیوەندییەکی تری غەیری دینی ( یان ئەوەی دینەکە رێی پێداوە ) وەلا نێن و هەموو پەیوەستییەکیان لەگەل خەلکانی تر ( خزم بن یان غەیرە) لە سەر هەلوێستی ئەو خەلکە لە دینەکەی ئەم دابمەزرێنن ، هەر کەس ئەم دینەی قبوول کردووەو پێوەی پابەندە برای ئەمەو مافییان لەسەر یەکتر هەیە ، هەر کەسێکیش لەم دینە دوورە ئەمیش لێی دوورە ، ئەوی دژی ئەم دینەیە ئەمیش دژی ئەوە ، بواری موساوەمە لەسەر ئەم پەیوەندییە دینییەی بە هیچ شێوەیەک نییە ، چونکە هەر پەیوەندییەک لە چوارچێوەی ئەم دینەدا نەبێت ، جاهیلییەت ، شیرکە ، بۆگەنییە ، موسولمان خۆی پێوە بانادات و هەولی مانەوەشی نادات .

کەوابوو حەتمەن دەبێت ئەم یەکخواپەرستییە ، ئەم دینە لە کۆمەلە کەسێکدا بدرەوشێتەوە ، ئەم کۆمەلە کەسە موسولمانەکانن کە بوونەتە تاکی ئوممەتە موسولمانەکە ، بەلام دەبێت ئەوەش بزانن کە هەموو پەیوەندییەکی تریان ـ گەر هەیانبوو ـ دەبێت بە ئیزنی ئیسلام بێت ، لەو سنوورەشدا بێت کە ئەو بۆی دیاری کردوون .. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا زۆری جەخت لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەی موسولمانینە ئێوە

ئوممەتێکی سەربەخۆن و منیش خواتانم ، پێغەمبەرەکەشم پێشەواتانە ، ئیدی هەر پەیوەندییەکتان لەسەر بنجی ئەم دین و پێشەوایەتییە نەبوو بیپسێنن ، چونکە من قبوولّم نییە .. خوای گەورە چەندین نموونەی گەورەی وەلائی پاکی خواوویستی لە قورئانی پیرۆزدا باس فەرمووە تا ببنە نموونەی پێشەوایەتی بۆ ئەندامانی ئوممەتی موسولّمان :

* نموونەی سەییدنا نووح و کوڕەکەی : کە پسانی پەیوەندی باوکایەتی و فرزەندییە بە هۆی کافر بوونی کوڕەکەوەو سوور بوونی لەسەر هەلّوێستی کوفری ، هەرچەندە باوکەکە بەردەوام ئامۆژگاری کوڕەی دەکرد و سووریش بوو لەسەر رزگار کردنی ، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە باوکەکە دەیزانی کاتی سەرەمەرگە : وەک خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَا بُنَيَّ ارْكَب مَّعَنَا وَلاَ تَكُن مَّعَ الْكَافِرِينَ . قَالَ سَآوِي إِلَى جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاء قَالَ لاَ عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللّهِ إِلاَّ مَن رَّحِمَ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ ) هود / 42-43 واتە لەو کاتەدا کە شەپۆلی دەریاو تۆفان دەتووت چیایە دەیهێنان و دەیبردن ، نووح هاواری کردە کوڕەکەی کە گۆشەگیر لەولاوە مەلاّس دابوو : وەرە رۆلّە لەگەلّ ئێمە بکەوە رێ و سوار کەشتییەکەی ئێمە بە ، لەگەلّ ئەو کافرانە مەبە ، ووتی : نایەم ، دەچمە سەر ئەو لەتکە شاخەو پەنا دەبەمە بەر ئەولە خۆم گرێت و لەو لافاوەم لادا ! نووح فەرمووی : کوڕم ئەمڕۆ هیچ پەنایەک بە هیچ شێوەیەک نەماوە ، هیچ شتێک ناتوانێت یاخی بێت لە فەرمانی خوای گەورە عاسی بێت ، مەگەر کەسێک هەر خوا خۆی بەبەزەیی خۆی لە خۆی گرتبێت ، ئیدی لەو قسانەدا بوون و شەپۆلێک نێوانی دابڕین و کوڕەکەی نقووم کرد ! دوایی سەییدنا نووح هانای بۆ خوای مەزن بردەوە بۆ پارچە جگەرە فەوتاوەکەی ، بۆیە فەرمووی : ( وَنَادَى نُوحٌ رَّبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابُنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ ) هود/45 واتە : خوایە ، خۆ ئەوە کوڕی من بوو ، کەسی من بوو ، دلّنیاشم کە بەلّێنی جەنابت راستەو هەر جەنابیشت حاکمی بەدای داوەرانیت .. بەلاّم خوای گەورە هەڕەشەئامێزانە پێی فەرموو

: ( قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلاَ تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ ) هود/46 واته : خوای گەورە فەرمووی : ئەی نووح ! ئەوە کەس و کاری تۆ نییە ، ئەو هەر بوونیشی کردەوەیەکی چاک نییە ، تۆش نەکەی پرسیارو تکای شتی وام لێ بکەیت کە پەی پێ نابەیت ن، ئەوەشت بیر دەخەمەوە کە خۆت نەخەیتە ریزی نەفامان !!

خوای گەورە کە دەفەرموێت ، ئەوە کەسوکاری تۆ نییە ، خۆ لە رووی فیزیکییەوە دەزانێت کە ئەو کوڕی ئەوە ، بەڵام هەبوونی ئەو لەگەڵ ئەمی خاوەن پەیامی خواییدا ناسازێت ، بۆیە پێویستە تەبەڕای لێ بکات ، نەک دڵی بۆی لێ بدات ، بە لاوەکی بۆی بپاڕێتەوە ..

* نموونەی سەییدنا ئیبراهیم ـ سەلامی خوای لێ بێت ـ و باوکی : کە بریتییە لە پسانی پەیوەندی باوکایەتی و فرزەندی ، بەڵام ئەمجارەیان پێچەوانەیە ، بە هۆی کافری باوکەکەوەیە ، کوڕە لە باوەشی سۆزی باوکایەتی باوکیدا پەروەردە بووە ، بەڵام باوکی بت پەرست و بت تاش و بت فرۆشە ! بەڵام باوکەو مافی باوکەیەتی هەیە ! بڕوانە ئەم گفتوگۆیە : ( وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا . إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا . يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا . يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَنِ عَصِيًّا . يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ الرَّحْمَن فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا . قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْراهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا . قَالَ سَلَامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا . وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاء رَبِّي شَقِيًّا . فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا . وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا ) مريم/41-50 واتە : لە قورئانەکەدا باسێکی ئیبراهیمیان بۆ بگێڕەرەوە کە جگە لەوەی پێغەمبەریش بوو بە راستی کەسایەتییەکی راستگۆ بوو . کاتێک بە باوکی فەرموو : هۆ باوکە گیان ، باوکی عەزیزم ، ئەرێ تۆ شتێک بۆچی دەپەرستیت کە نە دەبیستێت

و نەدەبینێت و نە سوودێکی بۆ لای خواشت دەبێت ؟! ئەی بــاوکی ئــازیزم ، بەڕاستی ئەو زانیارییەی بۆ من هاتووە ، لەوە نییە کە تۆ بییزانیت و پەیت پێ بردبێت ، دە شوێن من کەوە ، دڵنیاش بە من ڕێنمایی ڕێی ڕاستت دەکەم . باوە گیان ، شەیتان مەپەرستە چونکە بەڕاستی شەیتان لە خــوا یاخییــە . بابە گیان ، بەڕاستی من خەمی ئەوەمە کە سزایەکت لەو خوا میهرەبانــەوە بۆ بێت ! ئیتر بە یــەکجاری دەبیتــە یــارو یــاوەری شــەیتان . بــاوکی بــە شڵەژاویی و توڕەییەوە پێی ووت : چما ئیبراهیم تۆ لە خواکانی مــن بێــزار بوویت ؟! دەی سا واز بێنەو ( هەقت نەبێت ) ئەگینا بــە تەئکیــد ئەوەنــدەت بەردەباران دەکەم ، دە بڕۆ ! هەر لەبەر چاوانم وون بە . ئیبراهیم فەرمووی سڵاوت لێ بێت ( خــوا حــافیز ) وا مــن دەڕۆم ، بــەڵام داوای لێخۆشــبوونی خوای گەورەشت هەر بۆ دەکەم ، چونکە خوای میهرەبان ئەوەنــدەی قــەدرو ڕێز لە من هەر ناوە . دەڕۆم و کەنارەگیر دەبم ، لە خۆتــان و لەوانــەش کــە دەیانپەرستن و هانایان دەبەنێ ، گۆشەگیر دەبم و توخنتان ناکەوم ، هانام دەبەمەوە بەر خوای خۆم ، ئەو جێ ئومێدمەو هیوادارم ئەویش دوعاو نــزا و پاڕانەوەکانم لێ وەرگرێت و ڕەنج بەخەسارم نەکات . ئیدی کە لە خۆیان و ئەوانەش دوور کەوتەوە کە لە جیاتی خوای گەورە دەیانپەرســتن ئێــمەش ئیسحاق و یەعقووبمان پێ بەخشی و هەردووکیشیانمان کرد بە پێغەمبەر .

دەبینیت لەسەرەتاوە ئومێدی هیدایەت و ڕێنمایی وەرگــرتنی بــە بــاوکی هەیە ، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاوا بە تووڕەییەوە وەڵامــی ئــەو ڕەفتــارە نەرم و نیانەی کوڕەکەی دەدایەوە ، ئەم هەر بە لوتف تر دەبوو لەگەڵێــدا ، کە جێشی هێشت هیوای دوعــاکردنی مــابوو کــە لــە خــوای گــەورە داوای خۆشنوودی بۆ بکات . تا دواتر خوای گەورە ڕێی ئەوەشی پــێ نــەدا ، وەک دەفــەرموێ : ( وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلاَّ عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلّــهِ تَبَــرَّأَ مِنْــهُ إِنَّ إِبْــرَاهِيمَ لأَوَّاهٌ حَلِــيمٌ ) التوبــة/114 واتــە : داواکــردنی لێخۆشبوونەکەی ئیبراهیم کە بۆ باوکی لە خوای گەورەی کرد ، هەر لەبەر ئەو بەڵێنەی بوو کە بە باوکی دابوو ، بەڵام کە بۆی دەرکەوت باوکی لەسەر

کوفر سوورەو دوژمنی خوایە ، تەبەڕای لیٚ کرد ( خۆی لیٚ بەری کرد ) بەڕاستی ئیبراهیم زۆر دڵنەرم و نیان و بە کاوەخۆ بوو ..

دەبینین مافی دوعا بۆ کردنیشی بۆ باوکی لیٚ دەستیٚنیتەوە ، چونکە دوعا کردن جۆریٚکی وەلائە ، نابینیت حکومەتان بە دریٚژایی میٚژووی ئیسلام و موسوڵمانان چەند سوور بوون لەسەر ئەوەی لەسەر مینبەرەکان دوعایان بۆ بکریٚت ؟!

* نموونەی سەییدنا نووح و سەییدنا لوط و خیٚزانە کافرەکانیان : کە نموونەی پیاوی موسوڵمان و ژن ( هاوسەر ) ی کافرە هەروەها نموونەی ئاسیەی کچی موزاحیمی موسوڵمانی ژنی فیرعەونی کافر ، خوای پەروەردگاری پەویەندی ژن و میٚردایەتی نیٚوان هەردوو لایانی بە هۆی ئیختیلافی دینەکانیانەوە هەڵوەشاندۆتەوە ، وەک دەفەرمویٚ : (ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ . وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ) التحريم / 10 - 11 واتە : خوای گەورە نموونەی بۆ ئەوانەی کە کافرن بە ژنی نووح و ژنی لوگ هیٚناوەتەوە ، کە هەر دووکیان هاوسەرانی دوو پیاوچاکی ئیٚمە بوون ، کەچی خیانەتییان لیٚ کردن (خیانەت لە پەیامەکەیان نەک خیانەتی رەوشت ) بۆیە کە خوا ئەو دوو ژنەی خستە بەر غەزەبی خۆی میٚردەکانیان ـ گەرچی پیٚغەمبەریش بوون ـ هیچ دادیان نەدان ، لە قیامەتیشدا هەر وا دەبیٚت ، بەو ژنانە دەوتریٚت : ئیٚوەش وەکو دۆزەخییانی تر بچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە .. هەروەها خوای گەورە نموونەیەکی تری بۆ موسوڵمانان بە ژنەکەی فیرعەون هیٚناوەتەوە ، کە لە خوا دەپاڕایەوەو دەیووت : خوایە بەهەشتیٚکم لای خۆت بۆ دابین کەو لە فیرعەن و کارو کردەوەو دەس و دایەرە زاڵم و تاوانبارەکەیم قوتار کە ..

ئەمە بەڵگەی سەرەکییە کە ئەو سۆزو خۆشەویستی و ریٚزەی وا لە نیٚوان هاوسەراندا ، نابیٚت لەسەر حسیٚبی باوەڕو پەیوەستی عەقیدە بیٚت ، مادام

لایەکیان کافرن ، مومکین نییە پەیوەنـدییان پێـکەوە بمێنێـت ، ئـەوە دوو پێغەمبەری مەعسووم و نزیک لە خوای پەروەردگار ناتوانن تکـا بـۆ ژنـە هاوسەرەکانیان بکەن ، مادام هەڵوێسـتیان دژایـەتی دینەکەیـە .. ئـەوەش ئافرەتێکی موسوڵمان ، ژنی سەرۆکی وولاتە ! یەکەم ئافرەتی دەسەڵاتداری وولاتە ، لە هیچی کەم نییـە ، بـەڵام مـادام موسـوڵمانە نایەوێـت لەگـەڵ مێردێکی کافردا بژی ، دڵی بە دوعاکەی خۆی خۆشە کە خوای گەورە ماڵێکی لای خۆی لە بەهەشتدا بۆ مسۆگەر کات ..

* نموونەی سەییدنا یوسف وگەلەکەی : گەنجێـکی موسـوڵمان و کـەس و کاری کافر ، پەیوەندی نێوانیان ، خزمایەتییان ، مادام لایەکیان ئیماندارەو ئەوی دی کافرە ، هیچی نامێنێت ،. خوای گەورە دەربـارەی دەفـەرموێ : ( إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَهُم بِالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ ) یوسف/37 واتـە : مـن میللەتێکی قەومەکەی خۆمم بە جێ هێشتووەو لێیان دوور کەوتوومەتـەوە ، چونکە باوەڕیان بە خوای گەورەو رۆژی دوایی نەبووەو کافر بوون .

* یان نموونەی یـاوەرانی ئەشـکەوت کـە لـە میللەتـە کافرەکـەیان دوور کەوتنەوەو قبووڵیان بوو لە ئەشکەوتێکدا بژین و بمرن بـەڵام تێـکەڵ بـەو کۆمەڵگە کافرە نـەبن و لەسـەر ئـەوان حسێـب نـەبن . وەک دەربارەیـان دەفەرموێ : ( إِذْ أَوَى الْفِتْيَةُ إِلَى الْكَهْفِ ) الكهف/10 واتە کە ئەو کۆمەڵە گەنجـە پەنایاین بردە بەر ئەشکەوتەکە ،. چونکە دەیانووت : ئـەم قەومـەی ئێـمە ئەوەتا شەریکییان بۆ خوا بڕیار داوە ، خوای تریان خستۆتە ریزی : ( هَؤُلَاء قَوْمُنَا اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً ) الكهف/15 بۆیـە ئیتـر بڕیاریـان دا خۆیـان لـەو کۆمەڵگە کافرە دوورە پەرێز بگرن و بچنە ئەشکەوتەکە تـا ئـەو زەمانـەی خوای گەورە دەروویەکی رەحمەتییان بـە بـەزەیی خـۆی لـێ دەکاتـەوە ، لەوەش دڵنیا بـوون : ( وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ فَأْوُوا إِلَى الْكَهْفِ يَنشُـرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحمته ويُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا ) الكهف/16 .

قورئانی پیرۆز ـ جگە لەم نموونانەی لە میللەتانی تردا هێناوێـتییەوە ـ لــە ئایــەتی زۆری تــردا داوا لــە موســوڵمانان دەکــات دۆســتایەتی و

دوژمنایەتییان لەسەر بنەمای دینەکە بێت ، جاری وا هەیە هانیـان دەدات ، جاری واش هەیە سەرزەنشتییان لەسەر رەفتاری پێچەوانەیان دەکات ، یان هەر هەڕەشەیان لێ دەکات ! ئایەتی واش لە قورئانـدا زۆرن ، وەکـو 118 ـ 120 ی سورەتی ئالی عیمران ، یان النساء/59 یان المائدة/51 ..

کە تاک تاکی موسوڵمانان ئەم هەست و سـۆزەیان وەکـو عەقیدەیـەکی نەگۆڕ لا دەچەسپێت ، ئیدی ئەوەیان دەمێنێت کە پەیوەندیی ئوممەتیانـەی خۆیان پتەوتر کەن ، سەرەتا دەبێت بزانن کە بۆچی ئەمان لە نـاو هـەموو رەگەزو قەوم و گەلانەی تردا بوون بە ئوممەت ، ئایا ئوممەت خۆی چییە ؟

با پێناسەیەکی ووردەکاری تریش لە پسپۆڕێکی تری رەسـەن کردنـەوەی دیو تێڕوانینی ئیسلامی وەرگرین ، کە دکتۆر ماجد عرسـان الکیلانییـە کـە پسـپۆڕی پـەروەردەیی بـوو لـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان : ( پێـکەوەنانی ئوممەتی موسوڵمان مەبەسـتی دووەمـی پـەروەردەی ئیسـلامییە ، ئەگـەر رەنجی تەواوو بایەخی تەواو بە هێانە دی ئەم مەبەستە نەدرێـت و مرۆڤـی پەروەردەی ئیسلامی بۆ بەرهەم نەهێنرێت ؛ هەر رەنج و هەوڵێکی تر کە بۆ داڕشتنەوەی شەخسەیەتی موسـوڵمان دەدرێـت هێـندە گـرنگ و کاریگـەر نابێت ! چونکە ( داڕشتن و بەرهەم هێنانی پیاوچاکان و ئەنـدامانی سـاڵح لە کۆمەڵگەدا ) بە تەنها بەس نییـە .. داڕشـتنەوەی کەسێـتی موسـوڵمان توخمێکە لە توخمەکانی پێکهاتەی ئوممەتی موسـوڵمان .. چـونکە دەبێـت پەیوەندی نێو ئەندامانی چاکی کۆمەڵگە لە پەیکەرێکی کۆمەڵایەتی واقیعی وادا گۆش بکرێن ، بتوانرێـت پێداوویسـتیەکانی کۆمەڵگـە بهێنرێـتە دی و هەموو ئەو کۆسپانە تەخت بکرێن کە بەربەرەکانێکانی ژیان دەیانخوازن .. لەم روانگەشەوەیە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسـلم دەفـەرموێ : ( إِنَّ الْمُـؤْمِنَ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا )[95] واتە : موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەک ریـزە خشتی خانوویەکی رێکە ، هەر یەک ئەوی تـر دەبەسـتێتەوە .. یـان ( مَثَـلُ

[95] البخاري : الصحيح / كتاب الصلاة ــ تشبيك الاصابع / رقم 459 ، مسلم / كتـاب البروالصـلة / رقـم 4684 ، سنن الترمذي / كتاب البر والصلة / 1851 ، النسائي / الزكاة / 2513 ، مسند احمد 18798

المؤمنينَ في تَوادِّهِم وتراحُمِهم وتعاطُفِهم مَثَلُ الجَسَدِ اذا اشْتَكَى مِنْهُ عضوٌ تَداعَى لَهُ سائِرُ الجَسَدِ بِالسَّهَرِ والْحُمَّى )[96] واته : نموونەی موسوڵمانان لە ناو خۆیاندا لە خۆشویستن و بەزەیی و سۆزیاندا دەرهەق یەکتر وەکو جەستەیەکن ، ئەگەر ئەندامێکی ئازاری گەیشتێ سەراپای جەستە ، تا دای دەگرێت و شەونخوونی دەکێشێت

هەر وەکو چۆن خانوویەکی رێک بریتی نییە لە کۆمەڵە بەردێکی کەڵەکە کراو ، بەڵکو پێکهاتەی چەند دیوارێکی راست و رێکەو بە بلۆک یان بەردی پتەوو نەقاڕی هەڵچنراوەو هەر یەکەیان بە چیمەنتۆو شیشی ئاسن ، بە پێی نەخشەیەکی ئەندازیاری پێکەوە چەسپێنراون ، ئەم خانووە هەموو شتێکی بە پێی نەخشەیە : پایەکانی ، پردی پەیوەست و گرێ و تێهەڵکێشی سەربان و کۆڕنیش و لاشیپانی ، قووڵی و پانی بنەپایەو ئەستوری بناغەو پایەو دیوارو رادەی بڵندیان ، هەروەها هەموو حساباتێکی تین و قورسی و بارودۆخی کەش و سەرماو گەرماو ئاڵ و گۆڕی هەواو .. هتد .

دیسان چۆن جەستەش ، ئەگەر ئەندامێکی نەخۆش کەوت ، تا دای ناگرێت و جەستەش شەونخوونی بۆ ناکێشێت ئەگەر جەستەکە خۆی تەواوو زیندوو نەبێت ، دەبێت ئەو جەستەیە خەوو خۆراکی رێک وپێک بن ، دڵێکی زیندووی چوستی تێدا بێت ، مێشکێکی ساغ سەرپەرشتی بکات و فەرمانی گونجاوی بۆ دەرکات ، دەبێت هەموو کۆئەندامی هەرس و هەناسەی لە کاردا بن ، شاخوێنبەرو خوێن هێنەرو دەمارو دەزوولە خوێنینەکان ساغ و سەلیم بن و هەڵسورێن ، حەتمەن دەبێت خوێنەکەش پاک وپاڵفتە کراو بێ پێکهاتەو رێژەی توخمەکانی ناوی پارسەنگ بن

ئوممەتیش هەر وایە .. ئەمیش کۆمەڵە جەستەیەکی ـ باش یان خراپی ـ کەڵەکە کراو نییە ، بەڵکو چنراوێکی کۆمەڵایەتییە ، دەبێت بە پێی یاساو

---

[96] مسلم : الصحيح ــ بشرح النووي / كتاب البر 16/ ل140 ژمارە ( 4685 ) .هەروەها مختصر صحيح مسلم / المنذري رقم 1782 ، البخاري /كتاب الادب / باب رحمة الناس والبهائم / 5552 هەروەها 5665 ، مسند احمد 17648 .

ڕێسای بنیاتنانی ئوممەتان بێت ، بە پێی ئەو ڕێسایانەش زیندووی و نەخۆشی و مەرگی ئوممەتان دەزانرێت ، دەبێت فەحسی هەموو بەشێکی پێکهاتەی جەستەی ئەو ئوممەتە بکرێت تا بزانرێت ئایا هەمووی ساغن ، ئینجا ئایا هەمووی پێکەوە کار دەکەن و لەگەڵ یەگ سازاوو گونجاون ؟! سەرەنجامی ئەم ناسین وزانین و فەحسە ووردەکاریە دڵنیا بوونە لە سەلامەتی جەستەکە ، بەڵام بۆ کاریگەرێتیەکەی حەتمەن دەبێت سەرنج لە بەرهەمی بدرێت ، بزانین داخۆ ئوممەتی موسوڵمانی وەبەرهەم هێناوە یان نا ؟ ئایا ئەو ئوممەتەش لە ئاستی پێداوویستیەکانی کات و جێدان ؟!

به هەردوو قۆناغەکە ( قۆناغی پەروەردەی تاکی موسوڵمان و قۆناغی بەرهەمهێنانی ئوممەتە موسوڵمانەکە ) ئینجا کۆرسەکە تەواو دەبێت ، قۆناغی یەکەم پێشەکی قۆناغی دووەمە ، هەردووکیشیان لازم و مەلزومی یەکن و هیچیان بێ ئەوی تریان نابێت . لەبەر ئەم خاڵەیە کە لە ماوەی قۆناغی مەککە ئاڕاستەکان بە چڕی تەرخان کرا بوون بۆ پەروەردە کردنی تاکی موسوڵمان ، یان ( مرۆڤی چاک و چاکساز ) کەچی دەبینیت لە قۆناغی مەدینەدا ئاڕاستە پەروەردەییە عەمەلیەکان بۆ وەبەرهەم هێنانی ئوممەتی موسوڵمان چڕ دەبنەوە .[97]

<u>**مانای ئوممەت**</u> : ئوممەت زاراوەیەکە وەکو زاراوەکانی نوێژو زەکات و حەج و کوفرو بە هاتنی پەیامی ئیسلام لەدایک بووە ..

ئوممەت لە رووی زمانەوانییەوە بە مانای : ( کۆمەڵە خەڵکێک کە رووەو شوێنێکی دیاری کراو دەڕۆن )[98] دێت ، لە رووی زاراوەییشەوە ـ لە زۆر جێگای قورئان و حەدیسدا بە کۆمەڵێک مانای پەیوەندیدار هاتووە ، گرنگترینیان :

---

[97] لەگەڵ ئەم کتێبەدا کتێبی ( مقومات الشخصية الاسلامية ) ش بخوێنەرەوە کە لە زنجیرەی ( كتاب الامة/ رقم 29) لە قەتەر دەردەچێت تا بە هەردووکیان ستراتیژی کاری ئیسلامیت لا روون کەنەوە .

[98] القرطبي ، الجامع لاحكام القران : ب127/2

مانای یەکەم : ئوممەت : مرۆڤ و پەیامە :

پەیام : لێرەدا بریتییە لەو نموونە جوان و مەزنەی وا لە کۆتا پلەی ئاستی پێشەوایەتی شوێن کەوتن و ئیقتیدا پێ کردن لە هەموو لایەنەکانی خێرخوازی رەفتارو رەوشت بۆ تاک و کۆمەڵ ، تا هەموو خەڵکی وەری گرن و پێوەی پابەند بن و لەو رێیەوە بەختەوەر بن . هەروەها هەموو لایەنەکانی شەڕخوازی دەروونی و رەووشتی بۆ تاک و کۆمەڵ روون دەکاتەوە تا هەموو خەڵکی خۆیانی لێ لادەن و توخنی نەکەون ، تا لەم رێیەشەوە دیسان ئاسەواری دژوارو خراپەیان نەیەتە رێ . قورئانی پیرۆز لە چەندین جێیدا ئاماژە بە پەیام دەکات و بە ناوی فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە دەیناسێنێت ..

ئەمما مرۆڤ :

ـ لەوانەیە یەک کەس بێت ، وەکو سەییدنا ئیبراهیم ، کە خوای پەروەردگار دەربارەی دەفەرموێ : ( إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ) النحل/120 واتە : ئیبراهیم بە تەنها خۆی ئوممەتێک بوو ، بۆ خوا سوڵحاوو ، لایەنگری حەق ە دینی پاک ، هەرگیز لە ریزی موشریکان هەر نەبوو ..

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەربارەی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل دەفەرموێ : (يبعث أمة وحده لانه لم يشرك في دينه أحدا )[99] ئەو وەکو ئوممەتێک بە تەنها زیندوو دەکرێتەوە ، چونکە لە دینەکەیدا هاوەڵی بۆ خوا بڕیار نەداوە .

یان وەکو ئەو وەسفەی مەعازی کوڕی جەبەل کە عبداللەی کوڕی مەسعود ، کردویەتی ، کە فروە الاشجعی لێوەی دەگێڕێتەوە ، دەفەرموێ : لای ئیبن مەسعود دانیشتبووم ، فەرمووی : مەعاز ئوممەتێک بوو بۆ خۆی ، ملکەچ و گوێ رایەڵی خوا بوو ، قەت لە ریزی موشریکان هەر نەبوو .. ووتم

[99] هەمان سەرچاوە

: ئەی ئەبو عبدالرحمن ، خۆ خـوای گـەورە دەربـارەی سـەیدنا ئیـبراهیم فەرموویەتی : ( إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ) ! ئەویش دیسان رستەکەی پێشووی خۆی فەرمووەوە ، ئیدی زانیم قسەکەی پێشووی هەر بە ئەنقەست و هەر بەو مانایە کرد .

پاشان هەر خۆی فەرمووی : دەزانیت ئوممەت چییەو ملکەچی چییە ؟!

ووتم : خوای گەورە دەزانێت .

فەرمووی : ئوممەت ئەو کەسەیە کـە خـەڵکی فێـری خێـرخوازی دەکـات و ئەوانیش ئیقتیدای پێ دەکەن ، ملکەچیش ئەو کەسەیە کە گوێڕایەڵی هەموو فەرمانێکی خوایە ، مـەعازی کـوڕی جەبـەلیش ـ خـوا لێـی رازی بێـت ـ مامۆستای خێرخوازی بوو ، گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بوو[100].

ـ لەوانەشـە ( مرۆڤـەکان ) کۆمەڵێـک زانـاو شـەرعناس بـن ، لەوانـەی بانگەوازی پەیامێکی ئیسلاحییان هـەڵگرتووە ، وەکـو کـە خـوای گـەورە دەرهەق کۆمەڵێک لەوانەی ناو بەنو ئیسرائیلی دەفەرموێ : ( وَمِن قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ ) الاعراف/159 واتە : لە نـاو قەومەکـەی موسـادا ئوممەتێـک هـەبوون رێـنمایی حـەق و حـەقخوازیان وەرگرتبـوو ، دادپەروەریشیان پێ بڵاو دەکردەوە .. یان دەفەرموێ : ( وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ) آل عمران/104 واتە : با لـە نـاو خۆتان ئوممەتێک پێک بێت کە خەڵکی بۆ خێرخوازی بانگ کەن و فـەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە بکەن .

ـ لەوانەشە ( مرۆڤەکان ) بەرەبابێک بن ، یان تیرە هۆزێک بن ، کە خـاوەن بیروباوەڕو دیدو بۆچوون و رێبازی تایبەتی خۆیان بن ، وەک خوای گەورە دەربارەی تیرەو بەرەبابەکانی بەنو ئیسرائیل دەفـەرموێ : (وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَـيْ عَشْـرَةَ أَسْـبَاطًا أُمَمًـا ) الاعراف/160 واتـە : کردمـانن بـە دوازدە ئەممـەتی بەرەبابییەوە . یان : ( وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الأَرْضِ أُمَمًا مِّنْهُمُ الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَلِكَ )

[100] الطبري ، جامع البيان 190/14

الاعراف/168 واته : لەسەر زەمیندا کردمانن بە چەندین ئوممەتـەوە ، ئیـدی هەیانبوو پیاوچاک دەرچوون ، هەشیانبوو وا دەرنەچوون .

ـ لەوانەشە ( مرۆڤەکان ) نەوەیەکی مرۆڤایەتی بن کـە هـەموویان لەسـەر یەک بیروباوەڕ بن ، لەسەر یەک شێوازی شارستانێتی بـن ، یـەک جـۆر داب و دەستوری کۆمەڵایەتییان هەبێت ، وەک خوای گەورە دەفەرموێ : (تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ) البقرة/134 واتە : ئەوانە ئوممەتێک بوون پێش ئێوە هاتن و چوون ، ئەوی کردوویانـە وا بە گەردنی خۆیانەوە ئاوێزانە و ئێوەش ئەوەی کردووتانە وا بە گەردنی خۆتانەوە ..

پێغەمبەری نـازداریش صلی الله علیـه وسـلم کـە بەرامبـەر نـەوەی یـاوەرە ئازیزەکانی ـ کە خۆی پەروەردەی کرد بوون ـ دەفـەرموێ : ( إنَّ لِكُلِّ أمَّةٍ أجَلاً ، وإنَّ لأمَّتِي مِائَةُ سَنَةٍ فَإذا مَرَّتْ عَلَى أمَّتِي مِائَةُ سَنَةٍ أتَاهَا مَا وَعَدَهَا اللهُ )[101] واتە : هەر ئوممەتێک ئاکامێکی هەیە ، ئاکامی ئوممەتەکەی منیش سەد ساڵە ، ئەگـەر سەد ساڵ بەسەر ئوممەتەکەی منیشدا تێپەڕی بەڵێنەکەی خـوای بەسـەردا دێتە دی ..

ـ لەوانەشە ( مرۆڤـەکان ) کۆمەڵـە کەسێـک بـن بـەو پـەیام و ڕێـبازەی گرتوویانەتە بەر جیاوازتر بن خەڵکی ، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّـهِ ) آل عمران/110 واتە : ئێوە باشترین ئوممەتێک بوون لە ناو خەڵکیدا وەبەرهەم هاتن ، کە فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن و باوەڕیشتان بـە خوا هەیە ..

بە هۆی ئەم جیاوازییەوە بوو کە عومەری کوڕی خەتتاب ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ کە ئـەو ئایەتـەی لا خوێـندرایەوە فـەرمووی : ( ئەمـە بـۆ نـەوەی یەکەممانە نەک بۆ نەوەکانی دواییشمان ..

---

[101] کنز العمال 193/14 لە ئیمامی الطبراني وەرگیراوە لە کتێبی المعجم الکبیرەکەیەوە .

ئیبنو عەبباسیش ـ خوا لێی رازی بێت ـ لە ناساندنی ئەو ئوممەتـەدا کـە لەو ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کراوە ، دەیفەرموو : ئەوانە ئەو کەسانەن کـە لـە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە[102].

مانـای ( مـرۆڤ ) لەمانـەش بـەرفراوانتر دەبێـت ، تـا دەکاتـە هـەموو کۆمەڵگەو نـەوەی مرۆڤایـەتی ئەگـەر لەسـەر بیروبـاوەڕو بەرنامەیـەک کۆبوونەوە .. وەک خوای پەروەردگار دەفەرمویٚ : ( وَمَا كَانَ النَّـاسُ إِلاَّ أُمَّـةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُواْ ) یونس/19 واتە : هەر هەموو خەڵکی یـەک ئوممـەت بـوون ، دواتر لێک جودا بوونەوە .. یـان : ( وَلَوْلَا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَجَعَلْنَا لِمَـن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فَضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَـا يَظْهَـرُونَ ) الزخرف/33 واتـە : ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە خەڵکی هەموو لەسەر ڕێبازی کوفر دەبوونـە یەک ئوممەت ، هەر کەس باوەڕی بە خوای میهرەبـان نەهێـنایە ، سـەقفی خانووەکانیانمان بۆ دەکردنە زیوو و هۆکـاری شیاویشـمان بـۆ تـەرتیب دەکردن تا پێیدا سەرکەون ..

<u>مانای دووەم : ڕێبازو بەرنامەی ژیانە :</u>

یەکێکی تر لە ماناکانی ئوممەت بەرنامـەو ڕێـبازو پـەیڕەوو پرۆگرامـی چیانە بە هەموو عەقیدەو کلتوورو دیدو تێڕوانین و داب و نەریتێـکەوە کـە لە خۆیان دەگرێت ، بەم مانایەشە کە خوای گەورە دەفـەرمویٚ : ( إِنَّا وَجَـدْنَا آبَاءنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ ) الزخرف/22 واتە : ئێمە باب و بـاپیرانی خۆمان لەسەر داب و نەریت و بەرنامەیەک دیـووە ، ئێـمەش لەسـەر ئـەو بەرنامەی ئەوان دەمێنینەوەو ئەوانیش دەکەینە سەرمەشق و ڕێنمامان ..

<u>مانای سێیەم : کات و وەخت</u> : ئوممەت بە مانای وەمانێکی دیاری کـراویش هاتووە ، وەکو خوای گەورە دەفەرمویٚ : ( وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ ) یوسف/45 واتە : ئەو کابرایەیان نکە رزگاری بوو ، لە دوای زەمانێک بـیری

[102] الطبري ، جامع البيان 4/43ـ44 .

کەوتەوە ..یان : (وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِلَى أُمَّةٍ مَّعْدُودَةٍ ) هود/8 واتە : ئەگەر سزاکەیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لەسەر هەڵگرین ..

مانای چوارەم : کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن پیشە :

وەکو خوای گەورە باسی ئەهلی مەدیەن دەکات و دەفەرموێ : ( وَلَمَّا وَرَدَ مَاء مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ النَّاسِ يَسْقُونَ ) القصص/23 واتە : کە هاتە سەر ئاوەکەی مەدیەن دیتی وا کۆمەڵە خەلکێکی شوانکارە وان لەسەری و دەیانەوێت ئاژەڵەکانیان ئاو دەن .

مانای پێنجەم : رەگەزی ئاژەڵ و گیانلەبەرانی تر :

وانە توخمی گیانەوارانی وەکو ئاژەڵ و باڵندەو حەشەراتی وەکو هەنگ و ئەوانی تر کە هەر یەکەیان سەر بە توخم و رەگەزێکی سەربەخۆیە ، وەکو خوای پەروەردگار دەربارەیان دەفەرموێ : ( وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ) الانعام/38 واتە : هەرچی گیاتلەبەر هەیەو بەسەر زەویدا رێ دەکات ، یان باڵندەیەو بە باڵەکانیان بە ئاسماندا دەفڕن هەموویان ئوممەتی وەکو ئێوەن ..

زانستی ئاژەڵناسی ئێستا ئەوە دەسەلمێنێت کە هەر پۆلە گیانلەبەرێک زمانێکی تایبەت و نەریتێکی تایبەت و شێوازی رێکخستنی تایبەتی خۆیان بۆ پێکەوە ژیان ولێک حاڵی بوون و کۆبوونەوەو ئیدارەی خۆیان هەیە !!

لێکدانەوەو مانا کردنی زاراوەی ئوممەت لەلایەن ئەوانەوە کە قورئانیان تەفسیر کردووە هەر وا لە ریزی ئەو تەوەرە مانایانەوە کە هێنامانەوە ، ئەوەتە ئیمامی تەبەری دەفەرموێ : ( ئوممەت کۆمەڵە خەڵکی زەمانێکن)[103].هەروەها دەفەرموێ : ئوممەت ( دین و ملة )[104]واتە : دین و نەتەوەکەیە . هەروەها دەشفەرموێ : ( ئەو خەڵکەن کە لەسەر دینێک بوون و دواتر لێک جودا بوونەوە) .. ( ئەو پێشەوایەیە کە لەسەر خێرو رێگای

[103] الطبري ، جامع البيان 563/1

[104] هەمان سەرچاوە 60/25ـ61

چاکەخوازی شوێنی دەکەون )[105].دیسان بە مانایـەکی تـری دەفـەرموێ : ( رێبازە : چونکە دەفەرموێ : کنتم خیر امة واتە : ئێوە ئەهلی چـاکترین رێـباز بوون )[106] ئیمامی قورتوبیش دەفەرموێ : ( ئوممەت بریتییە لـە زەمانێـکی دیاری کراو کە ئوممەتێکی تێدا دێت و ئوممەتێکی تری تێدا دەڕوات )[107].

لە هەموو ئەمانەی سەرەوە دەربارەی ماناو واتاو چەمکی ئوممەت لـە ـ بە دیدی ئیسلام ـ دەگەینە چەند تێبینییەک :

تێبینی یەکەم : مانای تەواوی زاراوەیی ( ئوممەت ) چـوار تـوخم دەگرێـتە خۆ : یەکەم : تـوخمی مرۆڤـەکان ، دووەم : تـوخمی دیـدو بـیر ، سێـیەم : توخمی کۆمەڵایەتی ، چوارەم : توخمی کات . چونکە ئوممەت : لە کۆمەڵێک مرۆڤ پێک هاتووە ، کە پەیامێکی شارستانێتی بەسوودیان بۆ مرۆڤایـەتی هەڵگرتووە ، خۆشیان بە پێـی تـەعلیماتی ئـەو پەیامـە سـازاون .. هـەر کۆمەڵێک ئەم سیفەتانەی بەردەوام لە خـۆدا هێشـتەوە وەسـفی ئوممـەتی بەسەرەوە دەمێنێت ، بەڵام ئەگەر یێ لەم سـیفەتانەی بـزر کـرد ، هـەر بـە ئوممـەتی لەوانەیـە بمێنێـتەوە بـەڵام پێناسـەی ( نموونـەی ئوممـەتی موسوڵمان ) ی بەسەردا نابڕێت . هەر وەکو زاراوەی دینەکـە ، بـۆ هـەموو دینێکە بەڵام ئەوە زاراوەی تایبەتە بەو دینەوە کە لای خوا قبووڵە ..

تێبینی دووەم : توخمی سەرەکی مانای ئوممەت توخمی ( پـەیام )ە ، ەواتـە ئەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبەخشن تـا تـوخمی مرۆڤ هەر لە گەشەو نەش و نماو زیـاد بـوون دا بێـت و بـەرەو ئاسـۆی ئاسوودە تر بەرز بێتەوە .

تێبینی سێیەم : مەرج نییە لە توخمی یەکەمی پێـکهاتەی ئوممەتـدا ـ کـە تـوخمی مرۆڤەکانـە ـ پەیوەنـدی خوێـن و خزمایـەتی ، یـان پەیوەنـدی ناوچەی جوگرافیایی و نیشتیمان یان چەندێتی و زۆرێتی ژمارەیان پێکەوە

[105] هەمان 334/2 و 336

[106] هەمان 46/4

[107] القرطبي / الجامع لاحكام القران 2/ 137 تەفسیری 128 ی البقرة .

هەبێت . چونکە لەوانەیە ئەم توخمە یەک مرۆڤێک بێت و پەیامێکی هەڵ گرتبێت ، یان کۆمەڵێک مرۆڤی ناوچەیەکن ، یان نەوەی سەردەمێکن ، یان هەر هەموو ئەندامانی مرۆڤایەتین ، ئەمانە گرنگ نین ، گرنگ پەیامەکەیانە ، دیدو بۆچوونەکانی خۆشیان گرنگە بەرامبەر خودی پەیامەکەیان ، کە خۆیان چۆن لێی حاڵی بوون و چۆن چەسپاندوویانەو چ شێوەیەکی سیستم و یاساو ڕێسایان لێوە وەرگرتووە بۆ ڕێکخستنی ژیان و کۆمەڵگەکەی خۆیان ، نموونەی دیدو بیرو پەیامەکەیان کامەیە کە بە تەمان بە هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیێنن ، تا گەشەو نەش و نماو زیاد بوونی هەر بەردەوام بێت و بەرەو لوتکەیەکی بڵندتری ئاسوودەیی بەرز بێتەوە ؟!

<u>تێبینی چوارەم</u> : ئوممەت ـ وەکو جەستەی مرۆڤ ـ قۆناغ بە قۆناغ نەش و نما دەکات ، چۆن لەشی مرۆڤێک یەکەم جار تۆوێک بووە ، دواتر بۆتە زەروویەکی وەکو سەرەمێکوتە و ئینجا بۆتە کۆرپەو لەدایک بووە ، پاشان گەورەتر بووەو بۆتە هەرزەکارێک ئینجا گەنجێکی بەخۆو ئیتر بەرەو پیری شۆڕ دەبێتەوە .. هەروەها چۆن لەش و لاری مرۆڤێک کە تەواو دەبێت لە رووی جەستەیی و دەروونی و فیکرییشیەوە بەرەو تەواێتی دەچێت و ئەرکەکانی خۆی بە ڕێک وپێکی جێبەجێ دەکات ، ئوممەتیش هەر وایە : سەرەتا بە کەسێک دەست پێ دەکات ، ئینجا دەبنە پێرێک ، ئینجا کۆمەڵێک ، ئینجا تیرەیەک ، هۆزێک ، گەلێک ، تا هەموو بازنەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە .. ئوممەتی پێگەیشتوو موتەکامیلیش ئەو کۆمەڵەیە کە گەیشتۆتە پلەی باڵغ بوونی شارستانێتی. دیارترین و زەقترین نیشانەی ئەم باڵغ بوونە شارستانێتییە ، بریقە دانەوەی پەیامە شارستانێتیەکەی ئەو ئوممەتەیە لە بانگەوازو خەباتی خێرخوازی و بەرهەڵستیکاری و ڕووبەڕوو بوونەوەی شەڕەنگێزاندا ..

<u>تێبینی پێنجەم</u> : جۆراو جۆری گەل و تیرە هۆزو جیاوازی ڕەنگ و پیشەو ناوچەو زمان ، یەکێتی ئوممەتی باڵغ و پێگەیشتوو لاواز ناکەن و هیچ

زیانێکیان بۆی نابێت ، بەو مەرجەی هەموویان لەو کارو ئەرکەی خۆیان دەرنەچن کە بریتییە لە یەکتر ناسین و هاوکاری کردنی یەکتری و مادام دۆستایەتی و دوژمنایەتییان لەسەر هەڵوێست لە پەیامەکەیان دیاری دەکەن ، نەک لە کەسایەتی و شتی تر . هەروەها مادام ئەم هەموو پۆلە جیاوازو جۆراو جۆرانە وەکو دەزگایەکی ئیداری دائیرەیەک کار دەکەن . کارەکان بە پێی تایبەتمەنی و پسۆڕی و شارەزایی دابەش دەکرێت بەڵام ووزەی هەموان رووی لە هێنانەدی یەک مەبەستە ..

<u>تێبینی شەشەم</u> : ئوممەت قەوارەیەکی دەستکردە ، دەکرێت بینا بکرێت و دەشکرێت لێک هەڵوەشێتەوە ، ئوممەت بۆ فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە دروست دەکرێت ، ئەمەش رەنجێکی زۆری دەوێت تا دێت کایەوە : رەنجێک بۆ پەروەردەکردنی تاک ، یەکی دی بۆ پێشخستنی دەزگا ئیداری و تەنزیمیەکان ، یەکی دی بۆ لێکۆڵینەوە پلان دانان و نەخشەرێژی .. وە هەروەها . چونکە دروست کردن و گەشەدان بە ئوممەت و بەروە پێش بردنی بەرەو ئەو ئاست و توانایەی شیاوی ئەوە دەرچێت کە پێداویستییەکانی کات وشوێنی نەوەی نوێ کارامانە بهێنێتە دی ، تا ئەوەندە لێوەشاوە دەرچێت شایانی ئەو پلەو پێناسە خواییە ببێت کە دەفەرموێ : ( وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ) آل عمران/104 واتە : با لە ناو خۆتاندا ئوممەتێک پێک بێت کە بانگێشتی خێرخوازی بکات و فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە بکات ، لە راستیدا ئەوانە سەرفرازو سەرکەوتوون .

<u>تێبینی حەوتەم</u> : بەردەوام بوون و ژینی ئوممەت پەیوەستە بە بەردەوام هەڵگرتنی پەیامەکەیەوە ، بە بریقە دانەوەو چەسپاندنی یاساو رێساکانیەوە کە لە دیدو بیرییەوە هەڵی هێنجاون و کارگێڕی ئوممەت و ژیان و کۆمەڵگەکەیانی پێ دەبات بە ڕێوە ، هەر کاتێک ئوممەت ئەم کۆڵەی دانا ، یان لە چەسپاندنیدا لاواز بوو، کاریگەرێتی بانگەوازو هەبوونی خۆی لاواز دەکات تا دەیوەستێنێت . ئیدی لە جێی ئەو ئوممەتێکی تر بە جۆش و

خرۆش و ووره‌یه‌كی به‌رزه‌وه دێته كایــه‌وه . ئوممه‌تێــكی دس نــوێ ، كــه په‌یوه‌ندی به‌سه‌ر ئوممه‌ته كۆنه‌كه‌وه نامێنێت ، با له لایه‌نــه‌كانی زمــان و نه‌ته‌وه‌و ناوچه‌و كلتــورو رۆشنبیریشــیاندا هــه‌ر یــه‌ك بــن !! ئه‌مــه ئــه‌و تێگه‌یشتنه بوو كه یاوه‌رانی پێغه‌مبه‌ر صلى الله عليه وسلم ره‌فتاریــان له‌گه‌ڵیــدا ده‌كرد ، ئاوا له‌و ئایه‌ته تێگه‌یشتبوون : (كنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّــاسِ تَــأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ ) آل عمران/110 واته : ئێــوه باشــترین ئوممه‌تێك بوون له ناو خه‌ڵكیدا وه‌به‌رهه‌م هاتن ، كه فــه‌رمان بــه چــاكه‌و به‌رهه‌ڵستی له خراپه ده‌كه‌ن و باوه‌ڕیشتان به خوا هه‌یه ..

عومه‌ری كوڕی خه‌تتاب ـ خــوا لێــی رازی بێــت ـ جــه‌خت له‌ســه‌ر ئــه‌م تێگه‌یشتن و دیده ده‌رباره‌ی ئوممه‌ت ده‌كاته‌وه‌و له‌سه‌ر ئه‌و ئایه‌ته‌ی پێشوو ده‌فه‌رموێ : گه‌ر خوای گه‌وره حه‌زی بكردایــه هــه‌موان بخاتــه ریــزی ئــه‌و ئوممه‌ته‌وه ده‌یفه‌رموو : ( أنتم خير أمة ) ئه‌وساته هــه‌موومانی ده‌گرتــه‌وه ، به‌ڵام ئه‌و فه‌رمووی : ( كنتم ) بۆ ئه‌وه‌ی یاوه‌ره تایبه‌تییه‌كانی پێغه‌مبه‌ر صلى الله عليه وسلم بگه‌ێنێت ، هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ش كه رێــی ئــه‌وان ده‌گرنــه‌وه بــه‌ر ، چونكه ئه‌وان باشترین ئوممه‌ت بوون له ناو خه‌ڵكیدا وه‌به‌رهه‌م هاتن ، كــه فه‌رمانیان به چاكه‌و به‌رهه‌ڵستیان له خراپه ده‌كرد ..

له بۆنه‌یه‌كی تردا هه‌ر سه‌ییدنا عومه‌ر فه‌رمووی : ( كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَــتْ لِلنَّاسِ ) بۆ موسوڵمان بووانی ئه‌وه‌ڵمانه نه‌ك بۆ ئه‌وانه‌ی دوایی .

جارێكی تریش له حه‌جدا ئه‌م ئایه‌ته‌ی بــۆ خه‌ڵكه‌كــه خوێــنده‌وه‌و پێــی فه‌رموون : هۆ خه‌ڵكینه ، ئه‌وی ده‌یه‌وێت بچێته ریزی ئــه‌و ئوممه‌تــه‌وه بــا مه‌رجه‌كانی خوا جێبه‌جێ بكات ..

ئیبنو عه‌بباسیش ـ خوا لێیان رازی بێت ـ لــه ته‌فسیری ئــه‌م ئایه‌تــه‌دا فه‌رمووی : ئه‌م ئوممه‌ته ئه‌وانه‌ن كه له مه‌ككه‌وه كۆچیان كرد بۆ مه‌دینه .

ئەبو هورەیرەش ـ خوا لێی رازی بێت ـ هەر دەربارەی ئەو ئایەتە فەرمووی : ئێوە باشترین ئوممەتن چونکە خەڵکی بە زنجیرەبەندی دێنن و دەیانخەنە بازنەی ئیسلامەوە تا بچنە بەهەشتەوە[108].

<u>تێبینی هەشتەم</u> : بەرفراوانی بازنەی ئوممەت بە دوورو نزیکی پەیوەندی و پێک گەیشتن دیاری دەکرێت ، کە تەکنۆلۆژیای سەردەم رەنگی دەڕێژێت ! لەو سەردەمانەدا کە خەڵکی بە پێ دەڕۆیشتن و دەم بەدەم بانگەوازییان بە یەکتر دەگەیاند و لە نزیکەوە لاشە بەلاشە دەگەیشت سنووری بازنەی ئوممەت ئەو ناوچە جوگرافیاییانە بوو کە دەیانتوانی بیگەنێ ، دواتر کە بە سواری گوێ درێژو ئەسپ و ووشتر سەفەریان دەست پێ کرد ، بازنەی ئوممەتەکە بەرفراوانتر بوو ، لە سنووری ئەم گوندو ئەو گوند تێپەڕی .. دواتر کە گالیسکەو عەرەبانە هاتە کایەوە کە ئەسپ رایدەکێشان ، هەروەها کە پیت وهێمای نووسین داهات ، سنوری ئوممەت گەیشتە کیشوەرەکان .. ئیدی کە گەیشتە سەردەمی فڕۆکەو تەلەفۆن و فاکس ، پەیامی ئیسلام سنووری بازنەی ئوممەتی وا بەرفراوان کرد کە بگاتە هەموو مرۆڤایەتی[109]..

ئەم پێشڕەفتە جوگرافیاییەی ئوممەت ، پێشڕەفتێکی تری تەریبی کۆمەڵایەتیشی پێوە پەیوەست بووە ، کە ئەمیش بازنەی داب و نەریتی قۆناغە جیاوازەکانی رابوردوو بەرفراوانتر دەکات ، ئەمیش لە نەریتی خێزانی و خانەوادەییەوە دەیکات بە نەریتی تیرەو هۆز ، پاشان بە نەریتی گەل ، ئینجا بە نەریتی نەتەوایەتی و دواتریش بە نەریتی جیهانی. وەک ئاماژە بەم رێسایەیە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو کە پێغەمبەران هەر یەکەیان بۆ گەلی خۆیان هاتوون بەڵام ئەم بۆ هەموو خەڵکی نێرراوە

---

[108] الطبري ، التفسير 4/43ـ44

[109] ئەم سەردەمی ئینتەرنێتە سنووری هەر نەهێشت و ئوممەت و پەیامەکەی بردە هەر هەمووماڵێک لەم سەر زەمینە بەرفراوانەی کە بۆتە گوندێکی ئەلیکترۆنی . ( و )

بەڵام کێشەی سەرەکی تێگەیشتنی ئەم پێشڕەفتە لەوەدایە کەزۆر لەکۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی ـ ئێستاش هەیە هەر وایە ـ نەیدەتوانی هاوشانی ئەم ڕەوتە ڕێ کات ! ئیدی خۆی دەخستە دوو کەندەڵانەوە :

یەکەمیان ئەوە بوو کە خەڵکانێکی زۆر هەبوون ڕەفزیان دەکردەوە بکەونە نێو ئەم کاروانەوە ، نەیاندەوویست لە نەریتی قۆناغێکی کۆنەوە ـ کە زەمانی بەسەر چوو بوو ـ بچنە نەریتی قۆناغەکەی دواتر کە هاتبووە جێی کۆنەکە ..

دووەمیان : ئەو تەماع و چاوچنۆکی و گیانی شەڕخوازی و خۆپەرستییەی لە بیرو دیدو کەسێتی هەندێک کەسدا چەکەرەی کرد بوو ، کە بە بەرژەوەندی سامان و دەسەڵاتەوە گرێدرا بوو ـ کە ئێستاش هەر وایە ـ بەردەوام ماناو واتاو چەمکی ئوممەتەکەی دەشێواند ، جەوهەری بیرو ناوەرۆکی پەیامەکەی لە تەوەرەی سەرەکی ژیانەوە دەکردە پەڕاوێزێکی هاکەزایی کەم بایەخ ! ئینجا پەیوەندییەکانی خوێن و خزمایەتی و نیشتیمان و بەرژەوەندییە ماددیەکانی بەسەردا زاڵ دەکردەوە ، تا بچوک و کەمی بکاتەوە ! بۆیە دیتت کە زاراوەی ئوممەت بە پێی قورئان و حەدیس ـ تا ئێستاش ـ لە کۆمەڵانێک دەنرێت کە شایانی نین و سیفەتی ئوممەتییان تێدا نەچەسپیووە ، چ جای ئەوەی تێیاندا ببریقێتەوە .. )[110]

موسوڵمانانی نەوەی یەکەمی قورئان بەتەواوی لەمە حاڵی بوو بوون و دەیانزانی و قەناعەتیی تەواویان بەوە کردبوو ، کە ئەمە مەسەلەیەکی قیامەتییە ! ئەمە پاداشتی ڕەزامەندی خواو بەهەشتی لەسەرە یان سزای خواو ئاگری دۆزەخ .. بۆیە بە هیچ کلۆجێک بواری شلگیری تێدا نییە ..

ئینجا موسوڵمانانی نەوەکانی تریش هەر لەسەر ئەم قەناعەتە مابوونەوە ، هەرچەندە هی وایان هەبوو ، دیدی جاهیلیی ، یان پەیوەندیی جاهیلییە ، یان بزاڤی جاهیلییە کارتێکردنی هەبوو لەسەری ، جا بۆ ئەوەی

[110] ماجد عرسان الكيلاني : الامة المسلمة ـ عمان 1991 لا 13-16 ئەم کتێبە زۆر نایابە ، لەو کتێبە چاکانەی کۆمەڵکاری ئیسلامیە الحمدلله کراوە بە کوردی و فارسی ..

بنەما سەرەكییەكانی ئەم كۆمەڵكاریە ئوممەتەییە نەفەوتێت ، زۆربەی زانایان و شەرعناسان و ئەهلی تەفسیرو فەرمووده راڤەی ئەو ئایەت و حەدیسانەیان دەكرد كە لەسەر ناساندنی ئوممەتی موسوڵمانن ، چ ئایەت بووبن ، چ ئەو حەدیسانەی لە باسی ( الجماعه )دا هاتوون ، لە قورئاندا باسی ئوممەتی موسوڵمان هاتووە نەک الجماعه .. دەتوانین ئەو پێناسەو باسانەی ئەوان بۆ جەماعەت ، هەموویان لە دوو خاڵدا كۆ بكەینەوە :

**یەكەم** : **ماناى عەقیدەو باوەڕی** : ئەو دەقانەن كە ئاماژە دەكەن بۆ ئەو پەیام وبەرنامەو بانگەوازەی ئەو كۆمەڵە هەڵیان گرتووە .

دووەم : ماناي سیاسي : ئەمەش ئەو دەقانەن كە ئاماژە دەكەن بۆ دەوڵەت و سیستمی سیاسی وئەو جۆری دەسەڵاتەی كە پێویستە بێنە كایەوە تا سەربەستی ئەو پەیام و بەرنامەیە لە واقیعی ژیاندا بپارێزن .

ئەگەر هەردوو ماناكان لە هەموو دەقەكانی حەدیسەوە كۆبكەینەوە دەبینین مەبەستێكی كۆتاو تەواوی ووشەی الجماعەمان دەدەنە دەست .

با ئەمە كەمێک زیاتر شی كەینەوە :

**یەكەم / ماناى عەقیدەو باوەڕ :**

ئەو دەقانە زۆرن كە ووشەی الجماعە بە باوەڕ بوون و پابەندی و كۆبوونەوە لێكدەدەنەوە لەسەر بنچینە نەگۆڕەكانی قورئان و حەدیس و كۆڕا ( إجماع ) و شوێن كەوتنی پێشینی چاك ( السلف الصالح ) ی ئوممەتی ئیسلام و حەقخوازی و پابەند بوون بە سوننەت . وەكو :

1ـ ئەبو داوودو ئیبنو ماجە لە موعاویەوە ـ خوا لێی رازی بێت ـ دەگێڕنەوە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : ( ألا إنَّ مَن قبلَكُمْ مِن أهلِ الكتاب افْتَرَقُوا علَى ثِنْتَينِ وسَبعينَ مِلَّة، وإنَّ هذه الأمَّةَ سَتفتَرِقُ علَى ثلاثٍ وسبعِينَ: ثِنتانِ وسبعونَ في النارِ، وواحدةٌ في الجنَّة، وهي الجماعةُ ) رواه الترمذي وقال حديث حسن غريب . واتە : ئەو ئەهلی كیتابانەی پێش ئێوە ، بوون بە حەفتاو دوو گروپەوە ، ئەم ئوممەتەش دەبێت بە حەفتاو سێ گروپەوە ، هەموویان ئەهلی ئاگر دەبن یەكیان نەبێت ، ئەویش كۆمەڵە ..

2ـ بوخاری و موسلیم لـه ئیبنـو مەسـعودەوە ـ خـوا لێـی رازی بیـت ـ دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : ( لا يَحِلُّ دمُ امـرئٍ مُسلمٍ يَشهدُ أنْ لا إلهَ إلا الله وأنِّي رسولُ اللهِ إلا بإحْدى ثلاثٍ: الثيِّبُ الـزَّاني، والـنَّفْسُ بالنَّفْسِ، والتاركُ لدينهِ المفارقُ للجَمَاعَةِ ) واتە : خـوێنی ئـەو موسـوڵمانەی کـە شایەتی داوە کە هیچ خوایەک نییە شایانی پەرستن بێت جگـە لـە خـوای گەورەو شایەتیش بدات کە من پێغەمبەری خوام حەڵاڵ نابێت مەگەر بچێـتە ریزی سێ پۆل : خاوەن هاوسەری زیناکەر ، کوشتنەوە لە خوێن ( تۆڵە ) دا ، ئەوی دینەکەی واز لێ هێناوەو خۆی لە کۆمەڵ دابڕیووە ..

کۆمـەڵێش بـەم مانایـە زۆرو کـەمی ئەنـدام ناخوازێـت ، بـەڵکو هـەر حەقوویستن بەسە بۆ ئینتیما ..

**دووەم : <u>مانای سیاسی</u> :**

لەو دەقە حەدیسانەش کـە مانـای کۆمـەڵ بـە کۆبوونـەوەی ئوممەتـە سەرڕاستەکەلەسەر شەرع و ملکەچی و گوێ رایـەڵی بـۆ سەرپەرشـتیارانی موسوڵمان ( أُولِي الأمْرِ مِنكُمْ ) دەناسێنێت و رێ لـە شـۆڕش کـردن و یـاخی بوون لە کۆمەڵ و شۆڕش دژی سیسـتم ودەسـەڵاتداری سیاسـی ئیسـلامی دەگرێت ، وەکو :

1ـ بوخاری و موسلیم لـە ئیبنـو عەبباسـەوە ـ خـوا لێیـان رازی بێـت ـ دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : ( مَنْ رأى مِنْ أميرِهِ شيئاً يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ، فَإِنَّهُ لَيْسَ أحَدٌ يُفارِقُ الجَمَاعَةَ شِبْرَاً فيموتُ، إلا ماتَ مِيتَةً جاهليَّةً ) واتە : هەر کەس شتێکی لە ئەمیرەکەی بینی کە پێی ناخۆش بوو با ئارامی لەسەر بگرێت ، چونکە هەر کەس یەک بست لە کۆمەڵ دابڕێت و بمرێت مردنەکـەی مردنێکی جاهیلییە ..

بڕوانە ووردەکاری دەقەکە وریزبەندیەکەی : یەکەمجار دەفەرموێ : ئەگـەر شتێـکی لـە ئەمیرەکـەی بـینی ، بـەڵام دەرچـوون و وازلێهێـنانەکە لـە کۆمەڵەکەیە نەک لە ئەمیرو پێشـەواکە !! ئەمـەش ئـەو بۆچـوونە زیـاتر بەهێز دەکات کە دەڵێت وازهێنان و ریزپەڕی ؛ لـە کۆمـەڵی ئوممەتەکەیـە

نەک لە ئەمیرو ئیمام . چونکە دەسەڵاتداری ئیسلامی ( ئەمیرو ئیمام ) دەسەڵاتی خۆی لەو سەلاحیات و سەرپشک کردنەوە وەردەگرێت کە ئوممەتەکە داوێتیٚ ، چونکە دەبێت پابەندی رای شورا بێت ..
2ـ ئیمامی موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە ـ خوا لێی رازی بێت ـ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : ( مَنْ خَرَجَ مِنْ الطاعَةِ وفَارَقَ الجَمَاعةَ فَمَاتَ ، ماتَ مِيتَةً جاهليَّة ) واتە : هەر کەس لە ملکەچی و گوێ رایەڵی دەرچێت و لە کۆمەڵ بترازێت و بمرێت مردنەکەی مردنێکی جاهیلییە .
کۆمەڵیش بەم مانایە دژی پەرتەوازەیی و دووبەرەکی و دەستدرێژییە ..
راو بۆچوونی زانایان لە مانا کردنی ووشەی کۆمەڵ دوو جۆرە :
یەکەم : مەبەست لە کۆمەڵ هەموو زانایانی ئەهلی سوننەتە ، کە بە مانای کۆبوونەوەیانە لەسەر ئەو حەق و هەڵوێستانەی لە سێ سەدە چاکەکەی ئیسلامدا درەوشاوەتەوە . کە لە دوای ئەوانیش پیاوچاکانی ئەهلی سوننەت لە هەموو سەدەکاندا ئاڵای ئەو حەق و حەقخوازیەیان هەڵگرتووەو گەیاندوویانە بەوانەی دوای خۆیان . ئەمانەش بە هەموویان جەماوەری گشتی (السواد الاعظم ) ی موسوڵمانان پێک دەهێنن ، چونکە بە تەبیعەتی حاڵ وباری دینداری ، خەڵکی شوێن ئەو زانایانە دەکەون ..
دووەم : کۆمەڵ بە هەر هەموو ئوممەتەکە دەوترێت لەو کاتانەدا کە لەسەر پێشەوایەتی و ئەمیرێتی خەلیفەیەک کۆبوونەتەوە کە تێکڕای ئەحکامەکانی ئیسلامی وەرگرتووەو جێبەجێیان دەکات .
هەندێکی تریش ووتوویانە : کۆمەڵ هەر هەموو جەماوەری ئەهلی ئیسلامە بەمەش هەموو پێناسەکان بوون بە یەک ..

دەبینیت خاوەن پێناسەی یەکەم ( کۆمەڵی موسوڵمانان ) و بەشێک لە (ئەهلی شورا) یان تێکەڵ یەک کردووە ، واتە ( ئەهلی حەل و عەقد ) کە شورایان پێ دیاری دەکرێت و رەزامەندی لەسەر دیاری کردنی خەلیفە دەردەکەن . لەوەدا بە هەڵەدا چوون کەئەو کەسانەی ئوممەتەکە بە نوێنەری خۆیان دانێت ، ئەمانیش سیفەتی ( کۆمەڵ ) دەدەنە پاڵیان .

ئەمەش وا نییە چونکە ئەوانە هەر نوێـنەری ئوممەتەکـەن و هیچی تـر . تەنانەت شەرعێتیەکەشیان هەر لەو ئوممەتەوە وەرگرتـووە کـە بوونەتـە نوێنەری ، ئیدی چۆن ئەوان بوونەتـە کۆمـەڵ و ئوممەتەکـەی رەچـەڵەکی ئەوانە هیچ ؟! چۆن دەشێت ئوممەتەکە کە سەرچاوەی ئەوانە ، ببێتە شوێن کەوتووی ئەوانەی خۆی شەرعێتی داونەتێ ؟! چۆن ئەوان بوونەتە ئیمـام و ئوممەتەکەش دەبێتە مەئمووم ؟!

بۆیە ـ والله اعلم ـ رای راستتر ئەوەیە کـە دەڵێـت : کۆمـەڵ بریتیـە لـە جەماوەری گشتی ئوممەتی ئیسلام ( **السواد الاعظم من امـة الاسلام** ) ئەمـەش زاراوەی شەرعناسەکانە ..

دەبینیت مانای دەقەکان و بۆچـوون و لێکدانـەوەی زانایـان ئـەوە روون دەکەنەوە کە مەبەست لە کۆمەڵ هەر دوو ماناکانی پێشووە ، واتە : مانـای عەقیدەو باوەڕیی و مانای سیاسی .

کەوا بوو چوونە ریزی کۆمەڵ لە رووی سیاسیەوە بریتیە لە وەرگـرتن و پابەند بوون بە سیستمی گشتی سیاسی ئیسلامەوە کە کۆمەڵەکە گرتوێـتیە خۆو دەیچەسپێنێت ، جا ئیتر شێوازو تەفسیلاتی ئەو سیستمە سیاسیە هەر چۆنێک بێت یان هەر کەس و کۆمەڵێکی سیاسی بیبەن بەڕێوە گرنگ نییـە . ئەمەش ملکەچی و گوێـرایەڵ و دۆسـتایەتی ( **الولاء** ) تـەواو دەخوازێـت . ئەگەر سیستمە ئیسلامیەکەش لەت بوو ، بە دروست بوونی زیاتر لە یـەک دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی دەبێت ئینتیما گشتیەکەی ئیسلام و وەرگـرتن و پابەند بوون بە ئەحکامە گشتیەکانی ئیسـلامەوە هـەر بمێنێـت و هـەموو هاوکاری و هاریکاریـەکی ئـەو دەسـەڵاتە سیاسـیە ئیسـلامیانە هـەر لـە چوارچێوەی ئەو ئەحکامانەدا بێت ، ئەمەش وەکو ئـەو شێـوازە نوێـیانەی هاوکاری قەوارە سیاسیەکانی ئەم زەمانەی ئێمە وایە کە لە شێوەی بـەرە ، یـان یـەکێتی ، یـان بـازاڕی هاوبـەش و پەیمانـە نێودەوڵەتیەکانـدا دەردەکەوێت ..

## مانای پابەند بوون بە کۆمەڵەوە

کەوا بوو چوونە ریزی کۆمەڵی ئیسلامەوە بریتییە لە وەرگرتن و پابەند بوون بە حەڵاڵ و حەرامی ئیسلام و ملکەچی دەربڕین بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی ( ئەگەر هەبوو ) بە مانایەکی تر بڵێین رازی بوونە بە مەرجەعیەتی ئیسلام ، بە هەر مەزهەب و مەدرەسەو دیدو بۆچوونێکی ئیسلامیەوە بێت ، بە مەرجێک بەڵگەی شەرعی پشتگیری بکات .

ئیمامی شافیعی ـ رەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێ : ( ئەو فەرمانەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموێ ( پابەند بە بە کۆمەڵی موسوڵمانانەوە ) هەر یەک مانای لێ دەفامرێتەوە ئەویش پابەند بوونە بە حەڵاڵ و حەرامی ئیسلام و ملکەچی دەربڕینە بۆ شەرع . ئەگینا ئەگەر کۆمەڵی موسوڵمانان بە چەندین وولات و ناوچەی جوداو لێک دووردا بلاو بووبوونەوە ، چۆن خەڵک دەتوانێت بە جەستە بچێتە ریزیانەوە ؟! ئەگەر هەمووشیان لە ناوچەیەکدا بوون حەتمەن لە کۆمەڵگەکەیاندا موسوڵمانی پیاوچاک وکافرو دووڕووش دەژین ، جا ئەگەر مەبەست لە چوونە ریزی کۆمەڵی موسوڵمانان بریتی بێت لە چوونە ریزی جەستەیی ئەوانەوە لەم حاڵەتانەدا هیچ مانایەک نابەخشێت و کۆبوونەوەی ئەو خەڵکەش بە جەستە لە شوێنێکی وادا هیچ کاریگەریەکی نابێت . کەوا بوو حەتمەن پابەند بوون بە کۆمەڵی موسوڵمانان و چوونە ریزیانەوە بریتیە لە وەرگرتن و پابەند بوونی خەڵکی بە حەڵاڵ و حەرامی دینەکەوەو بە ملکەچی دەربڕینیانە بۆ شەرع .. هەر کەسیش وای کرد ـ لە هەر کوێ بێت ـ ئەوە لە ریزی کۆمەڵی موسوڵماناندایەو چۆتە ناویانەوە ..

دەبینیت ئیمامی شافیعی ـ رەحمەتی خوای لێ بێت ـ بەشدار بوونی جەستەیی کەسێکی لە شوێنێکدا نەکردۆتە بەڵگەو مەرجی چوونە ریزی کۆمەڵی موسوڵمانانەوە . بەڵکو ئەوەی بە بەڵگەو ئیعتیبار داناوە کە ئەو کەسەی دینەکەی وەرگرتووەو پێوەی پابەند بووەو دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر بناغەی خواویستی و شوێن کەوتنی پێغەمبەر صلی الله

علیه وسلم دیاری کردووەو ، بە مانایەکی تر : هەر کەس ئیسلامی بە مەرجەعیەتی ژیانی خۆی دانا ، ئەوە چۆتە ریزی کۆمەڵی موسوڵمانانەوە.

ئەمەی شیمان کردەوە ئەوە روون دەکاتەوە کە مانای کۆمەڵی موسوڵمانان بریتیە لە :

یەکەم : مانای باوەڕ : واتە : زەرورەتی شوێن کەوتنی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و وەرگرتنی هەموو ئەو دیدو رێسایانەی کە بۆ باوەڕو ئیعتیقاد و حەڵاڵ و حەرام دایانڕشتووە ، وەرگرتنی هەر جۆرە بۆچوونێکی ئەوان ـ با لە ناو خۆشیاندا جیاوازیان هەبوو بێت هەر قبوڵە ، چونکە هەموو راجوێی و جیاوازی دیدو بۆچوونەکانیان هەر وان لە چوار چێوە گشتیەکەی شەرعدا ، بەڵام بە تەئکید رای ئەو کەسەیان قبووڵە کە پشتی بە بەڵگەی شەرعیی بەستووە .

دووەم : لایەنی سیاسی : واتە شوێن کەوتنی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بە وەرگرتنی هەموو ئەو دیدو رێسا سیاسیانەی لەسەری کۆ بوون ، هەروەها دەربڕینی ملکەچی و گوێ رایەڵی تەواو ـ لە چاکەو خێردا ـ بۆ دەسەڵاتدارانیان ، هەروەها هەڵ نەگەڕانەوەو شۆڕش بەرپا نەکردن دژی ئەو دەسەڵاتدارە سیاسیانەی جێبەجێ کردنی ئەو سیستمە سیاسیەیان لە ئەستۆ گرتووە ، مادام کوفرێکی ئاشکراو راشکاویان لێوە دەرنەکەوتووە ..

کەوا بوو پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێک کە : پابەند بێت بەو رێسا ئوسوڵیانەوە کە ئەهلی سوننەت و جەماعەت بۆ تێگەیشتن و ناسین و ناساندنی عەقیدەو حەڵاڵ و حەرام دایان ڕشتووە ، دەبێت قەناعەت بەوە بکات کە بۆی نیە لەو رێسایانە بترازێت ..هەروەها دەبێت ئەوەش بزانێت و پێشیەوە پابەند بێت کە بۆی نیە ـ مادام فەرمانی ئەنجامدانی گوناحی پێ نەکراوە ـ لە ملکەچی و گوێ رایەڵی سیستمی کۆمەڵی موسوڵمانان دەرچێت . ئەمەش هەموو ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە موسوڵمانان خاوەن دەسەڵاتن ، هەر وەکو کە لەو کاتانەشدایە کە بێ دەسەڵاتن ، وەکو زەمانی زۆر بوونی فیتنەو پشێوی و پەرتەوازە بوونی موسوڵمانان . بە مانایەکی

تر بلێین : دەبێت موسوڵمان ـ ئەوی کە ئەم دینەی قبـولْ کـردووە ـ ڕێـزی سیستمی گشتی ئیسـلامی بگرێـت . ئەگـەر ـ بـۆ نموونـە ـ موسـوڵمانان کەمینەیەک بوون لە ناو زۆرینەیەکی کافردا دەژیـان ، دەبێـت موسـوڵمان بەشەرعی ئیسلامەوە پابەند بێت و لە هەمان کاتیشدا پارسەنگی سیسـتمی سیاسی وولاتە کافرەکەش ڕاگرێت کە تێـیدا دەژی مـادام دژایـەتی لەگـەڵ ئیسلامەکەیدا ناکات ، دەبێت یاسای وولاتەکە بپارێزێـت مـادام ئـەمانیان داوەتێ ، گەر ئەمانەکەی قبوولْ نەبوو ،یان وویستی لەگەڵیاندا بجەنگێت ، دەبێت ئەمانەکەیان بداتەوەو ئاگاداریان بکاتـەوە کـە مایەوێـت لـە ژێـر ئەمانیاندا بێت ، ئەمما لە ژێر ئەمانەکەیانـدا بێـت و بـە نهێـنی خوێـن و ناموس و سامانیان بە حەڵالْ بزانێت ، ئەوە غـەدرەو ئیسـلامیش غـەدری لەگەڵ کافری موحاریبیشدا حەرام کردووە ، لە هەمان کاتیشدا مادام لـە دار الکفرەو موسوڵمانانیش لەوێ هەن و کۆمەڵگەیەکی بچووکیان بـۆ خۆیـان ساز داوە ، دەبێت ڕێزی ریزی موسوڵمانان بگرێت و نەهێڵێـت لاواز بـبن و شیرازەی کۆمەڵایەتیان بپسێت . دەبێت کارو کارتێکردنی لەگـەڵ کۆمەڵگـە موسوڵمانە کەمینەکەیدا چوست و چالاک بێت ، هەر کێشـەیەکی تاککەسـی خۆی یان کۆمەڵکاری هاتە بەر ؛ دەبێت بگەڕێتەوە سەر شەرع و بـە داوەری شەرع ڕازی بێت .

...................................

# بەنـــدی سێیەم

# بـــزاڤ

## ( البيان ، البلاغ ، الشهادة ، الدعوة )

هەموو بیروباوەڕو دیدێکی فیکری و سیاسی کە دەیەوێت گۆڕانکـاری لـەو کۆمەڵگەیەکـدا دروسـت کـات کـە تێـیدا دەژی ، حەتمـەن دەبێـت بزاڤێـکی گۆڕانکاری دروست کات ، چونکە تیۆری گۆڕانکاری ئەگـەر کۆمەڵـە کەسێـک نەبوون هەڵی گرن و بە خەڵکی تری بگەێننەوە ، دەبێـتە بیردۆزێـکی زیهـنی وچالاکییەکی خەیاڵی ! چونکە نەهێـنراوەتە مەیـدانی واقیعـی ژیانـەوە تـا شیاوی و تواناو بەسوودی خۆی بۆ کۆمەڵگەکەی دەرخات ..

خوای پەروەردگارو کردگارو کارزان دەیزانی کە گۆڕانکـاری نێـو کۆمەڵگـە ئەنجامێکی سروشتی گۆڕانکاری تاکە موسوڵمانەکانە لە ناو خۆیاندا ، بۆیە هەر لەسەرەتاوە موسوڵمانانی خستە سەر ئەو ڕێسایەی یەک یەکی خۆیـان لە ناخەوە دەگۆڕێت ، بۆیە فەرمووی : ( إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّـى يُغَيِّـرُواْ مَـا بِأَنْفُسِهِمْ )الرعد/11 واتە : خوای گەورە ئەوی لـە نـاخی کۆمەڵگەیەکـدا هەیـە ناگۆڕێت تا خۆیان ئەوی لە ناخی تاکی خۆیاندایە نەیگۆڕن ..

ئیسلامیش شوێن کەوتووەکانی خۆی - بۆ ئەوەی سەربەخۆو پارسـەنگ و هۆشیار دەرچن و بتوانن کۆڵی گۆڕانکاری وبەرپرسـی بنیاتنـانی کۆمەڵگـەو دەوڵەتی ئیسلامی هەڵگرن - هەر لە سەرەتاوە لەسەر هـەموو ( توخمـەکانی هێز ) پەروەردە دەکات ، وەکو :

- هێزی خواوویستی رۆحی ، پەیوەستی عەقائیدی : کە دەبنە ڕێسـاو خـاڵی نەگۆڕ لە ناخی یەک یەکی موسوڵماندا .
- هێزی دیدی روون و بیری تیژو زانیـاری رەسـەن : کـە لـە دڵ و دەروون و مێشکدا دەچەسپن ، کە دەبنـە دیـدو تێڕوانینێـکی فەلسـەفی و وەڵامـەکانی مرۆڤی دەربارەی ژیان و گەردوون و مرۆڤ خۆی پێ دەداتەوە .

ـ هێزی دەروون و وورە بەرزی : کە لە ئەنجامی پەروەردەو فێر کردن دێت وکەسایەتی تاکی موسوڵمان ئازادو ئازا دادەڕێژێت ، ئەمەش بە پەروەردەی خوایی و فێرکردنی قورئان و سوننەتە ، وەک خوای گەورە دەفەرموێ : ( هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ) **الجمعة/2** واتە : خوای گەورە بوو کە لە نێو کۆمەڵگەو قەومە نەخوێنەوارەکەدا پێغەمبەرێکی بۆ هەڵبژاردن تا ئایەتەکانی خوایان بەسەردا بخوێنێتەوەو پەروەردەیان کات و قورئان و سوونەتیان فێرکات ، گەرچی پێشتر لە گومڕاییەکی زۆر ئاشکرادا بوون ..

ـ هێزی ماددی : کە ئیعتیماد دەکاتە سەر واقیعناسی و پلانی ستراتیژی دوورو نەخشە داڕێژان نزیک بۆ هەڵوێستە زەروورییەکانی ژیانی رۆژانە . ئیسلام لەم رێیەشەوە موسوڵمانەکەی خۆی وا دادەڕشت کە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵگەو پۆلێن کردنی خەڵکەکەی و بەگەڕ خستنی ووزەی شوێنکەوتوانی خۆی پێ بێت ، بۆیە هەر لەیەکەم پێناسەی سەردێڕی عەقیدەکەیەوە ، پەیکەری رێکخستنی ئوممەتەکەشی خستە روو ، دیسانەوە هەر لە هەمان کاتیشدا نەخشەو چۆنیەتی کۆمەڵکارە ئوممەتییەکەشی کێشابوو .. بۆیە هەر کەس کە موسوڵمان دەبوو ، دەستبەجێ لە لایەکەوە دیدی خواناسی رۆحی و عەقائیدی بۆ روون دەبۆوە ، لەلایەکی ترەوە ماف و ئەرکی ئەندامێتی خۆی لەو ئوممەتە موسوڵمانەدا دەزانی کە بەم دینە داڕێژرابوون ، دیسانەوە هەر لە سەرەتای موسوڵمان بوونەکەیەوە ماهییەت و ئەرک و چۆنیەتی بانگەوازە خواییەکەشی بۆ روون دەبۆوە ، چونکە لە ناخی خۆیدا گۆڕانەکەی بەسەردا هاتبوو ، کە هەر زوو قەناعەتی بەوە دەکرد کە دەبێت تاک تاکی ئەو کۆمەڵگەکەشی ئاوا بگۆڕێت . دەشیزانی کە مەبەست لە بزاڤی دینەکەی ، پێکهێنانی کۆمەڵکارییە ، کە ئەرکی گۆڕانکاری کۆمەڵگەکەی بە دینەکە دەکەوێتە سەر . ئەمەش هەر بەوەندە نیە دینەکە روون کاتەوە ، واتە بە بانگەوازو تەبلیغ ، بەڵکو بە گواستنەوەی بابای جاهیلیی بۆ باوەشی پڕ سۆزی پەروەردەیی ئیسلام . ئەمەش کارێکی

بنیاتنانەو کۆمەڵکارییە نەک تاکانەکار ، ئینجا دەبێ ووزەی هەمووان لە بزاوتێکی کۆمەڵایەتی سیاسییدا بکەوێتە گەڕ ، کە جاهیلییەت تەحەمولی ناکات و پێک هەڵدەپڕژێن ، جاهیلییەت بە هێزو دەسەڵاتی فیرعەونی خۆی و ئەهلی ئیسلام بە ئازارمی پێغەمبەران ، تا ئەو کاتەی لە وەڵامدانەوەی خەڵکانی دیکەی کۆمەڵگەکەیان بێ ئومێد دەبن ، ئیدی کۆچ کردنیان بۆ دێتە پێش بان بەرەو جێیەک کە تێیدا داڵدە دەرێن و وەکو میوان ( پەناهێندە ) سەیر دەکرێن تا بواری گەڕانەوەیان بۆ وولاتی خۆیان بۆ دەرەخسێتەوە ، یان بۆ مەئوایەک کە دەبێتە پێگەی یەکەمی دارالاسلامەکەیان .. ئەمەش سیرەی پێغەمبەری ئیسلامە صلى الله عليه و سلم کە بە پێی ئاڕاستەی خوایی دەبزاوت ..

لەم روانگەوە بوو ، کە موسوڵمانانی یەکەم هەر لە یەکەم هەنگاوی موسوڵمان بوونیەوە هەستی بەوە دەکرد کە رۆژانە دەبێت بۆ گۆڕانکاریی لە دوو مەیداندا هەنگاوی پارسەنگ و بەردەوام هەڵ هێنێتەوە : مەیدانی گۆڕینی ناخی خۆی و مەیدانی گۆڕینی کۆمەڵگەکەی . بە واتایەکی تر هەستی بەوە دەکرد کە خەڵکی کۆمەڵگەی موسوڵمان کەف و چیلکەو چەوێڵی سەر ئاو نین ، خۆیان تەسلیم بە گێژاوی لافاو کردبێت ، بۆ کوێیان دەبات و چۆنیان هەڵدەشڵەپێنێت قەیدی نییە ، نەخێر ، خەڵکی کۆمەڵگەی موسوڵمان هەم لە ناخی خۆیاندا چاکن ، هەم بۆ دەرەوەی خۆیان چاکسازن ، واتە ساڵح و موسڵیحن ..

بەم دیدە کۆمەڵکارییە دینییەوە ئەندامانی ئوممەتی موسوڵمان لە کۆمەڵگەکەی خۆیاندا دەبزووتن تا گۆڕانکارییەکەی - بە پێی رێسا خواییەکانی گۆڕان - تێدا بێهننە دی .. ئەمەش یەعنی گواستنەوەی خەڵکی جاهیلیی بۆ ئیسلام و پەروەدەو فێرکردنیان و بەگەڕ خستنی وورەو ووزەیان لە بزاڤێکی کۆمەڵکاری رێک و پێکی ژێر ئاڕاستەی یەک سەرکردایەتیدا کە تەوجیهی کۆمەڵکارییەکەیان وا دەداتێ وەکو مێشک کە تەوجیهی خۆی دەداتە ئەندامانی لەش ، لەیەک کاتداو پێکەوە گونجاو ، ئەمانەش خۆیان دەبوونە

هەنگاو بە هەنگاوی ڕۆژانــەو قۆنــاغ بــە قۆنــاغی چەسـپاندنی دینەکــە لــە دارشتنی تــاک ، و بنیاتنــانی ئوممــەت و ، هیجـرەت و جیهــاد ، ئاڕاســتەی کۆمەڵگە ، و بەرقەرار کردنی دەوڵەتی خیلافەت و گەشەپێدانی شارستانێــتی ئیسلامی .. ئەمانەش هەمووی هەر دەبوو تەریب و هاوکێش بن ..

کەوابوو ئوممەتە[111] موسوڵمانەکە کە لە ســەرەتادا بــە نهێــنی لــە مــاڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبول ئەرقەمی مەخزومی کۆ دەبوونەوە هەر ( **تجمع عضوي** ) بوون واتە کۆمەڵێکی عەقائیدی کــە وەکــو ئەنــدامانی یــەک لــەش پێکەوە لکابوون و دەبزوان . دواتر کە بوونە چل کەس و بە دوو ریز لە دوای عومەری کــوڕی خــەتتاب و حــەمزەی کــوڕی **عبدالمطلب** ەوە خۆیــان ئاشــکرا کــرد ، هەڵوێستی خۆ ئاشکرا کردنەکەیان ، کارێکی بانگەوازی بوو ، قۆناغێکی نوێی پێ دەستپێکرا .. شێوەی کاری پێش ئاشکرا کردنەکە هەر دیداری نهێنی یــەک یەکی خەڵکی بوو ، کە ئیعتیمادی دەکردە ســەر موناقەشــەو شــەڕە بەڵگــە ، لەگەڵ سەرکەوتنیشیدا موسوڵمان بووەکە دەبــوو ( ڕابــوردوو ) ە جاهیلییــە پۆخڵەکەی خۆی بڕمێنێــت و بــە چــاوی گومــان و دوو دڵ و دوژمنکارییــەوە سەیری کات ، تا سۆزی بۆی نەجوڵێتەوە ، لە بەرامبەریشدا دەبــو ( ئێســتا ) ئیسلامییە پاکــە نوێــکەی بــە جیــددی وەرگرێــت و بــە خــۆی و هــاوبیرانی بەهێزتری کات . کۆمــەڵکاریی موســوڵمانە ســابقونەکان بــە ئاشــکراکردنی خۆیان چوونە قۆناغێکی تری بانگەوازەکــەوە کــە بریتییــە لــە ســەلماندنی سەربەخۆیی کۆمەڵەی خۆو ڕاگەیاندنی بوون و ئەرکی شاهێدی دان[112] . بۆیە ڕووڕووبوونەوەو بــەرەنگاری کردنەکــەی جاهیلییــەتیش چــووە قۆناغێــکی توندترو دژوارتر . چونکە قوڕەیش هەستی بە بەربەرەکانێــیەکی عەقائــدی و

---

[111] لەو سەردەمەیدا هێشتا خوای گەورە ناوی ئوممەتی لــێ نــەنابوون ، هــەر الســابقون بوون زاراوەی ئوممەت ـ وەکو ووتوومانە ـ ئەویش وەکو ئــەحکامی عەقیــدەو عیبــادەت و شەریعەت بە تەدریج لەگەڵ گەشەی هەست و کیانی خەڵکە موسوڵمانەکە دادڕێژرا .

[112] هەر ئەوەیە کە لە فیقهدا پێی دەوترێت : ئیقامەت حوججە ، واتە ڕوون کردنەوەی دینەکە

بوونێکی خاوەن دیدو تێڕوانینێکی جودای لە بەرامبەریەوە کرد .. بۆیە پێی قووت نەدەچوو ، هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی لە رووبەڕوو بوونەوەی ئەم دین و ئوممەت و بزاڤە نوێیەدا ، یاساو رێساو داب و نەریتە کۆمەلاَیەتی و سیاسیەکانی خۆی ( کە هەندێکیان وەکو ئەوانەی مافی مرۆڤی ئەم زەمانە بوون ) پێشێل نەکات ، بۆیە کە کەوتە دژایەتی کردنیان زۆر بێ رەحمانە کردی و لە ژێر ئەشکەنجەداو بە شمشێری سەییدەکانیان وورگی ئافرەتی کۆیلەی بێ دەسەلاَتی وەکو سومەییەی بەستراوەیان دڕی !!

( ئێستاش ئەو خالەّی کە دەبێت لەم زەمانەشداو لە هەموو زەمانێکی تریشدا ببێتە خالّی دەستپێک ، هەر ئەو خالّی دەستپێکەیە کە لە سەرەتای بانگەوازەکەی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم دەردەبڕرا . ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لەسەر پارچە خاکێک و لە نێو کۆمەلگەیەکی مرۆڤایەتیدا کۆمەلّە کەسێک شایەتمان بهێنن و ئاشکرا بلێن ( لا اله الا الله محمد رسول الله ) و روون و ئاشکرا ئەم دینە حەقە وەرگرن و تەسلیمی بن ، قەناعەتی موتلّەقیان بە حاکمێتی خوای گەورە هەبێت و دانیان بەوەدا نابێت کە هەموو یاساو رێسایەکی کارگێڕی ژیانی کۆمەلگەکەیان هەر دەبێت لە خوای تاک و پاکیانەوە بێت و بەس ، دەبێت ئەمە ببێتە مۆرکی دینداریيان و بۆ خۆشیان دینەکە لە واقیعی ژیانی خۆیاندا بچەسپێنن ، ئینجا ـ دوای دامەزراندنی خۆیان ـ بانگەوازە خواییەکەیان ، بەو سیفەتەی کە پەیامی رزگارکردنی مرۆڤە ، بگەێننە خەلّکانی تر لەسەر ئەو زەمینە پان و پۆڕە .. ئەمە خالێکی سەرەکییە کە دەبێت داعیانی ئیسلام بۆ سەرنجدان و لێکۆلێنەوەی زۆر بوەستن و وورد دیقەتی دەنێ .. هەر دەبێ لە گۆشەو کەنارێکی ئەم سەرزەمینەدا ، لە جێگایەکدا کۆمەلّە کەسێکی بە هیممەت ئەم دینە رەوایەی خوای گەورە وەرگرنەوەو دینداری پێ بکەنەوەو خوای پێ بپەرستنەوە .

خواپەرستی خۆ هەر نوێژو رۆژوو نییە ، ئەگەر خواپەرستی بریتی بوایە فەقەت لەو نوێژو رۆژوو زەکات و حەج و وێردو تەسبیحاتە ، چ پێویستی بەو کاروانە بەڕێزە قەرەبالّغەی پێغەمبەران و نێرراوانی خوا هەبوو ؟! چ

پێویست بوو ئەو هەموو پەیامە هەبوو تا بێت ؟! چ پێویست بوو ئەو هــەموو نێرراوانەی خواو یــاوەران و شوێــنکەوتووانیان ئــەو هــەموو ئــازارو ژان و ناسۆرە بوو کە لە پێناو ئەوەندە دروشمی پەرستندا بچێژن ؟! ئەگەر ئەم دینە هەر ئەو نوێژو رۆژوو تەسبیحاتانەیە ، ئەدی ئەو هەموو خوێن و فرمێسکەی بە درێژایی مێژووی ئەم دینە رژاون بۆچی بوو ؟! حەتمەن ئەو ئامانجەی کــە شایانی ئەوە بووە ئەم هەموو خوێن و فرمێسک و ناسۆرو ژانەی لە پێــناودا بدرێت هەر ئەوە بووە کە دەبێت مرۆڤایەتی لە بەندەپەرستی رزگار بکرێــت و بخرێتە ژێر سایەی خواپەرستییەوە .. نەک هەر لە دروشمی پەرستنی وەکــو نوێژو رۆژوو ، بەڵکو لە هەموو لایەنەکانی ژیانی دنیایاندا ..

یەکخواپەرستی لە پەروەردگارێــتی و خوایــەتی و حاکمێــتی و داوەری دا ، وەرگرتنی بەرنامەی ژیان لە خوای پەوەردگارو هەڵس و کەوت و رەفتــار بــە گوێرەی شەریعەتەکەی ئەو ، شایانی ئــەوەن ئــەو پێــغەمبەرو نێــرراوانەی خوای گەورە ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ و یاوەران و شوێنەکەوتوانیان ئــەو هەموو رەنج و خوێن و فرمێسکەی لە پێناودا بدەن ، هەموو ووزەیەک دەبێــت بۆ ئەم مانا خواییە پڕ بەهایانە بخرێنە گەڕ ، دەبێ لەبەر خاتری خــواو لــە پێناوی هێنانەدی حاکمێتی ئەم دینەدا دەبێــت نــەک هــەر تەحــەمولی ئــەو هەموو ناسۆرو ژانە بکرێت ، بەڵکو دەبێ هەر بــە ئاســاییش حسێــب کرێــن ، نەک لەبەر ئەوە بێت کە خوای گەورە پێویســتی پێــیەتی و دەیەوێــت ! نــا ، نەخێر .. خۆ خوای گەورە پێویستی بە کەس نییە ، خوای گەورە ئاتــاجی بــە هــیچ مەخلووقێــکی نییــە ، بــەڵام لەبــەر ئەوەیــە کــە ژیــانی مرۆڤایــەتیو حەوانەوەو ئاسوودەیی و بەختەوەری کۆمەڵگاکانیان و سیستمی کارگێڕییان بەو تەوحیدە نەبێت راست و رەوا نابێت ، بەو دینە نەبێــت ئەوەنــدە پاڵفتــە نابێت کە شایانی ئەو مرۆڤە بەنرخە بێت کە خوای پەروەردگار رێــزی خــۆی لێناوە . کاریگەری ئەم تەوحیدە لەسەر تاک تاکی مرۆڤ و کۆمەڵگەو بزاڤ و چۆنیەتی پێکەوە ژیانیان ئەوەندە زۆرە لە ژمارە نایات )[113]

[113] سيد قطب : طريق الدعوة في ظلال القرآن /مؤسسة الرسالة چاپی 13 / 1992 ب1/لا 154.

محمد قوتبیش دەفەرموێ : ( خوای گەورە ئەم ئوممەتەی بۆ ئـەوە بنیاتنـا تا پەیامێکی تایبەتی تر بگەیێنێـت ، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە هـەمان تـەکلیفی ئوممەتی جولەکەو دیانەکانی پێش خۆشی هەر لێ کرا بوو .. فەرمانی خوای گەورە بۆ ئەو دوو ئوممەتانەی پێشتر هاتبوو کە لە ناو خۆیان و بۆخۆیـان راست و پاک و دیندار بن و تەنها خواپەرستن : ( وَمَا أُمِرُوا إِلَّـا لِيَعْبُـدُوا اللَّـهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَـاةَ ) البينـة/5 واتـە : فـەرمانیان پێدرابوو کە تەنها خوا بپەرستن و سەرڕاستیش بن لە خواپەرسـتیەکەیاندا ، هەر بۆ خوای تەرخان کەن ، نوێژەکانیش بە رێکوپێکی بکەن و زەکات بـدەن . هەمان تەکلیفیشی لەم ئوممەتە کردووە : ( وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْـرِكُواْ بِـهِ شَـيْئًا ) النساء/36 واتە : خواپەرستن و هیچ شەریکێکی لەگەڵدا دامەنێـن : ( فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ) غافر/14 واتە : دە بە کوێرایی چاوی کـافران ، رووتان هەر لە خوا بێت و هەر لەو بپاڕێنەوە و سەرڕاستانە دینەکـەی ئـەو بگرن .

بەڵام لەگەڵ ئەم تەکلیفە سەرەکییە گشتییەی ئوممەتانـدا ، کـە بنیاتنـانی هیچ ئوممەت و سیستمێکی دادپەروەری مرۆڤایـەتی بـێ ئـەم خواپەرسـتییە نایاتە دی ، خوای گەورە تەکلیفێکی سەرەکی تریشی لـەم ئوممەتـەی محمـد صلى الله عليه وسلم کردووە کە لە ئوممەتانی پێشتری نەکردووە ، ئەویش ئەوەیـە کە دەبێت رێنماو رێنیشاندەری ئوممەتان و گەلانی تر بێت و شاهێدی لەسەر کەسان و ئوممەتانی تری مرۆڤایەتی بـدات : ( وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ) البقرة/143 واتە : ئاوا ئێوەمان کردە ئوممەتێکی دادپەروەر تا بۆ خوا لەسەر خەڵکی ببنە شاهێـد و پێـغەمبەریش لەسەر ئێوە شاهێد بێت . ئەمە ئەو داواکارییـەی خـوای گەورەیـە کـە ئـەم ئوممەتەی بـۆ فەراهـەم هێـناوە ، کـە دەربـارەی ئەرکەکـەی سەرشانیشـی دەفەرموێ : (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ ) آل عمران/110 واتە : ئێوە بەڕاسـتی چـاکترین ئوممەتێـک بـوون بـۆ

ڕێنمایی خەڵکی وەبەرهەم هاتن ، کە فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن و باوەڕیشتان بە خوا هەیە ..

لە هەردوو ئایەتەکەوە دەردەکەوێت ئەرکی سەرشانی ئەم ئوممەتە ئیسلامییە هێنانەدی ئەو مەبەستەیە کە خوای گەورە ئوممەتەکەی بۆ خەڵکی ( نەک بۆ ئوممەتەکە خۆی ) فەراهەم هێناوە ..

ئەگەر ئەم ئایەتەی مەتحی ئوممەتەکە بەوە دەکات کە باوەڕتان هێناوە ، ئیدی بۆچی هەر بەوەندە بۆتە ( خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ) خۆ دەیان ئوممەتی تریش باوەڕی بە خوا هێناو کردەوەی چاکیشی ئەنجامدا ، بەڵام ئەوەی بۆتە مایەیە ڕێزو گەورەیی ئەم ئوممەتە بزوتنەوەی ئوممەتەکەیە بەم دین ، کە بە هەموویان فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن .

مەبەست لەم تەکلیفەی ئەم ئوممەتە چاکە هێنانە دی دوو ئامانج بوو :

<u>ئامانجی یەکەم</u> : دەبێت ئەم ئوممەتە بۆ خوای خۆی ساغ بێتەوە ـ ئەمە ئامانجی هاوبەشی هەموو ئوممەتی پێغەمبەرانی پێشووتریشە ـ بەڵام بواری ئەم و بەرفراوانی مەیدانەکەی ئەم زیاتر دەبێت ، چونکە پەیامەکە بۆ هەر هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە ، بۆیە دەبێت ئەم تەکلیفە خواییە تاک وکۆی ئەم ئوممەتە ، پیاوان و ژنانی ، گەورەو بچووکی بگرێتەوە ، هەموویان دەبێت فێر کرێن چۆن ڕەفتار لەگەڵ دۆست دەکەن و لە دوژمنیش چ هەڵوێستێک دەگرنە بەر ، دەبێت موسوڵمانان بناسن و کافرانیش بناسن ، کافری جەنگاوەرو کافری موسالیم .. دەشبێت ئەم تەکلیفی فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپەیە وەک لە دڵ و دەروونی هەمواندا بۆتە ڕێسای عەقیدەو مەبدەئی کارو هەستی بەرپرسی ، دەبێت لە ڕەفتاری هەمواندا دەرکەوێت ، دەبێت لە هەموو چالاکییەکی موسوڵمانانندا دەرکەوێت .

<u>ئامانجی دووەم</u> : ئەم ئوممەتە دەبێت ببێتە شاهێد لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ..

دەبێت ئەم ئوممەتە هەردوو ئامانجەکەش هەر لەسەر بنچینەکانی لا الـه الا الله محمد رسول الله کە بهێنێتە دی ..

ئەم ئەرکەی ئوممەت وە نەبێت کارێکی تری غەیری ئەوەی بێت کە خۆی لەسەرێتی ، ئەمە هەر بەوە ئەنجام دەدرێت کە خۆی بە دینەکەی خوا دەسولێنێت و ئەرکەکانی بانگەوازەکەی بەجێ دەهێنێت ، ئینجا ئەو رەفتارو رەوشتە جوانەی خۆی پێ بنیاتناوە دەخاتەوە پێش چاوی خەڵکی ، ئەوەندەیە کە پێیان دەڵێت : ئەمە بەرهەمی وەرگرتنی دینەکەی خوایە .. ئەم ئوممەتە چاکە وەختێک خەڵکانی تر بۆ دینەکەی بانگ دەکات ، هەر ئەوەیە کە بە نموونەی پاک و سەرڕاست و عەمەلیی خۆی نیشانی خەڵکی دەدات ، تا ئەوانیش چاوی لێ بکەن و دینەکەی لێ وەرگرن ، ئەم بەو کارەی پێش هەموو شتێک کەندو کۆسپە دەروونیەکان لەسەر دڵی خوەڵکی لا دەبات ، ئەو وێنە دزێوەی هەیانە بۆیان راست دەکاتەوە ، ئینجا یارمەتییان دەدات تا ئازاد بن و بیر کەنەوە تا دینەکەی خوا وەرگرن ، گرنگ ئەوەیە لە کاتی هەڵبژاردن یان رەفز کردندا سەربست بن ، نەکەوتبنە ژێر کاریگەری فریوو یان زێڕو زۆرەوە ..

ئایا ئەو بزاڤە چۆنە کە ئەم ئوممەتە بەم دینەی دروستی دەکات ؟ ئایا نەوەی یەکەمی ئیسلام چۆن دروستی کردو بڵاوی کردەوە ؟

زۆر بە کورتی ئەو بزاڤە : راستگۆیی دینداری بوو ، کاریگەری باوەڕ بوو بە خواو بە رۆژی دوایی ، سەرڕاستی و جیددێتی بوو لە وەرگرتنی قورئان و سوونەت و پێوە پابەند بوونیان لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا ، ئینجا راستگۆیی لە جیهاد کردنەکەیاندا .

بەم هەنگاوانەش ( ئوممەت ) بە مانا ئیسلامییە ساغەکەی لەسەر عەقیدە پاکەکەی دروست بوو ، کە نە تیرەپەرستی و نە رەنگی پێست و نە زمان و نەخاک کاریگەری لەسەر پێهاتنی نەبوو ، بەڵکو هەمووی هەر لەسەر برایەتییە ئیسلامییەکە کۆ بوو بۆوە ..

کە ئەم ئوممەتە گەشەی دەکرد ، لەگەڵ نەش و نماکەی خۆیدا یەکسانی و هاریکاری کۆمەڵایەتیشی پێ دەگەیاند ، ئەوی توانای هەبوو مشووری ئەوانەی لەبەر بوو کە توانایان نەبوو ، لەو سمانای کە خوای گەورە پێی

بەخشیبوو ـ بێ منەت وریابازی ـ بەشی ئەوانیشی لێ دەدا .. بەمەش بوو کە دادی خواوویستی لە واقیعی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا چەسپا ، رەوشت ورەفتاری لا الـه الا الله هاتە دی ، هەموو لایەک ئەو پەیمانەی بە خوایان دابوو هێنایانە دی ، ئینجا بە هەموان بزاڤێکی زانستییان پێک هێنا کە هەر لەسەر زەمینەی عەقیدەو لە روانگەی ئەوەوە بەرهەم هاتبوو ، ئینجا لە کۆکراوەی ئەم هەموو رەنجەی مەیدانە جۆربەجۆرەکانی موسوڵمانان بزاڤێکی شارستانێتی هاتە پێش کە لە ناخی ئەم دینەوە هەڵقوڵا بوو ... ) [114].

کەوابوو موسوڵمانان پێش هەموو شتێک دەبێت ـ مادام خۆیان بۆ خوا ساغ کردۆتەوە ـ ببنە شاهێدانی خوا لە ناو کۆمەڵگەکەیاندا ، ئەمەش یەعنی ئیقامە حوججەی دینی لەسەر خەڵکی ، واتە روون کردنەوەی حوکمی شەرعی دەربارەی بیرباوەڕو پەرستن و رەفتارو رەوشت و سەوداو مامەڵەی بازاڕو رێبازی خەبات و بەرنامەی کۆمەڵکاری وسیستمی سیاسی ویاساو دەستوورو هەرچی هەڵوێستێکی تر کە لە کۆمەڵگەکەدا دەبینرێت ، مەرجیشە حوکمە شەرعییەکە پشت ئەستوور بێت بە بەڵگەی شەرعی ، نابینیت کە شاهیدەکەی سەییدنا یوسف کە شاهێدی دا ووتی : ( وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَا إِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الكَاذِبِينَ ) یوسف /26 شاهیدێک لە کەسوکاری زلێخا ( ژنی عەزیزی میسر ) شاهێدی دا کە ئەگەر کراسەکەی یوسف لە پێشەوە دڕاوە ئەوە دیارە کە زلێخا راست دەکات و ئەو لە درۆزنانە ..

ئەم شاهێدی دانە دەبێت پێش هەموو شتێک لەسەر دیدوبیرو دین و رێباز بێت ، بۆ نموونە وەک ئەوەی کە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت کە بە ئەهلی هەردوو کتێبەکە ( تەورات و ئینجیل ) بڵێت کە ئەوەی ئێستا ئێوەی لەسەرن ، دینەکەی خوا نییە ، ئێوە تا تەورات و ئینجیلەکە جێبەجێ نەکەن و ئەوە بەرقەرار نەکەن کە خوا بۆی ناردوونەتە خوارەوە وا حسێب ناکرێن کەلەسەر دینی دروست و رێبازێکی راستن : (قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَسْتُمْ عَلَى شَيْءٍ حَتَّىَ تُقِيمُواْ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ ) المائدة/68

---

[114] محمد قطب: رؤية اسلامية لاحوال العالم المعاصر- دار الوطن للنشر / الرياض لا 121-122

ئێستا دەبێت ئێمەش هەر وا بەو خەڵکە خوارو خێچە بڵێینەوە کە وا دەزانن هەر بەوەندەی دەڵێن موسوڵمانین ئیدی خوا لێیان رازییە !

ـ یان وەکو سەییدنا هود بە قەومەکەی دەفەرموێ : ( أَتُجَادِلُونَنِي فِـي أَسْـمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَآؤكُم مَّا نَزَّلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ ) الاعراف/71 واتە : ئەرێ ئێوە ئەو هەموو دەمەوەرییەم لەسەر ناوی کۆمەڵێک بت و پەیکەری داتاشـراو بۆچـی لەگەڵدا دەکەن کە ئێـوەو بـاب و باپیرانتـان بـە خوایـان دەزانـن و خـوای گەورەش هیچ ئاڕاستەیەکی لەگەڵ ئەم کارەتاندا نییە ..

ـ هەروەها شاهێدی دان لەسەر رەفتارو رەوشتی مونحـەریف و لارێ ، وەکـو ئەوەی سەییدنا لوط بە قەومەکەی دەفەرموو : ( وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ . إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاء بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ) الاعراف/81 واتە : لووط کە بە قەومەکەی فەرموو : چۆن دەشێت ئێوە ئاوا کەوتوونەتە ئەو فاحیشەیە ( نێربازیی )یەی کە پێش ئێـوە کەسـی تـر شتی وا قێزەوونی نـەکردووە ؟! ئێـوە ئەوەنـدە لاڕێـن ئـارەزووی جینسـی خۆتان لە جیاتی ئافرەتی هاوسەرانتان لەگەڵ پیاودا تێر دەکەن !! بەڕاسـتی ئێوە قەومێکی سنوور بەزێنن ..

ـ یان لەسەر خراپی و ناڕەوایی کێشان و پێوانەی بازاڕو سـەوداو مامەڵـەی کڕین و فرۆشتن ، وەک خوای گەورە باسی سەییدنا شوعەیب دەگێڕێـتەوە : (وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّـن رَّبِّكُمْ فَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءهُمْ وَلاَ تُفْسِـدُواْ فِـي الأَرْضِ بَعْـدَ إِصْلاَحِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ) الاعراف/85 واتە : بۆ قەومی مەدیـەنیش شوعەیبی برایانمان بۆ ناردن پێی دەفەرموون : هـۆ گـەلۆ ، دە هـەر خـوای پەروەدگار بپەرستن ، خۆ ئێـوە خوایـەکی ترتـان نییـە شـایانی خوایـەتی حەقیقەت بێت جگە لەو ، خۆ بەڵگەی روون و ئاشکرای ئەوتان بـۆ هـاتووەو رەواو ناڕەواییتان لەوەوە بۆ رۆشن بۆتەوە ، دە ئێوەش فێڵ و تەڵەکـەبازیی مەکەن ، لە کێشان و پێواندا غەدر مەکەن و بێ نرخ تەماشـای شـتی خـەڵکی

مەکەن و تۆوی فەسادو خراپەکاری لەم سەرزەمینەدا ـ دوای ئەوەی پاک بۆوەو چاکسازی تێدا کرا ـ مەچێنن ، ئاخر ئەگەر راست دەکەن و موسوڵمانن خۆ ئەمەتان باشترە ..

ـ موناقەشەکانی سەییدنا ئیبراهیم بەرامبەر نەمروودو هی سەییدنا موسا بەرامبەر فیرعەون و باقی تری پێغەمبەران بەرامبەر دەوڵەمەندە موتریف و سیاسییە دەسەڵاتدارە موستەکبیرەکان ، کە قورئان گێڕاونێتییەوە ، لای هەموو قورئان خوێنێک ئاشکرایە ..

ـ ئەم ئوممەتەی محمدی پێشەواش صلی الله علیە وسلم دەبوو هەر لەیەکەم هەنگاوی خۆ ئاشکرا کردنەوە ئەم شاهێدییە بدات ، چونکە ئەوەندەی بەم شاهێدییە عەمەلییە پەروەردە دەبوو ، بە دینداری گۆشەگیری پەروەردە نەدەبوو ، ئەمە حەقیقەتێکە بە داخەوە زۆرینەی موسوڵمانانی سەردەم لێی بێ ئاگان ، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئیسلام نەیوویستووە شوێنکەوتوویەکی بچێتە خەڵوەتەوەو بکەوێت خواپەرستی و پێی وا بێت لەم رێگایەوە خۆشەویستی خوای گەورەی دەست دەکەوێت ، نا ، ئەمە شێوازی دینداری ئیسلامی نییە ، ئەمە بیدعەیەکی داهێنراوەو لە دیدی ئیسلامەوە دوورە : ( وَرُهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيهِمْ ) واتە راهیبگەرێتیی (خەڵوەکێشانی دەروێشیانە)یان داهێنابوو کە ئێمە لەسەریانمان فەرز نەکردبوو !!

شاهێدی دان مومارەسە کردنی دینەکەیە ، ئاشکراشە کە هەموو کارێک بە مومارەسە کردنەکەی زیاتر فێر دەکات ، ئەوی مەلەوانی بە تیۆریی فێر دەبێت ، کوا وەکو ئەو کەسەیە کە هەر لە منداڵییەوە بە عەمەلی لەگەڵیدا گەورە بووە ؟! ئەوی بە تیۆری لە تاقی کردنەوەی سایەقیدا دەردەچێت ، کوا وەکو ئەو کەسەیە کە ساڵەهای ساڵە سایەقە ؟! ئەو مامۆستایەی چەندین ساڵە دەرس دەڵێتەوە چۆن وەکو ئەو مامۆستایەیە کە تازە تەخەڕوجی کردووە ؟! ئەو کەسەی کە بەشی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆیەک تەواو کردووە ، کوا وەکو ئەو کەسەیە لە سەرەتای دینداریێتییەوە خەریکی بانگەوازەکەیە ؟! ئەوی هەر هەموو بابی جیهادی لە کتێبە فیقهییەکاندا

خوێندووه کوا وەکو ئەو موجاهیدەیە کە لە مەیداندا هـەموو ساتێـک رووەو رووی مەرگ دەبێتەوە ؟! ئەوی مەلای رەسمیی حاکمەو ئەنـدامی ئیتتیحـادول عولەمای تاغووتانە کـوا وەکـو ئـەو داعییەیـە کـە لەسـەر حـەق ووتـن و پاراستنی ئیسلامەکەی لە زینداندا ئەشـکەنجە دەدرێـت ؟! ئەمانـە کامیـان خاوەنی ئیسلامن ؟!

شاهێدی دان یـەعنی روون کردنـەوەی بـێ منجـەمنجی دینەکـە .. یـەعنی دەرخستنی حـوکمی شـەریعەتەکەی خـوا دەربـارەی فیرعـەون و هامـان و سەربازانی ، دەربارەی سیستم و رێبازو دیدییان .. ئەمەش کاری پێغەمبەرانە ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ ئەو کەڵە پیاوانەی مێژوو ..

کەوابوو کاری یەکەمی ئوممەتی موسوڵمان روون کردنەوەی هەڵەو پەڵـەی کۆمەڵگەو دەرخستنی رێبازی چەوتی جاهیلییەت و شاهێدی دانە لەسەریان . ئەمەش کارێکی قورس و سەختە ، ئەو کەسانەش دەتوانن مومارەسـەی کـەن کە خواناسن و بە هیممەت و بەجەرگ و چاونەترسن ، نە لە لۆمەی ئەم وئەو دەترسن ، نە لە قامچی جەللادو شمشێری ستەمکاران ..

ئێمە کە ئەم رێیە دەگرینەوە بەر هەر زوو بە تەکفیری نـاوزەد دەکرێـین !! ئەوانەی بۆ خزمەتی کوفرو کافران ناوزەدیشمان دەکەن یان مەلاو عولـەمای رەسمیی حکومەتە مورتەددەکانن ، کە دەیانەوێت دەمکووتمان کـەن ، چـونکە راو بۆچوونە شەرعییەکانی ئێمە ، ئەوان ئیحراج دەکـات ، چـونکە دەکەونـە خانەی بەرگری کردن لە کـوفری کـافرو مورتـەددان ! ئەمـەش رووڕەشـییە چونکە خوای گەورە بە سەرزەنشتییەوە بـەو کەسـانە دەفـەرموێ : ( هَـاأَنتُمْ هَـؤُلاء جَادَلْتُمْ عَنْهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَمَن يُجَادِلُ اللّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلاً ) النساء/109 واتە : ئەوەتا وا ئێوە لە دنیـادا بـەرگرییان بـە قسـە لـێ دەکەن ! ئەدی کێ لە رۆژی قیامەتدا ئەو بەرگرییەیان لێ دەکات ؟! کـێ لـەولا دەبێتە پشتیوان و پەرژینییان و لە سزای خوا دەیانگرێتە خۆ !!

کە داعییە موسوڵمانەکان خەریکی ئیقامەی حوججەو شاهێـدی دانەکـەیان دەبن و هەڵەو پەڵەی خەڵکی راست دەکەنەوەو رێـبازی چـەوتی جاهیلییـەت

دەردەخەن و ئـەو ئایەتـەی خـوای گـەورە رادەپەڕێـنن کـە خـوای گـەورە دەفەرموێ : ( وَكَذَلِكَ نفَصِّلُ الآيَاتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ الْمُجْرِمِينَ ) الانعام / 55 واتە : ئاوا بەڵگەو نیشانەکانمان روون دەکەینەوە تا رێبازی تاوانباران روون بێـتەوە ، خەڵکانێکی زۆر لێیان رادەپەڕن و دەڵێن : بڕواننە ئەم توندڕەوانـەی خـەڵکی بە کافر دادەنێن !!!

سەیید قوتبی رەحمەتی دەربارەی ئەو ئایەتەی سەرەوە دەفەرموێ : ( دوای ئەوەی قورئان لە ئایەتەکانی پێش ئەم ئایەتەدا سروشتی پەیام و سروشـتی پێغەمبەری صلى الله عليـه وسـلم بـەو شێـوە رۆشـنە دەرخسـت ، دوای ئـەوەی عەقیدەکەی بەو شێوە ئاشکراو ئاسان و سادەیە نیشان دا ، بێ قورس کردن و پێچاوپێچی فەلسەفی خستیە روو ، دوای ئەوەی داب و دەسـتوورو نـەریت و بەهای خەڵکی بە تەرازووی عەقیدەکە بۆ کێشان و بـۆی روون کردنـەوە کـە نابێت هیچ یەکێک لەمانە پێش دینەکەی خوا کەوێت : ( وَكَذَلِكَ نفَصِّلُ الآيَاتِ ) رێسایەکی تری شاهێـدی دانی داڕشـت : ( وَلِتَسْـتَبِينَ سَـبِيلُ الْمُجْـرِمِينَ ) ئەمـە نەخشەیەکی بەرنامەی قورئانە کە بـۆ عەقیـدەو بزوتنـەوە بـەم عەقیـدەی دادەڕێژێت .. نەخشەیەی قورئان ئەوە نییە کە تەنها هەر حەق بەیان کات و رێبازی موسوڵمانە لە خواترسەکان روون کاتەوە ، بەڵکو ـ بـە هـەمان بـڕو رادە ـ پێشـی گرنگـە کـە بـاتڵیش روون کاتـەوەو رێـبازی تاوانبـاران و ستەمکارانیش بەیان کات ، پێی زەرووریە رێگاو رێبازی یاخییە گومڕاکان بۆ خەڵکی دەرکەوێت .. چونکە کەشف کردن و دەرخستنی رێبازی تاوانباران بـۆ روون بوونەوەی رێبازی موسوڵمانان پێویسـتە .. رووت کردنـەوەی کـوفرو شەڕخوازی و تاوانباری بـۆ گەشـبوونەوەو ناسـینی بـاوەڕو خێـرخوازی و چاکەکاری پێویستە ، بۆیە کەشف کـردن و دەرخسـتنی حەقیقـەتی رێـبازی کافرانی تاوانبار مەبەستێکە لەو مەبەستانەی خوای گـەورە تەفسـیلاتی بـە دینەکەی بۆ پێداوە ، چونکە هەر دید لێڵی و گومـان و تـەم و مژێـک لەسـەر رێبازی تاوانباران دروست ببێت بە شتێـکی سـلبی دەگەڕێـتەوە سـەر دیـدو تێڕوانین و پێناسەی رێبازی موسوڵمانان و ئەهلی ئیمان و هەڵوێستەکانیان

ئەمە دوو بەرەی بەرامبەر یەکن ، هەر یەکـەیان سـیمای خـۆی هەیـە ، هــەر یەکەیان رەنگ و نیشان و نیشانەی خـۆی هەیـە ، حەتمـەن دەبێـت هــەر وا بەرەورووی یەکتر بمێننەوە ونابێت ئـەهلی ئیسـلام بهێـڵن سـیماو رەنـگ و نیشانەکانی هەردوو رێبازەکە تێکەڵ بن .. ئەمەش کاری بزاڤـی ئیسـلامییە ، ئەرکی ئەوە ئەو دوو رێگایە چاک بناسێنێت ، نیشانەی هــەردوولایان رەنـگ کات تا لە دوورەوە دیار بن ، دەبێت ناوو ناونیشانی هــەردوو رێـبازەکە لــە واقیعێکی هەست پێکراودا لەبەرچاوی هەموو لایـەک بـن ، تــا موسـوڵمانان بزانن کێ لە بەرەی خۆیانەو کێ لەبەرەی کوفری تاوانبارو شەڕخوازە ..

ئەو زەمانەی ئەم ئیسلامە هات ئەم ئەرکە دیار بــوو ، قورئــان و سـوننەت هەموو سیمایەکی هەردوو رێبازی جــاهیلیی و رێـبازی ئیسـلامیان رەنگڕێـژ کردبوو ، نیشان و نیشانەیان لەسەر هەموو پێچ و گۆشەو کەنارێکی هــەردوو لایان دانابوو ، ئیسلام لە ناساندنی رێـبازی کـوفرو شـیرک و بـێ دیـنی و بتپەرستی دینە لاڕێکانی ئەو سەردەمە سـڵی نــەدەکردەوە ، منجـەمنجی لــە ناسینیاندا نەدەکرد ، چونکە ئەمە مەسەلەیەک نییە دید لیێڵی قبووڵ کات ..

بەڵام ئەرکی هەرە قورسی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ ئەوە نەماوە کـە کوفرو شیرکی جوو و دیان و بتپەرستان روون کەنەوە ! بەڵکو کۆڵە قورسەکە ئەوەیە کە ئــەو کەسـانەی دروسـتیان کـردووە کــە لــە بـاب و باپیرانێـکی موسوڵمانەوە هاتوون ! ئەو خەڵکەی لە ووڵاتانێکدا دەژین کە زەمانێک بـوو دارالاسلام بوو ، دینی خوا حوکمی دەکردو شەریعەتەکەی ئــەو فــەرمانڕەوای بوو ، بەڵام ئیدی زەمانە هات و چــوو ، هــەر ئــەو خەڵکــەی ئیسـلامەکەیان بەرقەرار کردبوو ، هەر ئەو ناوچانەی شەریعەتەکەی خوایان پیادە کردبـوو ، پشتیان لە دینەکە کـرد و وازیــان لــە شــەریعەتەکەی هێـنا ! بــە حــەقیقی ئیسلامیان خستە کـەنارو بــە نــاو لافی ئیسـلامەتییان لێـدا ! هــەر خۆیــان بوونەوە کەندو کۆسپی رێی عەقیدەکــە و خۆیــان بوونــەوە بــە بــەرەنگاری سەرسەختی ئیسلامەکە ! کەچی لە هەمان کاتیشدا هەر خۆشی وا نیشان دەدا کە عەقیدەکەی هەر پاک راگرتووەو ئیسلامەتییەکەی هەر گرتــووە ! چــونکە

وای دەزانی کە باوەڕی بەوە هەیە کە خوای گەورە کردگار ( خالق ) ە ە نوێـژ هەر دەبێت بۆ ئەو بکرێت ، ئیدی ئەمە ئەو دیندارییەیە کـە خـوا دەیەوێـت و ئەو ئیسلامەیە کە ئەو بۆ ڕێنمایی و کامەرانی مرۆڤایەتی ناردوێتی !!

بەڵام بە تەئکید ئەمە وانییە .. چونکە شایەتمان شاهێدی دانە ، ئیسلامەتی دەبێت لە عەقیدەدا ئەوە بچەسپێنێت کە تەنها خـوای کردگـاری گـەردوون و ژیان و مرۆڤ مافی هەڵسوڕاندنی ئەم گەردوونەی هەیە ، دەبێت هەر ئـەویش بپەرسترێت بەو مانایەی کە هەموو دروشمێکی پەرستن و چـالاکییەکی چـیان هەمووی هەر لەبـەر خـاتری ئـەوو وەک ئـەو دەیەوێـت ئـەنجام بدرێـت ، هەروەها هەموو بەندەکانیشی هەر دەبێـت لـەوەوە یاسـاو ڕێسـای ژیـانی خۆیان وەرگرن و داوەری ببەنەوە لای شەریعەتەکەی ئەو ، ئەو کەسەی ئـاوا نییە ، ئەو کەسەی شایەتمانی بەم بڕیارو شاهێدی دانـە نەهێـناوە ، ئـەوە نەهاتۆتە بازنەی ئیسـلام و ئوممەتەکەیـەوە بـا هـەر بـۆ خـۆی پاڵانتـەی ئیسلامەتی و دینداری بکات ، بـا هـەر بۆخـۆی نـاوو ناونیشـان و سـیمای ئیسلامی بە خۆوە بلکێنێت ! هەر ناوچەیەکیش شەم شاهێدییەی بۆ خوا بـەو شێوە بەرفراوانەی ئیسلام نەداو ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسـلامی نـەکردە یاساو ڕێساو دەستووری خۆی ، حەتمەن بە وولاتی ئیسلام ناژمێررێت ..

ئا ئەمە قورسترین کـۆڵی ئەنـدامان و داعیـانی بزوتنـەوە ئیسـلامیەکانی ئەمڕۆیە ! لە هەموو ئەو خاک و ناوچەو کۆمەڵگایانەی تێیدا دەژین !!

ناخۆشترین کۆسپ کە دێتە ڕێی ئەهلی بانگەوازی خواوویستی و بزوتنەوە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ ئەم دید لێڵی و سەرلێشێوان و پەی پێ نەبردنەیە ، ئەم تەم و مژە چڕەی دەوری لا الـە الا الله کەیە ! تەم و مژی سەر ڕێی ئیسـلامەکەو تەم و مژی سەر ڕێبازی تاوانباران و گومڕایان !! چونکە ئەمڕۆ هـەموو نـاوو نیشان و ناونیشان و نیشانەو ڕەنگ و بۆی کوفرو شیرک تێـکەڵ بـە سـیماو ناوو نیشان و ناونیشان و نیشانەو ڕەنگ وبۆی ئیسلامەتییەکە بووە ، نـاوو ناونیشانەکان تێکەڵ کراون ! ئەمەش ئەوەندەی تر گومڕایی دروست کردووە !

دوژمنانی خوا ئەم بارودۆخە دەناسن ، دەشزانن ئەمە لە سوودی خۆیانە بۆیە شەووڕۆژ خەریکی لێڵ کردنی زیاترن ، سەدان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو بابەت و راپۆرت لەسەر تێکەڵ کردنی ناوو ماناو زاراوەکان دەنووسن ، تا گەیاندوویانەتە ئەو رادەیەی کە موسوڵمانێک حەقیقەتی رێبازەکان دەردەخات ، کە جاهیلییەتەکە دەناسێنێت رایدەکێشن و بە تۆمەتی ( تەکفیری موسوڵمانان ) زۆر بە زەلیلی تەقدیمی دادگاکانیانی دەکەن ! چونکە پێوەرەکان گۆڕاون ، ناساندنی کوفرو ئیمان ، موسوڵمان و کافر بە پێی شەرع و دینەکە نەماوە ، بە پێی قسەو باسی خەڵکی عەوام و عادەت و نەریتە !! ئەمەش ئەو کۆسپە سەختەیە کە دەبێت موسوڵمانانی هەموو نەوەکان بە جورئەتەوە ببڕن .. ) [115] .

کەوابوو ئەرکی سەرەکی ئەم ئوممەتە ئەوەیە کە بەم دینەی خۆی بزاڤێکی گۆڕانکاری لە ناو کۆمەڵگاکەی دا دروست بکات ، تا بە ژمارەیەکی شیاوی کەسانی خواناس و شارەزاو بە هیممەت لەسەر شاهێدی دانی کۆمەڵکاری ئوممەتی کۆدەکاتەوەو بۆ حاکمێتی دینی خوای گەروە ، ووزەیان بەرەو بیناسازیی مەئوایەک دەخاتە گەڕ ، کە پێگەی یەکەمی دارالاسلامەکە دەبێت ، کە دەسەڵاتی سیاسی و هێزی جیهادی و سەرچاوەی ئابووری دێتە دەست ، کە بە شەریعەتەکەی خوای گەورە کۆمەڵگەیەکی تێرو ئاسوودەی خواناس حوکمڕانی دەکات .. چونکە ئەم تیۆرییە ئیسلامییە ئەستەمە بێ دەسەڵاتی سیاسی بێتە دی ، ئەمەش ئەو حەقیقەتەیە کە شێخ عەلی بن حاج دەفەرموێ [116]: ( دەسەڵات پێویستە بۆ چەسپاندنی عەمەلی ئەم تیۆرییە ، بە بێ ئەو دەسەڵاتە ئیسلام هەر لە گۆشەی ئامۆژگاری سەر مینبەرو خواپەرستی مزگەوتدا گیر دەخوات ! ئەمەش شتێک نییە ئیسلام قبووڵی بێت ، یا ئەو موسوڵمانانەی لە حەقیقەتی دینەکەیان تێگەیشتوون پێی رازی بن ، چونکە دەسەڵات و قورئان جمکن ( دوانەن ) بۆیە هەر دەبێت موسوڵمانانی رۆژ

---

[115] سید قطب : في ظلال القرآن / دار الشروق چاپی 15 ساڵی 1988 بەرگی دووەم لا 1105 .

[116] الشيخ ابو عبدالفتاح علي بن حاج : فصل الكلام في مواجهة ظلم الحكام / دار العقاب ـ بیروت 1994 لا 19

هەڵات و رۆژئاوای ئەم سەر زەمینە هەوڵی دامەزراندنی حوکمێکی پاکی ئیسلامی بدەن ، حوکمێکی وا کە بتوانێت سەرراستانە لەسەر رێبازو سیرەتی خەلیفەکانی راشیدین نوێنەراتی ئیسلام و موسوڵمانان بکات ، و ببێتە نموونەیەکی عەمەلی جوانی فەرمانڕەواییەکی ئیسلامی کە لەسەر بناغە شەرعییەکان دادەمەزرێت .. ئاخر لەبەر گرنگی ئەم دەسەڵاتە سیاسییەیە کە ئیسلام دامەزراندنی حوکمی ئیسلامی بە لوتکەی خواپەرستی و لە خوا نزیکبوونەوە داناوە ، چونکە وەکو ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ : ( ئەگەر دەسەڵاتی حوکم لە دین جوێ بۆوە ، یان دین دەسەڵاتی حوکمی نەما ، ئیدی تێکچوونی بارودۆخی خەڵکی و پشێوییان شتێکی حەتمییە .[117] ) .

ئەوەی زۆر گرنگ و کاریگەرەو دەبێت خوشک و برای موسوڵمانی کوردمان زۆر قووڵ و بەرفراوان لێی حاڵی بت ، پێکەوەنانی ئوممەتە موسوڵمانەکەیە ئێمە ووزەی گەنجی موسوڵمانی باشمان لە دەستدایە ، ئەمانە وەکو بلۆکی لە قاڵبدراوو بەردی نەقاڕین ، بەڵام کەرەستەیەکی هەڵڕێژراون ! نەکراونەتە بەردی دیوار ، هەوڵدانیش بۆ دەسەڵاتی سیاسی (کە وەکو سەقفی خانوەکەیە) بێ ئەوەی دیوارەکانمان بە رێک و پێکی ئەندازیارانە بە کۆمەڵکارییەکی ئوممەتی پێکەوە بەستبێتەوە ، رەنج بەهەدەر دانە ، کارێکی نەزۆکە ، هەوا کێڵانە ..

موسوڵمانانی کوردی ئێمە لە ووزەیان کەم نیە ، بەڵام زانیاریی ئیدارەی کۆمەڵکارییان کەمە .. لە وورەی بەرزی جیهادییان کەم نیە ، بەڵام ئیدارەی ململانێکە نازانن ، جیهادیش هەر قیتال نیە ، بەڵکو هۆی سەرەکی و ئەنجامی جیهادەکە هێنانەدی ئامانجی بانگەوازەکەیە : (الَّذِينَ إنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الارْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ ) واتە : ئەوانەی کە دەسەڵاتمان لەسەر زەویدا پێ بەشین ، کردیانە مایەی خواناسیی ..

موسوڵمانانی کورد لە نەوەی نوێ چونکە شێوازە کاری بانگەوازی خواییيان واز لێهێناوەو پێیان وایە قاڵب و پەروەردەکاریی حزبی

---

[117] / مجموع الفتاوى / ب28/لا 394

دەیانگەێننە ئامــانج !! زۆر لــە کــاروانی میللــەتانی موســوڵمانان و بزاڤــە ئیسلامیەکانیان جێ ماون !

زۆر زەروورییە خوشـک برایــانی موسـوڵمانمان پێـکهاتەکانی ئوممــەتی موسوڵمان لە ( ئیمان و هیجرەت و جیهادو ئیواء و نوسرەت ) کە لە سوەرتی ئەنفال / 72 دا هاتوون وورد دیراسە کەنەوە[118] ..

دەبێ هەمووومان لەوە دڵنیابین کە وەک چۆن خوای گەورە خۆی پێناسیوین خواپەرستی فێر کردووین ، سنوری شەرعی بــۆ دیــاری کــردووین ، شێــوازی کۆمەڵکاریی و بزاوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگــەی جاهیلییشــی فێــر کــردووین ، بەڵام ئێمەین کە هێشتا پەییمان بــەو سترتیژێــتیەی پێــکەوەنانی ئوممــەتی موسوڵمان و شێوە کارەکەی نەبردووە .. بۆیە دەبێ بە کارمانــدا بچــینەوە ، هەڵسەنگاندنەوە بکەینەوە ، تا لەبەر رۆشنایی قورئان و سوننەتدا جارێـکی تر ووریاترو ووردتر تێهەڵچینەوە .. ان شاء اللە ..

* * *

[118] هیچ سەرچاوەیەک وەکو کتێبی ئوممەتی موسوڵمانی دکتۆر ماجد عرسان الکیلانی باسی ئەم روکنانەی پێکهاتەی ئوممەتی موسوڵمانی وا بە ووردەکاریی پەروەردەیی نەکردووە ، کە الحمد للە تا ئێستا نیوەی کراوە بە کوردی ..

رەتکردنەوەی گومانێك :

## تۆمەتی دین و سیاسەت !

هەرچەندە زەمانی ئەو گاڵتەجاڕییە نەماوە خۆمان خەریک بکەین بە رەتکردنەوەی ئەو قسەو قسەلۆکانەی دەربارەی بەشداربوونی موسوڵمانان لە کاروباری سیاسیدا دەکرا ، چونکە باوی ئەوە نەماوە ـ وەکو زەمانی سالآنی بیست و سییەکانی سەدەی رابوردوو ـ بەوە تۆمەتبارمان کەن گوایە ئەمانە دین و سیاسەتیان تێکەڵ یەک کردووەو ئەمەش نابێت !! بەو بەهانەی سیاسەت هەر درۆو دەلەسەیەو دینیش هەر پاکی و سەرڕاستییە !! ئیدی چۆن دەشێت پاکی دینەکە بخەینە مەیدانی درۆودەلەسەی سیاسەتەوە ؟!

دەڵێم هەرچەندە زەمانی ئەوە نەماوە ، چونکە ئێستا وا بزوتنەوە ئیسلامییەکان و کەسایەتییە کاریگەرەکان بوونەتە ژمارەیەکی قورسی سیاسەت نەک هەر لە هاوکێشەی سیاسی ئەو وولآتانەی تێیدا دەژین ، بەڵکو لە هاوکێشەی نێو دەوڵەتیش .. ئەمەش ـ دوای فەزڵی خوای پەروەردگار ـ بەرهەمی سروشتیی ئەو خوێن و فرمێسکەیانە کە یەک سەدەی تەواوە بۆ مانەوەی دینەکەیان و حوکمی شەرعەکەیان دەیڕێژن . بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر بە بەڵگەی شەرعی خوێنەرانی بەڕێز دڵنیاتر کەین لە شەرعێتی کۆمەڵکاری ئوممەتیانەکە ( کە بەشێکیشی کاری سیاسییە ) ، تا لەوە دڵنیا بێت کە سیاسەت ـ بە هەموو مەیدانەکانی تێگەیشتن و ناسینی هێزو پۆلەکانی وستراتیژی جۆراوجۆری سیاسەتمەدارانیەوە ، یە ناسینی دۆست و دوژمنییەوە ـ لەسەر موسوڵمانێکی بە توانا فەرزە .. چونکە هەموو ئەمانە ـ لە شێوەیەک لە شێوەکانیاندا ـ وان لە چوارچێوەی کۆمەڵکاری ئیسلامیدا ، چونکە یان زانینی دەق دەیانگرێتەوە ، یان ( مَناطُ التکلیف ) واتە کات و شوێن و هۆکارو خەڵکێک کە دەقەکانیان لەسەر دەچەسپێنرێت .. ئیسلام هەر خۆی سیاسەتە .. ئیمام بەننای رەحمەتی لە نامیلکەی ( الی أي شئ ندعو الناس ) لاپەرە 35 دا دەفەرموێ : ( هۆ گەلی خزمینە ، وا قورئانی خوامان بە دەستی راست و سوننەتی پێغەمبەرمان بە دەستی چەپ هەڵگرتووەو کردەوەی

پیاوچاکانی ئەم ئوممەتەمان لە پێش چاوی خۆمان دانــاوەو ئێــوە بــۆ ئــەم ئیسلامەو تەعلیماتی ئەم ئیسلامەو شەریعەتی ئــەم ئیســلامەو رێــبازی ئــەم ئیسلامە بانگ دەکەین ، ئەگەر ئەمە لای ئێوەی پێی دەوترێت سیاســەت ، دەی ئەوە سیاسەتی ئێمەیە ، ئەگەر بە پێی پێوەری ئێوە ئەو کەسەی خــەڵکی بــۆ ئەم بیروباوەڕە پیرۆزانە بانگ دەکات سیاسییە ، دەی سا ئێمە الحمدللــە لــە سیاسەتدا لە هەموو کەسێــکی تــر تــۆخترین ، ئەگــەر ئەمــەش نــاو دەنێــن سیاسەت ، ناوی نێن و چیش دەڵێن بیلێــن ، چــونکە شــت کــە روون بــۆوەو ئامانج وەدەرکەوت ، ئیدی گرنگ نییە چ ناوێکی لێ دەنرێت .. ) .

شێخ عەلی بــن حــاج لــەو کتێــبە نایابەیــدا ( فصل الكلام ) کــە بریتییــە لــە مورافەعەی دادگایی کردنەکــەی و وەک بەرگرییــەک لــە ئیســلامەکەی و لــە سەربەستی بیروباوەڕو رادەربڕینی خۆی لە دادگــادا رووەو ڕووی ســەربازە دیکتاتۆرە حاکمەکانی جەزائیر دەری بڕی ، راوبۆچــوونی زۆر لــە زانایــانی کۆن و نوێی تێدا هێناوەتەوە ، پێم باشە بڕگەیەکی بۆ ئەم باسەم لێ وەرگرم ـ ئەو فەرمووی[119] : ( با ئەنجومەنی باڵای دادگایی ئــەوە بــاش بزانێــت کــە شێــوە جۆربــەجۆرەکانی ئەشــکەنجەو ئــازاردان و جــەنگی واتــەوات و درۆودەلەســەو تۆمــەتبارکردنی نــاڕەواو دادگــایی ســتەمکاری و نــاڕەوایی نەیتوانیوەوبە ئیزنی خوای گــەورەش ناتوانێــت موســوڵمانە سەرڕاســت و خۆگرەکانی سەر رێی حەقی ئیسلامەتی ناچار بکــات واز لــە کــاری سیاســی ژیرانەی خۆیان بهێنێن ، کە لە چوارچێــوەی بەفــەڕی قورئــان و ســوننەتی پێغەمبەرو رێنیشاندانی پیاوچاکانی پێشینی ئــەم ئوممەتــە ئیســلامییەدان ، هەرچەند کەندو کۆسپی رێیان زۆر بێت ، هەرچەند قوربانیدانیان زیاتر بێت ، واز لەو کارە پیرۆزەیان ناهێنن ، تا خوای گــەورە لایــەک بــە لایــەکی تــردا دەخات ، چونکە کورت و موختەسەر کارکردنی سیاسیی شەرعییانە لە کرۆکی

[119] الشيخ ابو عبدالفتاح علي بن حاج : فصل الكلام في مواجهة ظلم الحكام ـ دار العقاب / بيروت 1994 لا11ئەم کتێبە لە باشترین کتێبەکانی ســەردەمە کــە لەســەر ئــەم باســە نوســراوە خوێندنی بە دەرس و زانین ولەبەر کردنی بەڵگەکانی بە ئەرکێکی شەرعی دەبینم ..

دینە پاکەکەمانەو جەوهەری شەریعەتە ئیسلامییەکەمانە .. زۆر زەحمەتیشە ئەو تاقمە سەربازییەی خۆی بە ئـاگرو ئاسـن بەسـەر حـوکم و دەسـەلاتی سیاسیی وولاتەکەماندا سەپاندووە سەرکەوتوو بێت ، خواش یاوەر بێت ـ تـا زەمانیش بەدەمییەوە مابێت ـ لەو کەللە رەقی و هەڕاڵی و خۆ فش کردنەوەی غەیری پەشیمانی هیچی تر نادورێتەوە .خوای حەقبێژ راسـتی کـردووە کـە دەفەرموێ : ( لاَ يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُواْ فِي الْبِلاَدِ . مَتَاعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَـــادُ ) ال عمران/196-197 واتــە : هێــزو دەســەلاتی ئــەو کافرانــەی وولات نەتترسێنێت و لە رێت دەرنەکات . ئەوە هەر هەمووی لــەزەت و خۆشـییەکی کەمە بە دەسـتیانەوە پـەنای دوایـیـان دۆزەخ و چارەنووسـی بـەد دەبێـت . ئەمەش حوکمی خوای گەورەو حـوکمی مێـژووە بەسـەر تـاغووت و ملــهوڕو خۆسەپێنەراندا ( وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّــهِ تَبْــدِيلًا ) الفتح/23 هــەتا هەتاییــەش ئــەم رێسایەی خوای گەورە گۆڕانی بەسەردا نایات .

ئەم هەوڵە زۆرەی جارێک بە ئاگرو ئاسن دەدرێت و جارێکی تر بــە فــاک و فیک و تەڵەکـەبازی و تــا موسـوڵمانان لــە کـاری سیاسـیی و پـرۆژە بــە هیواکەیان دوورخرێتەوە ، پیلانێکی کۆنی ئیستیعمارییەو لەمێژە ژەنگ و ژار خواردوێــتی ، ئیســتیعماری فەرەنسـایی لــە وولاتی خۆمانــدا زۆری تــاقی کردەوەو بە هیچ نەگەیشـت و ئــەنجامی هــەموو رەنــج و هەوڵەکــەی هــەر زەرەرمەندی بوو ، هەر عاری زەمان و سەرشۆڕی خـۆی بـۆ مایــەوە ، ئــاخر لەبەر ئەوەیە کە ئێمەش ئامۆژگاری ئەم پێرە سەربازییە سـتەمکارەی وولات دەکەین کە ئەو تاقی کردنەوە فاشیلانە دووپات نەکەنەوە کە لەبەرچاوی خوا کەوتن و لەبەرچاوی مرۆڤایەتیش رێسوا بوون ! من کە ئەمەش دەڵێم خۆ لــە بەڵێنی خــوای کــارزانیش دڵنیامــە کــە هەرچــەند زەمانــە تــوول بکێشێـت سەرەنجام هەر بۆ خواناسـانە ، خــوای پــەروەردگارو مــەزنیش راسـتە کــە دەفەرموێ : (وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ ) آل عمران/140 واتە : ئیتر ئەمە رۆژانی دنیایــەو ئــەم دەســت و ئــەو دەسـتی خــەڵکی پــێ دەکــەین . پێـغەمبەری سەروەریشمان دەفەرموێ : ( إنَّ اللهَ لَيُمْلِي لِلظالِمِ ، حَتَّى إذا أَخَذَهُ لَــمْ يُفَلِّتْــهُ ) رواه

البخاري ومسلم . واته : خوای گەروه له ستەمكار دەگـەڕێ ، بـەڵام كـه گـرتی قوتاری ناكات ..

ئەمەش چەندین بەڵگەی شەرعی له قورئان و حەدیسی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و ڕێنمایی پیاوچاكانی پێشووی ئوممەت كه هەموو لەسـەر ئـەوەن كـه سیاسـەت جەوهـەری دینەكەمانـەو كـاركردن بـۆ بەڕێـوەبردن وكاركێـڕی ئوممەتەكەمان به شەریعەتەكەی خـوای گـەوره ڕێـگایەكی لـه خـوا نزیـك بوونەوەو شێوازێكی خواپەرستییه ، ئەمەش كـەس ناتوانێـت نكـوولّی لـێ بكات مەگەر نەفامێك كه هیچ له سروشتی ئەم دینه ئاكه حاڵی نابێـت ، ئـەو بەڵگانەش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا روون دەبێتەوه :

یەكەم : خوای پەروەردگار ئەوەی بەیان فەرمووه كه ئەركی سـەرەكی كتێـبه ئاسمانییەكان ، له پێش هەمووشـیانەوه قورئـانی پـیرۆز ، حـوكم كردنـه ، حوكمیش ـ وەكو ئاشكرایه ـ بەشێكه له سیاسەت وكاری سیاسـی . نابینیـت خوای گەوره دەفەرموێ : (إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُـورٌ يَحْكُـمُ بِهَـا النَّبِيُّـونَ ) المائدة/44 واته : ئێمه تەوراتمان ( پەیامی سەییدنا موسا بـۆ جولەكـەكانی ) نارده خوارەوه كه ڕێنمایی و نوور بوو ، بۆ ئەوه بوو كه پێغەمبەران حـوكمی پێ بكەن . دەربارەی ئینجیلیش ( پەیامی خوای گەوره بـۆ سـەییدنا عیسـاو مەسیحییەكانی ) دەفەرموێ : ( وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فِيـهِ ) المائدة/47 واته : با ئەهلی ئینجیل حوكم بەوه بكەن كه خوا بۆی ناردوونەته خـوارەوه . دەربارەی قورئانی پیرۆزیش دەفـەرموێ : ( وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ) المائدة/48 واته : ئێمه ئەم كتێبەمان به حەق بۆ ناردوویته خـوارەوه ، شـەرعی راسـتی ئەوانی پێش خۆی له خۆ گرتووەو چاودێره بەسـەر ئەوانیشـەوه ، دەتـۆش حوكم و داوەری نێوانیان بەوه بكه كه خوای گـەوره ناردوێـتییه خـوارەوه ، شوێن هەواو هەوەسی ئەوان مەكەوه ..

ئایەتی تریش لەم بارەیەوه زۆرن ..

دووەم : کە ناردنە خوارەوەی کتێبە ئاسمانییەکانی خوای گەورە بۆ ئەوە بێت کە حوکمی پێ بکرێت ، حەتمەن ئەرکی سەرەکی پێغەمبەرانیش حوکم کردنەکەیە ، چونکە ئەوان لە هەموو کەسێکی تر زیاتر شارەزای ئەو کتێبە ئاسمانیانەن و ئەوان زیاتر لە بەرنامەو مەبەستی خوای گەورە تێگەیشتوون و ئەوانیش زیاتر پەی بە چۆنیەتی راپەڕاندن و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە دەبەن و راست و دروستتر دەتوانن سیاسەتی نێوان گەلان و میللەتان ببەن بە ڕێوە ، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ : (كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ ) البقرة/213 واتە : خەڵکی هەموو یەک ئوممەت بوون ، پاشان خوای گەورە پێغەمبەرارنی نارد تا ببنە مژدە دەرو ئاگادار کەرەوە ، کتێبی خۆشی بە حەق پێدا ناردن تا هەر یەکەیان ناکۆکی نێوان خەڵکەکەی پێ داوەری بکات لە هەرچی کێشەیەک کە لە نێوانیاندا دروست دەبێت . لە حەدیسی سەحیحی بوخاریشدا هاتووە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (كانتْ بَنو اِسرائيلَ تَسوسُهُم الأنبياءُ ) رواه البخاري ومسلم واتە : سیاسەتی بەنو ئیسرائیلییەکان بە دەست پێغەمبەرەکانیانەوە بوو ، ئەوان پێشەوایەتییان دەکردن . ئیمامی ئیبنو حەجەر لە راڤەی ئەو حەدیسەدا لە کتێبی ( فتح الباري ب6 لا 497 ) دا دەفەرموێ : مەبەست لەوەیە کە هەر کاتێک خراپەکارییەک لە نێوان بەنوئیسرائیلییەکاندا دەربکەوتایە خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ دەناردن تا کاروباریان بۆ راست کاتەوەو و ئەو ئەحکامانەیان بۆ بخاتەوە جێی خۆیان کە دەیانگۆڕین ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە میللەت هەر دەبێت شوانێکی هەبێت تا کاروبارەکانی بۆ ببات بەڕێوەو بیخاتەوە سەر رێی راست ومافی زۆرلێکراو لە ستەمکارن وەرگرێتەوە .. ئیمامی نەوەویش هەر لە راڤەی ئەم حەدیسەدا لە ( شرح صحيح مسلم ب6 / لا231 ) دا دەفەرموێ : مەبەست لەوەیە کە ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانە کاروباری بەنو ئیسرائیلییەکانیان دەگرتە دەست و وەکو هەموو کاربەدەست و بەرپرسان کە سەرپەرشتی میللەت دەکەن وکاروباریان بۆ رێک دەخەن ، ئەوانیش دەیانکرد

کەوابوو شوێن کەوتووی پێغەمبەران زۆر راستەو جێی خۆیەتی ئیقتیدا بە پێشەوایانی خۆیان بکەن و کە خەریکی سیاسەت بن ، ئیمامی قورتوبی ئاوا تەفسیری ئەوئایەتەی کردووە کە خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَلَـكِن كُونُواْ رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ) آل عمران/79 واتە : بەڵام خواوویست بن و ـ بەوەی کە خۆتان دەیزانن و خەڵکی فێر دەکەن ـ چاکسازی بکەن و کاروباری خەڵکی راست و رەوا هەڵسوڕێنن ..ئەمەش یەعنی بە خاوەن بوونی عیلم و دیدروونی سیاسەت ..

سێیەم : ئیسلام سیستمێکی گشتگیرو تەواوی وایە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە ، هیچ کارێک ، هیچ هەڵوێستێک ، ئیسلام حوکمی خۆی لەسەر دەرنەکردبێت ، هیچ کاروبارێکی دنیایی یان قیامەتی نەماوە ئیسلام بڕیارێکی خۆی لەسەر نەدا بێت ، یاوەری بەڕێز ئەبو زەڕی غەففاری ـ خوا لێی رازی بێت ـ دەفەرموێ : ( لَقَدْ تَرَكَنَا رَسولُ اللهِ وَمَا يَتَقَلَّبُ فِي السَّماءِ طَائِرٌ إلا ذَكَرَنَا مِنْهُ عِلْمَاً ) رواه البخاري ومسلم واتە : باڵندەیەک بە ئاسمانەوە نەما پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش ئەوەی جێمان بهێڵێت زانیارییەکمان دەربارەی نەداتێ . هەروەها فەرمووی : ( سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم عن كُلِّ شَئٍ حَتَّى عَن مَسْحِ الحَصَى فِي الصَّلاةِ ) واتە : دەربارەی هەموو شتێکم لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پرسیووە ، تەنانەت دەربارەی دەست دان لە بەردیشەوە لە نوێژدا .

جا کە ئیسلام رای لەسەر سادەترین کاروباری خەڵکی دابێت ، چۆن لە کاروباری سیاسیی خۆ غافڵ دەکات ؟! نا بە خوای خاوەن کەعبە هیچ شتێکی ئیهمال نەکردووە : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ) النساء/59 واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، هۆ موسوڵمانینە ! گوێڕایەڵ و ملکەچی خواو گوێڕایەڵ و ملکەچی پێغەمبەرو ئەو کاربەدەستانە بن کە لە خۆتانن ، ، لە هەر شتێکیشدا ناکۆکیتان تێ کەوت

بیگێڕنەوە سەر فەرمایشتی خواو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، ئەگەر راست دەکەن و باوەڕتان بە خواو بە رۆژی دوایی هێناوە ، ئێ خێر لەو رەفتارەتاندایەو ئەوەش باشترین چارەسەرکردنی کێشەیە .

شێخ الاسلام ئیبنو تەیمییە لە کتێبی ( السياسة الشرعيةکەیدا لاپەڕە 5 دا ) دەفەرموێ : خوای گەورە کە فەرمانیداوە راسپاردە بدرێتەوە بە خاوەنی خۆی و کە حوکم و داوەریش کرا دادپەوەرانە بکرێت[120] ، ئەم دوانە کۆروکنی سیاسەتی دادپەروەرانەو فەرمانڕەوایی چاکەخوازییە ..

ئیمامی ئیبنو تەیمییە ـ رحمه الله ـ ئەو کتێبەی هەر لەسەر ئەو دوو روکنە نووسیوە کە لەو ئایەتەدا ( پەراوێزی خوارەوە ژمارە 104 ) ئاماژەیان پێ کراوە ، چونکە لە پێشەکی کتێبەکەدا دەفەرموێ : ئەمە نامیلکەیەکی کۆکراوەی کورت و پوختی باسەکانی سیاسەتی خواوویستی و وەکالەتی پێغەمبەرێتییە ، رەعییەت و کاربەدەستانی پێویستییان پێی دەبێت ئەمەش بەشێکی ئەو ئەرکەیە کە خوای گەورە بۆ ئامۆژگاری کردنی کاربەدەست و فەرمانڕەوایان فەرزی کردووە .

ئیمامی الشاطبي لە کتێبی ( الاعتصام ەکەی لا 28 دا ) دەفەرموێ : ئەوە لە هەموو روویەکەوە سەلمێنراوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش کۆچی دوایی کردنی ، هەموو کاروبارێکی دین و دنیا ـ کە خەڵکی پێویستی پێی هەیە ـ روون کردۆتەوە ، کەس لە ئەهلی سووننەت پێچەوانەی ئەم رایە نییە .

چوارەم : جیاوازی نێوان سیاسەت لای موسوڵمان و سیاسەت لای غەیری موسوڵمان ئەوەیە کە لای موسوڵمان بریتییە لە راستگۆیی وجوامێریی و روون و ئاشکرایی ، بەڵام لای غەیری موسوڵمان بریتییە لە درۆو دەلەسەو فریووودان و پێچاوپێچ و پاشقوول گرتن ! شێخ ئەبو یەعلای زەواوی لە 1937 دا دەیفەرموو : سیاسەت بە شێوەیەکی گشتی لە لای ئێمەی موسوڵمانان بە گشتی و زاناو شەرعناسان بە تایبەتی جیاوازی زۆرە وەک

---

[120] ئاماژەی بۆ ئەو ئایەتەی پێش ئەو ئایەتەی سەەوەیە کە خوای گەورە تێدا دەفەرموێ :
( إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ ) النساء/ 58 .

لەوەی لای بێگانەیە ، لای ئێمە بریتییە لە کارگێڕی و سەرڕاستی کار .. جا کێ لە زانایانی سەرڕاست وزرنگ لەپێشتر نییە لێی ؟! ئەمما لای بێگانەکان ، ئەوە بریتییە لە فاک و فیک و غەش کردن و فریوو دان و چەواشەکاری .. پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ : ( المكرُ والخَديعَةُ في النار ) واتە سزای فاک و فیک و فریوودان ، ئاگرە . ئیدی چۆن دەشێت کەسێک پێناسەی بێگانەکان بهێنێت و بیکاتە بە باڵای سیاسەتی ئیسلامیدا ، ئەمە هەر تەواو ناقۆڵاو نامووقوولییە ، ئەو موسوڵمانانەی واش دەکەن نەفام و گێلن ..

پێنجەم : لە روانگەی ئەمەوە کە هێنامەوە بە راشکاوی و بێ ترس و بێ پێچ و پەنا دەڵێم کە لەگەڵ ئەوەشدا کە زیندانیم : کارکردنی سیاسی شتێک نییە وازی لێ بهێنرێت ، بەڵکو بە پشتیوانی خوای گەورە هەر دەبێت خەریکی بین چونکە کارێکی ئیسلامی شەرعییەو لە کرۆکی دینەکەمانە ، وە بە حەول و قووەتی خوای گەورە زامنی رماندنی ئەو رژێمە بۆگەنانەیە کە حوکمی وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات ، ئەو دیکتاتۆرانەی کە وولاتیان لە میللەتانی داماوو گیرۆدە کردۆتە زیندانێکی گەورەو دەروازەیان بۆ دوژمنانی ئیسلام خستۆتە سەرپشت ، تا بە کەیفی خۆی بێتە ناو زیندانە گەورەکەو گورزی خۆی بە پەیکەری موسوڵمانان بکێشێت .. ئەم رژێمە گەندەڵانە زادەی پلان و پیلانی ئیستیعمارن ، ئەمانە ئاڵقەلەگوێی دوژمنان و راپەڕێنەری نەخشەکانیانن ، ئەمانەن کە دەیانەوێت ئێمە لەم مەیدانی سیاسەتە دوور خەنەوە ، تا بۆ سمکۆڵ و غارغارێنی خۆیان چۆڵ بێت ..

..............................

# ناوەرۆك

ڕێڕەو 8

دوو دیدی لێڵ 13

ڕێڕەوێک بۆ پێناسەی دین 29

کۆبەندی یەکەم : زاراوە سەرەکیەکانی تیۆری دینی 39

عەقیدە 41

: پەرستن 65

شەریعەت 86

پوختەی باس 114

کۆبەندی دووەم : زاراوە سەرەکیەکانی تیۆری بزاڤی ئیسلامی 119

دین 127

ئوممەتی موسوڵمان 146

بزاڤ 179

تۆمەتی دین و سیاسەت 170